# تێرۆریزمی دەوڵەتی
# لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(کۆمەڵە وتار و بەڵگەنامە)

قادر وریا

ناوی کتێب: **تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
(کۆمەڵە وتار و بەڵگەنامە)
نووسەر: **قادر وریا**
دیزاینی کتێب: مەسعوود ڕەواندوست
دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی ڕاد
دەزگای چاپ: رۆشنگەری
نۆرەی چاپ: یەکەم، مای ٢٠١٩

پێرست :


پێشەکی.................................................................................. ٧
"سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان"!.................................................. ١١
یادکردنەوەی تاوانێکی سامناک....................................................... ١٩
وتاری وەکیلی بنەماڵەی قوربانییەکانی تێرۆری میکۆنووس ....................... ٢٣
"ئینسانفرۆشەکانی سەدەی بیستەم"................................................... ٢٧
دەسڕێژ لە سەرنووسەری رۆژنامەی "صبح امروز" ................................... ٣٩
ڕووداوەکانی ئەو دیوی تێرۆری حەججاریان........................................... ٤١
ئەو کاتەی پەردەکان لادەدرێن!!....................................................... ٤٧
پەلەقاژەی پاوانخوازان و بێداهاتوویی کۆماری ئیسلامی.............................. ٥٣
ڕابردووی هاوکاریی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوی "القاعده"........................ ٥٩
لە پەراوێزی قسەکانی ئەم دواییانەی بووش‌و پاوڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا ............... ٦٥
دیسان بۆ منداڵانی‌نازلێشێواوی گەلەکەم ................................................ ٧١
تێرۆریستان، چیان لە گیانی‌خەڵکی کوردستان دەوێ؟ ................................ ٧٥
تاوانێك کە مێژووی کورد لێی نابووریّ!................................................ ٨١
بڕیاری دادگای میکۆنووس،............................................................. ٨٥
"جینایەتە پیرۆزەکان!!" .................................................................. ٩١
ڕاهاتن بە دیتنی دڵڕەقی و وەحشیگەری! .............................................. ٩٧
جیهانێکی ئەمنتر، بەرپرسایەتی هاوبەشی ئێمە........................................ ١٠١
ئەو کاتەی ڕێبەرانی ڕێژیم، خۆیان و نیزامەکەیان دەکەنە گەپجاڕی مێژوو!.............. ١٠٥

ئــەدی لەبـــارەی ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە کوردستــانەوە دەڵــێن چی؟! .................١٠٩
ڕێژیمێکی یاغی لە خەڵك و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، نابێ چەکی ناوکیی هەبێ! ..........١١٣
قەتڵە زنجیرەییەکان، درێژەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی.........................................١١٧
خەتی خوار لەبن سەری گای پیر دایە.................................................................١٢٣
"لەگەڵ تۆدا دەدوێم ئەی خاك!" ........................................................................١٣١
سەربڕینی ئەخلاق و ئینسانەتی بە ناوی ئایینەوە ...................................................١٣٣
هاوپێوەندی لە گەڵ گەلی کوردو حیزبی دیموکرات لـە مەجلیسـی میللیی فەرانسـەدا .......١٣٧134
ئایەتوڵڵا حەکیم بە هۆی "سوپای قودس"ەوە تێرۆر کرا.........................................١٤٩
٢٠ ساڵەی تاوانێکی تێرۆریستی..........................................................................١٥٣
سەرکەوتنی کۆبانێ لە نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆز بێ .....١٥٧
کوا دەنگی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ و نوخبەی ئەم هەرێمە؟!.....................................١٥٩
بزووتنەوەی ئیسلامی و پەڵەیەکی شوورەیی نەسڕاوە.............................................١٦٣
بڕیاری دادگای میکۆنووس، یەکەم تیشک هاویشتن بۆ  نێو "تاریکخانەی ئەشباح".......١٦٧
بۆچی قاسملوو؟ بۆچی ٢٢ی پووشپەڕ؟ ...............................................................١٧٣
ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفکەندی فێری کردین! ........................................................١٧٧
کارێکی جوان و جێگای پێزانین! .........................................................................١٨١
لە پەراوێزی دانپێدانانی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری نەیاراندا .....١٨٣
ئافەتی سەردەم....................................................................................١٨٧
تەقینەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلداو پەیامو شوێنەوارەکانی................................١٩١
یەکدەنگ و یەکگرتوو کردەوەی تێرۆریستی مەحکووم دەکەین. ...............................١٩٩
شەڕی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات لە گەڵ حدک بە چەکی تێرۆر ............٢٠٣

گرنگیی بە دۆکیۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا. ٢٢١
پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات ........................................ ٢٣١
قوربانیی سیناریۆیەکی پڕساختەکاریی وەزارەتی ئیتلاعات ........................................٢٣٧
بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەبینەوە! ......٢٤٣
مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی ..................٢٤٥
قسەکانی قادر وریا لە کۆڕی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و ......................٢٤٩
قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕێژیمی ئێراندا ........................................................ ٢٦١
قۆناغی نوێی تێرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی ...........٢٦٣
**پاشکۆ** ........................................................................................٢٧٥
وەبیرهێنانەوەی چەندین تاوانی تێرۆریستیی دەیەی ٩٠ لە دژی حیزبی دیموکرات لە هەرێمی کوردستان ........................................................................................٢٧٧
ساڵێك دوای کارەساتە خوێناوییەکەی دەروازەی شاری کۆیە.................................... ٢٩١
تێرۆری فرووهەر، .............................................................................. ٢٩٥
ڕاگەیەندراوی ئەم دواییانەی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ..............٢٩٩
ڕفێندران و تێرۆری تێکۆشەرێکی دیموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ............. ٣٠١
سەرکۆماری ئوتریش لە چی دەگەڕێ؟............................................................٣٠٣
تێرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان.......................٣٠٧
ڕاگەیەندراو لە بارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تێرۆری هاوڕێ قادر قادری ...................٣٠٩
سپاس و پێزانینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران............................ ٣١١
سنوورێک بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ڕێژیمی ئێران دابنێن! ..........................٣١٥
بۆ سەرنجی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ..........٣١٩
ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران ........................................................................................ ٣٢١

# پێشەکی

لە گەڵ ئەوەی یەکەم ئامانجی سەرکوت و شەڕ و تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی، کوردستانو خەڵکەکەیو هێزە سیاسییەکانی بوون، هەر وەها ئەگەر چی زۆرترین قوربانییەکانی پیلانو تاوانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی گەلی کوردن، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاش کارێکی ئەوتۆ بە مەبەستی بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەو تاوانانەو توێژینەوەی تێرو تەسەل لە بارەیانەوە، نەکراوە. گرنگترینو بەوەجترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانو لێهاتووترین کادرەکانو بەڕێوەبەرانی خەباتی مافخوازانەی کوردستان، لە لایەن سوپای پاسدارانو وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمە تێرۆر کراون، بەڵام ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە، هێزە سیاسییەکانی بەشدارلە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە "تێرۆریست" ناو دەبەنو، تاوانە تێرۆریستییەکانی خۆشیان لە دژی ڕێبەرانو تێکۆشەرانی ئەو هێزانە تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بە "بەرپەرچدانەوەی تێرۆر"، دەناسێنن!! ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ کەمتەرخەمیی ئەو هێزە سیاسیانەو سوودوەرنەگرتنیان لەو هەمووە بەڵگەنامەو شوێنەوارانەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان. بە داخەوە لە ئاستی کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی، لە نێوەندی دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤدا، هەر وەها لە پانتایی میدیاکانی دنیاو بە مەبەستی شوێندانان لە سەر بیروڕای گشتیی وڵاتانی جۆراوجۆر، کەمترین کار لەسەر داتاکانو بەڵگەنامەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بە دژی کوردستان، کراوە.

بە حوکمی خەریکبوونم بە کاری نووسینو تێکۆشانی لەمێژینەم لە ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا، هەر وەها بە هۆی هەستیاریی تایبەتیی خۆشم لە ئاست مەینەت و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەمو خەڵکێك کە ژیانی خۆم بۆ خەبات لە

پێناوی ڕزگارییان‌دا تەرخان کردوە، یەك لەو کەسانە بووم کە لە ئاست پیلان‌و هێرش‌و هەڕەشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی‌و تێکۆشەرانی کورد بە تایبەتی، بەردەوام لە سەر هەست بوون‌و، خۆیان ئەرکدار کردوە لە بارەیانەوە بنووسن.

هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست گیانی بە ناحەق ئەستێندراوی قوربانییەکان‌و قۆستنەوەی نووسین‌و بواری کاری ڕاگەیاندن بۆ لەقاودانی تاوانەکان‌و گەیاندنی هاواری دادخوازیی کەسوکارو هاوخەباتانی قوربانییەکان، وایان کردوە لە درێژایی ۳ دەیەی ڕابردوودا بە سەدان نووسین، وەرگێڕان‌و بابەتی ئامادەکراوم لە بارەی تاوانەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بە تایبەتی لە دژی حیزبی دیموکرات‌و خەڵکی کوردستان هەبێ. ڕاستە ئەم نووسینانە لە کاتی خۆی‌دا بڵاو بوونەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ساڵانێکی زۆریان بە سەردا تێپەڕیوەو کاتی خۆشی لە توێی بڵاوکراوەی حیزبیی مانگانەو کەم‌تیراژو هتددا بڵاو بوونەوە، ئێستا نایاب بوون‌و خوێنەران‌و تامەزرۆیانی ئەم جۆرە بابەتانە، ناتوانن وەدەستیان بێنن. ئەمەش لە کاتێك دایە کە تێرۆریزم بە گشتی‌و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی پرسی کوردو تیکۆشەرانی کوردستان‌و، لە دژی بەرهەڵستکاران‌و ناڕازیانی ئەو ڕێژیمە هەر وا چالاکەو، قوربانیی دەستێنن. جگە لەمەش زۆر لەو کەس‌و لایەنانەی دەستیان لەو تاوان‌و کردەوە تێرۆریستیانەدا هەبووە، ئەگەر ئەم نووسین‌و بەڵگەنامانە بفەوتێن، یا بە مێژوو بسپێردرێن‌و ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن‌و هیچ کات حوکمی عەداڵەت لە بارەیانەوە بەڕێوە ناچێ.

بەداخەوە هێشتا توێژینەوەو بە دواداچوونی تێرو تەسەل‌و هەموو لایەنانە لە بارەی تاوانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان‌و لە دژی هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستان، ئەنجام نەدراون. ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو ئەو نووسین‌و لیدوان‌و بەڵگەنامانەی لە درێژایی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە بارەی تاوانە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە، لەکاتی خۆی‌دا بڵاو بوونەوە، کۆ بکرێنەوەو

جارێکی دیکە بخرێنەوە بەر سەرنجەکان بۆ ئەوەی خوازیارانی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوون، دەستیان بە زانیاریو دۆکیۆمێنتو سەرچاوەی پێویست ڕابگا.
کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لە نووسینەکانم لە تویێ ئەم کتێبەو دووبارە بڵاوکردنەوەیان، هەنگاوێکە لە خزمەت بە دۆکیۆمێنت کردنی تاوانەکانی تێرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامیو دەستوپێوەندەکانی لە دژی خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی حیزبی دیموکرات کە من بە هۆی تێکۆشانم لە ڕیزەکانیدا زیاتر لێی ئاگادارمو پترخۆم بۆ تەرخان کردوە. دیارە ئەم کتێبەم لە هەلومەرجێك دا ئامادە کردوە کە بە داخەوە لە کتێبخانەو ئەرشیڤی شەخسیی خۆمو کۆمەڵێك سەرچاوەی پێویستی دیکە دوورم. هەر بۆیە دەستم بە نزیکەی نیوەی نووسینو بابەتەکانی خۆم لە پێوەندی لە گەڵ کردەوەو پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، ڕانەگەیشتوە. زۆر بەڵگەنامەی دیکەش هەبوون کە بوونیان لەم کتێبە، یارمەتیی بە بەرچاوڕوونیی خوێنەرانو تامەزرۆیانی ئاگاداری لە تاوانەکانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکرد بەڵام بە داخەوە ئیستا لە بەر دەستم نین.
لەم کتێبەدا زیاتر ٥٠ نووسینو بابەتی ئامادەکراوی خۆم هەن کە کەوتوونە بەشی یەکەمی کتێبەکە. چەند دانەیەکیان لەوانەیە ناو و ئیمزای هێزێك یا چەند هێزێکی سیاسییان لە سەر بێ، بەڵام چونکە خۆم نووسیومن هەر لەو بەشەدا هێناومن. هەر وەها چەند نووسینێکیشم لەوانەیە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە کوردستانەوە نەبێ بەڵام بەو هۆیەوە کە باس لە تێرۆر بە گشتی یا تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران یا جیهان دەکەن، پێم باش بوو لەم کتێبەدا بیانگونجێنم. چەند بەڵگەنامەیەکیش لە پاشکۆی کتێبەکەدا هاتوون کە زیاتر بەیاننامەو ڕاگەیەندراوی حیزبی دیموکرات یا هی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانن، بەو هۆیەوە کە پێوەندییان بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە هەبوو، هێنانیانم لەو پاشکۆیە دا بە پێویست زانی.

لە چاپەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدەم پاشماوەی نووسینەکانم لە بارەی پیلانو کردەوە تێرۆریستیەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان یا بە دژی کورد، هەر وەها بەڵگەنامەی زیاتر لە بارەی ئەو تاوانانەی بە دژی تیکۆشەرانو بنکەو بنەماڵەکانی حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوون، بخەمە سەر ئەم کتیبە. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکی بچووکم بە لەقاودانی ڕەهەندە جیاوازەکانی نیازو تاوانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی دڕندەی ئێرانو، زیندووڕاگرتنی هاواری زۆرلێکراویو دادخوازیی بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێو هاوخەباتانی قوربانییەکان کردبێ. دەستی هەر بەڕێزێکیش دەکوشم کە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم پڕۆژەیەدا، هاوکار و یارمەتیدەرم بێ.

**قادر وریا**، مای ۲۰۱۹

## "سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان"!

"سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان" کە زۆر جار لە زمانی کەسانی وەك خامەنەیی، رەفسەنجانی، فەللاحیانو...ەوە پێیان هەڵگوتراوەو رێزیان لێنراوە، ئەو بەکرێگیراوانەن کە لە ژێر چاوەدێریی وەزارەتی ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کاری تێرۆرو جاسووسی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیانو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دەدەن.

لە هەموو نیشانەکانڕا دەردەکەوێ کە بەڕێوەبەرانی رێژیم بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە چەپەڵەکانی دەزگای دژی گەلیی تێرۆرو ئینسانکوژی، بە "مجوز"ی ئایینیو شەرعیو قانوونی!! دەستی بەکرێگیراوانی سەر بەو دەزگایەیان لە ئەنجامدانی هەر کارێكدا کە بە پێویستی بزانن، ئاوەڵا کردوە. بۆیە دزێوترین، بێزهەستێنترینو دژی ئینسانیترین کردەوەکان لە نێو داموو دەزگای جاسووسیو تێرۆرو سەرکوتی کۆماری ئیسلامیو مۆرە جۆراوجۆرەکاندا، بوون بە شتێکی ئاساییو بێ هیچ شەرمو شکۆیەك کەلکیان لێ وەردەگیرێ.

لە رێژیمێكدا کە بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانی لەسەر مینبەرو لە پشتی تریبوون بە باسی خوداپەرستیو تەقواو داوێنپاکی، مێشکی سەری خەڵکیان بردوەو بەهۆی بەکرێگیراوەکانیان، ڕۆژانە خەڵکی وڵاتەکەمانیان لەسەر ڕەچاو نەکردنی بە قسەی ئەوان "رێو شوێنە ئیسلامییەکان" و "ئەخلاقی بەرز"و بە بیانووی "امر به معروف" و " نهی از منکر" لە ژیانو گیانی خۆیان وەڕەز کردوە، فتواو ئیجازەی ئەنجامدانی جینایەتو رەفتارو کردەوەی ئەوتۆ دراوە کە قەڵەم لە نووسینیانو زمان لە گێڕانەوەیان شەرم دەکەن.

لە ئارشیوی بەشی قەزاییو لێکۆڵینەوەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، بە سەدان فیلمو پەروەندە هەن کە بریتین لە ئیعترافاتی تاوانبارانو هەڵخەڵەتاوانێك کە دەزگای تێرۆرو جاسووسیو سەرکوتی

کۆماری ئیسلامی بۆ زەبروەشاندن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەوانەیان کردوون. زۆر لەو تاوانبارو هەڵخەڵەتاوانە زەق‌و زیندوون‌و دەست پێڕاگەیشتنیان هاسانە. ئەگەر کەسانی وا هەبن کە لەبەر نەناسینی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و لەبەر ڕادەی قووڵایی‌و دزێویی جینایەت‌و کردەوەکان، بە زەحمەت باوەڕ بەو ئیعترافاتانە بکەن، دەتوانن بێن‌و لە نزیکەوە ئەم جۆرە کەسانە ببینن‌و بەگوێی خۆیان ئەم ڕاستی‌یانەیان لێ ببیستن. سەربردەو ئیعترافاتی ژمارەیەك لەو تاوانبارو هەڵخەڵەتاوانەی کە لە ساڵانی پێشوودا بە هۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گیرابوون، کاتی خۆی لە ژمارەی ١٩٨ی "کوردستان" (جۆزەردانی ١٣٧٢) لە ژێر ناوی "لە پێناوی ئیسلامدا!!" بڵاو بۆتەوە. لەمەودواش هەوڵ دەدەین هەر جارەی سەربردەو کردەوەکانی "سەرباز"ێك یان دروستتر بڵێین قوربانی‌یەکی "سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان" بخەینە بەرچاو:

**سەربردەی م. ع، لاوێکی سەقزی:**

دەزگای ویدئۆ سیمای م.ع لەسەر سەفحەی تەلەویزیۆن دەخاتە بەرچاو. لاوێکی ٢٠-١٩ ساڵەیە. چاوشین‌و مووکاڵ، گەندمووی زەردو بۆز نیوەی ڕوخساریان داپۆشیوە. لە سیمای‌دا و لە قسەکردنی‌دا هەستکردن بە شەرمەزاری بەدی دەکرێ. ساڵی ١٣٦٦ دەستی لە خوێندن هەڵگرتوە، لە تەمەنی دەساڵی‌دا وەك شاگرد لە نانەواخانەیەك دەستی بەکار کردوە، جاشێکی بێویژدان بە ناوی مسعود رحیمی خەڵکی سوننەتەی سەقز لەو تەمەنەدا تەماحی تێکردوەو هەستی حەیوانیی خۆی پێ دامرکاندوە، بۆخۆی بەم جۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە:

"ساڵی ١٣٦٦ دەستم لە خوێندن هەڵگرت‌و دەستم کرد بە کاری نانەوایی. کوڕێکی خەڵکی سوننەتە کە "چلوکبابی"یان هەیەو بۆخۆی لە گوندی "ساحێب" جاش بوو، فریوی دام. لەبەر ئەوەی من منداڵ بووم توانی بە ٣٠٠ تمەن پووڵ هەڵمخەڵەتێنی‌و "ئەو کارە"م لەگەڵ بکاو... ساڵی ١٣٦٨ ماڵمان هاتە سەقز. هەتا ساڵی ١٣٧١ بە سیغار فرۆشی رامبوارد. شەوێك لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی دێی خۆمان کە میوانمان بوو، بۆ قەدەم لێدان لە ماڵ دەرکەوتین تا بە دزی دایك‌و

باوکم سیگار بکێشین. گەشتی سوپا گرتیانین‌و تەحویلی زیندانی مەرکەزییان داین. بۆ بەیانی لە ئیتلاعاتەوە جمال حسن‌پور، رئوف فیضی، سعید فیضی، صابر ستاری، محمد شکری، انور قاراوایی‌و هادی شافعی هاتنە زیندان. لەگەڵ حاجی مرتضی کە مەسئوولی زیندان بووو سپاهی بوو، قسەیان کردو تەحویلیان وەرگرتین. ئێمەیان کردە ژوورێکەوە، ئەو کوڕەی خزممان گوتی من میوانم‌و لە دێوە هاتووم، ئازادیان کرد. من بۆ ماوەی چوار رۆژ گیرام. جمال حسن‌پور چوار جار، رئوف فیضی ۲ جار، هادی شافعییش یەك جار "ئەو کارە"یان لەگەڵ کردم."

هەر ئەو کەسانەی ناویان برا، سەرلەنوێ دەیگرنەوەو بۆ ماوەی ۲٤ رۆژ لای خۆیان رای‌دەگرن. شەوانە بە نۆرە دەیبەنەوە ماڵی خۆیان بۆ ئەوەی "کاری وا"ی لەگەڵ ئەنجام بدەن. بۆخۆی لەو بارەوە دەڵێ: "وام لێ هاتبوو لێم ببوویە نەخۆشی‌و عادەتم پێ گرتبوو". یەکەم کەس کە داوای لێ کردوە رێبازی پیرۆزی خزمەت بە نیزامی ئیسلامی بگرێتە بەر "جمال حسن‌پور" بووە، ناوبراو تورکە، خەڵکی تەورێزە. ئەو کات کە ئەو داوایەی لێ کردوە جێگری "حفاظت اطلاعات" [ی شاری سەقز] بووە. ئەویش قبووڵی کردوە کە ببێتە هاوکاریان.

"دوای ۲٤ رۆژ گیران، منیان ئازاد کردو بەرگەیەکیان بۆ دروست کردم. ماوەیەك لە نێو شار خەڵکم بە گرتن دەدا. بە مۆتۆر کووچە بە کووچە دەگەڕام، هاوکارییم درێژە دا تا ۱۳۷٤/۷/۱٤. ئەوانەی هاوکاریم دەکردن ۱- جمال حسن‌پور ۲- رئوف فیضی ۳- سپاهی، کورد، خەڵکی گەڕەکی حەماڵئاوای سەقز کوڕی عەبە کورد ٤- سعید فیضی جاشی ڕەسمی برای رئوف فیضی ٥- محمد شوکری فەرماندە، خەڵکی گەڕەکی حەماڵئاوای سەقز ٦- صابر ستاری خەڵکی سەقز ۷- حاج مرتضی، سەرۆکی زیندان، تورك. هادی، رئوف، جمال و حاج مرتضی بەردەوام "ئەو کارە"شیان لەگەڵ دەکردم."

مانگی پووشپەڕی ۱۳۷۱ جمال حسن‌پور، رئوف فیضی‌و ئەنوەر قاراوایی، دەینێرن بۆ نێو یەکێك لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق، یەکێك لە مۆرەکانی خویانیانی لەنێو ئەو هێزەدا پێ دەناسێنن کە لە فەوجی پێنجوێن

مەسئوول بوو. داوای لێ دەکەن لای ئەو بگیرسێتەوە، زانیاری لەسەر جموجۆڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کۆ بکاتەوەو بیدا بە کاکی مەسئولو جێگرەکەی تا بە بێسیم بۆ ئیتلاعاتی سەقزو مەریوانی ڕەوانە بکەن. سێ مانگو ٦ رۆژ لای ئەوان دەمینێتەوە. پاش تەواو بوونی ماوەی مەئموورییەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەقز. ٣٠ هەزار تمەنی پێ دەدەن. پووڵیکیشی بابەتی کەوشو لیباس دەدرێتێ. هەروەها ٣ کەللە قەندو دوو پێنج کیلۆیی رۆن. باوکی لەو ماوەیەدا پێی وابوو کوڕەکەی چووە بۆ بەندەر کار بکا.

کاتێك کە بەکرێگیراوی ناسراوی ئیتلاعات جمال حسن‌پور لە سەقز نەقل کراوەو چووە بۆ مەهاباد. "م.ع"ی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ بۆکانو لەوێ بە سێ زاتی موبارەكو وەك خۆی سەربازی بێناوی ئیمامی زەمانی کە لەبەر خزمەتی زۆریان بە ئیتلاعاتی ڕێژیمو ئەو هەموو خەیانەتەی تێیدا نوقم بوون، زۆریش بێناو و نیشان نین، ناساندوە. ئەو سێ کەسە بریتین لە خوسرەوی ساڵەح چیمەن (خسرو خسروی) علی یاسین‌پرستو فرهاد محمودی.

ئەوانی پێشتر ناویان برا، لە سەقزو، ئەوانەش کە لە پاراگرافی سەرەوەتردا ناویان هات لە بۆکانو، زۆری دیکەی لەم چەشنەش لە شارەکانی دیکەی کوردستان بەسەر گیانوماڵو ناموسو کەرامەتی خەڵکدا حاکمن. با لە زمانی "م.ع" باسی ئەخلاقو خوو و خدەی ئەم پارێزەرانەی نیزامی ئیسلامی ببیسینو لە وەزعی بنەماڵەیان، پێوەندیو هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ خەڵكو ... زۆرتر ئاگادار بین:

"لە بۆکان قەرار بوو مانگێ ١٥ هەزار تمەنم پێ بدەن، کەچی پێیان نەدام. بە ٢ مانگ چاردەهەزار تمەنیان پێدام، دوایە ئەویشیان پێ نەدام. ٨ جاران لەگەڵیان چووم بۆ کەمین دانانەوە، خۆمان وەك پێشمەرگەی حیزب دەناساندو بەزۆر پووڵمان لە خەڵك دەستاند. لە تیکان‌تەپە، شاری‌کەند، گوێکتەپە، ئاڵبلاغ، گۆل، قەرەمووسالیانو ... لە وەختی دیکەدا جاسووسیم دەکردو خەڵکم بەگرتن دەدا. خوسرەو ساڵەح چیمەن شەش شەو بردمیەوە بۆ ماڵی خۆی، هەر شەو ٢ جار

"کاری وا"ی لەگەڵ دەکردم. علی یاسینپرست یەك جار "کاری وای" لەگەڵ کردم. "فرهاد محمودی"یش یەك جار"کاری وای" لەگەڵ کردم."
م.ع پاش گێڕانەوەی وەزعی ئەخلاقیی ژنانو کچانی ئەو چەند مۆرەیەی ڕێژیمو فێربوونی ئەفسەرێکی ئاگاهی بە ناوی "محمودی" بەوانو ... لە دەستدرێژیی ئەو تاقمە بەکرێگیراوە بە ناموسی چەندین کچو ژنی شاری بۆکانو ناوچەکانی دەوروبەری، داستانی جۆراوجۆر دەگێڕێتەوە:
"عەلی یاسینپرستو خوسرەو ساڵە چیمەن زۆر کچیان خراپ کردوون. بۆ وێنە کچێك بە ناوی "ف" خەڵکی کوچك، کچێکی دیکە بە ناوی "ف" لە دێی کولوجە، "ل" لە شاریکەند، "ز" کە قەدیم تیکانتەپەیی بوو. یەکێك لەو دوو کەسە کچێکی زگپڕ کرد، پاشان کە زانی برایەکی لاتی هەیەو وای بەسەرەوە ناچێ لە ترسان لە براکەی خۆی مارە کردو ئێستا براژنیەتی!... شەوێك کە خوسرەو بۆ "کاری وا" منی بردبۆوە، ژنەکەی پێی وت لە کچی خەڵکی تەواو بووی، نۆرەی کوڕەکانیانە، ئەویش وتی: دایك ق... بە تۆ ڕەبتی نیە، دوایە بە کلکە دەمانچە دای بە تۆقی سەریدا. خوێن هاتە خوارو ئەو ژنە هەتا بەیانی هەر گریا."
یەکێك لەو کچانەی کەوتوونە داوی ئەو تاقمە فاسیدو خۆفرۆشە، خوشکی "م.ع" خۆیەتی. ناوبراو بەسەرهاتی بەرەو فەساد کێشرانی "م"ی خوشکی بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:
"خوسرەوی ساڵەح چیمەن، "م"ی خوشکمی لەماڵی خۆمان دیتبوو پێی گوتبوو دەتهێنم، ئەویش قەولی پێ دابوو. خوسرەو ئادرەسی ماڵی خۆیو ژمارەی تەلەفۆنی خۆی پێ دابوو. ئیدی خوشکم چووبوو بۆ ئەوێو لەوێ خوسرەو "ئەو کارەی" لەگەڵ کردبوو. من کە چوومەوە ماڵی خوسرەو، کەوشەکانی "م"ی خوشکم لەوێ بوون، زانیم کە هاتوە، چونکە ژنەکانی ماڵی ئەوان کەوشی وایان لەپا نەدەکرد. خوسرەو پێشتر بە منی گوتبوو بۆ نەهار بچمە وێ. ڕەشیدی برای خوسرەو و عەلی یاسینپەرەست لە بەر دەرگا نیگابان بوون [جاشێك بە ناوی] برایم سپهری لە ماشێنەکەدا بوو لەبەر دەرگا. کە چوومە ژوور تەنیا خوسرەوو

"م"ی خوشکم لەوێ بوون. خوسرەو دەیەویست لەبەرچاوی خوشکم "ئەم کارەم" لەگەڵ بکا، دەیگوت با خوشکت چاوی لێ بێ. منیش لەبەر خوشکم گوتم نابێ. دوو سێ زللەی لێ دامو لەبەر چاوی خوشکم "ئەو کارەی" لەگەڵ کردم. خوشکم هیچ دەنگی نەکرد. دوایە چۆوە بۆ لای خوشکمو منی کردە دەرەوەو"...

وەك لە لێکۆڵینەوەی زۆر تاوانبارو هەڵخەڵەتاوی دیکەشدا دەرکەوتووە، "سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان" بۆ ئەوەی مۆرە **[**عامل**]**ی هەرچی لەبارتر بۆ مەبەستە دژی ئینسانی‌یەکانیان دروست بکەن هەوڵ دەدەن ئەوان بەتەواوی لە زەلکاوی فەساددا نوقم بکەنو غوروور و شەخسییەتو ئینسانەتی بەتەواوی لەوان دا بکوژن. بۆیە بە یارمەتیی حەبو دەرزیو دەرمانی دیکە گیرۆدەی نەخۆشیی جینسی‌یان دەکەنو لەو ڕێگایەوە هەرچۆنێکی پێیان خۆش بێ بەم جۆرە کەلکیان لێ وەردەگرن. "م.ع" دەڵێ:

""م"ی خوشکم ٥ جار ناچاری کردم "ئەو کارە"ی لەگەڵ بکەم. ئەو هەر کە فشاری بۆ دەهات بۆخۆی دەهاتە لام، هانی دەدامو ناچاری دەکردم."...

م.ع لە ٩ی سەرماوەزی ٧٥ لە سوپای "ابوذر" لە بۆکانڕا ڕەوانەی مەئمووریيەت کراوە کە بێتە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات. خوسرەوی ساڵەح چیمەن، عەلی یاسین‌پەرەست و عەلی هورموزی پێیان گوتوە بچووە نێو دێموکرات، بڵێ هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی، ماوەیەك بمێنەوە، زانیاری کۆ بکەوەو دوایە بە بیانوویەك بگەڕێوە.

ئەمانە گۆشەیەك لەو هەموو شتە سەیرو سەمەرە دڵتەزێنانە بوون کە لە قسەکانی یەك لە هەزاران قوربانیی دەزگای جاسووسیو تێرۆری کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوون. لە داهاتوودا، هەر لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، بەسەرهاتو ئیعترافاتی لەوە تاڵتر و ڕاچڵەکێنتر لە زمانی تاوانبارانو هەڵخەڵەتاوان دەخوێننەوە.

ئایا ڕێژیمێك کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر ئەم جۆرە ڕەفتارو کردەوانە دانابێ و "چاو" و "گوێ"و پارێزەرانو کاربەدەستانی ئەم جانەوەرانە بن کە لەم

بەسەرهاتەدا تا رادەیەك ناسیتانن، هەقی خۆی نیە کە هەمیشە لە وەحشەتو ترسو نیگەرانیدا بژیو مۆتەکەی سووتان لە نێو ڕقو تووڕەیی گەلدا بۆ یەك سات لە بەر چاوی لا نەچێ؟ ئەوەیە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی نیزامێك کە بەرێوەبەرانی بە نیزامی ئیلاهی ناوی دەبەن!!

"اگر اسلام و دین این است
بخشکد هر چه آیین است."

(ئەگەر ئیسلامەتیو دین ئەمەیە، هەر چی ئایینە بەزیاد نەبێ.)

*لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٢٥٠، ڕەزبەری ١٣٧٦(١٩٩٧)دا بڵاو بووەتەوە.*

## یادکردنەوەی تاوانێکی سامناك
## (دەرمانداوکرانی بەکۆمەڵی دانیشتوانی "کەمپی بازیان"ی حیزبی دیموکرات)

دوو ساڵ لەمەو بەر، لە بەرەبەری دەرچوونی بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنووس لەبارەی دەست هەبوونی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوە تێرۆریستییەکاندا، جینایەتێکی سامناکی ئەم ڕێژیمە تێرۆریستو دژی ئینسانییە ئاشکرا بوو.
لە نێوەڕاستەکانی مانگی خاکەلێوەی ١٣٧٥دا، شوێنەوارەکانی دەرمانداوکرانی بەکۆمەڵی دانیشتووانی کەمپی بنەماڵەکانی حیزب لە بازیان (لە نزیك شاری سلێمانی)، وەدیار کەوتن. بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ژاری سامناکی "سالیۆم"یان کردبووە نێو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتووانی ئەو کەمپەو بەم جۆرە ویستبوویان نەك هەر تێکۆشەرانی حیزبی، بەڵکوو ماڵو منداڵیانو بەگشتی هەر کەسێکی لەوێ دەژی، بەجارێك لە نێو ببەن. لە ئاکامدا زیاتر لە سەد کەس لەوانەی ئەو ئاوە ژاراوییەیان بۆ خواردنو خواردنەوەبەکار هێنابوو، بەتوندی نەخۆش کەوتنو لەگەڵ مەترسیی مەرگ بەرەوڕوو بوون کە لە نێو ئەواندا کۆمەڵێك ژنو منداڵ بەرچاو دەکەوتن.
بەداخەوە یەکێك لە دەرمانداوکراوەکان بەناوی هاوڕێ "محمد سعدی پناه" هەر زۆر زوو گیانی لەدەست دا. دەرمانداوکراوەکانی دیکەش ـ ئەگەر چی شوێنەواری ئەم ژارخواردنە بەتەواوی وازی لە هێندێکیان نەهێناوە ـ پاش نزیکەی مانگێك بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ مەرگ لە نەخۆشخانەکان، لە مردن ڕزگاریان بووو گەڕانەوە شوێنی کارو تێکۆشانو ژیانیان.
ئەوە یەکەم جار نەبوو کە "سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان" (بەکرێگیراوانی دەزگای جاسووسیی کۆماری ئیسلامی) بۆ لە نێوبردنی تێکۆشەرانی حیزب کەلکیان لەم کردەوە دژی ئینسانییە وەردەگرت. ئەوان پێشتریش زۆرجار پەنایان

بۆ بەکاربردنی "ژار" بۆ مەبەستە تێرۆریستییەکانیان بردبوو کە یەك دوو جار نەبێ، بەخۆشییەوە هەموو جارێ، بەر لەوەی بتوانن مەبەستە چەپەڵەکەیان جێبەجێ بکەن، پیلانەکەیان بەهۆی وشیاریی هاوڕێیانی حیزبییەوە، پووچەڵ کرابۆوە.
ئەگەر بمانەوێ ئەم ڕۆژانە وەبیر بێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەواندا، یەك یا چەند جینایەتی دژی ئازادیخوازانی وڵاتو گەلەکەمانو خەڵکی ئێران بەگشتی ئەنجام داون، دەبێ نەك هەموو ڕۆژەکانی ساڵ، بەڵکوو هەموو سەعاتەکانی یەکەیەکەی ڕۆژەکانی ماوەی بیست ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمە بێنینەوە پێش چاوی خۆمانو لە سەریان بدوێین کە ئەوەش ناکرێ. هەر بۆیە لێرەدا بۆ مەبەستێکی دیکە یادی ڕووداوی دەرمانداوی بە کۆمەڵی دانیشتووانی کەمپی بازیان دەکەینەوە.
وەك گوتمان کۆماری ئیسلامی ئەم جینایەتەی ڕاست لە بەرەبەری دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس‌دا ئەنجام دا. بڕیارێك کە بووە هۆی ڕیسوایی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی دنیاداو، سیمای دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی جیهان لە هەموو کات زیاتر دەرخست. ئەگەر بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێژیمە ئابڕووو پرستیژو ئیعتیباری ڕێژیمەکەیان لە ئاستی دنیادا هیچ بەلاوە گرنگ باو لە قاودانی دەستهەبوونی خۆیان لە تێرۆریزم‌دا، بە ڕیسوایی زانیبا، هەرگیز بەلای کردەوەی تێرۆریستی‌دا نەدەچوونەوە. بەڵام بەو هۆیە کە ئەوان نیزامەکەیان بە شتێکی پیرۆزو ئیلاهی دەزانن‌و، هەرچەشنە ڕەفتارو جینایەت‌و پیلانێك بۆ لە نێوبردنی موخالیفانیان وەك ئەرکێکی ڕەواو شەرعی چاو لێ دەکەن، دیتمان کە هەر بە دوای ئەو بڕیارە مێژووییەدا، بەکرێگیراوە ئینسانکوژەکانیان بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق، بە نەخشەو بەرنامەی تازەترو بەتین‌و گوڕێکی زیاترەوە وەخۆ کەوتن‌و کۆمەڵێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادییان (لە حیزبی دێمۆکرات‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ئێران) تێرۆر کرد.
لەدوای هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦و هاتنە سەرکاری خاتەمی، زۆر کەس‌و لایەن بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا چاوەڕوان بوون ئەم ڕێژیمە ماڵاوایی لە تێرۆریزم بکا. هۆی ئەو چاوەڕوانییەش ئەوە بوو ١ ـ سەرکۆماری تازە سەر بەو

قۆڵە بوو کە بە میانەرەو ناسراوەو، بۆخۆشی بە کۆمەڵێك دروشمو ئیدديعای جیاواز لە دەسەڵاتدارانی دیکە، هاتبووە مەیدان. ٢ ـ بە هاتنە سەرکاری ناوبراو کۆمەڵێك لە بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی ریژیم کە دادگای بێرلین وەك بڕیاردەرانو هەڵسووڕێنەرانی ئەسلیی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی، ناوی بردبوون، لە دەوڵەتدا نەمانو کەسانی تازە جێگایان گرتنەوە کە بۆ وێنە دەتوانین رەفسەنجانی (سەرکۆمار)، فلاحیان (وەزیری ئیتلاعات)، ویلایەتی (وەزیری کاروباری دەرەوە)و . . . ناو ببەین. بەڵام بەو هۆیە کە تیرۆریزمو ئینسانکوژی بووە بە بەشێك لە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمەو بڕوا بە شێوەکانی دیکەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ موخالیفان، لەم نیزامە ئازادیکوژو دیکتاتۆرەدا ناتوانێ جێگایەکی هەبێ، ماشێنی تیرۆرو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی نەك هەر نەوەستا، بەڵکوو وەك لە ساڵی ١٣٧٧دا دیتمان، بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو کەوتە نەخشەکێشان بۆ لە نێوبردنی ئازادیخوازانو شەخسییەتە جیاوازبیرەکان.

ڕاستە کە ناڕەزایەتی دەربڕینو حەرەکەتە ئیعترازییەکانی خەڵکی وڵاتەکەمان توانی پێشی بەڕێوەچوونی هەمووی ئەم نەخشەیەی دەزگای سەرکوتو تیرۆری کۆماری ئیسلامی بگرێو لەمەش زیاتر ئەو ڕێژیمە ناچار بە دانانی بە ئەنجام درانی تیرۆری ئازادیخوازانی وڵات لە لایەن دەستو پێوەندە بەکرێگیراوەکانیەوە بکا. بەڵام ئەوە بەهیچ جۆر ناتوانێ نیشانەی دەست هەڵگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆر بێ. نە ئەم جۆرە پاشەکشە سەرشوڕانانەو نە جێگۆڕکێی چەند بەرپرسو کاربەدەست، نابنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆكو شێوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا. هەتا ئەم ڕێژیمە لە سەرکار بێ، جینایەتو ئینسانکوژیو کەلکوەرگرتن لە تیرۆر، بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتو ڕەفتاری دەبێ.

***ژمارە ٢٦٩ی ڕۆژنامەی" کوردستان"، خاکەلیوەی ١٣٧٨***

## وتاری یوئاخیم ئێریک

## وەکیلی بنەماڵەی قوربانییەکانی تێرۆری میکۆنووس

## (لە ڕێوڕەسمی دەیەمین ساڵی تێرۆری د.قاسملوودا)

خانمان! ئاغایان! دۆستانی بەڕێز!
حەوتوویەك پاش تێرۆری "میکۆنووس" بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە پاریس، بانگهێشتن کرام. لەم کۆنفرانسەدا بۆ یەکەم جار لە گەڵ خانمی هێلێن قاسملوو، هاوسەری دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. ئەو پێی وتم هەوڵەکانی بۆ شوێن پێ هەڵگرتن‌و مەحکووم کردنی ئەو کەسانەی فەرمانی ئەو قەتلانەیان داوە، هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبووە. چوونکە دوڵەتی ئوتریش لە بەدوادا چوونی قاتڵەکان‌و مەحکووم کردنی دەستووردەرانی قەتڵەکان، خۆ دەپارێزێ. ناوبراو پاشان پێی وتم: هیوادارم مەسەلەی ئەو قەتڵانەی لە بێرلین ڕوویان داوە وەکو ڤییەنی لێ نەیە. من بەڵێنم پێدا کە هەموو توانای خۆم وەگەڕ دەخەم و، هیوام دەربڕی [لێکۆلینەوە لە] قەتڵی شەرەفکەندی‌و عەبدولی، (جێگرەکانی دوکتور قاسملوو و قادری) لە بێرلین، پێوەندیی نێوان تێرۆرەکانی ڤییەن‌و بێرلین بۆ خەڵکی جیهان ئاشکرا بکا، [دیتمان کە] ئەم کارە وەڕاست گەڕا.
دادگای میکۆنووس لە ساڵی ١٩٩٣ەوە تا ١٩٩٧ درێژەی کێشا. لە ماوەی موحاکەمەکردنەکەدا کە ٢٤٧ی ڕۆژی خایاند، دادگا گوێی لە شاهیدیدانی زیاتر لە ١٥٠ شاهیدو پسپۆر ڕاگرت. هەر لە یەکەم لاپەڕەکانی حوکمی نووسراوی دادگادا کە ٤٠٠ لاپەڕەی گرتوە، کوشتاری ڤییەن وەکو یەکەم هەنگاوی مێژوویی بە مەبەستی سەلماندنی درێژەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خراوەتە بەر لێکۆلینەوە. ئەو قەتڵانەی لە ڤییەن‌و بێرلین‌دا ڕوویان دا، لە ڕاستی‌دا پێوەندییان پێکەوە هەبووەو ئەمیان درێژەی ئەوی

دیکەیانە. دادگای بێرلین نەتەنیا کارێکی وەهای کرد کە خەتاو کەمتەرخەمییەکانی دەزگای قەزایی ئوتریش دووبارە نەبنەوە، بەڵکوو نیشانی دا کە تایبەتمەندییەکانی ئەو قەتلانەی کە لە ڤییەن‌دا ڕوویان دابوو، وەکو ئاڵقەیەکی گرینگ لە زنجیرەی ئەو هۆکارانە بە حسێب بێن کە نیشان دەدەن دەستووردەرانی هەر دوو قەتڵەکە لە بەرزترین پلەی دەوڵەتیی ئێران دان، دیارە هەر ئێستاش لەو پلەیەدا ماونەتەوەو جێی خۆیان خۆش کردوە.
بەم جۆرە دادگای بێرلین، لە ماوەی کاری چەند ساڵەی خۆی‌دا سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی ئوتریش قاتڵەکانی تا بەر دەرگای فرۆکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران بەڕێ کردن، توانی دەستووردەرانی قەتڵی دوکتور قاسملوو و قادری لە ڤییەنیش‌دا مەحکووم بکا.
شەقامەکانی ئورووپا کە تا تێرۆری میکۆنووس تێرۆریستە ئێرانییەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە بە ئازادی تێی‌دا دەخولانەوە، ئەمرۆ لە ژێر پێی دەستووردەرانی قەتڵەکان‌دا بۆتە ئاگرێکی سووتێنەر. بڕیاری دادگای میکۆنووس تەنیا پەردە لادان لە سەر تاوانێکی مێژوویی‌و ناوهێنانی تاوانباران نەبوو، بەڵکوو لانی‌کەم لە ئورووپا پێکهاتنی جۆریك پاڕاستن‌و لەمپەری بۆ ئوپۆزیسیونی ژێر سەرکوتی ئێرانیش [لە بەرامبەر تێرۆرو سەرکوت] دا بە دواوە بوو.
مەحکوم کردنی ڕێبەرانی پلەیەکی دەوڵەتی ئێران بە تاوانی دەست هەبوون لە قەتڵ‌داو دەرکردنی بڕیاری گرتنی عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێران، کە لەو کاتەدا هێشتا لە سەر کار بوو، لە ڕاستی‌دا دەست پێشخەرییەك بوو بۆ دەرکردنی بڕیاری دیکەی لەم چەشنە لە دژی پینوشەو میلۆسۆویچ.
لە داهاتوودا، ئەو دیکتاتۆرانەی لەسەرکار وەلانراون‌و هەر وەها ئەو ئینسانکوژانەی کە هێشتا دەسەڵاتیان بەدەستە، چیدی ناتوانن خۆ لە چنگی پۆلیس دەرباز بکەن. کومەڵگەی مافی مرۆڤ لە پێناوی جێبەجێکردنی بە کردەوەو چالاکانەی ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ‌دا، لە باری چونیەتییەوە قەڵەمبازێك چۆتە پێش. بەڵام ئەوە هیچ بەو مانایە نیە کە ئێمە بە خاترجەمی‌و ئاسوودەییەوە پاڵی لێ بدەینەوەو دڵنیابین کە داهاتوو باش دەبێ. گۆڕانە

سیاسییەکان لە سەردەمی ڕووداونیاندا بە شێوەی قەڵەمبازی (جهشی)و دیالکتیکیو بەدەر لە چونیەتیی هاوکێشی دەسەڵات "تناسب قدرت" لە نێوان هێزەکاندا، ڕوو دەدەن. ڕێبەرانی دەوڵەتی ئێران بە پێداگرتنەوە خۆازیاری ئازاد کردنی ئەو قاتڵانەن کە مەحکووم کراونو لە بێرلیندا ماوەی زیندانەکەیان دەبنە سەر. ئەوان، لەم پێناوەدا تەنانەت لە دەست بردن بۆ شانتاژیش خۆ ناپارێزن، ئەوەتا هەڕەشەی مەرگ لە ئاڵمانییەکی بێتاوان دەکەن کە تاوانی تەنیا هەبوونی پێوەندیی جینسی لە گەڵ خانمێکی ئێرانییە. تەماحو چاوبرسیەتی لە ڕادە بەدەری دەوڵەتی ئاڵمانو تامەزرۆیی بێئەندازەی بۆ ساتوسەودای پڕ داهات لە گەڵ بازاری ٦٠ میلیونیی ئێراندا، درەنگ یان زوو دەبێتە هۆی ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە.

بەڵام ئاکامەکەی: دەبێ بزانین کە کاریگەریی مەسەلەو هۆکارە دەرەکییەکان لە سەر ڕەوتی بارودۆخی ئێران، بۆ وێنە بڕیاری دادگای میکۆنووس تەنیا کاریگەرییەکی کاتیو زووتێپەر نیە. هەر بۆیە پێکهێنانی ئاڵوگۆری قووڵ و ڕاستەقینە بە مەبەستی سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێرانو خودموختاری لە کوردستانی ئێراندا هەر بە نێوخۆی ئێران نەبەستراوەتەوە. حوکمی دادگای میکۆنووسو بیرەوەریی هەمیشە زیندووی دوکتور قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو هۆکارانەن کە دەتوانن یارمەتی بە پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە ئێراندا بکەن و تەنانەت ڕەوتەکەش خێراتر بکەن.

کەوابوو بە هیوای وەدیهاتنی ئەو ئامانجە، سەبر و خۆڕاگری و سەرکەوتنتان لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی وردو دروست داو، لەمتمانە کردن بە هێزی گەلی کورد و گەلانی ئێران دا بە ئاوات دەخۆازین.

**یوئاخیم ئێریك Yoachim Erig**

**وەکیلی بنەماڵەی قوربانییەکانی تێرۆری میکۆنووس**

*لە ژمارە ٢٧٣ی ڕۆژنامەی"کوردستان"، هاوینی١٣٧٨(١٩٩٩) دا بڵاو بووەتەوە.*

## ئینسانفرۆشەکانی سەدەی بیستەم
## (بەبۆنەی سێهەمین ساڵڕۆژی
## فرۆشرانی ٧ تێکۆشەری  دیموکرات بە کۆماری ئیسلامی)

نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێك بۆ درێژەی خوێندن لە دێیەکەمانەوە، چوومە شارە جوانو بچووكو دڵگرەکەی شنۆ، بۆ یەکەم جار لە ویترینی تاقە کتێبفرۆشیەکەی ئەوکاتی شارەکەمان (کتێبفرۆشیی مەلا ئەحمەدی نەڵۆسی)دا، ناوی کتێبێك سەرەنجی ڕاکێشام: "جنایات بشر یا آدم فروشان قرن بیستم" (تاوانەکانی مرۆڤ یا ئینسانفرۆشەکانی سەدەی بیستەم). زۆربەی زۆری ڕۆژەکانی یەکەم ساڵی خوێندنم لەو شارەو تەنانەت دووسێ ساڵی دواتریش، بە لای ویترینی ئەم کتێبفرۆشییەدا ڕادەبردمو چاوم بەو کتێبە دەکەوت. ئەو ڕووداوە ئەوەندە دووپات ببۆوە کە هەرکە ناوی "کتێبفرۆشیی نەڵۆسی"یان هێنابا، دەست بەجێ ناوی ئەم کتێبەو وێنەی سەر بەرگەکەیم دەهاتەوە بەرچاو. وابزانم لە پۆلی یەکی ناوەندیدا بووم کە بڕیارم دا ئەو کتێبە بخوێنمەوە. کتێبەکە ڕۆمانێك بوو کە هەوێنەکەی بریتی بوو لە سەربردەی تاڵی چەند مرۆڤێکی پاكو بێتاوان کە تاقمێك بێویژدان، بۆ وەدەست هێنانی پووڵو سامانو بۆ مەبەستێکی دژی ئینسانی، ڕفاندبوویانو بە کەسانێکی دیکەی لە چەشنی خۆیانیان فرۆشتبووو بەم جۆرە ئەوانیان تووشی ڕۆژڕەشیو بێبەشی لە هەموو خۆشیەکانی ژیان کردبوو. ئەوەندی لە بیرم بێ زۆربەی ڕووداوەکانی رۆمانەکە، لە دەوروبەری کرماشان ڕوویان دابوو.

نزیکەی چارەکە چەرخێك دواترو لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا، لە حاڵێکدا شوێنەوارە عاتفیەکانی داستانەکە، هێشتا بەجێیان نەهێشتبووم، جارێکی دیکە تووشی چیرۆکێکی دیکەی ئینسانفرۆشەکانی سەدەی بیستەم بوومەوە. نازانم چیرۆکەکەی پێشوو ڕاستەقینە بوو یان هەر خەیاڵی نووسەر خوڵقاندبووی، بەڵام

چیروكی ئەمجارە، چیرۆكێكی ڕاستەقینە بوو. ئەگەر لە چیرۆكەكەی پێشوودا،كۆمەڵێك ئینسانی ئاسایی، ببوونە قوربانیی تاقمێك "بازرگانی فرمێسكو خوێن" كە نە ئیددیعای سیاسیبوونیان هەبوو، نە خۆیان وەك موسوڵمانو خزمەتكاری ئایینی ئیسلام دەناساند، ئەم جار كۆمەڵێك مرۆڤی شۆڕشگێڕو خزمەتكاری گەل، بە پێی ویستو نەخشەی هەڵسووڕێنەرانی ڕێكخراوێكی بە ڕواڵەت سیاسیو ئیسلامی، بە دەستوپێ بەستراوی بە دوژمنانی خۆیانو مافو ئازادییەكانی گەلەكەیان، كۆماری ئیسلامی فرۆشران.

لە كۆتاییەكانی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥دا، ٧ تێكۆشەڕی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بە ناوەكانی ئەرشەد ڕەزایی، محەمەد عەزیز قادری، داریووش ئیسلامدووست، یوونس محەمەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر كازمیو مەعروف سوهرابی كە لە ناوچەی هەورامانی كوردستانی ئێران دەگەڕانەوە، لە نزیك شاری هەڵەبجە، لەلایەن چەكدارەكانی "ڕێكخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی" گیرانو، بە دەمو چاوو دەستو پێ بەستراویتەحویلی دەزگای جاسووسیو سەركوتی كۆماری ئیسلامی لە ئوستانی كرماشان درانەوە. ئەوان بەو هۆیەوە كە خۆیانو حیزبەكەیان هیچ دوژمنایەتییەكیان لەگەڵ ڕێكخراوی ناوبراو نەبوو و، هەروەها چونكە بە ڕاستی پێیان وانەبوو ڕێكخراوێكی سیاسیی داواكاری ئیسلامەتی كە لافی كوردایەتیو خزمەت بە گەل لێ دەدا، ئامادە بێ كۆمەڵێك تێكۆشەڕی ڕێگای ئازادی، بە فێڵو پیلان قۆڵبەست بكاو بۆ پووڵو ئیمتیازی ناڕەوا، بە كۆماری ئیسلامی بیانفرۆشێ، بە هاسانی كەوتنە نێو داوی چەكدارەكانی ڕێكخراوی ناوبراو.

ئەگەر "ڕێكخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی" ئەم تاوانە پڕشوورەییەی چەكدارەكانی خۆی مەحكووم كردبا و تاوانبارانی سزا دابا، دەكرا ئەم تاوانە بە حیسێبی هێندێك كەسی سەر بە ڕێكخراوەكە كە بێ ڕێنوێنیو ڕەزامەندیی سەركردایەتیی ڕێكخراوی ناوبراو ئەم كردەوەیان ئەنجام داوە، دابنێین. بەڵام هەڵویستو ڕەفتاری ریبەرایەتیی ڕێكخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی بە دوای ئەم تاوانەدا،

دەری خست کە "ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە"و، بزووتنەوەی ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆی‌دا لەم ئینسان ڕفاندنو فرۆشتنە، بەرپرسیارە.

سێ ساڵ لەو کردەوە پڕشوورەیی‌و سامناکە رابردوە. سێ ساڵە ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرەی دیموکرات هەروا لە ژێر ئازارو شکەنجەی ئەشکەنجەگەرانی کۆماری ئیسلامی دان(*).

لەو ماوەیەدا تەنیا یەکێك لەو ٧ کەسە، توانیویتی خۆی لە دەست کاربەدەستانو بەکرێگیراوانی جینایەتکاری دەزگای سەرکوت‌و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی، ڕزگار بکاو بگەڕێتەوە نێو تێکۆشەرانی حیزبەکەی. ئەو هاوڕێیەمان کاك"داریوش اسلامدوست"ە. کەس‌و کاری کاك داریووش، ئەوکاتەی ئەو وێڕای ٦ هاوڕێیەکەی دیکەی لەبەر دەست‌و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامی دابوو، فشاریان دەخرێتە سەر کە بچن هاوسەرو هەر دوو منداڵەکەی لە کوردستانی عێراق ڕا بێننەوە. بە درۆ ئەو قەولەشیان پێ درابوو کە ئەگەر ماڵ و منداڵی داریووش بێننەوە ئێران، ناوبراو لە زیندان ئازاد دەکەن. بەڵام هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بنەماڵەی کاك داریووش، دەزگای تێرۆرو جاسووسیی ڕێژیم ئەوان وەك بارمتە لای خۆیان ڕادەگرن‌و مەئموورییەت بە ناوبراو دەدەن کە بچێ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی عێراق ئەنجام بدا. ئەم هاوڕێیەمان لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و بە خۆشییەوە خۆی لە چنگی ئەشکەنجەگەران‌و جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی ڕزگار کرد.

بە بۆنەی سێهەمین ساڵڕۆژی تەحویل درانەوەی ٧ تێکۆشەری دێموکرات، وتووێژێکمان لەگەڵ کاك داریوش‌و ئەندامانی بنەماڵەی هاوڕێیان "ئەرشەد ڕەزایی"و "حەمەعەزیز قادری"- دوو کەسی دیکە لەو ٧ هاوڕێیەمان ـ پێك هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەیان ڕادەکێشین.

**وتوویژ لەگەڵ کاک داریووش ئیسلامدووست:**

**"کوردستان"**: بەرێز کاک داریوش! سێ ساڵ لەمەوبەر جەنابت‌و ٦ هاوڕێی دیکەت، لە هەڵەبجە گیران‌و تەحویلی کۆماری ئیسلامی درانەوە. تکایە ڕوونی بکەوە ئێوە چۆن گیران‌و چۆن تەحویل درانەوە؟

زۆر سوپاسی "کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەمان دەکەم کە لە سێهەمین ساڵڕۆژی ئەو تاوانە گەوریە کە دەرهەق بە من‌و چەند هاوڕێیەکی دیکەم ئەنجام درا، بەسەریان کردمەوە تا لە چەندو چوونی ئەو تاوانە وەحشەتناکە چەند قسەیەك بۆ خوێنەرانی "کوردستان"ی خۆشەویست بکەم.

ئێمە تیمێکی ٧ کەسی لە تێکۆشەرانی حیزبیی کومیتەی شارستانی پاوە بووین. شەوی ٧٥/٧/٢٧ لە کاتی گەڕانەوەمان لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران لە گوندی "هاوار"ەوە بە ماشێنێکی شەخسی بەرەو هەڵەبجە بەڕێ کەوتین، نزیکەی سەعاتی ٨ی شەو لە نزیك گوندی "عەنەب" جەماعەتێك چەکدار پێشی ئێمەیان گرت‌و داوای کارتی شناساییان لە ئێمە کرد. ئێمەش دەستبەجێ داوامان لەوان کرد کە خۆیان بناسێنن. هەم شوفیری ماشێنەکە ئەوانی دەناسی‌و گوتی ئەفرادی بزووتنەوەی ئیسلامین، هەم خۆشیان گوتیان جەماعەتی بزووتنەوەی ئیسلامین. ئێمەش داوای هاوکاریمان لەوان کرد کە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوەمان بۆ بنکەکانی خۆمان. ئەوانیش قەولی هاوکارییان پێدان‌و ئینجا بە ڕانەندەی ماشێنەکەیان گوت کە ئەمانە میوانی ئێمەن‌و پێویست ناکا تۆ لە سەریان ڕاوەستی‌و دەتوانی بڕۆی. سەعاتی ١ی شەو بوو کە نەفەرێکیان هاتە لامان‌و خۆی بە "علی گوڵپی" پێشمەرگەی ی.ن.ك ناساندو گوتی بەیانی ئێمە هاوکاریتان دەکەین‌و بەرەو بنکەکانی خۆتان بەڕێتان دەکەین. بەلام ئێمە لەو کردەوەیان نیگەران بووین، چونکە تا ئەوکات نەیان دەشاردەوە کە جەماعەتی بزووتنەوەن. سەعات ٤ی بەیانی بوو کە دەست‌و لاق و چاویان بەستین‌و فڕێیاندانە نێو ماشێن‌و ئاگامان لە خۆمان نەبوو کە بەرەو کوێ دەمانبەن تاکوو لە پاوە لە بەر دەستی سپای پاسداران خۆمان بینییەوە.

**"کوردستان"**: ڕێبەرانو بەرپرسانی بزووتنەوەی ئیسلامی، بە دوای ئەنجام درانی ئەو تاوانە پرشوورەییەدا هەوڵیان دا تاوانەکە لە سەر خۆیان لابەرنو گوتیان یەکیەتیی نیشتمانی ئێوەی تەحویل داوەتەوە. چ وڵامێکت هەیە بۆ ئەم ئیددیعایەی ڕێکخراوی ناوبراو؟

ئەمن بۆخۆم یەکێك لەو ٧ کەسە بووم کە تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران دراینەوە. بە ڕاشکاوی بە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهانو کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رادەگەیەنم کە ئەو خەیانەتە گەورەیە لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە دەرهەق بە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کراوەو هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی لەو مەسەلەیەدا دەستیان نەبووە. چونکە جگە لەوەی شوفیری ماشێنەکە، ئەوانی دەناسیو ئەوانیش شوفیرەکەیان دەناسی، پێشتریش هەواڵمان هەبوو کە هەڵەبجە جگە لە چەکداری ئەو ڕێکخراوە، چەکداری هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی لـێ نیە. پاشان بە هەموو نیشانەو هەڵسوکەوتیان دیار بوو کە ئەوان سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامین. پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی بە هۆی وەزعی تایبەتیی ئەوکاتی ناوچەکە، هەر لەوێ نەبوون.

**"کوردستان"**: ئایا کاتێ ئێوە بەرەو هەڵەبجە دەگەڕانەوە، هیچ بە خەیاڵتاندا دەهات، ڕێکخراوێکی سیاسی کە ئیددیعای کوردایەتیو ئیسلامەتی دەکا، کۆمەڵێك میوان قۆڵبەست بکا و بۆ هێندێك پووڵو پارە، تەحویلی ڕێژیمێکی دژ بە کوردو خوێنڕێژی وەك کۆماری ئیسلامیتان بداتەوە؟

ئێمە تەنیا شتێك کە بە خەیاڵماندا نەهاتبوو ئەوە بوو کە شتێکی ئاوا بکرێ، چاوەڕوانیمان لە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوو کە بۆ هێندێك پووڵو پارەو بۆ هێندێك قەولی کۆماری ئیسلامی حازر بێ کەسانێك لە نەتەوەکەی خۆی کە سەر بە حیزبێکی سیاسیو شۆڕشگێڕن تەحویلی ئەو ڕێژیمە بداتەوە.

**"کوردستان"**: لەو ماوەیەدا کە ویڕای ٦ هاوڕییەکەت لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووی، چۆن لەگەڵ خۆتو ئەوان ڕەفتار کرا؟ ئازارو ئەشکەنجە دران؟

سەبارەت بە ئەشکەنجە کردن دەبێ بڵێم هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە لە ژێر درندانەترین شێوەی ئەشکەنجەو ئەزیەتو ئازاردا بووینو بە شێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجە کراوین کە من بۆ خۆم شەرم لە گێڕانەوەیان دەکەم.

**"کوردستان"**: جەنابت شاهیدێکی ئازادو زیندووی تاوانو پیلانێکی ئینسانفرۆشانەی چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دژی خۆتو هاوڕێیانتی. سەبارەت بەو تاوانە پڕ شوورەییەو سەبارەت بە چارەنووسی هاوڕێیانت، چ پەیامێکت بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ کۆڕوکۆمەڵو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانو بیروڕای گشتی دنیا هەیە؟

ئەو تاوانەی کە دەرهەق بە منو ئەو ٦ هاوڕێیە کرا تاوانێکی زۆر سامناکو لە عەینی حاڵیش دا بێ بەزەییانە بوو، چونکە ئێمە بە کۆمەڵێ ئاواتو ئارەزووەوە لە هەورامان گەڕابووینەوەو دەمانەویست بڕۆینەوە بۆ نێو کۆڕی هاوڕێیانو ماڵو مناڵمان. بەداخەوە کەوتینە ناو بۆسەی ناجوامێرانەو پیلانێکی شەرمهێنەری دووقۆڵیی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامیو ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە بۆ ئێمە تەنها شتێك بوو کە بە مێشکماندا نەهاتبووو قەت چاوەڕێی کردەوەیەکی ئاوا لە شوێنێکی وەك ئەوێ نەبووین. کردەوەیەك کە دژی هەر چەشنە یاساو رەوشتێکی ئینسانیو مافی مرۆڤو ئەخلاقی سیاسیو، هەروەها دژی هەموو چەشنە یاسایەکی شەرعی بوو. بۆیە داوام لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە گشتیو کوردستانی ئێران بە تایبەتی ئەوەیە کە جارێکی تر ئەو پیلانەو کردەوە دژی ئینسانییە مەحکووم بکەنو هەوڵو تواناکانیان بە هەر شێوەیەك ئیمکانی هەبێ بخەنە گەڕو فشار بۆ جمهوری ئیسلامی بێنن تا لانی کەم شوێنی ئەو ٦ هاوڕێیەی دیکەم بۆ خزمو کەسو کاریان ئاشکرا بکاو مەجالی ملاقاتیان بۆ فەراهەم بکا.

هەروەها داوام لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و حیزبە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان ئەوەیە کە بۆ جارێکی تر ئەو کردەوەیە مەحکووم بکەن و دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و پێکەوە فشار

بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنن تا بەڵکوو ئەو ٦ هاوڕێیەی دیکەم لە مەرگ نەجاتیان بێو ئیزنی کەسو کاریان بدەن کە چاویان پێیان بکەوێ.

**"کوردستان":** بە بڕوای جەنابت، بزووتنەوەی ئیسلامی بۆچی ئامادە نەبوو عامیلانی گرتنو تەحویلدانەوەی ئێوە، سزا بداو بەم جۆرە بەرپرسایەتیی تاوانەکە لەسەر خۆی لاببا؟ ئەوانەی ئێوەیان گرتو تەحویل دایەوە، ئێستا چ کارەن، ئەگەر بیانبینی دەیانناسییەوە؟

بە نەزەری من لەبەر دوو هۆی سەرەکی بزووتنەوە عامیلانی ئەو کردەوە دزێوەی سزا نەدا:

یەکەم ئەوە کە عامیلی ئەسڵیی پیلانەکە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆخۆی بوو، بۆیە ئەگەر هاتبانو عامیلەکانیان سزا دابان، دەبوو لە سەرەوەی هەموویان ڕێبەریی بزووتنەوەیان سزا دابا.

دووەم چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لایەك بۆخۆی لە ناوچەکەدا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابوو، ئێران هەموو کردەوەیەکی دژی نەتەوایەتیی پێدەکردنو لە لایەکی دیکەشەوە وەزعی ئەو دەمی کوردستانی عێراق گەلێك ئاڵۆز بووو کۆماری ئیسلامی بەهۆی نەچوونە ژێرباری بزووتنەوەی ئیسلامیو تاوانبار کردنی ی.ن.ك بەو تاوانە، دەیانهەویست لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، شەڕو دووبەرەکی دروست بکەن کە ئەویش تەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووو بەس.

بە نیسبەت ئەوانەی ئێمەیان ئەودەم دەسگیر کردو تەحویلیان داینەوە دەبێ بڵێم نازانم ئێستا لە نێو بزووتنەوەدا چ کارەن، بەڵام ئەگەر بیانبینم زۆر چاك دەتوانم بیانناسمەوە.

**پرسیار لەئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی کاك ئەرشەد ڕەزایی:**
**"کوردستان"**: براژن ! دوایین بیرەوەری کە لە کاك ئەرشەد هەتانە، چییە؟
**(خوشکە سەحرا) هاوسەری کاك ئەرشەد ڕەزایی**: لەو کاتەوە کە قەرار بوو بچێتەوە بۆ ناوچەی هەورامان، چەند ڕۆژێ پێشتر پێی وتم با سەردانێکی شاری سلێمانی بکەین‌و هەندێ وێنەی یادگاری بگرین. لە ڕێگادا کە بەرەو سلێمانی کەوتبووینە ڕێ چەند جارێ لێی دووپات کردمەوە کە ئاگام لە منداڵەکان بێت. دەیگوت کە ئەگەر منداڵەکان یادی منیان کرد تۆ دڵخۆشییان بدەوەو پێیان بڵێ کە ماوەیەکی‌تر دەگەڕێتەوە.
ئەدی **کوردستان !و ئەردەشیر !** ئێوە چ بیرەوەرییەکتان لە بابتان هەیە؟
**کوردستان:** سەرەتاکانی کرانەوەی مەدرەسە بوو کە باوکم لیباس‌و کیفی مەدرەسەی بۆ کڕیبووین. کە لەگەڵ باوکم باسی مەدرەسەمان دەکرد باوکم پێی دەگوتین ئەگەر من لە ماڵێ نەبم ئێوە دەبێ دەرسەکانتان بە باشی بخوێنن‌و زیرەك بن. چەند ڕۆژێك بوو کە لەو قسانەی بۆ دەکردین تا ڕۆژێك خۆی ئامادە دەکردو کۆڵەپشتییەکەی هێنابووو شتی تێ‌دەکرد. ئێمە لە دڵی خۆماندا وامان هەست دەکرد کە بۆ ماوەیەك بەجێمان دێڵێ. کە بەیانی لە خەو هەستاین چاومان لە جێگاکەی کرد نەمابوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر چاوەڕوانین. کەچی هێشتاش هەر نەگەڕاوەتەوە. من‌و ئەردەشیری برام چاوەڕوانین‌و زۆر بە ئاواتین کە جارێکی‌تر باوکمان بگەڕێتەوە.
**"کوردستان"**: براژن! منداڵەکان چ کاتێك زیاتر یادی کاك ئەرشەد دەکەن‌و هەست بە خاڵی بوونی جێگاکەی لە کۆڕی بنەماڵەدا دەکەن؟ ئەی خۆت چ کاتێك یادی دەکەی؟
منداڵەکانم بەزۆری لە کاتی جێژنەکانی حیزب‌و لە کاتی جێژنی نەورۆزدا زۆر بیری دەکەن‌و هەمووومان هەست دەکەین کە جێگای خاڵییە. کاتێك لە جێژنی نەورۆزدا منداڵان لەگەڵ باوکیان دەچن بۆ سەیران، کوردستان‌و ئەردەشیر لە سووچی ماڵە تاریکەکە دادەنیشن‌و چاویان پڕ دەبێت لە فرمێسك‌و هەرچەند دەکەم دڵیان خۆش نابێ‌و زۆر جار بە منداڵەکان دەڵێم بۆ ناچن بۆ سەیران.

ئەردەشیر لە وەڵامدا دەڵێت: منداڵان لەگەڵ باوكو دایكیان دەڕۆن بۆ سەیران كەچی ئێمە باوكمان گیراوەو ئەتۆش نایەی لەگەڵمانو ئێمەش بە تەنیا ناچین.

**"كوردستان"**: براژن! كوردستان! ئەردەشیر! ئێوە بەرامبەر بەو تاوانە شەرماوییەی دەرهەق بە كاك ئەرشەدو هاوڕێیانی ئەنجام درا، چ پەیامو چ قسەیەكتان هەیە؟ چ چاوەڕوانییەكتان لە خەڵكی كوردستانو لە كۆڕو كۆمەڵو ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكانی جیهان هەیە؟

ئێمە وەكوو بنەماڵەی ئەرشەدی ڕەزایی داوامان لە بزووتنەوەی ئیسلامیو هەموو ئەو كەسانەی كە كوردنو خەیانەت بە گەلی كورد دەكەن ئەوەیە كەوا بە خۆیاندا بچنەوەو قەت خەیانەت نەكەن بەرامبەر بە هیچ كوردێك. چونكە ڕۆژێ دادێ كەوا ئەم تاوانە بە چاوانیاندا دەدرێتەوەو ئەوەشیان لەبیر نەچێت كەوا لاپەڕەیەكی ڕەشیان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار كردوە. داواكاریمان لە خەڵكی كوردستانی ئێرانو عێراقیش هەیە كە بەرامبەر بەم تاوانە چاوپۆشی نەكەنو هەڵوێستی پێویستی بۆ بگرن. داواشمان لە هەموو كۆڕوكۆمەڵە مرۆڤدۆستەكان ئەوەیە كە بەرامبەر بەم تاوانە فشار بخەنە سەر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی كەوا لە مەرگیان بپارێزێو هەوڵی ئازاد كردنیان بدەن.

**"كوردستان"**:كوردستان ! ئەگەر ڕۆژێك چاوت بە بەڕێوەبەرانو ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بكەوێ، لەبارەی ئەو كردەوە بێزهەستێنە چییان پێدەڵێی؟

بیروباوەڕی ئێمە قەت ئەوە هەڵ ناگرێ كە دژ بەو كردەوەیەی ئەوان هەڵوێستێكی نامرۆڤانە بگرین یان بە قسەی ناحەز جوابیان بدەینەوە. تەنیا ئەوەیان پێدەڵێم كە هەروەك ڕووتان لە لای خەڵكی شۆڕشگێڕی كوردستانو هەموو مرۆڤدۆستێكی دونیا ڕەش بوو، بە هیوام كە لە دونیای دیكەش لای خودا ڕووتان ڕەش بێ.

**"كوردستان"**: خوشكە سەحرا! گوڵستان، چووكترین منداڵی كاك ئەرشەدە. ئەو كات باوكی تەحویل درایەوە، چەند مانگە بوو؟ ئایا قەت باسی باوكی دەكا؟ هەست بە لە ماڵ نەبوونی دەكا؟

گوڵستان ئەو کات ١٣ مانگە بوو. کە تەقەی دەرگا دێت گوڵستان هەڵ دێت بۆ لای دەرگاکە وا دەزانێ باوکیەتی. زۆر جار کە دەڕۆین بۆ فروشگا پێم دەڵێ دایە با شتێك بۆ باوکم بکڕین. منیش دەڵێم گیانە! بابت نایەتەوە. کەچی لە وەڵامدا دەڵێت باوکم ئەوە لە ماڵە.

**وتوویژ لەگەڵ سەمیرە کچی کاك حەمە عەزیز قادری:**

**"کوردستان"**: سێ ساڵە باوکتان لە ئێوە دوورە. لەو ماوەیەدا چەند جار خەونت بە ئازادیی باوکتەوە دیوە؟ زۆرتر چ خەونێکی پێوە دەبینی؟

ئەگەر بمهەوێ ئەو خەونانەی بە باوکی ئازیزمەوە دیومن — لەو کاتەوە بە هۆی جینایەتکارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە گیراوەو دراوەتەوە بە ڕێژیمی ئێران — بگێڕمەوە لە دەفتەرێك جێیان نابێتەوە. لە ماوەی سێساڵ دووری لە باوك لە غەریبایەتیو دوورەوڵاتیدا ئازارێکی زۆرمان چێشتوە. ئەگەر لەنێو کوڕی هاوڕێکانمدا دادەنیشم بۆ یەك سات باوکم لەپێش چاوانمدا دێتو دەڕوات. بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لە مەدرەسە دەچوومەوە باوکم لە ماڵ بوو. لە باوەشی دەگرتمو چاوەکانی ماچ دەکردم. کاتێك کە شەو دادێ بیری شەوانێك دەکەمەوە کە باوکم بە قسە خۆشەکانی ماڵەکەمانی ڕەنگین دەکرد. کە خەوم لێدەکەوێ خەونی پێوە دەبینم کە ئازاد بووەو گەڕاوەتەوە لامان. جاری وایە لە خەونەکەدا دەڵێم تۆ بڵێی ئەوە خەون بێ یان ڕاستی بێ کە بە دیداری باوکم شاد دەبمەوە؟ زۆرتر ئەو خەونانەی پێوە دەبینم: دێتەوە لامانو بە دیارییە خۆشەکانی شادمان دەکاتەوە. بابە گیان! ئاواتەخوازم هەر نەبێ لە خەونەکانما بە دیدارت شاد بمەوە. ئارەزوومە ڕۆژێك بێ بەڕاستی بتبیەوە، تا خۆم لە باوەشی گەرمت باوێمو بۆ هەتا هەتایە پێت شاد بینەوە.

**"کوردستان"**: لە چ کاتێکدا پتر بیری باوکت دەکەیو هەست بە خاڵی بوونی جێگاکەی لەنێو بنەماڵەتاندا دەکەی؟

هەموو کاتێك بیری باوکم دەکەمەوەو هەستیش بە خاڵی بوونی جێگاکەی دەکەم. بەتایبەت لە جەژنە حیزبیو ئایینییەکاندا زۆرتر بیری دەکەمەوە. ئەو

شەوە کە بەیانییەکەی جەژنە دڵم زۆر زۆر ناڕەحەتە. بەیانییەکەی جەژنەو لەگەڵ دایکمو ژاڵەو هەرسێکمان دادەنیشین. دایکم لە جاران زیاتر دڵی ناڕەحەتە، کە سەیرمان دەکا کە باوکمان لەماڵەوە نیە چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك. هەوڵیش دەدا کە ئێمە ناڕەحەت نەبین. لە جەژنی نەورۆزدا بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە لەگەڵ باوکم پێکەوە دەچووین بۆ سەیران، لەوێ بۆخۆمان لەگەڵ "ژاڵە" کایەی خۆشمان دەکرد. بەڵام بابەگیان! سێ‌ساڵە نە تۆ دەزانی چۆن جەژن دێتو دەڕوا نە ئێمەش دەزانین. بابەگیان! داخۆم خوای ئێمە ئەوانەی کە تۆیان بە دڕندانەترین شێوە گرتو لە ئێمەیان کرد، چیان بەسەر بێنێت. دیسان بابە گیان! هیوادارم لە داهاتوویەکی زۆر نزیك‌دا بە یەکتر شاد بینەوە.

**"کوردستان"**: هەستت بەرامبەر بەو کەسانەی باوکی پێشمەرگەتیان تەحویلی کۆماری ئیسلامی دایەوە چییە؟

ئەوانەی کە ئەو جەنایەتەیان کردو بۆ ماوەیەکی نادیار باوکمیان لە ئێمە ئەستاند، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئەوانیش بەو دەردە بناڵێنو لە خۆشیی ژیان هەروەك ئێمەیان بێ‌بەش کرد ئەوانیش بێ‌بەش بن. هەروەها نیسبەت بەو دڕندانە بە چاوی ڕقو تۆڵە سەیریان دەکەم، پێم خۆشە کە تەنیا بۆ یەك جاریش بێ، نەیان بینم.

**"کوردستان"**:چ داوایەکت لە ڕێکخراوو کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان هەیە؟

داوامان ئەوەیە ئەوەی لە دەستیان دێ بۆ پاراستنی گیانی باوکمو هاوڕێکانی دریغی نەکەن. داواکارم بە هەوڵو کۆششی خۆیان بتوانن ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، کارێکی وا بکەن کە حوکمیان بدرێو مەلاقاتیان ئازاد بێتو گیانیان بپارێزرێ.

ئێمەش وەك دەستەی نووسەرانی "کوردستان"و بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەموو هاوڕێیانی حیزبیو تێکڕای خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بە بۆنەی سێهەمین ساڵی ئەو تاوانە پڕ شوورەیییە، جارێکی دیکە لەگەڵ بنەماڵەو کەسو کاری ئەم هاوڕێ خۆشەویستانەمان هاودەردی دەکەینو ئازادیی ئازیزانیانو شاد بوونەوەی هەموو لامان بە دیداریان بە ئاوات دەخوازین.

ڕووڕەشی و سەرشۆڕی ئەبەدی بۆ بەڕێوەبەرانو ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە لەبیر نەچووەوە.

(*) هەر لەم کتێبە و لە بابەتەکانی داهاتوودا، زانیاری لە بارەی چارەنووس و سەرئەنجامی ئەو ٦ تێکۆشەرەی دیموکرات هەیە

لە ژمارە٢٧٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، ڕەزبەری ١٣٧٨(١٩٩٩) بڵاو بووەتەوە.

## دەسرێژ لە سەرنووسەری رۆژنامەی "صبح امروز"

خەریکی بەستنی رۆژنامەکەمانو ناردنی بۆ چاپخانە بووین کە هەواڵمان پێ گەیشت ئاغای سەعید حەججاریان سەرنوسەری رۆژنامەی ریفۆرمخوازی "صبح امروز"، جێگری بەرپرسی شوورای شاری تارانو ڕاوێژکاری محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ئێران، سەعات٥/٨ی پێش نیوەرۆی رۆژی یەكشەممە ٢٢ی ڕەشەمە، لەبەر دەرکی شوورای شاری تاران لە ناوەندی پێتەخت، کەوتۆتە بەر دەسرێژی دوو تیرۆریستو بەتوندی بریندار بووە.
سەعید حەججاریان کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو لە دەیەی یەکەمی تەمەنی ئەو ڕێژیمە، لە دەزگای ئیتلاعاتو ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیدا کاری دەکرد، دواتر وەك زۆر کەسی دیکە بەهۆی کێشەو ململانەی نێوخۆیی قۆڵەکانی دەسەڵاتو یا لە ئاکامی تێگەیشتن لە ڕاستییەکان، لە ناوەندەکانی دەسەڵات دوور کەوتەوەو لەباری فیکریو بۆچوونەوە ئاڵوگۆڕی بەسەر داهاتو کەوتە رەخنەگرتن لە ڕابردووی کۆماری ئیسلامیو سیاسەتو بەرنامەو کردەوەکانی.
حەججاریان نەخشێکی بەرچاوی لە هەڵبژێرانی خاتەمی بە سەرکۆماردا هەبوو. لەدوای دووی جۆزەردانیشەوە وەك رۆژنامەنوسێکی ئاگاو ئازا پێی نایە مەیدان. ڕابردووی کار لەنێو دەزگای ئیتلاعاتو ئەمنییەتو دەستراگەیشتنی بە زۆر سەرچاوەی هەواڵو زانیاری لەنێو ئەو دەزگایەدا، بوون بەهۆی ئەوە حەججاریان نەخشێکی کاریگەری لە ئاشکرا کردنی پیلانو جینایەتەکانی دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو سەرەڕۆ و دەزگاو مۆرە جینایەتکارەکانی سەر بە ئەواندا هەبێ. ئەو لەو رۆژنامەنووسانەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ قەتڵە زنجیرەییەکانو هێرش بۆسەر

خوێندکارانی تاراندا، تەنگیان بە دوژمنانی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵك هەڵچنیوەو ڕێگایان بۆ بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك خۆش کردوە.

هەڵوێستی ئازایانەو بیروبۆچوونی ئازادیخوازانە، ئەگەر لەنێو خەڵكدا "حجاریان"یان ئەوەندە خۆشەویست کردوە کە لە هەڵبژاردنی شووراکان لە تاراندا دوای عەبدوڵلا نووری زۆرترین دەنگەکان وەدەست بێنێ، لەو لاشەوە بووە بەهۆی ئەوە ببێ بە چەقڵی چاوی پاوانخوازان‌و کۆنەپەرستانی نێو حاکمییەت‌و بە مەترسییەکی گەورە بۆ بناغە لەرزۆك بووەکانی دەسەڵاتەکەیانی بزانن. ئەو هەواڵ‌و زانیارییانەی تا ئێستا لەبارەی چۆنیەتیی دەسرێژ لێکرانەکەی بڵاو بوونەوە، نیشان دەدەن ئەو تێرۆرەش هەر ئەو کەسانە کردوویانە کە هاوکارو هاودەستی "سەعید ئیمامی" بوون‌و جڵەویان لەدەست "فلاحیان"و "رفسنجانی"و "بەیتی رێبەری" دایە. هەربۆیەش تا ئەو جێیەی بۆیان بکرێ هەوڵ دەدەن ڕاستیەکانی پێوەندیدار بەو تێرۆرە بشارنەوەو نەهێڵن دەستووردەران‌و عامیلانی ئەسڵیی تێرۆرەکە بناسرێن.

ئێمە ئەو تێرۆرە بە بەشێك لە تەقەلای پاوانخوازان بۆ پێشگێری لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵك دەزانین‌و مەحکوومی دەکەین. وێڕای بەئاوات خواستنی سەرکەوتنی هەوڵی دوکتورەکان بۆ نەجاتدانی گیانی حەججاریان، هیوادارین هەرچی زووتر دەستووردەران‌و بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە بۆ خەڵك بناسرێن‌و حوکم‌و ئیرادەی خەڵك لەبارەیاندا بەڕێوە بچێ.

*ژمارە ٢٨١ی رۆژنامەی کوردستان، ڕەشەمەی ١٣٧٨ (مارسی ٢٠٠٠)*

# ڕووداوەکانی ئەو دیوی تیرۆری حەججاریان

ڕۆژی ۲۲ی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوو سێ حەوتوو دوای هەڵبژێرانی نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم و تێکشکانی بەر چاوی قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی لەو هەڵبژاردنەدا، سەعیدی حەججاریان جێگری بەرپرسی شووڕای شاری تاران، راوێژکاری سیاسیی سەرکۆمار خاتەمی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "صبح امروز"و یەکیك لە سیما ناسراوەکانی قۆڵی ئاڵوگۆڕخواز، کەوتە بەر دەسڕێژی تێرۆریستیی چەند جینایەتکاری سەر بە دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو بە توندی بریندار بوو. بە هەوڵی پزیشکانی ئێرانی، ناوبراو لە مەترسیی مەرگ ڕزگاری بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆری خایاند تا وەهۆش هاتەوەو هەر ئێستاش لە نەخۆشخانەیەو هێشتا ڕوون نیە کە دەتوانێ سەلامەتیی جارانی وەدەست بێنێتەوە یان نا.

لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری سەعیدی حەججاریاندا ژمارەیەك گیرانو کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوە. بەلام چونیەتیی گیرانیان، ئەو بڵاوکراوە ڕەسمی‌یانەی لە پێوەندی لەگەڵ گیرانی ئەواندا بڵاو بوونەوە، کێشەو ناکۆکیی نێوان سوپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعاتو دەزگای قەزایی لە سەر لێکولینەوە لەو گیراوانەو دژ کردەوەی ڕێبەرانو کاربەدەستانی ریژیمو دامو دەزگاجۆراوجۆرەکانی، نیشان دەدەن کە لە پشت پەردەی تێرۆری حەججاریاندا زۆر ڕووداو هەنو ڕوویان داوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی خاتەمی نایانەوێ خەڵکیان لێ ئاگادار بکەن. بەو حاڵەش هێندێك لەو ڕووداوانە لە ڕۆژنامەکانی نێوخۆی ولاتو ڕۆژنامەو هەوالدەرییەکانی دەرەوە شاراوە نەماونەتەوە.

هەر لە سەرەتاوە، کەم کەس لە خاوەن نەزەرەانی نێوخۆو دەرەوە هەبوون کە ئەنجامدانی ئەو تێرۆرە بە پیلانو کاری دامو دەزگاو تاقمە جینایەتکارەکانی سەر بە قۆلی پاوانخواز نەزانن. لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش زۆر زوو دروستیی ئەو بۆچوونەیان دەرخستو چەند کەسێك لە بەڕێوەبەرانی ئەو گەڵاڵە تێرۆریستییە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی خاتەمیو وەزارەتی ئیتلاعات شناسایی کران کە هەموویان پێوەندییان بە سوپای پاسدارانەوە هەبوو.

بەرپرسانی سوپای پاسدارانو پشتیوانانو ڕێنیشاندەرانی ئەوان لە نێو دەسەڵاتدا، بۆئەوەی پەتەیان نەکەوێتە سەر ئاوو گومان لە سەر ئەو هێزە سەرکوتکەرە لابەرن، سیناریۆیەکیان وەڕی خست کە هەر بۆ گاڵتە پێکردن دەبوو. لە حاڵێكدا سوپای پاسداران ئەو چەند کەسەی تێرۆرەکەیان ئەنجام دابوو- و دیار بوو بۆ وەزارەتی ئیتلاعات ودەوڵەتی خاتەمی شناسایی کرابوون - بە ڕواڵەت لە لای خۆی گرتبوونی، خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە نامەیەكدا بۆ سەرکۆمار خاتەمی داوای گرتنی عامیلانی تێرۆرەکەو بەرخوردی جیددیو لێبڕاوانە لەگەڵ ئەوانی کردو وەبیر ناوبراوی هێنایەوە کە نابێ پەروەندەی ئەو ڕووداوەش وەك پەروەندەی قەتلە زنجیرەییەکان بێ ئاکام بمێنێتەوە . هەر دوا بە دوای دەرچوونی فەرمانی خامەنەیی، سوپای پاسداران ئەڵقەیەکی دیکە لە سیناریۆکەی بەڕێوە بردو بە ڕواڵەت تێرۆریستەکانی گرتو ڕایگەیاند:" سوپای پاسداران سەبارەت بە گرنگیی مەسەلەکەو نیگەرانیی مەقامی مەزنی ڕێبەری لە ئەگەری دروست بوونی ئاڵۆزی لە ئەمنییەتی ولاتدا، بە پێی ئەرکی قانوونیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشو ئەمنییەتی ولاتدا بەکەلك وەرگرتن لە پێوەندیی بەربلاوی خۆی لەگەڵ خەلك، پێو شوێنی تێرۆریستەکانی هەڵگرتو ئەوانی شناسایی کردو بە هەوڵی "شبانە روزی"و بە حوکمی مەقامی قەزایی بۆ گرتنی ئەوان هەنگاوی ناو دەستبەجێ تەحویلی مەقامە بەرپرسەکانیدان!"

ڕۆژی ٦ی خاکەلێوە "یوونسی" وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی خاتەمی هێندێك زانیاریی لە بارەی گیراوەکانەوە بلاو کردەوە. هەموو هەوڵی یوونسی ئەوە بوو

کە گومانی بەشداریی سوپای پاسدارانو بەسیجو ئورگانەکانی دیکەی ڕیژیم لەو تیرۆرەدا، برەۆینیتەوە. ئەو گوتی ئەوانەی گیراون نەك هەر سەر بە سوپاو بەسیج نین، بەڵکوو ئەو چەکو مۆتۆڕەش کە بۆ تیرۆرەکە کەلکیان لیێ وەرگرتوون، هی دەزگاو هێزە ئەمنییەتییەکان نەبوون. یوونسی لە ڕوون کردنەوەکەیدا یەکیك لە تیرۆریستەکانی وەك خویندکار ناوبردو گوتی تیرۆریستەکان ئینسانی ئاسایی بوونو بۆ مەبەستی شەخسیی خۆیان ـ نەك بە فەرمانی هیچ نیهادو ئورگانیك، ئەو کارەیان ئەنجام داوە. وەزیری ئیتلاعات راشیگەیاند کە سوپای پاسداران لە کاتی خۆیدا گیراوەکانی تەحویلی وەزارەتخانەکەی ئەو داوەو لە نیوان ئەو دووانەو دەزگای قەزاییدا هاوکاریو هاوهەنگاویی تەواو بۆ لیکۆڵینەوە لە پەروەندەکە هەیە. دیارە ئەو جەنابەش وەك هەموو دەمڕاستەکانی ریژیم داوای لە ڕۆژنامەکان کرد "هیچ چەشنە گۆمانیك" لەبارەی ئەو قەتڵە بلاو نەکەنەوە.

بەلام دیار بوو ئەو چەشنە ڕوونکردنەوەیەی وەزیری ئیتلاعات لە ڕاستیدا مەرجیك بووە کە سوپای پاسداران و ڕیبەری ریژیم لە بەرامبەر تەحویلدانی گیراوەکان بە وەزارەتی ئیتلاعاتدا، دیارییان کردوە "تا بە ناهەق هیزەکانو سیما خزمەتگوزارەکانی شۆڕش تاوانبار نەکرین". بەهەرحاڵ گیراوەکان ماوەیەك لەلای وەزارەتی ئیتلاعات مانەوە، بەلام بەو هۆیەوە کە هەموو لایەنە پیوەندیدارەکان هەم ڕیبەری ریژیم خامەنەیی، هەم وەزیری ئیتلاعاتو هەم دەزگای قەزایی دەیانزانی ئەسڵی مەسەلەکە شتیکی دیکەیەو بە ڕاستی سوپای پاسداران دەستی لە تیرۆرەکەدا هەیە، نەیانتوانی ئەو "هاوکاری"و "هاوهەنگاوی"یە ڕواڵەتییە بپاریزن. شاهرودی سەرۆکی دەزگای قەزایی کە وادیارە دەبێ بە راسپاردنی خامەنەیی بووبێ ـ دەست بەجێ قازییەکی بە دەسەلاتو "تامالاختیار"ی بۆ لیکۆڵینەوەی خیرا لەو پەروەندەیە دیاری کردو هەوڵەکان بۆ دەرهینانی گیراوەکان لە دەست وەزارەتی ئیتلاعات دەستیان پیێ کرد. دوای وەرگیرانی تاوانبارەکان لەلایەن دادگوستەریی تارانەوە، راگەیەندراویك لەلایەن ئەو دادگوستەرییە بلاو بۆوە. لەو راگەیەندراوەدا

گوترابوو: وەزارەتی ئیتلاعات لە زۆرو ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی ئیقرار لە گیراوەکان کەلکی وەرگرتوەو لانی کەم یەکێك لە گیراوەکانی ئەشکەنجە کردوە. دیارە لە بەرامبەر ئەو ئیددیعایەدا، یوونسی وێڕای ڕەتکردنەوەی ئیددیعاکە ڕایگەیاند کە گیراوەکانیان بەپەلە لەدەست وەزارەتی ئیتلاعات دەرهێناوەو ئەو وەزارەتخانەیە کاتی پێویستی بۆ لێکۆڵینەوە لە گیراوەکانو تەکمیل کردنی پەروەندەکەیان پێ‌نەدراوە.

بەڕێوەچوونی سیناریۆی باسکراو و ئەو هەموو هەوڵانەی بە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستیەکانی پێوەندیدار بەو تیرۆرەوە دراون نەك هەر گومانی خەڵکی ئێرانیان لەبارەی دەست هەبوونی هێندێك نیهادی وەك سوپاو بەسیجو ڕێبەرانی قۆڵی پاوانخوازی ڕێژیم لەو تیرۆرەدا نەڕەواندۆتەوە، بەڵکوو پرسیاری زیاتریان خوڵقاندوە. خەڵکی وڵاتەکەمانو ئوگرانی ڕووداوەکانی ئێران هەروا بە دوای وەڵامی دروستو ڕوونی پرسیارەکانیان لەبارەی ئەو تیرۆرەوەن. دیارە ڕۆژنامەکانی ئێران بەداخەوە ئەو ئازادییەیان نیە کە ڕاستیی ڕووداوەکە لە تەواوەتیی خۆیدا ئاشکرا بکەن. خاتەمیو یوونسیو کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەتیش کە زانیاریی تەواویان لەبارەی ڕووداوەکەوە هەیە، لەبەر بەرژەوەندی نیزام، یان لە ترسی شوێنەوارو ئاکامە پێش‌بینی کراوەکان، نایانەوێ حەقیقەتەکە ئاشکرا بکەن. ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بێ کە ڕاستیی ڕووداوەکەو وەڵامی زۆر لە پرسیارەکان لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"دا سەری وەدەرناوە. هەواڵێك کە "شرق الاوسط" لە ژمارەی ڕۆژی ١٣ی ئاوریلی ئەم ساڵی خۆی (٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٧٩)دا بڵاوی کردەوە، بە سەرنجدان بە نیازو مەبەستە ناسراوەکانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرو پاوانخوازی ئێرانو بەرنامەو کردەوەی دەزگاو نیهادەکانی سەر بە وانو هەوڵەکانیان بە دوای هەڵبژێرانی نوێنەرانی مەجلیسی شەشەمدا، زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. ئەو ڕۆژنامەیە لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر ڕاپۆرتی سەرنج ڕاکێشی لەبارەی ڕووداوەکانی پشت پەردە لەبارەی قەتڵە زنجیرەییەکانو کارەساتی زانستگەی تارانو داخستنی ڕۆژنامەکانو گرتنی

ڕێبەرانی قۆڵی ریفورمخوازەوە بلاو کردوونەوە کە دواتر ڕاست بوونەکەیان دەرکەوتوە. "شرق الاوسط" لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا نووسیویە:

ژمارەیەك لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران بۆ وێنە محمدباقر ذوالقدر، حجت‌الاسلام ذوالنور، سەرتیپ احمد وحیدیو مرتضی رضایی بە هاوکاریی هێندێك شەخسییەتی بە دەسەلاتی مەزهەبی وەك محمد یزدیو بە ئاگاداریی هاشمی رفسنجانی، نەخشەی ڕووخاندنی دەوڵەتی خاتەمییان دارشتوە. بە گوێرەی ئەو نەخشەیە قەرار بووە حەججاریان تێرۆر بکرێو لەکاتی بە خاك سپاردنیدا کە خەڵك دژکردەوە نیشان دەدەن، هێزەکانی سوپا کونترۆڵی وەزعەکە بگرنە دەست خۆیانو دەوڵەتێکی نائاسایی بە سەرۆکایەتیی رفسنجانی پێك بێ. بەلام دوای ئەوەی نەخشەی تێرۆری حەججاریان بە تەواوی سەری نەگرت، گەلاڵە داریژەرانی پیلانەکە بڕیاریان داوە ئاکامی هەڵبژاردنی هێندێك لە حەوزەکانو تەنانەت ئاکامی هەڵبژاردنی شاری تاران پووچەڵ بکەنەوە کە دیارە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا خەڵك دژکردەوە نیشان دەدەنو سوپاو هێزەکانی دیکە دێنە مەیدانو کونترولی وەزعەکە دەگرنە دەست خۆیانو دەوڵەتی خاتەمی دەرووخێنن.

*لە ژمارە ٢٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا(خاکەلێوەی ١٣٧٩) بلاو بووەتەوە.*

## ئەو كاتەی پەردەكان لا دەدرێن؟!

لە یەك دوو مانگی ڕابردوودا هەر بەهۆی كاربەدەستانو دەزگاكانی كۆماری ئیسلامییەوە، پەردە لە سەر كۆمەڵێك لەو هەولاّنە لادرا كە بە نهێنیو لە پشتی پەردەدا، لە لایەن ئەفرادو تاقمو بنیاتەكانی سەر بە قۆڵی پاوانخوازی ئەو ڕێژیمەوە، دژی تێكۆشەرانو ئازادیخوازانی ولاّتەكەمانو ویستو داخوازە ڕەواكانی هاونیشتمانان، بەرێوە چوون.

"ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی" لە سەركردەكانی پێشووی تاقمی "انصار حزب‌الله"، وادیارە لەو دواییانەدا پشتی لەو تاقمە كردوەو ڕەگەڵ ئەوانە كەوتوە كە بە "بەرەی ٢ی خورداد" ناسراون. بە دوای پێكهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕە لە بیروڕاو هەڵوێستی " ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی "دا، ناوبراو زۆر ڕاستیی لە بارەی تاقمی "انصار حزب‌الله"وە ئاشكرا كردوون. خۆش ئەوەیە ئەو لە قاودانو پەردە لادانەی " ئیبراهیمی" بە دەنگی خۆی لە سەر كاسێتی ڤیدیۆیی تۆمار كراونو لەوش سەرنج راكێشتر ئەوەیە كە كاسێتەكە بلاّوبۆتەوە. لێرەدا كارمان بەوە نیەكە ئەو قسانەی ناوبراو چۆن تۆمار كراونو بە چ ڕێگایەكدا لە چوارچێوەی "مەحرەمانی كۆماری ئیسلامی" چۆتەدەر. ئەوەی گرینگە دانانی "ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی " بە بەستراوەیی تاقمی "انصار حزب‌الله" بە ڕێبەرانی قۆڵی پاوانخوازی كۆماری ئیسلامییەوەیە.

بە پێی قسەكانی ئەو بەرپرسەی پێشووی تاقمی "انصار حزب‌الله"، تاقمی ناوبراو لە لایەن شەخسی خامەنەیی ڕێبەری كۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانی "سەرۆكی مجمع تشخیص مصلحت نظام"و حەبیبوئەللا عەسكەرئەولادی، دەبیری "جمعیت مۆتلفە اسلامی"یەوە بە توندی پشتیوانیی لیّدەكریّ. "الله كرم" سەركردەی

"انصار حزب‌الله" لەو جەنابانە دەستووراتی پێویست وەردەگرێ‌و بە ئەفرادی بەر ئەمری خۆی، ڕایان دەگەیەنێ. ئاخوندە کۆنەپەرستەکانی وەك "جنتی"، "موحدی کرمانی"، "محمد یزدی"، "مهدوی کنی" و "مصباح یزدی" لە ڕێبەرانی فکری و مەعنەویی ئەو تاقمەن‌و ئەفرادی ئەو تاقمە لە باری ئیدئۆلۆژیکی‌یەوە، دەرس دادەن. لە باری نیزامییەوەش "هدایت‌الله لطفیان"و فەرماندەرانی دیکەی هێزی ئینتیزامی، پشتیوانی لەو تاقمە دەکەن‌و چەك‌و پێداویستیەکانی دیکەیان بۆ دابین دەکەن. ئەمیر فەرشاد باسی بەشداریی خۆی لە پەلامار بۆ سەر عەبدوڵا نووری لە مەشهەدو تارانیشی‌دا کردوەو ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە زۆر جار بە ناوی "شاکی خصوصی" سکالانامەی لە دژی ڕۆژنامەکان تەحویلی دادگاکانی ڕێژیم داوە.

بڵاوبوونەوی قسەکانی "ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی "و پەردە لاچوون لە سەر ئەسڵ‌و ڕیشەو نێوەرۆکی ڕاستەقینەی تاقمی گۆپاڵ بەدەستی "انصار حزب‌الله"، بوو بە هۆی تووڕەیی سەرکردەکانی قۆڵی پاوانخوازو ڕۆژنامەکانیان. ئەوان بە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانەدا، بە تووڕەیی‌و نیگەرانی‌یەوە وەخۆ کەوتن. چەند کەس لەو وەکیلانەیان کە هەوڵیان دابوو لەو زانیاری‌یانە بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی کارەساتی هێرش بۆ سەر "کوی دانشگاه" کەلك وەربگرن، بەوە تاوانبار کرد کە بە فێڵ‌و تەڵەکە ئەو کاسێتەیان ئامادە کردوەو ویستوویانە گومان‌و بۆچوونی ناڕاست لەبارەی " شەخسییەتەکانی نیزام"ەوە، بڵاو بکەنەوە. هەر بۆیە وێڕای وەرپێخستنی شەپۆلێکی تەبلیغاتی دژی "نەوارسازان"، "محسن رهامی"و "شیرین عبادی"یان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ڕێوشوێنێکی قانوونی ڕەوانەی زیندان کرد. ئەوەش لە حاڵێك دابوو کە دادگای موحاکەمە کردنی تاوانبارانی کارەساتی ١٧و ١٨ی پووشپەری٧٨ (کە رهامی وەکیلی قوربانییەکانی بوو(و موحاکەمەی شەخسیەتەکانی بەشداری کونفرانسی بێرلین (کە خانم عبادی وەکیلیانە)، لە گۆڕێ دابوو! لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵیان دا " ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی " قسەکانی وەربگرێتەوە و حاشا لەو قسانەی بکا، کە دیارە لەوبارەیەوە سەرکەوتوو نەبوون.

ئەو مەسەلەیە بوو بە هۆی ئەوە مەجلیس ڕابگەیەنێ کە تاقمێك بۆ لێکۆڵینەوە لە "پەروەندەی نەوارسازان" دیاری دەکا تا ڕاستیی مەسەلەکە ڕوون ببێتەوە. بەڵام وتەبێژی دەزگای قەزایی ڕایگەیاند کە مەجلیس مافی ئەوەی نیە لە مەسەلەیەکی قەزایی تایبەتی بکۆڵێتەوە. هۆی دژایەتیی دەزگای قەزایی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەش، ترس و نیگەرانی لە ئاشکرا بوونی هەرچی زیاتری ڕاستی‌یەکان‌و دەرکەوتنی بێ‌بناغەیی پەروەندەیەك بوو کە بۆ ئەو دوو وەکیلە دروست کراوە. دیارە کێشەو ناکۆکیی نێوان مەجلیس‌و دەزگای قەزایی لەو پێوەندی‌یەدا هەروا درێژەی هەیە.

لە گەرمەی دەنگدانەوەی " ئیعترافات"ی "امیرفرشاد ابراهیمی"و دژکردەوە نیشاندانی دەزگای قەزایی‌و قۆڵ هەڵماڵین لە گرتن‌و تەعقیبی "نەوارسازان"دا ڕۆژنامەی "کیهان" کە هەمیشە زمانحاڵ‌و بڵیندگۆی تەبلیغاتیی دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو کۆنەپەرست بووە، "محسن رهامی"، "شیرین عبادی"و کۆمەڵێك لەو شەخسیەتە جیابیرانەی کە چەند ساڵێکە بە توندی کەوتوونە بەر ڕق‌و غەزەبی پاوانخوازەکان، بەوە تاوانبار کرد کە پووڵیان لە ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ (هیومن رایتس واچ) وەرگرتوە. مەبەستیشی ئەوە بوو ئەو کەسانە وەك نۆکەرو بەکرێگیراوی بێگانە لەقەڵەم بداو هەوڵەکانیان لە پێناوی ڕوونبوونەوەی ڕاستی‌یەکان‌داو دیفاعیان لە هەق‌و عەدالەت، وەك مەئمووریيەتێك کە لە دەرەوەڕا پێ‌یان سپێردراوە، پیشان بدا.

بەڵام ئەو هەوڵە پڕ شوورەیی‌یەی "کیهان" بێ‌وەڵام نەمایەوەو هەواڵدەریی "ایرنا" کەوتە وەدرۆخستنەوەی ئیددیعاکانی "کیهان"و لەقاودانی گۆشەیەك لە ڕابردووی بەرپرسان‌و هەڵسووڕێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لەدژایەتی لەگەڵ شەخسییەتە فەرهەنگییەکانی ئێران‌دا. هەواڵدەریی " ایرنا" لە درێژەی ململانێی خۆی لە گەڵ بەڕێوەبەرانی "کیهان"دا ڕایگەیاند کە لە هێندێك مێحوەردا کارو کردەوەی "کیهان" دەخاتە بەر قەزاوەت‌و بیروڕای خەڵك‌و بە مەبەستی ئاگاداریی زیاتری بیروڕای گشتی لە هەڵوێستەکانی "کیهان"و شوێنەوارە مەنفییەکانی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەکانی وڵاتدا، لە ڕۆژی

شەممە١٣٧٩/٥/١دا، هێندێك ڕاپۆرت بڵاو دەكاتەوە. هەر لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆژنامەی "ایران" ئورگانی هەواڵدەریی "ایرنا" نووسی: "حسین شریعتمداری"و هێندێكی دیكە لە كاربەدەستانی "كیهان" لە مێژە تیمێكی پەروەندە سازكردنیان پێك هێناوە تا ئابڕووی ئەهلی فەرهەنگی ئێران ببەن. دیارە مەیدانداریی "غلامحسین وردی‌نژاد" بەرپرس‌و بەڕێوەبەری هەواڵدەریی "ایرنا" (كە لە لایەن دەوڵەتی خاتەمییەوە ئەو بەرپرسایەتییەی پێ‌ئەسپێردراوە )و ڕۆژنامەی "ایران"بەرامبەر بە "كیهان" (كە سەرپەرستەكەی حسین شریعتمداری لە لایەن خامەنەیی‌یەوە دیاری كراوە) زۆری نەخایاند. چونكە ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ ئەو هەواڵدەرییە ڕایگەیاند یەكلایەنە شەڕی تەبلیغاتیی خۆی لەگەڵ "كیهان" ڕادەگرێ.

ئەو ڕاستییانەی لە بارەی تاقمی "انصار حزب‌الله"و ڕابردووی "حسین شریعتمداری" و ڕەساڵەتی "كیهان"ەوە بڵاو بوونەوە، جگە لەوەی زۆر كەم و ناتەواون، هەر لە جێ‌دا شتێكی تازەش نەبوون. جگە لەوەی خەڵكی وشیاری وڵاتەكەمان لە ڕەوتی ڕووداوەكانی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە چاوی خۆیان، زۆر لەو ڕاستییانەیان دیون‌و بە جوانی هەستیان پێ‌كردوون، زۆر لەو ڕۆژنامەنووسە بوێرەكانیش پێشتر بە دەلیل و بەڵگەی مەحكەم‌و حاشاهەڵنەگر پێوەندیی تاقمی وەك "انصار حزب‌الله"و بنیاتی "كیهان" لەگەڵ دام‌و دەزگا ئیتلاعاتی‌و سەركوتكەرەكانی ڕێژیم‌و مافیای دەسەڵات لە كۆماری ئیسلامییان‌دا، لە قاو داوە. بەڵام ئەو ڕاستییە هیچ لە گرینگیی ئەو پەردە لادانەی "ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی "و هەواڵدەریی "ایرنا" كەم ناكاتەوە. ئەگەر جاران ئۆپۆزیسیون و موخالیفانی لە مێژینەی كۆماری ئیسلامی و یا ئەو ڕووناكبیرە جیابیرانەی كە ڕەخنەیان لە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمە هەیەو "خودی"(لەخۆیان) نەبوون، ئەو ڕاستییانەیان ئاشكرا دەكرد، ئێستا هەر لە نێوخۆی ئەو ڕێژیمەدا، پەردە لەسەر تاوان و جینایەتەكان لادەدرێ‌و میكانیزمی تێرۆرو سەركوت‌و دەمكوت كردن ئاشكرا دەكرێ.

ئەو وەزعە نیشاندەری ئەوەیە کە ئامۆژگارییەکانی خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، ناتیق نووری‌و زۆر لە بەرپرسانی دەسەڵاتبەدەست‌و پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی لە بارەی داکێشانی فتیلەی ناکۆکییەکان، کاریگەر نەبووەو زۆر لەوانەی تا دوێنێ لە خزمەت کۆماری ئیسلامی‌دا بوون‌و خزمەتیان بەو ڕێژیمە کردوە، ئێستا لە بەر ئەوەی داهاتوویەکی ڕەش بۆ سەرەڕۆیی‌و پاوانخوازی پێش‌بینی دەکەن، وای بەباش دەزانن ڕیزی خۆیان لەوانەی هەروا لەسەر جینایەت‌و خەیانەت‌و دوژمنایەتیی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵك بەردەوامن، جوێ بکەنەوەو بەدرکاندنی ڕاستیەکان‌و هەڵوێست‌گرتن لە دژی ئەو هەموو تاوان‌و جینایەتە، لە بەرەی خەڵك‌دا، جێگایەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، یان هەر نەبێ لەو ڕێگایەوە پشتیوانی‌و خۆشەویستیی خەڵك بۆ لای قۆڵ‌و تاقمەکەی خۆیان ڕابکێشن تا بۆ بەربەرەکانی‌و ململانێ لەگەڵ قۆڵ‌و لایەنی ڕقەبەردا کەلکی لێ‌وەربگرن.

***لە ژمارە ٢٩٠ی ڕۆژنامەی" کوردستان" دا (ساڵی ١٣٧٩) بڵاو بووەتەوە.***

# پەلەقاژەی پاوانخوازانو بێداهاتوویی کۆماری ئیسلامی

لە ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٠ (٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٧٩)دا ڕۆژنامەی عەرەبیی "الشرق الاوسط" پشت ئەستوور بە هێندێك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەوڵەکانی پشتی پەردەی بەڕێوەبەرانو هەڵسوورێنەرانی قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زاڵبوونەوە بەسەر هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتداو وەدەرنانی موخالیفانو ڕەقەبەرانیان لەسەر ڕێگای خۆیان، بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە نیشانی دەدا کە کۆمەڵێك لە جڵەوبەدەستانو فەرماندەرانی ئەو قۆڵە دەیانەوێ لە ڕێگای کودێتاو زەبرو زەنگو سەرکوتەوە، دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك لەو چەند ساڵەی دواییدا وەربگرنەوەو ڕقەبەرەکانی خۆیان لەنێو دەسەڵاتو موخالیفانی پاوانخوازیو دیکتاتۆری لەنێو کۆمەڵدا دەمکوت بکەنو لەسەر ڕێی خۆیان لایان بەرن.

لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی جڵەوبەدەستانی قۆڵی پاوانخوازدا کە نەواری قسەکانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە سەرەتای بەهاری ڕابردوودا گەیشتە دەرەوەی وڵات، بەشداران بە ڕاشکاوی بەرنامەو پیلانە شوومەکەی خۆیان هێنابووە بەر باس. لەو کۆبوونەوەیەدا "محمدباقر ذوالقدر" جێنشینی فەرماندەری گشتیی سوپای پاسداران کە وێڕای سەرتیپی پاسدار "علی‌رضا افشار" جێگری فەرهەنگیی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانو سەرتیپی پاسدار "محمدرضا نقدی" سەرۆکی "حفاظت اطلاعات"و "حسین زیبایی‌نژاد" فەرماندەری " حفاظت اطلاعات "ی سوپا، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووە دەڵێ: "قەتڵە زنجیرەییەکانو ڕووداوی "کوی دانشگاه" بوون بە بیانوویەك لە دەستی ئەواندا. لە بەرامبەر ئەواندا دەبێ هەڵوێست ئەوە بێ یان دەست لەسەر دەست دا هەر لەو کۆبوونەوەیەدا " علی رضا افشار" دەڵـێ : " بە بڕوای من هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرەی ٢ی خورداد

چەند شتن: ١ـ پێوەندیی بەهێز، بەردەوامو ڕێك‌و پێکی ئیتلاعاتی لەگەل خەڵك ٢ ـ ڕاکێشانی لاوان ٣ـ دروشمی ڕاکێشەر و نویٚ ٤ـ تیئۆریداڕێژانی ئازاو ڕووناکبیر ٥ـ بوونی ئاغای خاتەمی لە پۆستی سەر کۆماریدا ٦ـ نەبوونی ستراتیژیو هاوهەنگاوییەکی بە هێز لە نێو خۆماندا...

هەر بۆیە بۆ دروست کردنی کۆسپ لە بەرامبەر ئەواندا دەبێ : ١ ـ پێوەندیی زانیاری و ئیتلاعاتی لە نێوان ئەوان‌و خەڵك دا بپچڕین تا چی دیکە نەتوانن بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆیان بە ئاگاداریی خەڵك بگەیەنن. لە لایەکی دیکەوە ڕادیۆ و تەلەویزیون دەبێ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بێنە مەیدان. ٢ـ پێکهێنانی ترس لەواندا‌و توقاندنیان، یەکجار پێویستە ٣ ـ دروست کردن‌و بڵاوکردنەوەی شك‌و گومان‌و دوودڵی لە نێو خەڵك و لاوەکاندا، زۆر بە قازانج دەبێ. ٤ـ سیمای ڕاستەقینەی تیئۆریداڕێژان بۆ خەڵك ڕوون بکەینەوە. ٥ـ بە پێکهێنانی ترس‌و جەوی وەحشەت، زۆر لە ڕووناکبیرەکان چاوترسێن بکەین. ٦ـ بیانووی قەتلە زەنجیرەییەکان و " کوی دانشگاه"یان لە دەست دەربێنین‌و مەترسییەکانی بەرەی ٢ی جۆزەردان بۆ خەڵك زیاتر بکەین(*) ."...

ئەو کۆبوونەوە نهێنییە، پێش ڕووداوی تێرۆری " سعید حجاریان" کرابوو، بەڵام بە دوای تەقە کران لەناوبراودا بوو، کە هەواڵەکەی بڵاو بۆوەو پەردەی لە سەر لادرا. هەر تەقە کردن لە حجاریان ئەلقەیەك لەو پیلانە بەربلاوە بوو کە ڕێبەرانی قۆڵی پاوانخواز تەدارەکیان بۆ گرتبوو. ڕوداوەکانی دیکەی پێنج شەش مانگی ڕابردوو و هەڵویستەکانی ئەو قۆڵە، هەموویان شایەدی بۆڕاستیی ڕاپۆرتەکەی " الشرق الاوسط" دەدەن.

چاو خشاندنێك بەو هەڵوێست‌و ڕووداوانەدا، هیچ گومانێك لە دروستیی ئەو ئیدیعایەدا، ناهێڵێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمدا، دیتمان ڕێبەرانی قۆڵی پاوانخواز بە کەلکوەرگرتن لەو " ئامرازە قانوونییانە"ی بە دەستیانەوەیە، ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە هێندێك لە حەوزەکانیان پووچەڵ کردەوە، لە ژمارەیەك لە حەوزەکانیش‌دا، بە قازانجی کاندیدای گوێ لە مستی خۆیان، دەستکاریی ئاکامی هەڵبژاردنیان کرد. لە بەرامبەر ئاکامی هەڵبژاردن لە

حەوزەی تاراندا، هیچ هەوڵێکی ئابڕووبەرانە نەما کە پەنای بۆ نەبەن. بەو هۆیەوە کە لەو حەوزەیەش‌دا ( کە دیارە لە هەموو حەوزەکان گرنگتر بوو) تووشی شکستێکی سەر شۆڕانە هاتبوون، زۆریان هەولدا بەڵکوو بتوانن ئاکامی هەڵبژاردنەکە پووچەل بکەنەوە، کاتێك بۆیان دەرکەوت ناتوانن ئەو کارە بکەن، هاتن نزیکەی سێ‌یەکی دەنگەکانی تارانیان "باطل" راگەیاند، تا رەفسەنجانی بە هەر جۆرێك هەیە بێننە نێو لیستی هەڵبژێراوان‌و لە مەرتەبەی بیستەم‌دا بیگونجێنن‌و بینێرنە مەجلیس. بەڵام رەفسەنجانی بەو هۆیەوە کە دەیزانی نە دەتوانێ ببێتە سەرۆکی مەجلیس‌و نە ئەو هەموو فێل‌و تەڵەکەیەی بە مەبەستی چوونی ئەو بۆ مەجلیس کرا، بە هاسانی قبوول دەکرێ، وازی لە چوون بۆ مەجلیس هێنا. مێحوەرێکی دیکە کە جڵەوبەدەستانی پاوانخواز، بۆ بەربەرەکانی لەگەل خوازیارانی ئازادی‌و نەمانی سەرەرۆیی‌و پاوانخوازی، هەموو هێزو توانایی خۆیان تێدا بە کار هێنا، دژایەتی لەگەڵ چاپەمەنیی ئازادو سەربەخۆو ئەو خاوەن قەڵەمانە بوو کە نەترسانە دیفاعیان لە ویست‌و داخوازە ڕەواکانی خەڵك دەکردو پیلان‌و هەوڵەکانی دەسەلاتبەدەستانی دژی گەلی‌و بەکرێگیراوانیان لەقاو دەدا. دارودەستەی پاوانخواز بۆ ئەو مەبەستە لە دوا مانگەکانی تەمەنی مەجلیسی پێنجەم‌دا بە هۆی نوێنەرانی گوێ‌لە مستی خۆیانەوە گەلاڵەی بەد ناوی " ئیسلاحی قانوونی چاپەمەنی"یان پەسند کرد، دوایەش لە هێرشێکی بەربلاودا کە بە دوای وتاری توندو تیژو پڕ هەڕەشەی خامەنەیی دژی رۆژنامەکان بەڕێوە چوو، نزیکەی ٢٠ رۆژنامەو گۆڤاریان وێکراو یەك بە دوای یەك‌دا داخست. دیارە داخستنی رۆژنامەکان‌و زیندانی کردنی خاوەن رۆژنامەکان‌و رۆژنامە نووسە ئازاو رەخنەگرەکان، پێشتریش هەر هەبوو، بەڵام هێرشی ئەو جارەیان شتێکی بێ وێنە بوو.

دەسەڵاتبەدەستانی پاوانخواز بەشداریی ژمارەیەك لە ڕووناکبیران‌و شەخسیەتە ریفورمخوازەکانیان لە کونفرانسی بێرلین (ئێران دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم) کە لە وێ‌دا هێندێك کردەوەی دزێو بە مەبەستی شێواندنی کونفرانسەکە ڕوویان‌دا، کرد بە بیانوو تا چەند مەبەست لە وانەی " علی رضا افشار" لە

کۆبوونەوە نهێنییەکەدا باسی کردبوون، جێبەجێ بکەن. جگە لەداخستنی زۆر لە ڕۆژنامەکانو بێبەشکردنی کەسایەتیو هێزەکانی نێو بزووتنەوەی ریفورمخوازی لەو وەسیلە گرنگەی راگەیاندن زۆر بە بەربلاوی دەست بە کار بوون تا بە قەولی خۆیان ، " سیمای ڕاستەقینەی تیئۆریداڕێژ بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە"و ڕەوانەی زیندانیان بکەن. لە درێژەی ئەو هەولانەدا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانو شەخسیەتە جیابیرەکانیان کە بە ئیعترافی فەرماندەرانو جڵەوبەدەستانی قۆڵی پاوانخواز" ئازا"و " نەترس"ن، لە زیندان کرد، تا وێرای ڕشتنی داخی خۆیان بەوان بە بۆنەی ئیفشاگەریی بوێرانەیان لە سەر ڕێبەرانی ئەو قۆڵەو شێلگیر بوونیان لە سەر داوا ڕەواکانیان، ترسو وەحشەت بڵاو بکەنەوەو بەم جۆرە خەڵك لە دەوری ئەوان دوور بکەونەوە.
ئاکامو دوابڕیاری بەناو دادگاکانی "موحاکەمەکردنی تاوانبارەکانی پەروەندەی قەتڵەزەنجیرەییەکان"و دادگای لێکۆڵینەوە لە تیرۆری حەججاریان" و موحاکەمەکردنی تاوانبارانی کارەساتی ١٨ی پووشپەر (هیرش بۆ سەر خوێندکاران)یش بە نۆرەی خۆیان، نیشاندەرو سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە هەموو ئەو قەیرانانەی بە مەبەستی گیروگرفت سازکردن بۆ دەوڵەتی خاتەمیو بە نیازی زەمینە خۆش کردن بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵكو، لە نێوبردنو لە مەیدان وەدەرنانی ڕێبەرانو پێشەنگانی ئەو بزووتنەوەیە دروست کران، بە پێی بەرنامە بەڕێوە چوونو یەك سەرچاوەیان هەیە. سەرچاوەی ئەو قەیرانە بە ئەنقەست دروستکراوانە، هەر ئەو سەرچاوەیەیە کە پیلانی کودێتای بەرەبەرە دژی دەوڵەتی خاتەمیو مەجلیسی هەڵبژێراوی خەڵك و بەرنامەی هێرش بۆ سەر دەسکەتەکانی خەباتی خەڵك دادەرێژێو بەڕێوە دەبا. لەو بەناو دادگایانەدا، ئەوانەی تاوانبار بوونیان بۆ هەموولا دەرکەوتوە "تەبرەئە" بوونو بە هاسانی بۆی دەرچوون. بەڵام کەسانێك کە بەڕاستی قوربانیو غەدر لێکراو بوون، خوێنیان بە ناهەق ڕژاو کەوتنە بەر دەسرێژو دەستدرێژی، بە ئەنقەست هەقیان خوراو تەنانەت تاوانباریش کران. ئەوانەی پەردەیان لە سەر تاوانو جینایەتەکانی سەعیدی ئیمامی و فەللاحیان و روح‌الله حسینیانو دەزگای جەهەننەمیی ژێر

فەرمانی ئەوان لاداوە، لە زیندان دان، بەڵام ڕەفسەنجانی کە ماکەی زۆر لەو جینایەتانەیەو شەریکەتاوانەکانی سەعید ئیمامی لە پیلانی قەتڵە زنجیرەییەکانو سەدان جینایەتی دیکەدا، هەروا دەستیان دەڕواو بە ئاشکرا، ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەرەو پێشەوە، دەئاژۆن. تێکۆشەرانی بزووتنەوەی خوێندکاریو وەکیلەکانی قوربانییەکانی کارەساتی "کوی دانشگاه"، دەخرێنە زیندان، بەڵام "نظری" ڕێکخەری هێرش بۆ سەر خوێندکاران ، ئەویش ڕاست لە بیرەوەریی یەکساڵەی کارەساتەکەدا "تەبرەئە" دەکرێ. ئەوانەی تەقەیان لە "حجاریان " کرد، ون دەکرێن و لە گوڵ کاڵتریان پێ ناگوترێ، بەڵام رۆژنامەکەی "حەججاریان" دادەخرێو خۆشی بۆ دادگا بانگ دەکرێ!

وەك دەبینین ئەو ڕووداوانە شتێکی بەرێکەوت نین، سیناریۆکەیان لە پێشەوە بە هۆی بەڕێوەبەرانو هەڵسوورێنەرانی قۆڵی پاوانخواز ئامادەو پەسند کراوەو لە ڕێگای مۆرەو دەستو پێوەندەکانیان لە دەزگاو شوێنو ناوەندەجۆراوجۆرەکانی دەسەلاتدا، جێبەجێ دەکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە پاوانخوازەکان زۆر ئامرازی گرنگی وەك "دەسەڵاتی بێ سنووری ڕێبەر"، شوورای نیگابان"، دەزگای قەزاییو دادگا جۆراوجۆرەکان، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن، فەرماندەری و کۆنترۆڵی هێزەکانی سوپا، ئەرتەشو هێزە ئینتیزامییەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانیان بە دەستەوەیەو، ئەگەر چی دەوڵەتو مەجلیسی تازەش شتێکی ئەوتۆیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی نەخشەو پیلانەکانی ئەو قۆڵە نەکردوە، هەموو ئەلقەکانی سیناریۆکەی خۆیان بۆ جێبەجێ نەبووە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو چەند ئاڵقەیەش کە ئیشارەیان پێ کرا، نرخێکی کەمیان نەداوە. چونکە جگە لەوەی لە ئاستی دنیادا ڕیسوایی و شەرمەزاریی زیاتریان بۆ خۆیان کڕیوە، ڕقو نەفرەتی خەڵکی وڵاتەکەشمان لە خۆیانیان چەندین بەرامبەر وروژاندوە. ئەوان تەنانەت ئەگەر چەند ئاڵقەیەکی دیکەش لە سیناریۆو بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن، و کۆمەڵێکی دیکە لە نیازو مەبەستە چەپەڵەکانیان وەدی بێنن، هێشتا ناتوانن‌و نابێ خۆیان بە سەرکەوتوو بزانن. چونکە ئەوان هەر لەگەڵ چەند رۆژنامەو چەند سەد ڕووناکبیر بەرەو ڕوو نین کە بە داخستنو گرتنیان ، هەموو شتێك کۆتایی بێ.

ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بەرینی سەرانسەری بەرەوڕووون کە هێزی لەبڕان نەهاتووی خەڵکی ئێرانی لەپشتەو نیشانی داوە لە کۆسپەکانی سەر ڕێی ناسڵەمێتەوەو ئامادەیە نرخی بەرەوپێش چوون بدا. ئەوەش بە جێی خۆی کە پێدا گرتن لە سەر سەرکوتو پێشگیری لە پێکهاتنی ئاڵۆگوڕو جێبەجێ بوونی ویستو داخوازە ڕەواکانی هاونیشتمانان، وادەکا خەڵکی وڵاتەکەمان بەرەبەرە لە هەوڵو حەرەکەتی ئارامو هێمنانە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان ناهۆمێد بنو بیر لە ڕێگای دیکە بکەنەوە. لە حاڵەتێکی ئەوتۆشدا، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی رەنگە زیاتر لە جاران نێوەرۆکی ئینسانکوژانەی خۆی نیشان بداو بێبەزەییانە بە گژ ڕاپەرینی خەڵك دا بچێتەوە، بەڵام هەر ئەو هەڵوێستەی زیاتر لە جاران لەگەڵ بێ داهاتوویی بەرەورووی دەکاو ئەوەی ساڵی ١٣٥٧ لە بارەی ڕێژیمی پاشایەتییەوە ڕوویدا جارێکی دیکە لە وڵاتەکەماندا دووپات دەبێتەوە .

سەرچاوە:

*گۆڤاری "پر"، ژمارە٦، ( پووشپەڕی ١٣٧٩)، ساڵی پازدەهەم، وتاری: "پەروەندەی تێرۆری سەعید حەجاریان" رامین احمدی.*

*لە ژمارە ٢٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا (ساڵی ٢٠٠٠) بڵاو بووەتەوە.*

## ڕابردووی هاوکاریی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوی "القاعده"

گۆڤاری "این سایت" چاپی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بەقەڵەمی "کێنێت تیمرمەن" باسی پێوەندیی نهێنیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو نەقشی ئەو ڕێژیمە لەکارەساتی تێرۆریستیی ١١ی سێپتەمبریدا کردوە. کورت کراوەی ئەو ڕاپۆرتە درێژە کە حەوتوونامەی "کیهان لندن" لەژمارە ٨٨٤ی خۆی دا بڵاوی کردۆتەوە، لەخوارەوەدا دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران:

هاوکات لەگەڵ سەفەری خاتەمی، سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ نیویۆرك بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەزگا ئیتلاعاتییەکانو بنیاتو ناوەندەکانی چاوەدێر بەسەر بەڕێوەچوونی یاساکان لە ئەمریکادا، زانیاریی نوێیان سەبارەت بە نەقشی کۆماری ئیسلامی لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبری ئەمریکاداو هەروەها کردەوە تێرۆریستییەکانی پێشوو کە بە دژی ئەمریکا بەڕێوە چوون بڵاو کردەوە. ئەو زانیارییانە کە لە لایەن سەرچاوە جیاوازەکانی ئیتلاعاتییەوە بڵاو بوونەوە پێشینەیەکی ڕوون لە پێوەندییە عەمەلیاتییەکانی نێوان ڕێژیمی ئێرانو ڕێکخراوی "القاعده" بە ڕێبەریی ئوسامە بن لادن پێشان دەدەن. ئەو پێوەندییە عەمەلیاتییانە بریتین لە:

بەرنامە داڕشتنی هاوبەش بۆ کردەوەی تێرۆریستی، بارهێنانو ڕاهێنانی نیزامیی پیاوەکانی بن لادن لە نێو خاکی ئێراندا، هەروەها ڕاهێنانی ئەوان لە سووریەو لوبنان بە هۆی ڕاهێنەرانی ئێرانی، دانی یارمەتیی ماڵی بە تێرۆریستەکانو دابینکردنی پاسپۆرتی ساختە (جعلی)، دامەزراندنی رایەڵکەی پێوەندیو هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆی ئێران لە ڕێگای دابینکردنی "کەرەسەی تەقینەوە" لە

یەکێك لە کردەوە تێرۆریستییەکان دا کە بە هۆی ڕێکخراوی "القاعده"وە بەڕێوە چووە.

زانیاریی ورد لەو پێوەندییەدا کە لە ئیختیاری دادوەرە پایەبەرزەکانی فیدراڵی نیویۆرك‌و ویرجینیادا هەن، هەروا سەر بە مۆرو بەنهێنی ماونەوە. لەبەر ئەوەی پێوەندییان هەیە بەو تێرۆریستانە کە ئێستاش بەدوایاندا دەگەڕێن. بەڵام زانیارییەکانی دیکە لەو حەوتووانەی ڕابردوودا لە ئیختیاری بەرنامەداڕێژەرانی شەڕی دژی تێرۆریزم دانراون.

"کینێت تیمرمەن" ئاوا درێژە دەدا: "پل ولف مونیز" جێگری وەزیری بەرگری ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبر لەو پێوەندییەی لە نێوان ئێران‌و ڕێکخراوی "القاعده"ی بن لادن‌دا هەیە ئاگادار کراوەو لەو بارەوە لەگەڵ چەندین بنکەو بنیاتی ئیتلاعاتی راوێژی کردوە. ئەو زانیارییە زۆر نهێنییانە بەگوێرەی ڕاپۆرت‌و بەڵگەو نیشانەی جێگای باوەڕ کۆ کرانەوە. ئەو زانیارییانە شوێن‌و ڕابردووی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی ئێران‌و ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی لەجەریانی جێبەجێکردنی عەمەلیاتێکی هاوبەش لە نێوان ئەو ڕێکخراوەو تاقمی بن لادن لە فێوریەی ١٩٩٨دا بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانیی ئیسلامی دژی یەهوودییەکان‌و مەسیحییەکان بە جوانی پێشان دەدەن.

"ایمن الظواهری" ڕێبەری پێشووی جیهادی ئیسلامیی میسر کە ئێستا جێگری بن لادن لە ڕێکخراوی "القاعده"یە، بە باوەڕی کارناسان‌و بەرپرسانی تۆژینەوەی ئەمریکایی، عەمەلیاتی یازدەی سێپتەمبر بە هۆی ئەوەوە بەرنامەڕێژیو ڕێبەری کراوە.

لە دەیەی ١٩٩٠دا "ظواهری" وەك میوانی عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و ئەحمەد وەحیدی بەرپرسی بەشی عەمەلیاتی تێرۆریستیی دەرەوەی وڵات، سەفەری ئێرانی کردوە. وەحیدی فەرماندەی یەکەی "قدس"، یەکەیەکی تایبەتییە کە زۆر لە عەمەلیاتە تێرۆریستییەکانی دەرەوەی ئێرانی بەڕێوە بردوون.

لە مانگەکانی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر کۆماندۆی ریکخراوی جیهادی ئیسلامیی میسر بە ئێراندا و لە ڕێگای مەشهەدەوە ڕەوانەی ئەفغانستان کراون، تا تێکەڵ بە هێزەکانی بن لادن بن. ڕاپۆرتەکانی سەرچاوە ئیتلاعاتییە ئەمریکاییو ئورووپاییەکان ئەو مەسەلەیە تەئیید دەکەن. ئێران بۆیە وەك ڕێگایەك بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرا، چونکە "بن لادن" لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە فڕۆکەخانەکانی پاکستان لە ژێر چاوەدێریی مەئموورە ئیتلاعاتییەکانی ئەمریکا دانو هەر ئەوە بۆتە هۆی گیرانی ژمارەیەك لە ئەفرادی بەوەجی ریکخراوی "القاعده" لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا. یەکێك لە گیراوەکان "رمزی یوسف" بوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ بۆمبی لە ناوەندی بازرگانیی جیهانیدا دانابۆوە و ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن پاکستانەوە گیراو تەحویلی ئەمریکا درا، هەروەها "میرایمال کنسی" کە ساڵی ١٩٩٣ لە بەرامبەر ناوەندی ریکخراوی سیا لە "لانگلیی ویرجینیا" تەقەی لەژمارەیەك لە کارگێڕانی ئەو ڕێکخراوە کردو ساڵی ١٩٩٧ لە پاکستان گیراو تەحویلی ئەمریکا درا.

بە پێی ڕاپۆرتەکان لە سەرەتای مانگی سێپتەمبردا نزیکەی حەوتوویەك پێش ڕوودانی کارەساتی یازدەی سێپتەمبر، ئێران لە ناکاو ڕێگای رابردن لە شاری "مەشهەد"ی لەسەر ئەفرادی ریکخراوی جیهادی ئیسلامیی میسر داخست. بە باوەڕی بەرپرسانی ئەمریکایی، هۆی ئەو کارە ئەوە بووە کە ئێران ئاگاداری هێرشێکی گەورەی تێرۆریستی بوو کە بەو زووانە بەڕێوە دەچێ و نەیویستوە بەو کارە بەهانەیەك بدا بە دەستی ئەمریکاو خۆی لە هێرشێکی تۆڵە ئەستاندنەوە ڕزگار کردوە.

تیمرمەن هەروەها دەنووسی: لە سەرەتاکانی ئۆکتۆبردا کاربەدەستێکی ئیتلاعاتیی ئورووپایی ئاشکرای کرد کە تێرۆریستێکی هەڵاتووی لوبنانی بەناوی "عماد مغنیه" لە شاری مەشهەد چاوی بە یەکێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران کەوت و وا وێدەچێ تەوەری قسە و باسەکانیان لەسەر شێوەی هاوکاریی ئێران لەگەڵ بن لادن و تالیبان بووبێ. ئەگەرچی حکوومەتی ئێران بۆ ماوەیەکی درێژ دژایەتیی تالیبانی کردوە بەڵام کە بۆمبارانی ئەفغانستان لە

لایەن ئەمریکاوە دەستی پێ‌کرد، کەوتە ڕەخنەگرتنی توند لە ئەمریکاو هەر لەو کاتەدا پێشنیاری بە "گلبدالدین حکمتیار" کە لە ڕێبەرانی توندڕەوی ئیسلامیی ئەفغانستانە کرد بۆ یارمەتیدانی تالیبان بگەڕێتەوە ئەفغانستان.
لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕاپۆرتە دەری دەخا کە یەکێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران پێشتر لە هێرشی تێرۆریستیی یازدەی سێپتەمبر ئاگادار بووە. ئەو کە یەکێك لە کاربەدەستانی پایەبەرزی حکوومەتییە، سێ سەعات دوای ڕوودانی کارەساتەکە تەلەفوونی بۆ یەکێك لە خزمانی خۆی لە "لۆس ئانجلێس" کردوە و گوتوویەتی لەنەزەری دایە کە هاوسەرو منداڵەکانی بنێرێ بۆ "بەهەشتی هێمن"ی ئەمریکا. ئەو هەروەها لەو پێوەندییە تەلەفوونییەدا وردەکاریی گەڵاڵەیەکی ئاشکرا کردوە کە ڕێژیمی ئێران بۆ بەلاڕێ دابردن‌و چەواشەکردنی زانیارییەکان ئامادەی کردوە کە بە پێی ئەو گەڵاڵەیە "ئەرتەشی سووری ژاپۆن" وەك بەڕێوەبەری کارەساتی تێرۆریستیی یازدەی سێپتەمبر دەناسێندرێ و ئەو زانیارییە ـ تاوانبار کردنی ئەرتەشی سوور بە ئەنجامدانی ئەو عەمەلیاتە ـ هەر لەو ڕۆژەدا لە لایەن تەلەویزیۆنێکی لایەنگری ڕێژیمی ئێران لە لوبنان بڵاو کرایەوە.
هێندێك بەڵگەی دیکە نیشاندەری بوونی پێوەندی لە نێوان ئێران‌و تاقمی بن لادنن، لە ٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠دا لە دادگایەکی نیویۆرك "علی محمد" یەکێك لە تێرۆریستە گیراوەکان پەردەی لەسەر ئەو پێوەندییە لادا. ئەو لە دادگادا باسی پێنج گەڵاڵەی تێرۆریستیی کرد کە بە مەبەستی کوشتنی خەڵکی ئەمریکا لە سەفارەتخانەکانی ئەو وڵاتە لە تانزانیاو کینیا کە ساڵی ١٩٩٨ بە هۆی تاقمی بن لادن بەڕێوە چوون، ناوبراو دانی بەوە دانا کە لە دەیەی ١٩٨٠دا چۆتە ئەمریکا و، لە هێزە تایبەتییەکانی ئەرتەش دا دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٨٩ سەفەرێکی بۆ ئەفغانستان کردوەو بە نهێنی پێوەندی گرتوە بە تاقمەکەی بن لادن و ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامیی میسرو، تەنانەت لە پێگەیەکی تێرۆریستیی "القاعده"دا دەورەیەکی تایبەت بە کاری تێرۆریستیی دیتوە.

"علی محمد" لە دادگادا دانی بەوەدانا کە ئەرکی پاریزگاری لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی نێوان "عماد مغنیه" فەرماندەری حیزبوڵڵای لوبنانو بن لادن کە لە سوودان بەڕێوە چوو، کردوە.

"عماد مغنیه" کەسێکە نیشتەجێی ئێرانەو ڕاپۆرتی کردەوەکانی خۆی دەداتەوە بە بەشی تایبەتیی ئیتلاعاتی نیزامی. بە پێی ڕاپۆرتی یەکێك لە سەرچاوە ئیتیلاعاتییەکانی ئوروپایی، ناوی "عماد مغنیه" لە لیستی ئەو ٢٢ تیرۆریستە دایە کە بە هۆی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی بە دژی ئەمریکا لە ژێر تەعقیب دان.

کینێت تیمرمەن ڕاپۆرتی خۆی ئاوا درێژە دەدا: بێجگە لەوانە، مەئموورێکی پێشووی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە ڕۆژئاوا پەنابەرە، لە وتوویژێکی تەلەفونی لە ئاڵمانڕا بە گۆڤاری "ئین سایت"ی ڕاگەیاند کە ئەو بۆخۆی "F.B.I"ئاگادار کردۆتەوە کە بڕیار وایە لە لایەن ئێرانەوە گەلاڵەیەك بۆ تەقاندنەوەی ناوەندی بازرگانیی جیهانیو ناوەندە دەوڵەتییەکان لە واشنگتۆن بە هۆی خۆپێدادانی چەند فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری جەمبۆجێت بەو ناوەندانەدا، بەڕێوە بچێ. ئەو گەلاڵەیە بە ڕەمزی "شەیتان لە نێو ئاگردا" ناودێر کراوە. ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوەبوو کە لە پیاوانی عەرەب وەك جێبەجێکەرو بەڕێوەبەری دزینی فڕۆکەکان کەلك وەربگیرێ و تەنیا ئەو کەسانەی کە تاقمە عەمەلیاتییە جۆراوجۆرەکانی ئەو گەلاڵەیان سەرپەرستی و فەرماندەری دەکرد، ئێرانی بوون کە لە نێو ئێرانییە عەرەب زمانەکان کە زۆربەیان خەڵکی ئوستانی خوزستان بوون هەڵبژێردرابوون. ئەو کۆنە مەئموورە گوتی: ئەندامانی ئەو تاقمە عەمەلیاتییانە لە ژێر ناوو عینوانی جیاوازو جۆراوجۆردا دامەزرابوون.

یەکەم گەلاڵە کە ساڵی ١٩٩٨ بە مەبەستی تۆڵە ئەستاندنەوەی فڕۆکەی "ئێرباس"ی ئێرانی ـ کە بە هۆی هێزە نیزامییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی فارس کەوتە خوارێ ـ داڕێژرابووو بە بەڕێوەبەرانی عەمەلیاتەکە گوترابوو کە ئەوان دوای دزینی تەیارە ئەمریکاییەکان دەبێ بڕۆن بۆ قیبرێسو بەغداو قسەیەك لە

وێران کردنی ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە گۆڕێدا نەبوو. بەوان گوترابوو دوای دابەزین لە قێبرێس و بەغدا وەك قارەمان پێشوازیتان لێدەکرێ.

ئەو مەئموورە ئیتلاعاتییەی پێشووی ئێران لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە حەوتوویەك پێش لە یازدەی سێپتەمبر لە نێوخۆی ئێرانەوە پەیامێکی ڕەمزیی پێگەیشتبوو کە باسی ئەوەی دەکرد بەو زووانە عەمەلیاتی "شەیتان لە نێو ئاگردا" بەڕێوە دەچێ. ئەو گوتی بێ مەعتەل بوون مەسەلەکەی لەگەڵ ڕێکخراوی ئیتلاعاتی ئاڵمان و هەروەها کاربەدەستێکی سەفارەتی ئەمریکا لە بێرلین باس کردوە و ئەوانی ئاگادار کردۆتەوە. بەرپرسانی ئەمریکایی بە گۆڤاری "ئین سایت"یان گوتوە کە "F.B.I" دەڵێ کە وریاکردنەوەکەی مەئمووری پێشووی ئیتلاعاتی ئێرانیان هەتا ڕۆژی یازدەی سێپتەمبر پێ نەگەیشتوە. هەروەها گوتی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو گەلاڵەیە ١٨ مانگ پێش لە هێرشی ١١ی سێپتەمبر، شیرکەتێکی بەشی تایبەت (خصوصی) سەر بە حکوومەتی ئێران بۆ کڕینی پارچەیەکی یەدەکیی تایبەتیی فڕۆکەی بوئینگ ٧٥٧، لە ڕێگای کۆنسێرسیۆمی ئێیرباسی ئورووپا هەنگاوی ناوە. یەکێك لەو کەسانەی کە لە کرینی ئەو پارچە یەدەکییە لە پاریسدا بەشدار بوو، ڕۆژی کارەساتی نیویۆرك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە ئێرانییە دوورخراوەکان و هەروەها بەرپرسانی بەشی دژی ئیتلاعاتی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هوشداریان دابوو کە ڕێژیمی ئێران وا بە باش دەزانێ کە لە عەرەبەکان و نەتەوەکانی غەیرە موسوڵمانی غەیرە ئێرانی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی تێرۆریستی کەلك وەرگرێ و ئەو کارە دەبێتە هۆی شوێنەونکەو بە ئاسانی دەتوانێ حاشا بکا لە دەست هەبوونی خۆی لەو جۆرە کردەوانەدا. ئەفسەرێکی سەر بە دەزگای لێکۆڵینەوە ئیتلاعاتییەکانی ئەمریکا دەڵێ شتێکی سروشتییە ئەگەر ئێوەش بە جێگای حکوومەتی ئێران بن ناتانهەوێ بەڵگە و نیشانەیەك لە دوای خۆتان بەجێ بهێڵن. چونکە هەر ئەو بەڵگە و نیشانانە دەتوانن پێوەندیی ئێوە لەگەڵ ئەو هێرشانەدا ئاشکرا بکەن.

*(لە ژمارە ٣٣٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە)*

## له پەراوێزی قسەکانی ئەم دواییانەی بووشو پاوڵ له پێوەندی لەگەڵ ئێراندا

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی نوامبر (١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٢) جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا له وتارێكدا که له "بنیاتی دێموکراسیی ئەمریکا"دا پێشکێشی کرد، لەبارەی کەندو کۆشپەکانی سەر ڕێگای ڕەوتی دێموکراسی له ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دواو، گوتی:" وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ دەسەڵاتی حکوومەتو ئەرتەش بەرتەسك بکەنەوە، ڕێزی قانوون بگرن، کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕاگەیەنه سەربەخۆکان بنیات بنێن، ئازادییه ئایینییەکان دەستەبەر بکەن، بۆ بازاڕی ئازاد مل بدەن، مافه سیاسییەکانی ژنان دابین بکەنو بەمجۆره کۆتایی به نەداریو سەرکوتی بەربڵاو لەو وڵاتانەدا بێنن". جۆرج بووش له درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی به ئێرانیش کردو گوتی:" حکوومەتی تاران دەبێ ڕێز بۆ دەنگی خەڵك دابنێ، ئەگینا دوا ئیددیعاکانی لەبارەی مەشرووعییەتی خۆیەوه لەدەست دەدا."

له ١٠ی نوامبریشدا کۆلین پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا له وتارێكدا که له "سیتی کالێج"ی نیویۆرك پێشکێشی کرد، به توندی ڕەخنەی له سیاسەتو ڕەفتاری دەسەڵاتدارنی ئێران گرتو گوتی: "هەر لەو کاتەدا که وڵاتانی دیکەی ناوچە، به گشتیکردن (تعمیم)ی مافی دەنگدانو دانانی قانوونی بنەڕەتیی تازە، هەنگاوی تازەیان بەرەوه پتەکردنی بناغەکانی خەڵك سەرداری هەڵگرتوە، پاوانخوازانی ئێران تازه لەگەڵ گوشارێکی زۆر له نێوخۆوه بەرەوڕوون تا مل بۆ ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك بدەن". پاول گوتی: "خەڵکی ئێران خوازیاری گەیشتن به ئازادیو جێگیربوونی دێموکراسی له وڵاتەکەیان دانو لەو بارەوه نابێ چووکترین گومانمان هەبێ"

ئەم وتانەی دوو له پایەبەرزترین‌و گرنگترین کاربەدەستانی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا که جارێکی دیکه تووڕەیی‌و نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان وروروژاند، له چەند بارەوه سەرنجی راگەیەنەکان‌و کۆڕو کۆمەڵەو ناوەنده سیاسییەکانیان راکێشا که ئاماژەیەك بەوان دەکەین:

١ـ ئەم قسانه له کاتێك‌دا کران که کۆماری ئیسلامی، تازه ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقیی کۆنوانسیۆنی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی راگەیاندبوو. پێشتر زۆرجار ئەو ڕەخنەیه له وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکا گیرابوو که ئەوان له فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی‌دا، ناچارکردنی ئەو ڕێژیمه بۆ مل راکێشان‌و هاوکاری له بوارەکانی ئەتۆمی‌و تیرۆریزمیان‌دا مەبەستەو، گرنگی‌و بایەخێکی ئەوتۆ به پێشیلکردنی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران له لایەن ئەو ڕێژیمەوه نادەن. بەڵام بەردەوامبوونی سەرکۆمارو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا له رەخنەگرتن لەو ڕێژیمه سەبارەت به دژایەتیکردنی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك‌و ڕێزدانەنان بۆ دەنگی خەڵك، ئەو بۆچوونه بەهێز دەکا که کۆماری ئیسلامی به پاشەکشەکردن له هەڵوێستی پێشووی خۆی‌و ملدانی بۆ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ناوبراو، ناتوانێ بەرۆکی خۆی له دەست ئەمریکاو دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوا دەربێنێ‌و به خەیاڵی ئاسوودەوە، سیاسەت‌و رەفتاره دژی ئینسانییەکانی خۆی درێژه بدا.

٢ـ کاتێك ئەم قسانەی ئێستای کۆلین پاول لەگەڵ قسەکانی مانگێك لەمەوبەری له پەنا یەك دادەنێین، هەست به وەرچەرخانێکی ئاشکرا له هەڵوێستی ناوبراودا دەکەین. مانگێك لەمەوبەر که موحافیزەکارەکانی توندرۆی دەسەڵاتی ئەمریکا، قسەیان له پێویستیی گرتنەبەری هەڵوێستێکی توند به دژی کۆماری ئیسلامی دەکرد، کۆلین پاول لەوانه بوو که خوازیاری وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو! ئەوکات ئەمریکاییەکان له ژێر فشاری وڵاتانی فەرانسە، ئاڵمان‌و ڕووسیەدا ملیان بۆ ئەوەدا که له ڕێگای بەشدارکردنی دروایسێکانی‌عێراقەوه ئەمنییەتی ئەو وڵاته دابین بکەن. ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانه بوو. بەڵام پەرەگرتنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری کردەوەی خرابکارانەو تیرۆریستی له

دژی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقو بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە سەر سیاسەتی"موذیانە"ی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ عێراقدا ، وای کردوە ڕوانینی کەسانێکی میانەڕەوی وەك کۆلین پاوڵیش لە نێو دەسەلاتدارانی ئەو ولاتەدا، لەباری جۆری رەفتارو هەڵوێست بەرامبەر بەو رێژیمەوە بگۆڕێ.( ٢)

٣ـ ناهومێدی لە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادیو دێموکراسی لە کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگای ریفۆرمەوەو، مانەوەی جڵەوی دەسەلاتی ئەو رێژیمە لە دەست کەسانێكدا کە بە هیچجۆر ئامادەی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵــگەی نـــــێونەتــەوەیی لـــە بـــواری تێرۆریزم، مـــافی مرۆڤو ئاشـــتی لەرۆژهەلاتی نێوەڕاستدا نین، دەسەلاتدارانی ئەمریکای بەرەو ئەوە پاڵپێوە ناوە بەراشکاوییەکی زیاتر لە هەمیشە، لە پێویستیی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادیو دێموکراسی لە ئێراندا بدوێنو، لانیکەم لە قسەدا پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی خەڵکی ئەو ولاتە بە مەبەستی گەیشتن بە دێموکراسیو مافە ئینسانییەکانیان رابگەیەنن.

٤ـ هەم ئەو قسانەی بووشو پاوڵو هەم قسەکانی تۆنی بلێر لەبارەی سیاسەتی ئینگلستانو ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ عێراقدا کە گوتی "ئێمە بەرهەمی شەڕی [خۆمان لە ] عێراق، لە ئێرانو ولاتانی هاوتایاندا دەدرووینەوە"، دەری دەخەن کە لە روانگەی ئەو دوو ولاتە بەهێزەی جیهانەوە، بەرەوپێشچوونی ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆنو وەدیهاتنی مافەکانی مرۆڤ، دامەزراندنی بناغەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بنبڕبوونی تێرۆریزمو توندڕەویو . . . هتد لە هەر ولاتێکی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بەبێ پەلهاویشتنی ئەو رەوتە بۆ ولاتانی دیکەی ئەو ناوچەیە، مومکین نیە. تەنانەت ئەگەر لە ولاتێك لە ولاتانی ناوچەشدا، دیکتاتۆری نەمێنێو، ریگا بۆ زاڵبوونی خەڵك بە سەر چارەنووسی خۆیانداو جێگیرکردنی دێموکراسیو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ خۆش ببێ، بەلام ولاتانی دەوروبەری ، ئاڵوگۆڕی لەم چەشنەیان بەسەردا نەیە، ئەم رەوتە هەر سەرکەتوو نابێ. چونکە سیستمە دیکتاتۆرو دژی ئینسانیو کۆنەپەرستەکان بە هەموو توانایانەوە، بۆ سەرنەکەوتنو تێك شکاندنی ئەزموونێکی دێموکراتیك لە

دڕواسێیەتیی خۆیاندا هەوڵ دەدەن‌و دوژمنایەتی دەکەن. کۆماری ئیسلامی یەك لەو سیستەمانەیە کە نەك هەر پێشی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیکی لە ئێراندا گرتوە، بەڵکوو دژایەتیی ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕ لە وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەش‌دا دەکا. کە وابوو فشارهێنان بۆ ئەو ڕێژیمەو پشتیوانی لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، جگە لەوەی یارمەتییە بە پێکهاتنی گۆڕانکاریی پێویست لە گەورەترین وڵاتی ناوچەدا، لاوازکردن‌و تێك‌شکاندنی یەکێك لە گرنگترین پشتیوان‌و پێگەکانی تێرۆریزم‌و سەرەڕۆیی‌و ئازادیکوژی لەو ناوچەیەش دایە.

٥ـ مەسەلەیەکی دیکەی جێگای لێ‌وردبوونەوە لە قسەکانی بووش‌و پاوڵدا باس لە چوونە ژێر پرسیارو کۆتایی هاتنی "مشروعیت"ی کۆماری ئیسلامییە. دیارە قسەکردن لە چەمکی "مشروعیت" و مەشرووع‌بوون‌و نەبوونی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتارێکی جیاو دوورودرێژ هەڵدەگرێ. بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین مەشروعییەتی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمە لەم دوایی‌یانەدا بەرەو کۆتایی نەچووە. مەشرووعییەتی ئەو ڕێژیمە هەر لە ڕۆژی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنییەوە لە ژێر پرسیاردا بووە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە مەشرووعییەتی سیستەمێکی دەسەڵاتدارەتی، لە دەنگدانی ئازادانەی خەڵك بەو سیستەمە، لەکەلکوەرگرتنی ئەو سیستەمە لە شێوە دێموکراتیکەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات‌و درێژەدانی حاکمییەت، لە پێکهێنانی ئیمکان‌و دەرەتان بو خەڵك لە هەڵبژاردنی ئازادانەی دەسەڵاتداران‌و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئۆرگان‌و ناوەندەکانی قانووندانان‌و بەڕێوەبەریی وڵات، لە نوێنەرایەتی‌کردنی بەرژەوەندییە میللییەکانی وڵاتێك لە ئاستی جیهانی‌دا، لە هەبوونی مافی لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران‌و هێنانە سەرکارو لابردنیان بۆ خەڵك لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا، سەرچاوە دەگرێ، ئەوکات قبووڵ دەکەین کە ئیددیعای دەسەڵاتداران‌و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە لەبارەی مەشرووعییەتی نیزامەکەیان نەك ئێستا، بەڵکوو هەر لە هەوەڵەوە، بێ‌جێ‌و ناڕاست بووە. دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە پەرەگرتن‌و قووڵبوونەوەی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی و، پاشەکشەی کاتیی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیەدا ، بۆ ماوەیەك لە نێوخۆو

دەرەوەی ئێران ئەو هومێدەی پێك هێنا کە کۆماری ئیسلامی چاو بە شێوەی دەسەلاتدارەتیی خۆیدا بخشێنیو لە ڕێگای ملکەچ کردن بۆ ویستو ئیرادەی خەڵك، مەشروعییەت بۆ دەسەلاتدارەتیی خۆی دابین دەکا. بەلام شکستو ناکامیی ئەو بزووتنەوەیە، شانسی پێکهاتنی جۆرە مەشرووعییەتێك بۆ دەسەلاتدارەتیی کوماری ئیسلامییشی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێرگڵ.

*لە ژمارە ٣٧٧ ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بووەتەوە.*

## دیسان بۆ منداڵانی نازلێشێواوی گەلەکەم

"دەست دەدەمە قەڵەم تا شتێك لە بارەی ئاهونزای ئەو منداڵە ناز لێشێواوانە بێنمە گۆڕێ کە لە سەر خاکی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بەڵام لە غوربەتێکی غەریبو تاڵدا، خەمی دووریی باوکی زنجیرکراویان لە زیندانەکانی ئەو دیوی سنووردا، نیگەرانی لە چارەنووسی ناڕوون و تاسەی سەر لە نوێ دیتنەوەیان، لەو ماوەیەدا بۆ ساتێك بە جێی نەهێشتوون. دەمەوێ بچمە نێو جیهانی مەراقو خۆزگە خەونو خەیاڵی منداڵانەیان، ئەو ساتانەی بەخەیاڵ وەك پەریو فریشتەکان لە شەققەی باڵ دەدەنو لە تاریکیی ئەنگوستە چاودا، دوور لە چاوی زیندانەوانانو ئەشکەنجەگەران، بە دەلاقەی بچووكو تەنگی ژووره تەنگەبەرو تاریکە تاکەکەسییەکاندا، خۆیان دەگەیەننە ئامێزی باوکیان. دەزانم لەو ئاواتو خەونو خەیاڵانەیاندا نە دڵیان دێو نە بە مێشکیان دادێ سیمای بە هەیبەتو قارەمانانەی باوکیان بە شەمزاوی بێننە بەرچاویان. ئەوان دڵیان نایە شوێنەواری ٨ مانگ ئازارو ئەشکەنجەدرانی بەردەوامی ڕووحیو جیسمی لە سیماو ڕواڵەتی خەیاڵیی باوکیاندا بەدی بکەن." (١)

لەو کاتەوە کە ئەم دێڕانەم بە بیانووی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و بە بۆنەی خەمی بێکۆتایی دابڕانی "ژاله" و "سەمیره"، "گوڵستان"، "ئەردەشیر"و "کوردستان" لە باوەشی پڕ لە خۆشەویستیی باوکیان نووسیوە، ٥ ساڵ رابردوە.

"ژاله" لەگەڵ چەند هاوتەمەنی دیکەیاندا بۆ جێژنی لە دایکبوونی "هانا"ی هاوڕێو هاوپۆلیان هاتوون. باوکی "ژاله"و "سەمیره" (حەمە عەزیز قادری)، لەگەڵ باوکی "گوڵستان"، "ئەردەشیر"و "کوردستان" (ئەرشەد رەزایی)دا، "٦ ساڵ لە مەوبەر لە هەڵەبجە وێڕای ٥ تێکۆشەڕی دیکەی حیزبی دێموکرات لە لایەن "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان"ەوە گیرانو بە قۆڵبەست کراوی تەحویلی ڕێژیمی کورد کوژی کۆماری ئیسلامی درانەوە.

لەگەڵ چەپکە گوڵی پیرۆزباییدا، کارتێکی پیرۆزباییش بە دەست ژاڵەوە دەبینم. لە خوێندنەوەی بەپەلەم. لێی نووسراوە: "دەیەمین ساڵی لە دایکبوونت کە بە لای هەموو دایك و باوکێکی دنیاوە خۆشترین ساتی هیوادار بوون بە ژیانە، پیرۆز بێ". لەسەر وشەی "بە لای هەموو دایكو باوکێکی دنیاوە"، دەگیرسێمەوەو دنیایەك خەمو حەسرەتو خەونو ئارەزوویان لە پشتیەوە دەخوێنمەوە. شێعرەکەی سەعدیم دێتەوە بیر :

"چو بینی یتیمی سرافکنده پیش

مده بوسه بر روی فرزند خویش"(٢)

نازانم لە پێکهاتنی جێژنی لەدایکبوون بۆ جگەرگۆشەکەی خۆم پەژیوان بم یا لە دەعوەت کرانی "ژاڵە" بۆ ئەم جێژنۆکەیە؟ بۆ چی بووین بەهۆی وەبیر هێنانەوەی بێبەشی لە سێبەری باوکی، یا وەبیر هێنانەوەی بێبەشی لە جێژنی لە دایکبوون بە بەشداریی باوکییەوە؟ شەڕی دەروونیی خۆمی لێ دەشارمەوە و لێ دەگەڕێم تا دەڕوا. دواتر سەر لە نوێ دەکەومەوە لۆمەی خۆم. سەرئەنجام هەق بە "منەکەی بەرامبەرم" دەدەم کە دەڵێ: "تۆ شایانی لۆمە نی کە بۆ منداڵەکەی خۆت جێژن دەگریو چەند منداڵی نازلێشێواویش لە خۆشیی ئەو جێژنەدا دەکەیە هاوبەش. ئەوانە شایانی لۆمەو زۆر لە لۆمە بەو لاوەتریشن کە دنیای پیرۆزو پڕ لە خەونو خۆشەویستیو نازی ئەو منداڵانەیان تێكدا، ئەویش لە ژێر ناوی پیرۆزی "ئیسلام" و لەبەرگی "مجاهد فیسبیل الله"دا، تێك دا.

(١) "کوردستان"، ژمارە ٢٤٦، جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی، وتاری "بۆ منداڵانی نازلێشێواوی گەلم"

(٢) واتە لەبەرچاوی هەتیوێکی لارەمل منداڵەکەی خۆت ماچ مەکە.

*لە ژمارە ٣٤٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## تیرۆریستان، چیان لـه گیانیخـەڵکی کـوردستـان دەوێ؟

ڕۆژی جێژنی قوربانی ئەمساڵ(٢٠٠٤) (١ی فێوریە بەرامبەر لەگەڵ ١٢ی ڕێبەندان) چەند تیرۆریست لە دوو کردەوەی هاوکات و وەك یەكدا، خۆیان گەیاندە نێو بارەگاکانی لقی دووی پارتی دیموکراتو مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی لە هەولێر و، ڕاست لەو کاتەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بۆ جێژنە پیرۆزە لەو بارەگایانەدا کۆ ببوونەوە، خۆیان تەقاندەوەو بوونە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەسو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر. لە نێو قوربانییەکانی ئەو دوو کردەوە تیرۆریستییەدا، بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی پایەبەرزو تێکۆشەرانی بەوەجی پارتیو یەکیەتی هەن.

ئەمە یەکەم جار نیە تیرۆریستەکان لە سەروبەندی جێژنو بۆنە خۆشو پیرۆزەکاندا دەست بۆ کوشتنو لەنێوبردنی خەڵك دەبەنو بەم جۆرە جێژن لە خەڵکی کوردستان تاڵ دەکەن. هەر لەو چەند ساڵەی دواییدا لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی عێراقدا، تیرۆریستەکان چەند جاری دیکەش بە تەقاندنەوەو کوشتن بە پێشوازی جێژنەوە چوون. دزێویو دژی ئینسانی بوونی ئەم دیاردەیە لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە دووپاتبوونەوەی جار بە جار گەورەترو خوێناویتری کردەوەی جینایەتکارانەی تیرۆریستەکان لە کوردستان، هەڵ دەگرێ پتری تێڕامێنینو زیاتر لە مەحکووم کردنی وەك تاوانێك دژ بە مرۆڤایەتی ، لە سەری بنووسین.

تیرۆر، واتە لەنێوبردنی خەڵکی بێدیفاعو بێ تاوانو پەنابردن بۆ کوشتنو خولْقاندنی وەحشەت ـ لە پێناوی بەرەوپێش بردنی هەر چەشنە مەبەستێکدا بێ ـ شتێکی ڕیسوا و مەحکوومە. هیچ کەسو لایەنو هێزێك کە کەمترین بڕوای بە مافە ئینسانییەکانو ڕێوشوێنە پیرۆزەکانی هەر کۆمەڵگەیەك هەبێ، نەك هەر

ناتوانێ پاکانە بۆ تێرۆرو ڕەشە کوژی بێنێتەوە، بەڵکوو ناتوانێ لەم جۆرە کردەوانە بێزی هەڵنەستێو دژیان نەبێ. ئەمە حوکمێکە دەتوانین لە بارەی تێرۆرو تێرۆریستان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیدەین. بەڵام لە بەختو نێوچاوانی خەڵکی کوردستان، ئەو تێرۆریستانەی قۆڵیان لە کوشتارو لەنێوبردنی ئەو خەڵکە تاڵی چێشتوە هەڵماڵیوە، لە ڕیزی پەستترینو نزمترین تێرۆریستەکانی جیهان دان. چونکە ئەگەر لە زۆر شوێنی جیهان، زۆر جار تێرۆریستەکان دژی زلهێزێك، یا دەسەڵاتێكو لایەنێك کە پشتی ستەم و نابەرامبەرییەکی سیاسی، میللی، ئایینیو ڕەگەزیی گرتوەو داکۆکی لە جۆرێك بێدادی دەکا، کاری تێرۆریستانە ئەنجام دەدەن، لە کوردستان تێرۆریستەکان دژی میللەتێك کە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەگەڵ زۆرداریو ستەمو کوشتو بڕ و تاڵانو بێ مافی بەرەڕوو بووە، ئامرازی تێرۆر بەکار دێنن. تێرۆریستەکان لە کوردستان دژی هێزو دەسەڵاتێك کاری تێرۆریستی ئەنجام دەدەن کە هەروا کە دژی چەوسانەوەو ستەم دەستدرێژی بۆ سەر نەتەوەکەی خۆیانن، ناشیانهەوێ هێزو دەسەڵاتی کوردی، سەرچاوەی بچووکترین بێڕێزیو بێمافیو نابەرامبەری بۆ هیچ ئایینو نەتەوەو گەلو وڵاتێکی دیکە بێ. بەڕاستی خەڵکی کوردستانو حکوومەتی هەرێم لە بەرچیو بۆچی بوون بە ئامانجی تێرۆریزمو نرخی کام تاوانیان دەبژێرن؟ تاوانی هاوپەیمانی لە گەڵ ئەو هێزە بێگانانە کە دیکتاتۆرێکی بەو ڕابردووە ناسراوە بەرامبەر بە کورد و عێراقیان لە کۆڵ کردوونەوە؟ تاوانی پێداگربوونیان لە سەر بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان لە سەر بناغەیەکی دادپەروەرانە؟ تاوانی هەوڵدان بۆ ئەوەی زێدو نیشتمانی خۆیان بە پێی ڕێوشوێنو بنچینەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەڕێوە ببەن؟ تاوانی ئەوە کە ناخوازن کوردستانەکەیان ببێتە جەهەننەمێکی وەك ئەفغانستانی تالیبانو ئێرانی ئاخوندەکان؟!

هۆیەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لەوپەڕی نزمیو بێئەخلاقیی تێرۆرریستانی دژ بە کوردستان ئەوەیە کە لە بەرگێکی پیرۆزو لە ژێر ناوی ئایینو بە ناوی "فریضە"ی دینییەوە، شەرماویترینو دژی ئینسانیترین جینایەتەکان ئەویش لە دژی خەڵكو

کۆمەڵگایەك کە بەڕاستی ریزی ئایین دەگرن، ڕاست لە کاتی پێشوازی یا لە گەرمەی جێژنو بۆنە ئایینییەکاندا، ئەنجام دەدەن. بەڕاستی بۆ دڵنیا بوون لەوە کە ئەم جۆرە تاوانبارانە هیچ فڕێکیان بە سەر هیچ ئایینێکی پیرۆزو ئینسانییەوە نیە، هەر ئەوەندە بەسە تەرمی پارچە پارچە بووی ئەو منداڵە قوتابییانە، ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە، ئەو ژنو پیاوە پیرو بەساڵداچووانە، ئەو پێشمەرگەو پۆلیسو کارمەندانە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە لەو کردەوە خۆکوژیو هێرشە تێرۆریستییانەی ئەم دواییانەدا بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێ، بوونە قوربانی. ئەوە چ مەکتەبو ئایینێکە کە پەیامی خۆی لە ڕێگای پارچەپارچە کردنی تەرمی مرۆڤەکان لە ساتەوەختی پیرۆزبایی لێککردنی جێژنێکی ئایینیداو بە هۆی کوشتنی دەیان ئینسان لە چینو توێژی جۆراوجۆر و، بریندارو نەقوستان کردنی سەدان کەس لە چرتکەیەکدا، بڵاو دەکاتەوە؟ ئەگەر ئەو مەکتەبو ئایینەو ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ڕۆژێك بە مرادی خۆی بگاو دەسەڵات بگرێتە دەست، جگە لە وەحشەتو تاریکی و کوشتن دەتوانێ چ دیارییەکی دیکەی پێ بێ؟

مەسەلەیەکی دیکە کە لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستاندا جێگای لێوردبوونەوەیە، ئەوەیە کە دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ یەکێك لە دوو حکوومەتەکەی هەرێم یا دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان نیە. ئەوان لەهەر جێیەك بۆیان رەخساوە، هەولێر بووە یا هەڵەبجە یا سلێمانی یا کەرکووك، دەستی خۆیان وەشاندوە. لەو هێرشانەشدا هەر بەرپرسانی حیزبیو کاربەدەستانی حکوومەتیان مەبەست نەبووە، هەرچی زۆرتر کوشتنی خەڵكو وەحشەتخوڵقاندنی زیاتریشیان لە کردەوەکانیاندا ڕەچاو کردوە. ئەوەش جێگای لێوردبوونەوەیە کە پەرەگرتنی تەقینەوەو کردەوەی تێرۆریستانە لە کوردستان هاوکاتە لەگەڵ زۆربوونی جموجۆڵو تەقەلای دەوڵەتە دژ بە کوردەکان بۆ پێشگیری لە هاتنە دیی داوای فیدراڵیی خەڵکی کوردستان. هەرچی حیزبو ڕێکخراوەکانو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان ڕیزی خۆیان یەکگرتووتر دەکەنو ویست و داواکانی خۆیان لەبارەی چارەنووسی

کوردستانو گەلی کورد لە عێراقی داهاتوودا ڕاشکاوانەتر و بە یەکدەنگیی زیاترەوە دەردەبڕن، لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پیلانی دەوڵەتانو، لە نێوخۆی کوردستاندا، جینایەتی تیرۆریستی، زیاتر دەبن. ئەم ڕاستییە ئەگەر نەشی سەلمێنێ کە تیرۆریستەکان بەکرێگیراوی دەوڵەتانی دژبە کوردن، دەیسەلمێنێ کە دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ گەیشتنی گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانیو، نیگەرانییان لە بوونی ژیانی ئەمنو ئارام لە سێبەری دەسەلاتێکی کوردیدا، لە هی دەوڵەتانی وەك ئێرانو تورکیەو سووریە کەمتر نیەو، هەموو وەك یەك خوازیاری بێبەشیو بندەستیی ئەبەدیی گەلی کوردن. ئەوە نیشان دەدا کە ئەوانەی چاویان بە دیتنی کوردستانێکی ئازادو ئاوەدان هەڵ نایە، چەند زۆرنو، تەنیا ڕێگای پووچەڵ کردنەوەی نیازو مەبەستە چەپەڵەکانی دوژمنانو نەیاران، یەکگرتوویی ریزەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانو هاوکاریی بەرپرسانەی نێوان هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان بە تایبەتی یەکیەتیو پارتیو، پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو گەلە لە ڕێگای یەکخستنەوەی ماڵی کورد و لەنێوبردنی کەموکووڕییەکانیەتی .

بەڕێوەچوونی دوا کردەوەی تیرۆریستان لە کوردستان لە ڕۆژی جێژنی قورباندا، وەبیرهێنەرەوەی دەست وەشاندنێکی دیکەی تیرۆریزم لە گەلی کوردە. ١٤ ساڵ لەمەوبەر، ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ڕاست ئێوارەی ڕۆژی پێش جێژنی قوربان دوکتور قاسملوو، ڕێبەری لێوەشاوەی گەلی کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لێمان ستاند. هەق ئەوەیە دووپاتبوونەوەی ڕووداوێکی تیرۆریستی لە دژی گەلی کورد لە جێژنی قورباندا، لە دوو بارەوە سەرنجی لایەنە بەرپرسەکان لە کوردستانی عێراق بۆ لای پیلانەکانی ڕێژیمی تیرۆریستو دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی رابکێشێ.

ئەو ڕێژیمە هەر لەبەر ئەوەنا کە داهێنەری کەلکوەرگرتن لە تیرۆریزم لە ژێر ناوی ئەڵلا و ئیسلام و قورئانو لە جێژنو بۆنە ئایینییەکانکان دایە، بەڵکوو سەبارەت بە دوژمنایەتیی دێرینو ئاشکرای لەگەڵ ئازادیی گەلی کوردو بە بۆنەی هەوڵە یەك لە دوای یەکەکانی بۆ تێکدانی ئەو دەرفەتەی بۆ کورد لە

عێراقدا هاتۆتە پێش، دەبێ بە چاوی دوژمنو یەکەم گومانلێکراو لەو کردەوە تیرۆریستیانەدا، سەیری بکرێ. لایەنە بەرپرس و دەستڕۆیشتووەکان لە کوردستانی عێراق کە بەڕاستی نیگەرانی پەرەگرتنی تیرۆریزم لە زێدو نیشتمانەکەیان دان، دەبێ شانبەشانی هەموو هەوڵێکی پێویستی دیکەو گرینگیدان بە هەر ئەگەرو گریمانەیەك، کۆماری ئیسلامی لەبیر نەکەنو لەوە دڵنیا بن کە ئەو ڕێژیمە لە ڕیزی پێشەوەی دوژمنانی جێگیر بوونی هێمنیو سەقامگرتوویيو ئازادی لە کوردستانی عێراق دایە.

بەو ئاواتەی لە سێبەری یەکبوونەوەی حکوومەتی هەرێمو هاوکاریو دەست وێکدانی دڵسۆزانەی خەڵكو حکوومەتدا، تەنگ بە تێرۆریزمو تێرۆریستان هەڵ بچنرێ، سەرەخۆشی لە سەرکردایەتیی پارتیو یەکیەتیو بنەماڵەی قوربانییەکان، خەڵکی هەولێرو هەموو خەڵکی کوردستان دەکەینو چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینداره‌کان بە ئاوات دەخوازین.

ڕیسوایی و ڕووڕەشی بۆ تێرۆریستانو دوژمنانی جێگیربوونی ئاشتیو ئازادی لە کوردستان

*ژمارە ٣٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا(ڕێبەندانی ١٣٨٢) بڵاو بووەتەوە.*

## تاوانێك كە مێژووی كورد لێی نابووری!

نووسەری ئەم دێڕانەو، ئەم ستوونەش(ستوونی "بەر لە ماڵاوایی" ڕۆژنامەی "كوردستان") بە ئەركی خۆیان زانیوە نەك جارێك، بەڵكوو چەند جارو لە چەند بۆنەدا لەبارەی خەمێكەوە بدوێن كە بە تێپەڕبوونی زەمان تۆزی فەرامۆشیی لێ‌نانیشێ‌و، نەك لە دەیەكانی داهاتوودا، بەڵكوو بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەكەماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەم خەمە هەر بە تەنیا خەمی من‌و هاوبیرانم‌و ئەو بنەماڵانە نیە كە پێوەندییان بە قوربانییەكانی ڕووداوێكی تاڵ‌و هەر لەوكاتەدا پڕ شوورەییەوە هەیە. خەمی هەموو ئەو كەسانەیە كە خاوەن ویژدانن‌و لە نەریتە جوان‌و بایەخە پیرۆزەكانی نێو كەلتووری نەتەوەكەیان، لە بنەما ئینسانییەكانی دین‌و ئایینی زۆربەی هەرە زۆری خەڵكی كوردستان‌و، لە ئەخلاق‌و ڕێوشوێنە ناسراوو شارستانی‌و دنیاپەسندەكانی عالەمی سیاسەت‌و خەبات‌و تێكۆشانی شۆڕشگێڕانە دانەبڕاون.

نزیكەی ٨ ساڵ لەمەوبەر، دەستەیەكی ٧ كەسی لەو كەسانەی ژیانی خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەكەیان لە كوردستانی ئێران تەرخان كردوە، لە كاتی گەڕانەوە لە مەڵبەندی تێكۆشانیان، لە نزیك هەڵەبجە تووشی پرسگەی ڕێكخراوێكی كوردستانی دەبن. گریمان پێش‌بینی ئەوەشیان كردبێ، ئەم پرسگەیەو ئەو كۆمەڵە چەكدارەی ئەوان لە ماشێن دادەبەزێنن، هی تاقمێك بە ناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی"ن. بەڵام چلۆن بیانزانیبا كەسانێك هەن كە سەرەڕای دانانی ناوی "پێشمەرگە"و "ڕێكخراوی خەباتكار" لەسەر خۆیان‌و تێكۆشان لەژێر ناوی "ئیسلام"و "كوردایەتی"دا، ئەوەندە نوقمی خەیانەت‌و خۆفرۆشی‌و كاسپی بە ناوی سیاسەتەوە بوون كە ئامادەن سەرەتاییترین ڕێوشوێنە

ئه‌خلاقییه‌كان‌و به‌ها پیرۆزه‌كانی نێو ئایینی ئیسلام‌و نه‌ریته‌ جوانه‌كانی نێو میلله‌ته‌كه‌یان بخه‌نه‌ ژێر پێ؟ چلۆن باوه‌ڕ بكه‌ن كه‌سانێك كه‌ ئیددیعای خه‌بات له‌ دژی سته‌م‌و زۆرداری‌و چه‌وسانه‌وه‌ ده‌كه‌ن، تاقمێك كه‌ خۆی به‌ خه‌مخۆری كوردو كوردستان داده‌نێ‌و لافی به‌ربه‌ره‌كانی له‌گه‌ڵ داگیركه‌ران لێ‌ده‌داو، به‌ ناوی بره‌وپێدانی ئه‌خلاق‌و ڕێوشوێنی ئیسلامی‌و نه‌هێشتنی دزی، درۆ، خه‌یانه‌ت‌و زۆر دیارده‌ی دزێوی دیكه‌ هاتۆته‌ مه‌یدان، پڕ شووره‌یی‌ترین تاوان ده‌رحه‌ق به‌وان ئه‌نجام ده‌دا؟ ئه‌م هاوڕێ‌یانه‌مان بێگومان به‌ مێشكیشیان‌دا نه‌هاتوه‌، ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌ یه‌كه‌م دیداردا به‌ ڕووی خۆش‌و به‌ زمانی لووس به‌خێرهاتنیان ده‌كه‌ن‌و وه‌ك میوان به‌ره‌و بنكه‌كه‌یان ڕێنوێنییان ده‌كه‌ن، چه‌ند سه‌عاتی‌تر، یه‌ك به‌ یه‌ك بۆ ژوورێكی دیكه‌ بانگیان ده‌كه‌ن‌و به‌ چه‌ند كه‌س سواری سه‌ریان ده‌بن‌و ده‌ست‌و ده‌م‌و لاقیان ده‌به‌ستن‌و ده‌یانخه‌نه‌ نێو ته‌لیس‌و له‌سه‌ر قه‌رارو ته‌ون‌و به‌ستی پێشوو، وه‌ك نێچیرێكی به‌قیمه‌ت ته‌حویلی ئینسانكوژه‌كانی كۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ده‌ده‌نه‌وه‌؟!

ئێستا كه‌ ڕێژیمی ئینسانكوژو دژ به‌ كوردی كۆماری ئیسلامی، وێڕای دانان به‌ شه‌هیدكردنی ٦ كه‌س (*) له‌و هاوڕێیانه‌مان‌دا، په‌رده‌شی له‌سه‌ر هاوده‌ستیی تاقمی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی له‌م تاوانه‌دا، لاداوه‌و ته‌نانه‌ت كوشتنه‌كه‌ی خستۆته‌ ملی ئه‌وان، ده‌بێ میراتگرانی ئه‌و تاقمه‌ ڕوونی بكه‌نه‌وه‌ ئه‌م خزمه‌ته‌یان به‌ كۆماری ئیسلامی‌و ئه‌م خه‌یانه‌ته‌ گه‌وره‌یان به‌ حیزبی دێموكرات‌و گه‌لی كورد له‌ پێناوی چی‌دا كردوه‌؟ ئایا حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و خه‌ڵكی كوردستانی ئێران، دوژمنایه‌تیی ئه‌وانیان كردبووو شه‌ڕیان له‌ دژی ڕاگه‌یاندبوون؟ یا خۆفرۆشتن و خزمه‌ت به‌ ڕێژیمی ئێران به‌ ئه‌ركێكی ڕێكخراوه‌یی‌و ئایینیی خۆیان ده‌زانن؟ حیزبی دێموكرات تا ئه‌وكاته‌ هیچ كێشه‌یه‌كی له‌گه‌ڵ ئه‌و تاقمه‌دا نه‌بووه‌و كاری به‌سه‌ر كاریه‌وه‌ نه‌بووه‌. كه‌واته‌ مه‌سه‌له‌كه‌ خۆشخزمه‌تی به‌ ڕێژیمی ئێرانه‌، جا چ له‌ پێناوی ده‌سكه‌وتی ماددی‌دا بووبێ، چ له‌به‌ر "هاوپه‌یمانه‌تیی سیاسی"و بوونی ئه‌و ڕێكخراوه‌ وه‌ك كلكی ده‌زگای تێرۆرو جاسووسیی ئه‌و ڕێژیمه‌ بووبێ.

میراتگرانی "بزووتنەوەی ئیسلامی" کە بە حەق شایانی ناوی "ئینسانفرۆشەکانی ئەم سەردەمە"ن، چلۆن لەگەڵ ئاکامەکانی بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە بەرەوڕوو دەبنەوەو، چ وەڵامێکیان بۆ ئەو تەوژم و فشارانە دەبێ کە لەم پێوەندییەدا دەخرێتە سەریان، بۆ خۆیان دەزانن. بەڵام بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو کۆڕو کۆمەڵەو ناوەندە مرۆڤدۆستەکان لە سەرووی هەموانەوە ئەو هێزو لایەنانە کە تاقمێکی ئینسانفرۆش‌و کلك‌و هاودەستی دەزگای تیرۆر و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی، لە سێبەری دەسکەوتەکانی خەباتی ئەواندا، درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا، نابێ لەم تاوانە بێدەنگ بن. ناکرێ چەپەڵترین تاوانەکان، ئەویش دەرحەق بە ڕۆڵە دێموکرات‌و نیشتمانپەروەرەکانی گەلـی کورد کە وەك میوان لەسەر خاکی ئەم بەشەی کوردستان دەژین، لە ژێر ناوی "ئیسلامی"و "تیکۆشانی سیاسی"دا بەڕێوە بچن‌و، ئەنجامدەران و بەڕێوەبەرانیان، لە لێپرسینەوەی سیاسی‌و ئەخلاقی‌و سزای دادپەروەرانە، "مصون" (پارێزراو) بمێننەوە.

تاوانی ئینسانفرۆشانەی "بزووتنەوەی ئیسلامی" ئەوەندە گەورەیە کە مێژووی کورد هیچ کات لێی نابووڕێ. خەمی سەرچاوەگرتووش لەو تاوانە، لەسەر دڵـی هەموو مرۆڤە بە ویژدانەکان هەروا قورسایی دەکا هەتا ئەوکاتەی بەڕێوەبەران‌و ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەدرێنە دەستی عەدالەت.

(*)یەکێك لەو ٧ کەسە بە ناوی داریووش ئیسلامدوست، ٧ مانگ دوای تەحویلدرانەوە بە کۆماری ئیسلامی، لە کاتێك‌دا دەزگای تیرۆر و جاسووسی ئەو ڕێژیمە بۆ جێبەجێکردنی پیلانێکی تیرۆریستی هێنابوویانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە دەرفەت کەلکی وەرگرت‌و خۆی ڕزگار کردو ئێستا لە سوئێد دەژی.

*لە ژمارە ٣٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا (ساڵی ١٣٨٣) بڵاو بووەتەوە.*

## بڕیاری دادگای میکۆنووس،
## پەڵەیەکی هەمیشەیی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە

ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦)، دادگای بەرزی ئەیالەتی بێرلین پاش ٢٤٦ ڕۆژی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری میکۆنووس (تیرۆری نەمران دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوونی ئەردەڵانو نووری دێهکوردی، بڕیاری یەکجاریی خۆی لەبارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تیرۆرە ڕاگەیاند. دادگای بێرلین وێڕای بڕینەوەی حوکم بۆ هەر یەك لەو تاوانبارانە کە نەخشەی تیرۆرەکەیان جێبەجێ کردبوو، بەڕێوەبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی (ڕێبەری ڕێژیم، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوەو وەزیری ئیتلاعاتو ئەمنییەت)ی بە بەڕێوەبەری ئەسڵیی تیرۆرەکە ناساند.

دادگای بێرلین لە حوکمی ئازایانەو دادپەروەرانەی خۆیو هەروەها لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانیدا، هەر خۆی بە دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە بارەی کارەساتی ١٧ی سێپتەمبری ڕێستۆرانی میکۆنووسەوە نەبەستەوە. بەڵکوو چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی لە تەواوەتیی خۆیدا لە قاو داو، هەموو دنیای لەو ڕاستییە تێگەیاند کە نەك هەر تیرۆری ڕێستۆرانی میکۆنووس، بەڵکوو دەیان تیرۆری دیکەی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان، هەر بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراونو، لە سەرووترین ئاستی حکوومەتیو دەوڵەتیدا پلانو نەخشەیان بۆ داڕێژراوە. لە ڕاستیدا ڕەوتی کار و، لێکۆڵینەوەکانو ئاکامی کارە بە نرخو پیرۆزەکەی ئەو دادگایە، ناساندنی نێوەرۆكو چۆنیەتیی جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بوو. دەکرێ بڵێین بڕیاری دادگای بێرلین خاڵێکی وەرچەرخانو یەکێك لە گرنگترینی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە ناساندنو لە قاودانی

ماهییەتی تیرۆریستیو ئینسانکوژانەی کۆماری ئیسلامیدا رۆڵی بنەڕەتییان هەبوو. دەکرێ گرنگیی ئەم بڕیارە ئازایانەو دادپەروەرانەیەی دادگای بێرلین بەم جۆرە ڕیزبەندی بکەین:

١ـ لەگەڵ ئەوەی تیرۆری میکۆنووس نە یەکەمینو نە دوایەمین تیرۆر بوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵام یەکەم جار بوو دادگایەکی بەرزی وڵاتێکی گرنگی ئوروپایی کە خاوەنی سیستمێکی قەزایی سەربەخۆو موعتەبەرە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی وەك تیرۆریست دەناساندو ڕێبەرانی پلەیەکی ئەو ڕێژیمەشی بە بەرنامەدارێژو هەڵسوورێنەری سەرەکیی ماشێنی تیرۆر لەو سیستمەدا ناو دەبرد.

٢ـ کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، هەر لە دانی قەولو بەڵێنی هاوکاریو کارهاسانی لە بوارەکانی ئابووریو بازرگانیدا بە ئەڵمان بگرە، تا دەگاتە فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری سیاسیو ئەمنییەتیو دیپلوماتیكو بازرگانی بۆ سەر دەوڵەتو کاربەدەستانی ئەو وڵاتە، نەیتوانی پێشی ڕەوتی کاری دادگا بگرێو خۆ لە پێکهاتنی ڕیسواییەك لە ئاستی جیهاندا، ڕزگار بکا.

٣ـ بە هۆی حوکمی مێژوویی بڕیاری داگای بێرلینەوەو، ئەو هەموو بەڵگەو زانیارییە بڕوا پێکراوانەی لەو پێوەندییەدا وەدەست پۆلیسو دەزگای قەزایی ئەڵمان کەوتن، دەرکەوت لەپشت زۆربەی نزیك بە تەواوی کردەوە تیرۆریستییەکان کە لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە هەر شارو پێتەختێکی دنیادا بەڕێوە چوون، دەستی ئەو ڕێژیمە هەیە. بەڵام ئەگەر لە بارەی تیرۆرەکانی دیکەوە بۆ وێنە تیرۆری دوکتور قاسملوو (ڤییەن)، دوکتور شاپوور بەختیار (پاریس)، دوکتور کازمی ڕەجەوی (ژنێڤ)، محەممەد حوسێن نەقدی (رۆم)و... حوکمی لە چەشنی بڕیاری دادگای بێرلین دەرنەچوون، تەنیا لەبەر بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتانی ئوتریش، فەرانسە، سویسو ئیتالیا بووە. واتە ئەو دەوڵەتانە لەبەر بەرژەوەندو قازانجە جۆراوجۆرەکانیان کە زۆرتریان ئابووریو بارزگانی بوون، ئامادە بوون ڕاستییەکانو خوێنی قوربانییەکانو دادپەروەری

بخەنە ژێرپێ‌و، بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە جینایەتکارو تیرۆریستەیان لە دەست عەداڵەت، ڕزگار کردوە.

٤ـ حوکمی دادگای بێرلین بۆ جیهانی دەرخست سیستمی تێرۆرهو ئینسانکوژی لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتێکی دژ بە ئازادیخوازی‌و دێمۆکراسی ویستنی هەیە. واتە لەو ڕێژیمەدا لە تێرۆر بۆ کوشتنی کەسانێك کەلك وەردەگیرێ کە رەخنەو ناڕەزایەتییان لە سیستمی سیاسیی حاکم بەسەر وڵاتدا هەیەو داوای ماف‌و ئازادییە ئینسانییەکان دەکەن. تێرۆرو ئینسانکوشتن لەو ڕێژیمەدا کە بە ڕواڵەت زۆر لە پەیماننامەو کونوانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی قبووڵ‌و ئیمزا کردوون، نەك هەر بە شتێکی دزێوو ناپەسەند دانانرێ، بەڵکوو وەك شتێکی پیرۆز سەیری دەکرێ‌و تەوجیهی شەرعی‌و ئایینی بۆ دەبینرێتەوە.

٥ـ بە هۆی لێکۆڵینەوەی بەربڵاو لە ڕەوتی کاری دادگاداو شاهیدی‌دانی زۆر لەو کەسانەی ئاگایان لە چۆنیەتیی هەڵسووڕانی ماشێنی تێرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەبوو، هەروەها بە یارمەتیی ددان پێدانانی ژمارەیەك لە تاوانباران‌و زانیارییەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئەڵمان‌و هێندێك وڵاتی دیکە، دەرکەوت کە تێرۆریزم یەکێك لە پایە ئەسڵییەکانی سیاسەت‌و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێك دێنێ. لە ڕاستی‌دا ڕوون بۆوەکە هەموو دەزگاو نیهادو بنکەو دامەزراوێکی ئەو ڕێژیمە ـ با ناوی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماتیك، فەرهەنگی، ئایینی‌و تەنانەت خێرخوازانەشیان لەسەر بێ ـ یا بەشێکن لە دەزگای تێرۆرو جاسووسی‌و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی یا بەپێی ئەرکێك کە لە سەرووترین ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە بۆیان دیاری کراوە، لە خزمەت ئامانج‌و بەرنامەو نەخشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دان.

٦ـ حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین، هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، هەم لە ئاستی نێوخۆیی‌دا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی تەنگەژەو قەیران کرد. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، ئەو ریژیمە لەگەڵ ڕیسواییەکی بێ‌وێنە بەرەوڕوو بوو. جگە لەوەی ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان بەگشتی‌و ڕۆژئاوا بەتایبەتی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بە بۆنەی ئەو حوکمەوە، تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییان

لەقاودا، زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپاییش لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتەکانیاندا ناچار بوون سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ بکەنەوە. ئەم حوکمە وای کرد لە درێژخایەنیشدا، نوێنەرایەتییەکانو هەموو جموجۆڵ و هەوڵ و تێکۆشانێکی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیهانداو، هەر جۆرە پێوەندییەکی وڵاتان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بەچاوی گومانەوە سەیری بکرێو نیشانەی پرسیاری بخرێتە سەر.

بەڵام لە بواری نێوخۆییدا، حوکمی دادگای بێرلین شوێنەوارێکی زۆر قووڵتری لەسەر ورەی خەڵکی وەزاڵەهاتووو خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانو خەباتگێڕانی ئێران لە دژی ئەو ڕێژیمە دانا. دیارە ئەوان لە مێژ بوو نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتبووو لە مێژساڵیش بوو داوایان دەکرد کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ناوەندە سیاسیو حوقووقیو قەزاییەکانی جیهان لەو تاوانو جینایەتانەکە ئەو ڕێژیمە دەیانکا، بێدەنگ نەبن. بەڵام ئەوەی تا ئەو کات دیبوویان بەداخەوە ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمە تێرۆریستەو داپۆشینی شوێنپێو جێپەنجەی ئەو ڕێژیمە لە تێرۆرەکاندا، یا لانیکەم نەگرتنی هەڵوێستی ئازایانەو دادپەروەرانە بوو. بە هۆی دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بیرلینەوە بۆ یەکەمجار چاوەڕوانیی ئۆپوزیسیۆنو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هاتەدی. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بڕیاری دادگای بێرلین سەرەەتایەك بوو بۆ هاتنە کایەی پێوەندیو ڕەفتارو هەڵوێستی نوێی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر بە ئێران. دڵگەرم بەو ڕیسواییەی بۆ ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهانیدا پێك هاتبوو، خەڵکی ئێران بە تینو گوڕو گەشبینیو ئازایەتییەکی زیاترەوە خەباتو بەربەرەکانیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تێرۆریستو جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییان بەرەوپێش برد. لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بێرلینەوە بوو کە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا "نا"یەکی ڕاشکاوانەیان بەو دەسەڵاتە گوت. دواتریش ڕووناکبیرانو کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگیو ڕۆژنامە نووسە ئازاکان، دەستیان کرد بە لەقاودانی جینایەتو ئینسانکوژییەکانی

دەزگای تیرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامی کە دادگای بێرلین پێشتر بەشێکی ئاشکرا کردبوو.

ئەگەرسەرنج بدەینە چارەنووسی ئەو بەشە لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی کاری دادگای بێرلین‌و پەروەندەی تیرۆری میکۆنووس‌دا، پەردە لەسەر ماهییەتی جینایەتکارانەیان لادرا، دروستیی ئەو حوکمەو زانیارییەکانی پێوەندیدار بەو حوکمەمان بۆ دەردەکەوێ. هەموو ئەوانەی لە سۆنگەی پەروەندەی میکۆنووسەوە، ناویان هات‌و لەقاو دران، لەهەر دەرفەتێک‌دا کە بۆ خەڵک هاتە پێش، خەڵک دەستی ڕەددی بە سینگەوە نان، یان وەک ماکەی سەرەکیی تیرۆرو جینایەت‌و سەرکوت، ناویان کەوتە سەر زاری خەڵک‌و داوای موحاکەمەیان کرا. ئەو ڕیسواییەی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم‌دا بەسەر رەفسەنجانی هات، ئەو دروشمانەی لە خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان‌دا لە دژی خامەنەیی بەرز بوونەوە، ئیفشاگەرییە ئازایانەکان لە دژی فەللاحیان‌و هاودەستەکانی‌و خۆونکردن و لەبەرچاولاچوونی ـ هەرچەند ڕواڵەتیی ـ زۆر لەو کەسانەی لە ناوەندو دەزگاو دامەزراوەکانی پێکهێنەری ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی‌دا مۆرەی سەرەکین، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە کە حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، لەسەر بناغەی ڕاستی‌و حەقیقەت‌و دادپەروەری‌و شناختی ورد لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی درا.

٧ ساڵ بەسەر دەرچوونی حوکمی دادگای بیرلین‌دا رابردوە، بەڵام ئەم حوکمە هەر وەک یەکێک لە وەکیلەکانی بنەماڵەی قوربانییەکانی تیرۆری میکۆنووس گوتوویەتی، پێوەندیی بە ڕابردووەوە نیە، بەڵکوو بەشێک لە سەردەمیی ئێستایە. ئەم حوکمە بەزۆر هۆ، بۆ ئێستاش زیندووو موعتەبەرە. چونکە بیرەوەریی تیرۆری سەدان و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ویژدانی بەخەبەری ئینسانەکان لە ئێران‌و دەرەوەی ئێران‌دا بە زیندوویی ماوەتەوە. حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆو سەردەمی ئێستا، چونکە ئەوانەی دادگای بێرلین وەک دەسەڵاتدارانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، ناساندنی، هەروا جڵەوی دەسەڵاتیان لە ئێران‌دا بەدەستەوەیەو، لەسەر کوشتنی

موخالیفانو نەیارانیان، بەردەوامن. حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆ، چونکە دەوڵەتانی ئورووپایی تا ئێستاش بە گرتنەپێشی سیاسەتو هەڵوێستی سازشکارانە بەرامبەر بەو ڕێژیمە، هەروا پێشی تڕۆکرانی لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییداو فڕێدرانی بۆ نێو زبڵدانی مێژوو لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەمانەوە، دەگرن.

حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین لە ڕوانگەی خەڵکی ئێرانو هەموو ئۆگرانی عەداڵەتو دادپەروەریو حەقیقەتەوە هەروا زیندووو موعتەبەرەو، دەبێ بکرێتە بناغەیەك بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەبارەی پەروەندەی تێرۆری دەیان کەسایەتیی ئازادیخوازی ئێرانی لە پێتەختو شارەکانی ڕۆژئاوادا. دەبێ بکرێتە بناغە بۆ دادگاییکردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە لەنێوبردنی هەزاران مرۆڤ کە لە بەندیخانەکاندا لەنێویان بردن، بە ڕۆژی ڕوون ڕفاندیانو بێسەروشوێنیان کردن. ئەم حوکمە دەبێ وەك دادخوازی (کیفرخواست)ێکی موعتەبەر لە ڕادەی جیهانیدا، بۆ دادگایی کردنی خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، فەلاحیان، ویلایەتیو دەیانو سەدان دەسەلاتبەدەستی دوێنێو ئەمڕۆی ئەو ڕێژیمە بەکار بهێنرێ کە هەر ئێستاش لەپەنا تێرۆرو تۆقاندنو دەمکوت کردندا، بەسەر خەڵك و وڵاتی ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکەن.

لە ٧ ساڵەی دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای بێرلیندا بە ڕێزەوە یادی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووسو هەموو قوربانییەکانی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکەینەوە. لەگەڵ ناردنی هەزاران سڵاو بۆ ئەوانیشدا، سڵاو بۆ هەموو ئەو مرۆڤە ئەرکناس، هەقیقەتخوازو ئازاو دادپەروەرانە دەنێرین کە بێ سڵەمینەوە لە هیچ هەڕەشە وترسو فشارێك، یارمەتییان بە ڕوونبوونەوەی حەقیقەتو بەڕێوەچوونی عەداڵەت کرد و، بوون بە هۆی دەرچوونی بڕیاری مێژووییو ئازایانەی دادگای بیرلین.

*لە ژمارە ٣٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا ساڵی ١٣٨٢ بڵاو بووەتەوە.*

## "جینایەتە پیرۆزەکان!؟"

ساڵێك لەمەوبەر، ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٩(ئاگۆستی ٢٠٠٠) لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری مەشهەد، تەرمی ژنێکی ٣٠ ساڵە بەناوی "ئەفسانە" کە لە نێو لەتکە موکتێکەوە پێچرابووو فڕێ درابوو، دۆزرایەوە. ئەو کات ـ جگە لەو کەسانەی دەستیان لە جینایەتەکەدا هەبوو ـ هیچ کەس نەیدەزانی ئەو قەتڵە سەرەتای چەندین جینایەتی دیکەی لەو چەشنە دەبێ‌و "ئەفسانە" چارە ڕەشەکانی دیکەی کۆمەڵ، یەك بەدوای یەکدا، بە ڕووسەریی خۆیان دەخنکێندرێن‌و لە قەراغ ڕێگا، نێو جۆگەلەو قاناوەکان‌و یا هەر شوێنێکی دیکەی گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی مەشهەد، فڕی دەدرێن. بەڵام دواتر کە هەر چەند حەوتوو جارێك، تەرمی ژنێکی دیکە، هەر لەو شارەدا دۆزرایەوە ـ کە زۆربەی زۆریشیان بە یەك شێوە گیانیان لێ‌ئەستێندرابووو فڕێ درابوون ـ گومان لەوەدا نەما کە ئەو جینایەتانە زنجیرەیەکی تازە لە قەتڵ‌و تێرۆرن‌و یەك سەرچاوەیان هەیەو بەپێی بەرنامە، بەڕێوە دەچن.

قوربانییەکانی قەتڵە زنجیرەییەکانی ئەمجارە ـ کە ڕاست لە ساڵڕۆژی یەکەم قەتڵدا لە بیست کەس تێ‌پەڕین ـ هەموویان ژن‌و زۆربەی زۆریشیان لەباری تەمەنەوە لێك نزیك. لەو ٢١ کەسەی تا کاتی نووسینی ئەم وتارە تەرمەکانیان دۆزراونەتەوە، دووانیان نەبێ، هەموویان لە مەشهەد کوژراون‌و فڕێ دراون. وێکچوونێکی دیکەش لە نێو قوربانییەکان دا هەیە. بە گوێرەی ڕاپۆرت‌و لێدوان‌و لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس‌و دام‌و دەزگا پێوەندیدارەکان‌و ڕاگەیەنەگشتییەکان، زۆربەی کوژراوەکان ڕابردوویەکی کەم‌و زۆر وەك یەکیان هەیە: بە تێکڕا بە لەشفرۆشی‌و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیرو کردەوەی ناتەبا لەگەڵ

ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکانەوە خەریك بوونو بەو هۆیانەوە جارێك یا چەند جار لە لایەن مەئموورانەوە گیرابوونو لێکۆڵینەوەیان لیٚ‌کرابوو.
نێوەرۆکی ئەو تاوانانەی وەك بەشێك لە ئاکارو ڕابردووی کوژراوەکان ناویان هاتوە، ماهییەتی قەتڵەکانو نیازی بکوژان بە هاسانی ئاشکرا دەکەن. ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی یەك بە دوای یەکی ئەو کۆمەڵە ژنە بیٚ‌پەناو چارەڕەشانەدا هەیە، بە خەیاڵی خۆیان ئەرکێکی شەرعی (امر به معروف و نهی از منکر) بەجیٚ دەگەیەننو بەم جۆرە دەیانەویٚ ماکەی فەساد لەنێو بەرن. بەڵام کیٚ هەیە نەزانیٚ کە کوشتنی مرۆڤ، ئەویش نەك یەكو دووان، بەڵکوو دەیان کەس ،"لە پێناوی بەجیٚ گەیاندنی ئەرکی شەرعی"و وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەوانەی بە ناوی ئەڵڵاوە بە سەر خەڵك‌دا حکوومەت دەکەن، بە بیٚ وەرگرتنی "فتوا" لە مەرجەعێکی مەزهەبیو بە بیٚ‌دڵنیایی لە پشتیوانیو هاوکاریی دامو دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەو حکوومەتە، مومکین نیە. ئەگەر ئەم ئیددیعایە ڕاست نیە، چۆنە دوای یەکساڵو ئەنجامدرانی ١٩ قەتڵو پاش ئەوەی کوژرانی یەك بەدوای یەکی ژنەکان بەو شێوە دڵتەزێنە، ویژدانی مرۆڤایەتیی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا هەژاند، تازە "سەربازانی بیٚ‌ناوو نیشانی ئیمامی زەمان"و دەزگای جاسووسیو پۆلیسیو ئینتیزامی، بەئیددیعای خۆیان عامیلی ئەسلیی ئەو قەتڵانە دەدۆزنەوەو دەیگرن؟! ئەویش لە شارێك‌دا کە بەو هۆیەوە کە زێدی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەو، مەرقەدی ئیمامی هەشتەمی شیعەکان لەویٚ هەڵکەوتوەو هەمیشە ژمارەیەکی زۆر لە زیارەتکەران لە لاوەڕا رووی تیٚ دەکەن، گرنگیەکی تایبەتی بە ئەمنییەتەکەی دەدریٚ! هەر ئەوەش کە سەعیدی حەنایی ـ گیراوێك کە ئیددیعا دەکا ١٦ لەو ٢١ کوژراوەی بە دەستی خۆی لەبەین بردوون ـ لە یەکەم لێپرسینەوەکان‌دا شانازی بە جینایەتەکانی خۆی دەکا، وەك جێبەجیٚ کردنی ئەرکێکی ئایینیو ئیسلامی ناویان دەباو دەڵیٚ ئەگەر نەگیرابام، نیازم بوو ١٥٠ کەسی دیکە لەو جۆرە ژنانە بکوژم، مانای ئەوەیە دەزانیٚ ئەو گرتنو لێکۆڵینەوانە هەمووی فشەو ڕواڵەتینو، هەروەك "سەعیدی عەسکەر"یان، لەسەر جێبەجیٚ کردنی ئەرکی شەرعی! و هاودەستەکانی فەللاحیانو سەعیدی ئیمامی‌یان "لە

سەر لەنێوبردنی دوژمنانی نیزامی ئیسلامی"هیچ لێنەکرد، ئەویش هیچ لێناکەن‌و سەبارەت بە بەڕێوەبردنی زۆرباشی ئەرکە پێ‌ئەسپێردڕاوەکانی، لەوانەیە ڕێزیشی لێ‌بگیرێ.

ئێستا کە قەتڵگەی ژنانی لەشفرۆش ـ بە هۆی کۆبوونەوەی ڕق‌و تووڕەیی خەڵکی مەشهەدو ئاشکرا بوونی عامیلی ئەسلیی ژنکوژی لەو شارە ـ بۆ تاران گوێزراوەتەوە، پێش‌بینی دەکرێ لەو شارەو شارەگەورەکانی دیکەی وڵاتیش، شاهیدی زنجیرەیەکی دیکە لەوچەشنە قەتڵانە بین کە لە مەشهەد ڕوویان داوە. هەروا کە لە مەشهەد، بە دوای پێکهاتنی حاڵەتێکی نائاسایی‌و چاوەڕوانیی تەقینەوەی ڕق‌و تووڕەیی خەڵك، کاربەدەستانی هێزی ئینتیزامی بەوتەی خۆیان ٥٠٠ ژنی لەشفرۆشیان کۆکردۆتەوە، دوور نیە لە شارەکانی دیکەش دوای پێکهێنانی جەوی وەحشەت، هەر ئەو کارە بکەن. بێگومان دەسەڵاتبەدەستانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە هەموو ئەو جۆرە جینایەتە مەبەستدارو سازماندڕاوانە بە فەرمان‌و ئیشارەی ئەوان دەکرێن، مەبەستی جۆراوجۆریان لە ئەنجامدانی ئەو جینایەتانە هەیە. بەڵام لە نێو ئەوان دا، دووانیان لە هەموویان بەرچاوترن:

مەبەستی یەکەم مەیدان تەنگ کردن بەوانەیە کە باسی ئیسلاحات‌و دانی هێندێك ئازادی بە هاونیشتمانان لە بواری جۆراوجۆردا دەکەن‌و دەیانەوێ وانیشان بدەن کە لە ئاکامی هاتنەگۆڕی ئەو جۆرە داوایانەو لەسەر کاربوونی دەوڵەت‌و مەجلیسێکی نەزۆر پابەند بە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکاندا، فەساد وڵاتی داگرتوە.

دووهەم مەبەست ڕاکێشانی سەرنج‌و پشتیوانیی کۆمەڵانی دەمارگرژی مەزهەبی لە ژێر ناوی بەربەرەکانیی توندو شێلگیرانە لەگەڵ فەسادو بێ‌ئەخلاقی‌و دیفاع لە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان دایە تا بەم جۆرە وێڕای پێشگیری لە "ریزش"و دابڕانی لەوە پتری لایەنگرانیان، ڕێگا بۆ زاڵ کردنەوەی دەورەیەکی دیکە لە سەرکوت‌و ملهوڕی‌و بێ قانوونی، بە تەواوی خۆش بکەن.

بەڵام ئایا بەڕاستی پەرەگرتنی فەسادو لەشفرۆشی‌و قاچاغی مەوادی موخەددیرو ئیعتیاد، بە کوشتنی کەسانێك کە خۆیان قوربانیی ئەو دیاردانەن، یا بە دەرکردنی

کۆمەڵێك بڕیاری توندوتیژو بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بە گوێرەی "فتوا"و "ئەمر" و"عەقل"ی کۆمەڵێك ئینسانی دەمارگرژو وشکە مەزهەبی، خاشەبڕ، دەبێ؟ مەگەر ئێران زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ژێر سێبەری نیزامێکی ئیسلامیداو بە گوێرەی یاساو ڕێوشوێنەکانی ئەو نیزامە بەڕێوە نەچووە؟ مەگەر تا ئێستا چەندین جار ئەو گەڕەكو شوێنانەی بەوتەی کاربەدەستان ناوەندی فەساد بوون، وێران نەکراونو دەیان ژن بە تاوانی بێئەخلاقی سەنگسار نەکراونو هەزارانیان تووشی شەللاق لێدرانو زیندان نەبوون؟ ئەدی چۆنە لە شارێکی مەزهەبیی وەك مەشهەد، ژنانی لەشفرۆش ئەوەندە زۆرن کە بە یەك ڕۆژ ٥٠٠ کەسیان دەگیرێن؟ یا چۆنە کە شاری قوم کە مەکۆی پەروەردەکردنی زۆربەی زۆری ئەو ئاخوندانەیە کە ئەمرۆ بەڕێوەبەرو هەڵسووڕێنەری کاروباری کۆماری ئیسلامیین، بە هەزاران کەس لە ژنانی لەشفرۆشی بۆلای خۆی ڕاکێشاوەو لە ژێر ناوی "سیغە"دا درێژە بە لەشفرۆشی دەدەن؟

دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ئەوانەی بە ئاشکرا یا نهێنی جڵەوی ئەنجامدەرانی قەتڵەزنجیرەییەکانی ژنان لە تارانو مەشهەدیان بەدەستەوەیەو بە ناوی دینو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەق بەخۆیان دەدەن فتوای کوشتنی ئەو ئینسانە لێقەوماوو بێئەنوایانە دەربکەن، لە هەموو کەس زیاتر شیاوی لێپرسینەوەو سزادانن‌و لە ڕاستیدا ئەگەر قەرار بێ ماکەی پیسیو فەساد لە وڵاتەکەمان بسڕینەوە، دەبێ پێش هەمووان ئەوان بکێشرێنە پای موحاکەمە. نەك هەر لە بەر ئەوەی لە بواری داوێنپیسیو بێ ئەخلاقیدا، کەم کەس دەسکیان لە دوو دەکا، بەڵکوو زیاتر بەو هۆیە کە بە تێگەیشتنی تایبەتیی خۆیان لە دینو دەسەڵاتو بە سیاسەتە چەوتو کۆنەپەرستانەکانیان، وڵاتی ئێرانیان تووشی ڕۆژگارێکی ئەوەندە ڕەش کردوە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی بۆ بژیوی ڕۆژانەیان بەناچار پەنا بۆ لەشفرۆشی دەبەن .

(*) "تاوانی پیرۆز" (جنایت مقدس) ناوی یەکێك لە فیلمەکانی "رضا علامەزادە"یە کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە بارەی جینایەتو تێرۆرەکانی کۆماری

ئیسلامی، دروستی کردوەو لەو فیلمەدا علامەزادە پەردەی لەسەر بەشێك لەو جینایەتانە لاداوە کە بەڕێوەبەرانی ئەو ریژیمە بە ناوی ئەللاو بە قسەی خۆیان لە پێناوی ئیسلام دا ئەنجامیان داوە!

## ڕاهاتن بە دیتنی دڵڕەقیو وەحشیگەری!

دووپاتبوونەوەی کردەوەیەك، ڕووداوێك یا دیاردەیەك ـ بەهەر ڕادەیەکیش ناخۆش بێ ـ لەلایەك و، لە لایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوەی پەیتا پەیتای هەواڵو ڕاپۆرتو دیمەنەکانی ئەو جۆرە ڕووداوو کردەوانە لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا، وا لە مرۆڤ دەکەن ئەو ڕووداوانەی پێشتر جاروبارو بە دەگمەن ڕوویان دەداو هەر بەم بۆنەیەوە، بە توندی دەیان هەژاند، ئەو کاریگەرییەی جارانیان لەسەر هەست و بیری نەمێنێ. وای لـێ دێ بەرە بەرە، ئەوانەی پێشتر هەست و ویژدانیان بەم جۆرە ڕووداوانە بە توندی بریندار و ناڕەحەت دەبوو، تەنانەت ئەوانەش کە مەترسیو هەڕەشەو ئاکامەکانی ئەو جۆرە دیاردەو ڕووداوانە، ڕووی لەوانە، پێیان ڕابێنو، وەك واقیعییەتێکی لەچارنەهاتووی ژیانی خۆیان سەیریان بکەنو خۆیانیان لەگەڵ بگونجێنن. کۆمەڵێك کە ئەم کارەساتانەشیان تێدا ڕوو دەدا، هەروەها بیروڕای گشتییش، کەم کەم پێیان ڕادێن و، ئەو لەسەر هەست بوون، بێزاری، دژکردەوەو هەڵوێستەی جاران لەم پێوەندییەدا دەیان نواند، لە کەمیی دەدا.

ئێمە لە حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی دیکەی کوردستانی ئێران کە چەندین ساڵە پەڕیوەی کوردستانی عێراق بووین، دەتوانین تێرۆرو بەناهەقکوژرانو مەرگی مەزلوومانەی هاوبیرانو هاوڕێیانمان لەم بەشەی کوردستان لە نەوەدەکانی دەیەی ڕابردوودا وەك نموونە بێنینەوە کە ئەگەر پێشترو لە یەکەم جارەکاندا، شەپۆلێك لە نەفرەتو بێزاریی لە نێو ڕێکخراوە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانو کۆمەلانی خەڵکدا وەڕێ دەخستو سۆزو هاودەردیو هاوپێوەندیی ئەوانی بۆ لای ئێمەو بنەماڵەی قوربانییەکان ڕادەکێشا، دواتر بە هۆی دەیانو سەدان جار دووپاتبوونەوەی تێرۆرو تەقەلێکرانی ئازادیخوازانی کوردی ئێرانی، کارەساتەکە

وەك شتێکی ئاسایی، سەیری دەکراو کەفوکوڵی بێزاری دەربڕینو مەحکوومکردنو هاودەردیو هاوپێوەندی لەگەڵ قوربانییەکان، نیشتبۆوە.

هەر لە دەیەی ڕابردوودا، لە ئەلجەزاییریش، ئەوکات کە کەم شەو هەبوو ئیسلامییە توندڕەوەکان بەسەر دێیەك، یا ماڵە نووسەرو هونەرمەندێکدا نەدەنو بە ناوی پیرۆزی ئەڵلاوە، لەبەرچاوی بەمۆڵەق وەستاوو زمانی شکاوی منداڵان، دایكو بابەکانیان سەرنەبڕن، لە سەرەتادا هەر کە هەواڵێك لە بارەی ئەم چەشنە وەحشیگەرییانە، لە ڕادیۆو تەلەویزیۆنو ڕۆژنامەکان بڵاو دەبۆوە، مرۆڤ مچوڕکی بە لەشدا دەهاتو حەزی دەکرد بە زمان، بە نووسین، هەر نەبێ لە پاڵ خۆیدا، لەگەڵ قوربانییەکان هاودەردی بکاو بە جۆرێك لە جۆرەکان نەفرەتو بێزاریی خۆی لەم هەمووە دڵڕەقییە، دەرببڕێ. بەڵام دووپاتبوونەوەی جینایەتەکانو پڕبوونی چاوو گوێو مێشکی مرۆڤ لە هەواڵو ڕاپۆرتو دیمەنی کارەساتەکان، گوێگرو بینەرو خوێنەرو بیروڕای گشتیی بەرامبەر بە شوێنەوارو کاریگەرییەکانی ئەوان، "واکسینە" کردبوو.

نموونە لەو بارەوە زۆرن. ئەو توندوتیژیو تەقینەوەو هێرشو پەلامارە خوێناوییانەی توندڕەوانی ئیسرائیلیو فەلەستینی بۆ زەبر وەشاندن لە خەڵکی یەکتر پەنایان بۆ بردوەو دەیبەنو، هەر جارەی لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا دووپات دەبنەوە، نموونەیەکی دیکە لە تیرۆریزمو توندوتیژی و وەحشیگەرییەکن کە مرۆڤی ئەو سەردەمە پێیان ڕاهاتوە. بۆچی دوور بڕۆین؟ ئەوەی لە "خێڵی حەمە" ڕوویدا، لە یەکی شوباتو لە ڕۆژی جێژنی قوربان لە هەولێر شاهیدی بووین، لە کەرکوكو لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسدا زوو زوو دووپات دەبنەوە، کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبر لە نیویۆرك، تەقینەوەی ویستگەی شەمەنەفەر لە مادرید، بە بارمتە گرتنی چەند ڕۆژ لەمەوبەری سەدان منداڵی قوتابخانە لە بیسلان، هەموویان نوێنگەی ئەو پەڕی دڕندەییو دڵڕەقی کەسانێکن کە ئامادەن بە هاسانیی خواردنەوەی پەرداخێك ئاو، مرۆڤە بێتاوانەکان لە پێناوی بەرەوپێشبردنی مەبەستە سیاسییە ناڕەواکانی خۆیاندا لەنێو ببەن. سنوورەکانی تاوانو جینایەت بە جۆرێك خراونەتە ژێر پێ

و، ڕێوشوێنە ئینسانیو ئەخلاقییەکان بە جۆرێك پێیان ڕێ‌خراوە، کە دیمەنی سەربڕینی مرۆڤە سڤیلو بێ‌تاوانەکان، لەلایەن ئینسانکوژەکانەوە بە ڕووهەڵماڵاوییەوە لە ئینتێرنێت‌دا پیشان دەدرێ، منداڵانی بێ‌بەری لە هەموو تاوانێك لە نێو پاسو لە نێو پۆل‌دا، دەتەقێندرێنەوەو، تاوانکاران بە "شانازی"یەوە هەواڵی ئەنجامدانی جینایەتەکەیان ڕادەگەیەنن.

پڕمەترسیتر لە پەرەئەستاندنی ئەو هەمووە دڕندەییە، ڕاهاتنی مرۆڤایەتیو بیروڕای گشتی بە جینایەتو وەحشیگەریی تێرۆریستانو ئینسانکوژانە. ئەم ڕاهاتنە وا دەکا هەنگاوەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆرو ڕەشەکوژیو دۆزینەوەو چارەسەرکردنی هۆیەکانی ئەم هەموو دڵڕەقیو دڕندەییو توندوتیژییە، سست ببن. نازانم چۆن دەکرێ پێش بەو ڕاهاتن و عادەتکردن بە وەحشیگەری بگیرێ، ڕەنگە ڕێگایەك بۆ زیندوو ڕاگرتنی بڵێسەی ڕقو تووڕەیی لەو جۆرە کردەوانە، ئەوە بێ لە هەر جێگایەك وەحشیگەرییەك ڕوو دەدا، خۆمان لە جێگای قوربانییەکان، یا دایكو باوكو خوشكو براو کچو کوڕو خۆشەویستو دەزگیرانی ئەوان دابنێین تا بە هەموو وجوودمانەوە هەست بە قووڵیو گەورەیی کارەساتەکان بکەین. شانبەشانی ئەو کارەش، بیرێك لەو هۆیانە بکەینەوە کە بواریان بۆسەرهەڵدانی تێرۆریزمو توندوتیژیو پەنابردنی دەستەو تاقمو گرووپە جیاوازەکان بۆ بارمتە گرتنو خۆکوژیو کوشتنی خەڵکی ئاساییو بێتاوان، خۆش کردوە. با بە دەنگێ هەڵبڕین لە دژی هەرچەشنە زۆرداریو ناهەقییەك کە لە نەتەوەیەك، ئایینێك، ڕەگەزێك، فەرهەنگێكو کەمایەتییەك دەکرێ، بە پشتگری لە جێبەجێبوونی کێشەکان لەسەر بناغەیەکی دادپەروەرانە، نەك زۆردارانە، چەکی تێرۆریزمو وەحشیگەری لە دەست ئەو دەوڵەتو دەستەو تاقمانە بێنینەدەر کە دەیانەوێ بە زۆرو ملهوڕیو توندوتیژیو لەنێوبردنی ئینسانە بێتاوانەکان، ویستەکانیان بێننە دی.

*لە ژمارە ٣٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## جیهانێکی ئەمنتر، بەرپرسایەتی هاوبەشی ئێمە

(وەرگێڕان لە فارسیەوە)

کومیتەی پایەبەرزی (ڕاسپێردراو لەلایەن) سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی نوامبری ڕاپۆرتێکی لە بارەی هەڕەشەکان، قەیرانەکان و گۆڕانەکانی جیهان بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆرتە کە یەکێك لە گرنگترین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەژاری، برسیەتی، تێرۆریزم، چەکە کۆمەڵکوژەکان، ئایدز و شەڕە نێوخۆییەکان بە گرنگترین هەڕشەکان بۆ سەر جیهانی ئەمڕۆ دادەنێ.

لەم ڕاپۆرتەدا کە ناوی "جیهانێکی ئەمنتر، بەرپرسایەتی هاوبەشی ئێمە"ی لەسەر دانراوە، پاش ئاماژە بە مەترسیی ڕوو لە گەشەی تێرۆریزم لە جیهان دا هاتوە: هێرشەکانی ئەلقائیدە بۆ سەر زیاتر لە ١٠ وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوار قارەی جیهان دا، نیشاندەری هەڕەشە کردنی ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی ئەو ڕێکخراوەیە.

ڕاپۆرتەکە هەروەها لە بواری کۆنترۆڵکردنی ماددە ناوکی، ڕادیوئەکتیڤ، شیمیایی و میکرۆبیدا، ڕاسپێرییەکانی خۆی هێناونەوە گۆڕێ و داوای کردوە بە مەبەستی پێشگیری لەم هەڕەشانە هەنگاوی لەشساغیی پێویست بنرێن.

ڕاپۆرت وێڕای ئاماژە بەوە کە تێرۆریزم لە کەشوهەوایەکی پڕاوپڕ لە ناهومێدی، سووکایەتی پێکردن، هەژاری، سەرکوتی سیاسی، توندڕەوی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەروەها لە ژێر سێبەری کێشە ناوچەییەکان و داگیرکاری لە دەرەوەڕا، گەشە دەکا، ڕادەگەیەنێ کە تێرۆریستەکان لە لاوازیی وڵاتان لە بواری جێگیر کردنی نەزم و قانووندا، کەلك وەردەگرن .

کومیتەی پایەبەرزی ڕاسپێردراو لە لایەن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕای سپاردوە کە ئەم ڕێکخراوە و سکرتێرە گشتییەکەی دەبێ ڕۆڵی ڕێبەری لە برەو پێدانی ستراتیژییەکی گشتگیریان دا هەبێ. ئەم ستراتیژییە دەبێ هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری، کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری، برەوپێدانی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، جێگیرکردنی حکوومەتی قانوون و ڕیفۆرمە دیمۆکراتیکەکان، تێکۆشان بە مەبەستی بەربەرەکانێ لە گەڵ توندڕەوی لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە و پەرەپێدانی ئامرازی باشتر لە هاوکاری بە دژی تێرۆریزمدا بگرێتەوە. ڕاپۆرت داوا دەکا کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچی خێراتر وتوویژەکانی خۆی لە بارەی کۆنڤانسیۆنێکی گشتیگر لە بارەی پێناسەی تێرۆریزم تەکمیل بکا.

ڕاپۆرتی کومیتەی پایەبەرز لە بواری مەترسیی زۆربوونی چەکە ناوەکییەکان لە جیهاندا، لە زمانی پسپۆرانەوە دەڵێ: ئەگەر هێرشکی ئەتۆمی لە شارێکی گەورەدا ڕوو بدا، سەدان هەزار و لەوانەیە زیاتر لە یەك میلیۆن کەس بکوژێ و لانیکەم تریلیۆنێك دولار زیاتر زیان بە بازرگانیی نێونەتەوەیی دەگەیەنێ. ڕاپۆرت پاش ئاماژە بە گرنگترین نیگەرانییەکان لەو بوارەدا دەڵێ: دەوڵەتی ئامریکا پێش‌بینیی کردوە کە لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوودا ١٥ تا ٢٥ وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی سەر هەڵ دەدەن. هێندێکی دیکە پێش‌بینیی سەرهەڵدانی ٥٠ وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی‌یان کردوە. لە ساڵی ٢٠٠٤دا تەنیا ٨ وڵات خاوەنی زەررادخانەی ناوکی بوون. ڕاپۆرت ئەنبارەکانی مادەی ناوەکی و ڕادیۆئەکتیڤ بە مەترسییەکی گەورەی دیکە ناو دەبا و دەڵێ: ئەمڕۆ ١٣٠٠کیلوگەرەم ئورانیۆمی چڕ کراو لە ڕێئاکتۆرە تەحقیقاتییەکانی ٢٧ وڵات دا هەیە.

کۆمیتەی پایەبەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەو بەشەدا باسی هەڕەشەی چەکە شیمیایی و میکرۆبییەکانیش دەکا کە ڕوو لە زیاد بوونن. لەو بارەوە دەڵێ: هەر ئێستا ٦٠٠٠ کارخانەی بەرهەمهێنەری ماددە شیمیاییەکان هەن کە دەکرێ وەك ئیمکان و دەرەتان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی میکرۆبیو شیمیایی کەلکیان لێ

وەربگیرێ. کومیتە باسی ئەوەی کرد کە لە کارگاکانی تێرۆریستاندا هێندێك چەکی میکرۆبی دۆزراوەتەوە و پێی لەسەر ئەوە داگرتوە ئەگەر میکرۆبی "تیراوێ" (سیاەزخم) وەك چەك بەکار بهێنری، لە تەقینەوەی بۆمبێکی ناوەکی کەم مەترسیتر نیە. یەك گرەم میکرۆبی "تیراوێ" ئەگەر وەك چەك کەلکی لێ وەربگیرێ ۱۰۰۰۰۰ تا یەك میلیون کەس دەکوژێ.

ڕاپۆرت پاشان باسی دیاردەکانی هەژاری، نەخۆشیو تاوانکاری لە جیهانیدا کردوە. لەم ڕاپۆرتەدا ۱۰۱ ڕاسپاردە بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ گرینگترین هەڕەشەکانی جیهانی ئەمڕۆ پێشنیاز کراون .

*لە ژمارە ۴۰۲ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## ئەو کاتەی ڕێبەرانی ڕێژیم، خۆیان و نیزامەکەیان دەکەنە گەپجاڕی مێژوو!

کاتێك دەزگای سەرکوت و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی پاش ریز کردنی ئەو هەموو بوختان و درۆیە بۆ مامۆستای فەرزانەو ئەدیبی گەورەی ئێران عەلی ئەکبەری سەعیدیی سیرجانی ـ هەر لە نۆکەری بێگانە و بەکرێگیراوی دوژمنانەوە بگرە تا نێربازی ـ و دوای دیق پێکردنی ناوبراو لە زینداندا، بەوپەڕی بێشەرمی و ڕووهەڵماڵاوییەوە ڕایگەیاند کە ناوبراو بەر لە مردنی وەها کەوتبووە ژێر تەئسیری کردەوە و ڕەفتاری جوان و ئینسانیی مەئمووری بازجوویی خۆی کە "منقلب" ببوو و تۆبەی لە ڕابردووی چەپەڵی خۆی کردبوو و هەر بەو بۆنەیەوە نامەیەکی ریّز و پێزانینی بۆ مەئمووری گۆرین بە دەسخەتی خۆی لە ژێر ناوی "بازجوی عزیز!" دا نووسیبوو؛

یا کاتێك کە وەزارەتی ئیتیلاعاتی ریژیمی ئیسلامی ئێران، پاش نزیکەی ٢ مانگ بێسەروشوێن کردنی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئێران ئاغای فەرەجی سەرکووهی و ڕاگەیاندنی ئەو درۆیە کە ناوبراو لە ئێرانەوە چۆتە ئەڵمان و لەوێ ون بووە، لە فڕۆکەخانەی مێهرئاباد لە بەرامبەر دوربینەکانی کاناڵە تەلەویزیۆنییەکانی ریژیم دا قوتی کردەوە و هەموو ئەو درۆ و دەلەسانەی مەبەستی بوون بە ناوبراوی دووپات کردنەوە تا دەرکەوێ کۆماری ئیسلامی درۆی نەکردوە و ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە لەو ماوەیەدا بۆ خۆی بێخەیاڵ لە دەرەوە خولاوەتەوە؛

ئەو لایەنەی ڕووداوەکە کە ئەو مرۆڤانە لە بەرامبەر ویستی تاقمێك جەللاد و شەییاددا، بۆچی بە چۆك داهاتوون و سەرەڕای ناو و ناوبانگ و بیروبۆچوون و هەڵوێستە ناسراوەکانیان و ڕابردووی بەربەرەکانییان لەگەڵ دیکتاتۆری و

کۆنەپەرستیدا، ئاوا تەسلیمی ویستی ئەشکەنجەگەران بوون و چییان لێیویستوون نووسیویانە و هەرچی ئەوان پێیان خۆش بووە گوتوویانە؛ بۆ منیش وەك زۆر کەسی دیکە گرنگ نەبوو. چونکە دەمانزانی لە حاڵێك دا وەحشیگەری، بێئەخلاقی، دڵڕەقی و ڕەفتاری دژی ئینسانیی ئەشکەنجەگەران و جەلڵادەکانی ئەو ڕێژیمە هیچ سنوورێك ناناسێ، خۆڕاگری، توانای جیسمی و مەعنەویی ئازادیخوازانی دیل و بەند کراو ـ بە هەر ڕادەیەکیش مەزن بن ـ سنوورێکی هەیە.

شتێك کە لەو نێوەدا بەلامەوە زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێش بوو، ترس و وەحشەتی ڕێژیمێك بەو گشتە دامو دەزگایەی سەرکوت و بەو هەموو لەشکر و جبەخانەوە و بە تێکڕای ئیمکاناتی لە ژماردن نەهاتووی تەبلیغاتییەوە و بە کورتی بەم حەمکە فڕوفیشاڵەوە لە چەند نووسەر و ڕووناکبیر بوو کە جگە لە بڕوا بە ئازادی و بێجگە لە قەڵەمەکەیان و ئەو کتێب و گۆڤارانەی بە هەزار زەحمەت، "لەژێر ڕەحمەتی چەقۆدا"و لە سێبەری تێرۆرو بە پووڵی گیرفانی خۆیان، بڵاویان دەکردنەوە، هیچی دیکەیان بۆ دیفاع لە بایەخە بەرزەکان و بۆ دڕدان بە شەوەزەنگی تاریکی و ڕاماڵینی تاریکی و جەهلو خوڕافە، شك نەدەبرد.

ئێستا دوای ئەوەی ژمارەیەك لە سیناریۆنووسان و دەرهێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە فیلم و شانۆسازییانە بۆخۆیان، یا ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە کارەکانیان بووە، لە بەرەکەتی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك و لە سایەی ململانێی نێوخۆیی قۆڵەکانی ڕێژیم لە چەندساڵی ڕابردوودا، تیشکیان هاویشتۆتە نێو "تاریکخانەی ئەشباح" و ئیدی چۆنیەتیی سازکردنی ئەو جۆرە فیلمو شانۆسازیو دداان پێدانانە زۆرەملێیانە لە کەس شاراوە نەماون؛

تازە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ڕۆژنامەنووسێکی پیر و بەڕێزی وەك سیامەکی پوورزەندی بە حەفتاو چەند ساڵ تەمەنەوە و پاش چەندین مانگ بێسەروشوێن کردن و ئەشکەنجەدان ـ هەر لە نزیك ئەو شوێنەی فەرەجی سەرکووهییان لە بەرامبەر چەند فیلمهەڵگر و هەواڵنووسی دەست نیشانکراودا

ڕاگرت ـ وەقسە هێناوە تا رابگەیەنێ کۆماری ئیسلامی ڕاست دەکا: خۆیو ڕۆژنامە زنجیرەییەکان و ڕۆژنامەنووسە ئازادیخوازەکان و تەنانەت ژنەکەشی (خاتوو مێهرئەنگیز کار) هەموویان سەر بە بێگانەن و بە سازی دوژمنانی ئیسلام و نیزام هەڵدەپەڕن! دەست بەجێش جەنابی وەلیی فەقیهی موسوڵمانان و نوێنەرەکانی و داموو دەزگا و بنیاتە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەکانی سەر بە پاوانخوازان، ئەو قسانەی بە ناوبراو دووپات کراونەوە، دەکەن بە بەڵگە و بیانوو بۆ وەرێخستنی هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسە ئازادبیرەکان و تاقم و کەسایەتییە جیابیرەکان. بەو سەرکەوتنەشیان خۆ ڕادەنێن و بەخۆ دەنازن!

بە شوێن دیتنی ئەو شانۆسازییە پڕ شەرمو شوورەیییەی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ شتێکی باشتر لە نامەکەی ئاغای فەرەجی سەرکووهی بۆ "ابطحی" جێگری حوقووقی و پارلمانیی خاتەمی، سەرکۆماری ریژیم شك نابەم تا بە هۆی ئەوەوە نەفرەتی خۆم لە دەسەلاتدارانێك دەرببڕم کە بە یارمەتیی ئەو جۆرە شانۆسازییانە دەیانەوێ تەمەنی ریژیمەکەیان دریژ بکەنەوە. ئاغای فەرەجی سەرکووهی لە نامەکەیدا دەنووسێ:

..."منیش وەك هەر ئێرانییەکی دیکە کە هێشتا توانای شەرمەندەبوونیان هەیە، شەرمەندەم. کێ دەتوانێ پیرەمێردێکی ئاوا تێكشکاو لە بەرامبەر دووربینەکانی ملهوڕاندا و لە کاتی دووپاتکردنەوەی ئەو درۆ و بوختانە هەڵبەستراوانە کە ئەشقیای زەمانە بە زەبری شەللاق و دەستبەندی قەپانی و زیندانی تاکەکەسی و زۆر ئەشکەنجەی جیسمی و ڕووحیی دیکەدا، بەسەریان داسەپاندوە، ببینێ و شەرمەندە نەبێ؟. . . دەبێ وەك ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دڵ و دەروون کوێر و بێخەبەر بی تا نەزانی و نەبینی کە لە کارەساتی ئەو وتوویژانەدا کە بە فەرمان و بە زەبری شەللاقەوە دەکرێن، نەك قوربانییەکانی وەك پوورزەند، بەڵکوو ئەوە دەستووردەران و بەڕیوەبەرانن کە خۆیان و نیزامەکەیان دەکەنە گەپجاڕی مێژوو."

*لە ژمارە ٣٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## ئـەدی لەبـــارەی ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە کوردستـانەوە دەڵــێن چی؟!

کوردەکانی ئێران بەگشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، لەبارەی ناسینو هەڵوێستێك کە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، هەر لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە هەیانبووە، هەقیانە بە خۆیان بنازن چونکە:

لە حاڵێكدا نەك هەر کۆمەڵانی ساویلکە و دەمارگرژ، بەڵکوو زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانیش فریوی ریاکاری و دروشمەکانی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنەرەکەیان خواردبوو و بە شۆڕشگێر، دژی ئیمپریالیست، لایەنگری هەژاران و زەحمەتکێشان، دوژمنی زۆرداری و چەوساندنەوە و پشت و پەنای ژێردەستان و زۆرلێکراوانی جیهانیان دەزانین و چووبوونە سەنگەری دیفاع لەو ڕێژیمەوە، خەڵکی کوردستان و لە پێشەوەی ئەوان حیزبی دێموکرات، هەڵنەخەڵەتان. ئەوان هەر لە هەوەڵەوە شتێکی زۆر سادە و ساکاریان کرد بە مەحەکی ڕاست و درۆ بوونی ئیددیعاکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی. گوتیان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، - زۆربەی هەرە زۆری– هەم موسوڵمانە، هەم لە مێژساڵە ژێردەست و زۆرلێکراوە، هەم ڕابردوویەکی دوور و درێژ و خوێناویی لە خەبات بە دژی دیکتاتۆریی پەهلەویدا هەیە. هیچ کاتێکیش پێگە و پشتیوانی ئیمپریالیزم نەبووە و زیاتر لە زۆر نەتەوەی دیکە غەدر و جەوری دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکانی دیوە. هەر لەو کاتەشدا گەلێکی هەژار و زەحمەتکێش و بێبەشە. ئەگەر ئەو ڕێژیمە و ڕێبەرەکەی، سەرەتاییترین ویست و داخوازەکانی ئەو گەلەیان ـ کە نە دژی ئیسلام و نە دژی سەربەخۆیی ئێران و نە دژی بەرژەوەندی هیچ یەك لە گەلانی دیکەی ئێران و وڵاتانی دراوسێن ـ

قبووڵ کرد، ئەوە مانای ئەوەیە دروشم و ئیدیعاکانیان ڕاستن. بەڵام کاتێك بەچاوی خۆیان دیتیان خۆمەینی و ڕێژیمەکەی ئامادە نین ددان بە هیچ مافو ئازادییەکی گەلی کورددا بنێن و زمانی زۆر و سەرکوت و دەستی دەستی پێکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بەکار دێنن، پێ بە پێی ئەم هەڵوێست و ڕەفتارانەش، دیتیان لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش، هەموو ڕۆژێك بەشێوەیەك دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازەوە وەردەگیرێنەوە، بێ هیچ گومان و دوودڵییەك، لە بەرامبەریدا ڕاوەستانو بە سەربەرزیو شانازییەوەش نرخی ئەو سەردانەنواندنو بەربەرەکانییەیان دا.

ئێستا کە چەند ساڵێکە ڕەوتی هەڵگەڕانەوە لە کۆماری ئیسلامی- تەنانەت لە نێو ئەوانەدا کە نزیکەی دوو دەیە خزمەتیان بەو ڕێژیمە و ئامانج و مەبەستەکانی کرد و لە مۆرە هەرە گرنگەکانی بوون- دەستی پێ کردوە، زۆر رەخنە و لە قاودان لە زمانی ئەوانەوە لەبارەی نێوەرۆك و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەبیسین و دەخوێنینەوە. بەبێ ئەوەی بمەوێ توسقاڵێك لە بایەخ و نرخی ئەو رەخنەگرتن و لە قاو دانانەیان کەم بکەمەوە، دەڵێم ئەوان بە شتێك زیاتر و ڕاستتر لەوە نەگەیشتوون کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لە بیست ساڵ لەوە پێشەوە پێی گەیشتوون. ئەوە کە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا نایەنە دی؛ ئەوە کە گۆڕینی مۆرە و بەرپرسان و ڕێبەران نابێتە هۆی گۆڕانی نێوەرۆکی ئەو نیزامە؛ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە بێ قەیران خوڵقاندن لە نێوخۆی وڵات و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا؛ ئەوە کە دینی ئیسلام و ناوی خوا بوون بە ئامرازێك، تا تاقمێکی دەسەڵاتپەرست بە هۆی ئەوانەوە فەرمانڕەوایی و خودایەتی بەسەر خەڵكدا بکەن؛  ئەوە کە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕای هەموو دروشم و ئیددیعایەکیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلو . . .دا، ئەگەر ڕۆژێك بەرژەوەندی ڕێژیمەکەیان بخوازێ بۆ هەموو سات و سەودایەك لەگەڵ ئەوان ئامادەن؛ ئەوە کە "قانوون"و "هەڵبژاردن"و "دەنگی خەڵك"، هیچ ڕێز و ماناو

ئێعتیبارێکی لەو نیزامەدا نیەو تەنیا بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی ئەمڕۆیی لەو نیزامە بۆگەنە ناویان هەیە و هێندێك جار بە کار دەهێنرێن؛ بەڵی هەمووی ئەو قسانە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە لایەن حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانەوە، دەگوترێنەوە.

دیارە ئەوە جێگای خۆشحاڵییە کە نەك هەموو خەڵکی وڵات، بەڵکوو یارانی وەفاداری تا دوێنێی ئەو ڕێژیمەش، ئێستا ئەم ڕاستییانەیان بۆ دەرکەوتوە و بە "تەپی ئەعلا" لە قاوی دەدەن. بەڵام زۆر خۆشتر دەبوو ئەو جەنابانە و هەموو ئەوانەی بە کاوەخۆ ، هاتوونە سەر قسەی  خەڵکی کوردستان و یەکەمین بەرهەڵستکارانی زۆرداری و کۆنەپەرستی، واقیعبینی، ناسینی قووڵ و شەهامەت و ئازایەتیی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات کە زۆربەیان ڕۆژێك بە تاوانێکی گەورە و نەبەخشراویان لە قەلەم دەدا، وەبیر بێننەوە و بۆ جارێکیش بووە ددان بەوەدا بنێن کە هەقە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بە بۆنەی پێشڕەوبوونیان لە بەربەرەکانیی ئەو ڕێژیمەدا و سەبارەت بە ساڵانێکی زۆر خۆڕاگریی خوێناوی لە بەرامبەر زۆرداری و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێزی شیاویان لێ بگیرێ.

کەسانێکی وەك عەبدوڵڵا نووری، ئەکبەری گەنجی، ئایەتوڵڵا تاهیری و قاسمی شوعلەسەعدی و. . . بێگومان مرۆڤێکی زۆر ئازان کە بێ ئەوەی ئێران و ژیان لە سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا بەجێ بێڵن، بڕیار دەدەن ئەو ڕاستییانەی بۆیان دەرکەوتوە ، چی دیکە لە سینگی خۆیاندا حەشاریان نەدەن. ئازایەتیی ئەوان لەوە دایە کە دەزانن چ نرخێکی گران بۆ درکاندن و ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییانە دەبێ بدەن، بەو حاڵەش مل لە چەقۆ دەسوون. خوزگە ئەو ئازایەتییەشیان دەبوو بڵێن حیزبی دێموکرات و گەلی کورد و هەموو ئەوانەی پێش ئێمە لە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە گەیشتن و کەوتنە بەربەرەکانی کردنی، بە هەڵە نەچووبوون و دوژمنان هانیان نەدابوون، بەڵکوو واقیعبینانە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامییان لێك دایەوە و هەر بەو پێیەش ئازایانەتر، بڕیاریان دا.

*لە ژمارە ٣٥٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## ڕێژیمێکی یاغی لە خەڵك و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، نابێ چەکی ناوکیی هەبێ!

تێکۆشانی شاراوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانو هەوڵدانی بەنهێنیی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە مێژە سەرنجی ئەمریکاو هێندێك دەوڵەتی دیکەو دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بەم جۆرە دامەزراوو هەولانەی راکێشاوەو بووە بە مایەی نیگەرانییان. بەڵام هیچ کات وەك ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی، ڕێژیمی ئێران بۆ لەقاودانی توانا ئەتۆمییەکانی نەخراوەتە ژێر فشار. ئەو فشارانەی لە دوای یازدەی سێپتەمبرەوە تا هاتوە زیادیان کردوەو لەم چەند مانگەی دواییدا بە تەواوی بەرەوژوور چوون.

فشارهێنانی ئەمریکا بە تایبەتیو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە گشتی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران پێوەندییەکی ڕاستەخۆیان بەو مەترسیانەوە هەیە کە دەتوانن کارەساتی وەك یازدەی سێپتەمبریان لێبکەوێتەوە. ئەو مەترسیانە بریتین لە دەستڕاگەیشتنی دەوڵەتانو تاقمە یاغییەکان بە چەکی کوشتاری بەکۆمەڵو کەلکوەرگرتنی ئەوان لە تێرۆریزم. ئەو مەترسیانە دەتوانن سەقامگرتوویی جیهانو ئیرادەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ جێگیر کردنی ئاشتی، لەگەڵ هەڕەشەی جیددی بەرەوڕوو بکەن. کەلکوەرگرتن لە تێرۆریزمو پشت ئەستوور بوون بە چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستی دژی ئینسانیو ڕاوەستان لە بەرامبەر ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆندا، لەمێژە بووە بە بەشێکی سەرەکی لە ڕێبازو ڕەفتاری ئەو دەوڵەتو تاقمانەی کە دەیانەوێ وەك یاغیی نێونەتەوەیی بمێننەوەو لەگەڵ جیهانی ئەم سەردەمەدا، خۆیان نەگونجێنن.

دەوڵەتو تاقمە یاغییەکان هەروا کە لە وڵاتی ژێر دەسەڵات یا ناوچەی تێکۆشانی خۆیاندا، بە ڕێگای زۆرو سەرکوتو هەڕەشەو تۆقاندن، خۆیان بەسەر

خەڵکدا سەپاندوەو بە گوێرەی ویستو سەلیقەو ئارەزووی خۆیانو بە دوور لە هەرچەشنە ڕێوشوێنێکی ئینسانیو دیموکراتیك، وڵاتو کۆمەڵ بەڕێوە دەبەن، دڵگەرم بە چەکی کوشتاری بەکۆمەڵو کردەوەی تێرۆریستییش، دەیانەوێ جیهان بە بارمتە بگرن. لە لایەکەوە دیوارێکی ئاسنین بە دەوری وڵاتی ژێر دەسەڵاتیانو شوێنی تێکۆشانیاندا دەکێشن تا جیهان هیچ چەشنە ئاگادارییەکی لە جۆرو چەشنی ڕەفتارو کردەوەی ئەوان لەگەڵ ئەو خەڵکەی خۆیان بەسەردا سەپاندوون نەبێو، خەڵکەکەش نەتوانن لە دەست ستەمو دەستدرێژیی ئەوان، هانا بۆ هیچ جێیەك بەرن. لە لایەکی دیکەشەوە لە هەر چەشنە هاوکارییەك لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو بوارانەدا کە پێوەندیی بەوانەوە هەیە، خۆدەبوێرنو لە بەرپرسایەتیو تەعەهودەکانیان لە ئاستی نیهادو دامەزراوە نێونەتەوەییەکاندا خۆ دەدزنەوە. نەك هەر ئەوە، بگرە هەوڵ دەدەن ویستو داواو بۆچوونەکانی خۆشیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن. هەر کاتیش ڕەوتی ڕووداوەکان بە گوێرەی ویستی ئەوان نەچووە پێش بە تواناو ئیمکاناتی خۆیان بۆ تێکدانی ئەمنییەتی ناوچەو جیهانو بە هەڕەشەی زەبروەشاندن لە قازانجو بەرژەوەندی دەوڵەتە بەنفووزو بڕیار بەدەستەکانی جیهان، دەخوڕن.

هەرکام لەو ڕێژیمە توتالیترو دیکتاتۆرانەی بە هەبوونی چەکی ئەتۆمیو میکرۆبی، یا هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانیان ناسراون، هەر یەك لەو حکوومەتو تاقمانەش کە پەرەپێدەرو پشتیوانی تێرۆریزمن، سەر بە هەر ئایینو مەزهەبو نەتەوەیەك بنو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، دەسەڵاتو تێکۆشانیان هەبێ، لە دەرەوەی ئەم قاعیدەیە نین. لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بگرە تا حکوومەتی کومونیستیی کورەی شیمالی، لە تالیبانو ئەلقاعیدەی سوننی مەزهەبو حیزبوڵڵای شیعەوە تا دەگاتە تاقمو دەستە تێرۆریستو توندوتیژخوازەکانی دیکە لە ئورووپاو ئەمریکاو هەر جێگایەکی دیکەی جیهان، یەك تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە: خۆبواردن لە دابین کردنی مافو ئازادییە ئینسانیو دیموکراتیکەکانی خەڵکی وڵاتی خۆیانو مل نەدان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسیارەتیو دەروەستانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خستوویەتە سەر شانیان.

لەیەك قسەدا ئەوان یاغین، هەم لە خەڵکی خۆیان، هەم لە خەڵکی جیهان‌و، دەشیانهەوێ بە یاغیگەری درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. بۆ ئەوەی ئەم هەوایەشیان بۆ بچێتە سەر، پێویستە ئامرازێکی کاریگەری وەك تێرۆریزم و چەکی کۆمەڵکوژ لە دەست نەدەن !

مەنتیق‌و هاندەرو دڵگەرمیی ئەوان لە ڕەفتارو هەڵس‌و کەوت لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیان‌و جیهاندا، نەك هەقانییەتی ویست‌و داواکانیان‌و ڕەوایی خۆیان، بەڵکوو تواناو ئیمکاناتیان بۆ ترساندنی بەرامبەرەکانیان‌و مانەوەیان لە دەسەڵات یا گەیشتن بە دەسەڵات بە هەر نرخێکە. ئەگەر وانەباو بەڕاستی لەبەر هەقبوونی داواکانیان‌و ڕەوایی خۆیان دڵنیا بان، لە شێوەو ڕێگاو ئامرازی دیموکراتیك‌و ئینسانی‌و دنیا پەسند بۆ هێنانەگۆڕ یا بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانیان، کەلکیان وەردەگرت‌و لەم ڕێگایەوە، هەم لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆیان‌و هەم لە رادەی نێونەتەوەیی‌دا بە میلیۆن پشتیوانیان بۆخۆیان پەیدا دەکرد کە بێگومان ئەو پشتیوانییە میلیونییە، هێزوتوانایەکی گاریگەرتر لە تێرۆریزم‌و چەکی ئەتۆمی‌و میکرۆبیی دەخستە ئیختیار ئەوان.

لە بەختی ئەو گەڵ‌و کۆمەڵانەی بارمتەی ئەو جۆرە یاغییانەن‌و، لە بێ‌بەختیی ئەو جۆرە ڕێژیم‌و تاقمانە، ئەمڕۆ بەرژەوەندی زۆربەی وڵات‌و دەوڵەتە گەورەو بەنفووزەکانی جیهان‌و سەقامگرتوویی‌و ئاشتیی نێونەتەوەیی، لە گرەوی پەرەپێدان‌و جێگیر کردنی دیموکراسی‌و ئازادی لە سەرانسەری جیهاندایە. پەرەپێدان‌و جێگیر کردنی ئازادی‌و پێکهێنانی ئاشتی‌و سەقامگرتوویش بەبێ بەچۆكدا هێنانی ئەم جۆرە ڕێژیم‌و تاقمانە لە بەرامبەر خەڵکی وڵاتی خۆیان‌و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌دا جێبەجێ نابێ.

ئێستا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خراوەتە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێژیمانەی سەبارەت بە هەوڵ‌و تێکۆشانە ئەتۆمیە نهێنی‌و گوماناوییەکانیان، دەبێ وەڵامی پێویست بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بدەنەوە. ئەوەش تەواو لە جێی خۆی دایە. چونکە ئەو ڕێژیمە جگە لەوەی بۆخۆی لە هاوڕێیەتی نەکردن‌و کارشکێنی جیهان لە زۆر بواردا دەستی باڵای هەیەو بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لەو بەرپرسایەتی‌و

تەعەهودانە کە لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی ئێران‌و جیهان‌دا دەکەونە سەر شانی دزیوەتەوە، هەموو کات ناوەندێك بووە بۆ پەرەپێدان‌و پشتیوانی لە تێرۆریزم‌و ئەوەندەی بۆی کرابێ لەگەڵ ئیرادەی جیهانی بۆ جێگیر کردنی ئاشتی‌و سەقامگرتوویی لە ناوچەدا، دژایەتی کردوە. جگە لەمەش ئەم ڕێژیمە نیشانی داوە کە ڕێژیمێکی نامەسئوولەو بۆ مانەوەی خۆی‌و بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانی، لە دەست بردن بۆ هیچ ئاژاوەو ئاڵۆزی‌و هەنگاوێکی تێکدەرانە، سڵەمینەوەی نیە. جا چ باشتر بەرلەوەی دەستی بە چەکێکی پڕمەترسیی وەك بۆمبی ئەتۆمی رابگاو، ڕاست لە هەلومەرجێك‌دا کە لە نێوخەڵکی وڵاتەکەی‌دا لەگەڵ ئەو پەڕی بێ‌بەشی لە مەشرووعییەت‌و مەقبووڵییەت بەرەوڕوویە، ئەم فشارەی بخرێتە سەر.

گومانی تێ‌دا نیە کە ئاکامی ئەو فشارە نێونەتەوەییە، لە هەر دوو حاڵەت‌دا، بە قازانجی گەلانی ئێرانە. ئەگەر ئەو ڕێژیمە ئامادە بێ رەگەڵ بەڵێننامەی ئیلحاقیی کۆنوانسیۆنی پێشگیری لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی بکەوێ، بۆ سەردان‌و لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەران‌و چاوەدێرانی نێونەتەوەیی لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی مل بداو هەموو ڕاستییەکان لە بارەی هەوڵەکانی ڕابردووی ئاشکرا بکا (کە بەدوور دەزانرێ) ـ ڕێگای گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە خۆی دەبەستێ. ئەمەش بە قازانجی خەڵکی ئێرانە. چونکە ئەو ڕێژیمە ئامرازی بە بارمتەگرتنی دنیای لێ‌دەستێنرێتەوە. خۆ ئەگەر مل بۆ ویست‌و داواکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییش رانەکێشێ، لەگەڵ زنجیرەیەك فشارو سزای نێونەتەوەیی بەرەوڕوو دەبێ. ململانێ‌و بەربەرەکانی لەگەڵ ئیرادەی جیهانیش، لە هەلومەرجێك‌دا کە خەڵکی ئێران یەکپارچەتر لە هەمیشە دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکەن، تەنیا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە خێراتر دەکا .

*لە ژمارە ٣٦٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## قەتڵە زنجیرەییەکان، درێژەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی

لە ساڵڕۆژی ١٠ی دیسامبر ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەییەکاندا، ساڵڕۆژی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی ئەندیشەو قەڵەمو دەربڕینی بیروڕا، محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پوویەندە، ئەحمەد میرعەلایی، داریووشو پەروانە فرووهەر، سەعیدیی سیرجانی، غەففار حوسەینی، مەجید شەریف، ئەحمەد تەفەززولی، ئیبراهیم زالزادە، حەمید حاجیزادە، جەمشیدی پەرتەوی، پیرووز دەوانیو هتددا، رادەگەیەنین کە ئەو قەتڵە سیاسییانە، درێژەی کوشتارە بەربڵاوو ترسێنەرەکانی ساڵەکانی ٦٠ تا ١٣٧٦ن. خەڵکی ئێران داواکاری موحاکەمە کردنی دەستووردەرانی قەتڵە سیاسییەکانی ئێران بە تاوانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتین. ئێستا کە پێنج ساڵ لە هاتنەگۆڕی داوای گشتیی خەڵکی ئێران لە بارەی ئاشکرا کردنی ڕاستیەکانی پێوەندیدار بەو قەتلانەو بەڕێوە چوونی عەدالەت لەبارەیانەوە رابردوە، ریژیمی ئیسلامی جگە لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت، گرتنو زیندانی کردنو ئەشکەنجەدانی لەقاودەرانی ئەو جینایەتانەو کەسانێك کە ڕاستیەکانیان ئاشکرا کردوون - پارێزەرانی بنەماڵەکانی قوربانییەکانی قەتڵە سیاسییەکان - هەنگاوێکی دیکەی نەناوە".

ئەم دێڕانە بەشێك بوون لە بانگەوازی چەندین ناوەندو ئەنجومەنو دامەزراوی دیموکراتیكو مرۆڤدۆستی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات کە لە پێنجەمین ساڵی کارەساتی قەتڵە زنجیرەییەکانی ئێراندا، داوایان کردوە "کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ئێران وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی بناسرێ"و خوازیاری ئەوە بوون بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە بۆنەی ئەو تاوانانەوە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا موحاکەمە بکرێن. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە بارەی

قەتڵە سیاسییەکانی ئێران لە پێنج ساڵەی تیرۆری ژمارەیەك کەسایەتیی ڕووناکبیر، فەرهەنگیو ئازادیخوازدا دەبێ بگوترێ، لەو بانگەوازەدا زۆر بەجوانی هاتوە:

**قەتڵی نەیارانو موخالیفانی سیاسی، دیاردەیەکە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی**

لەنێوبردنی موخالیفانو سەرکوتی هەرچەشنە نارەزایەتییەك بە شێوەی جۆراوجۆر، شتێك نیە تایبەت بە قۆناغێك لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی. زۆر لەوانەی چارەنووسیان لە چارەنووسی ئەو ڕێژیمە گرێ دراوەو بەشێکن لەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرو دژی ئینسانییە، هەموو هەوڵیان ئەوەیە وا نیشان بدەن کە تەنیا لە قۆناغێك لە تەمەنی ئەو ڕێژیمەو لەبەر هێندێك هۆی تایبەتی، بۆ وێنە خۆخزاندنی کاربەدەستو مۆرەی سەرەڕۆو قانوون شکێن لە دەزگا ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکاندا، کەسانی ئازادبیرو نارازیو موخالیف لەنێو براون! بەڵام ئەوە درۆیەکی ئاشکرایەو هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە. سەرکوتی ئازادیخوازانو پیلان دارشتن بۆ لە نێوبردنیان لە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە هەر هەبووە. هێرش بۆ سەر هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی داواکاری ئازادیو دیموکراسی بوونو لەمەش زیاتر راگەیاندنی شەڕ لە دژی ئەوانو ئەو خەڵکەی پشتیوانی ویستو داواکانیان بوون، هەموویان بەشێکن لە سیاسەتی لەنێوبردنی موخالیفانو نارازییەکان. شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان، تورکمەن سەحرا، بەلووچستانو لەنێوبردنی هەزاران تێکۆشەرو ئازادیخواز لە زیندانەکاندا لە جەوهەرو ماهییەتدا لەو پیلانانە کە بۆ کوشتنی کەسایەتییە ڕووناکبیرو فەرهەنگییە ئازادبیرەکان دارێژراونو بەڕێوەچوون، جیا نین.

**قوربانییەکانی قەتڵە زنجیرەییەکان هەر ئەوانە نین کە لە پاییزی ١٣٧٧دا کوژران**

تەنانەت شەخسی خاتەمی، سەرکۆماری ڕێژیمیش کە ڕایگەیاند قەتڵی فرووهەرەکان، موختاریو پوویەندە بە هۆی "عوامل خودسر"ی نێو وەزارەتی

ئیتلاعات ئەنجام دراون، هێشتا ددانی بەوەدا نەناوە کە ئەم قەتڵانە درێژەی ئەو تاوانەن کە پێشتر لە دژی دەیان کەسایەتیی سیاسی، مەزهەبیو فەرهەنگیی ناڕازیو هەر بە هۆی دامودەزگا ئەمنییەتیو ئیتلاعاتییەکانی ئەو ڕێژیمەوە بەڕێوە چوون. بەڵام کێ هەیە نەزانێ ئەوانەی هەر لە سەروبەندی ئەو قەتڵانەدا رفێندرانو تەرمەکانیان لە بیابانەکانو دەرەوەی شارەکان فڕێ دەدرا، هەروەها زۆر کەسایەتیی دیکەی وەك سەعیدیی سیرجانی، ئەحمەد میرعەلایی، برایم زالزادە، مەلا محەممەدی رەبیعیو هتد کە بە شێوەیەکی گوماناوی، گیانیان لێ ئەستێندرا، هەموویان بە پێی بەرنامەو ڕاست بەو هۆیەوە کە لە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمەو سیاسەتەکانی ناڕازی بوونو رەخنەیان لێ دەگرت، لە لایەن دەزگا ئەمنییەتیو ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، کوژران.

خەڵکی ئێران نەك هەر لەو بارەوە کەمترین گومانیان نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ناسینی ماهییەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانو ئەو ڕاستییە کە ئەوان بۆ پاراستنی دەسەڵاتو بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانیان، دەست لە هیچ جینایەتو پیلانێك ناگێڕنەوە، مەرگی لەپڕو گوماناویی زۆر کەسایەتیی بەستراوە بەو نیزامەشیان، بە کاری دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم زانیوە. بۆ وێنە تا ئێستاش قبووڵیان نەکردوە کە کەسانێکی وەك تاڵەقانی، شەریعەتمەداری، ئەحمەدی خومەینی، بە مەرگی سروشتی مردوون .

**دانانان بە هێندێك قەتڵی سیاسیی پاییزی ١٣٧٥، شتێك بوو لە ڕووی ناچارییەوە**

ئەگەر خاتەمی، ددانی بەوەدا نا کە قەتڵی فڕووهەرەکانو پوویەندەو موختاری بە هۆی چەند مۆرەیەکی سەرەڕۆ لە نێو وەزارەتی ئیتلاعاتدا بەڕێوە چوون، لە ڕووی ناچارییەوە بوو. گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێرانداو، بڕوا بەخۆهێنانی ئەو بزووتنەوەیە بە دوای ئەو شکستە تاڵەدا کە لە جۆزەردانی ٧٦دا تووشی دەسەڵاتپەرستانی پاوانخوازی کردبوو، بوونی هەلومەرجێکی نوێ بۆ کارو تێکۆشانی چاپەمەنیی سەربەخۆو ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان لەو کاتداو، بەسترانەوەی ئابڕووو ئیعتیباری سەرکۆمار بە هەڵوێستێك کە لەو پێوەندییەدا دەبوو گرتبای، خاتەمییان ناچار کرد بۆ پاراستنی ئابڕووی

خۆی‌و بۆ پێشگیری لە تەقینەوەی ڕقوتووڕەیی خەڵك، بەرپرسایەتیی ئەو چەند قەتڵە بخاتە سەر چەند مۆرەیەکی وەزارەتی ئیتلاعات. بەو حاڵەش ئامادە نەبوو ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆی‌داو تەنانەت وەزارەتی ئیتلاعات بە تەواوی، لەو جینایەتانەدا بە تاوانبارو بەرپرس بناسێ.

**لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چەند قەتڵەش‌دا، عەدالەت بەڕێوە نەچووە**

دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ لە قەتڵی فڕووهەرەکان‌و پوویەندەو موختاری‌و، لەبەر ڕووناکایی ڕەفتارو کردەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا دەتوانین بڵێین هەموو هەوڵی دەسەڵاتداران‌و بەڕێوەبەرانی ڕێژیم بە خاتەمییشەوە ئەوە بووە کە ١ـ مەسەلەی قەتڵە سیاسییە زنجیرەییەکان لە مەرگی ئەو چەند کەسەدا سنووردار بکرێ. ٢ـ لانی کەمی ڕاستیەکانی پێوەندیدار بەو چەند قەتڵە ئاشکرا بکرێن‌و تا ئەو جێگایەی دەکرێ ڕاستیەکانیش بشێوێندرێن ٣ـ تاوانبارانی ئەسڵی کە پایەبەرزترین دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەن، کەس بۆی نەبێ باسیان بکاو، چەند مۆرەیەکی دەرەجە چەندەم‌و خوارەوە مەحکووم بکرێن‌و سزا بدرێن ٤ـ ئەوانەی شێلگیرانە بۆ گەیشتنی هەق بە هەقدارو بەڕێوەچوونی عەدالەت‌و لەمەش زیاتر ناساندنی تاوانبارانی ئەسڵی‌و ڕوونکردنەوەی هۆو هۆکارەکانی قەتڵ‌و تاوانەکانی پێشوو تێ‌دەکۆشن، بە توندی سزا بدرێن‌و دەمکوت بکرێن.

**تاوانەکانی ئێستاش درێژەی تاوانەکانی پێشوون‌و سەرچاوەکەیان دۆزراوەتەوە**

ئەگەر دادگای میکۆنووس بە لێکۆڵینەوەی وردو ئازایانەی لە کاتی ڕاگەیشتن بە پەروەندەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی‌دا، زۆر لە ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد، ڕۆژنامەنووسە ئازاو بوێرەکان‌و وەکیلە نەترس‌و ئەرکناسەکانی نێوخۆی وڵاتیش لە دوای قەتڵە زنجیرەییەکانی پاییزی ساڵی ١٣٧٧ەوە، بە قیمەتی لە مەترسی هاویشتنی خۆیان توانیویانە زۆر لایەنی دیکە لە بارەی کارو هەڵسووڕانی دامودەزگا سەرکوتکەرو جینایەتکارەکانی ئەو ڕێژیمە، لەقاو بدەن. گرنگترین ڕاستی کە بە باشی دەرکەوتوە ئەوەیە نیوەرۆکی دژی ئینسانی‌و ناتەبا لەگەڵ ئازادی‌و مافەکانی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی‌و سیستمی دەسەڵاتدارەتییەکەی ـ کە

خەڵك بە کردەوە نە نەخشێکیان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتداراندا هەیەو نە دەتوانن لێیان بکۆڵنەوە ـ سەرچاوەی ئەو تاوانو جینایەتانەن. هەروەها لە هەر دوو ئەو هەوڵە پیرۆزانەدا کە بۆ ناساندنی ماشێنی تێرۆرو ئینسانکوشتنی کۆماری ئیسلامیدراون، ئەو ڕاستییە دەرکەوتوە کە لە پشت هەموو ئەو جینایەتانەدا، ڕێبەرانو بەڕێوەبەرانی ڕێژیمو لە سەرووی هەموانەوە وەلیی فەقیە، هەن. دەستووردەرانی ئەو تاوانانەو پشتیوانانی ڕاستەقینەی جینایەت خوڵقێنەکان هەروا جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەو، ئەو هەڵبژاردنە جۆراوجۆرانەی لە ئێراندا بەڕێوە دەچن، تەئسیرێکیان لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەواندا نیە.

**کوشتاری ئازادیخوازان، تاوان دژی مرۆڤایەتییەو نابێ بێسزا بمێنێتەوە**

ئەوە کە شەریفترین کەسایەتییەکانی ئێرانو یەك لەوان محەممەد جەعفەر پوویەندە کە چەند کتێبی بە نرخی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، لەبەرەبەری ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤدا بە دڵتەزێنترین شێوە گیانیان لێ دەسێندرێ؛ ئەوە کە کەسایەتییەکی بۆ دنیا ناسراوی وەك دوکتور قاسملوو، ئەو پەیامبەرەی ئاشتی لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر دەکرێ؛ ئەوە کە لەبەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییدا، چەندین ڕۆژنامە لە ئێران بە یەك فەرمان دادەخرێن؛ ئەوە کە پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانییەکانی قەتڵە زنجیرەییەکانو خوێندکارانی سەرکوتکراوو شەلاڵی خوێن دەخرێنە زیندانو هێرشکەرانو تاوانبارانو خوڵقێنەرانی جینایەتەکان بە ئازادی لە شەقامەکاندا دەخولێنەوەو پلەو پایەیان دەچێتە سەر؛ ئەوە کە هەڵبژێراوان بە دەنگی خەڵك لەسەر هەر ڕەخنەیەك کە لە دەسەڵاتدارەتیی دەگرن، موحاکەمە دەکرێنو، ئەوانەی خەڵك بە راشکاوی نەفرەتو بێزاریی خۆی بەوان نیشان داوە، هەروا خۆیان بەسەر چارەنووسی ئێرانییەکاندا سەپاندوە؛ هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە ئێراندا گاڵتەیان پێدەکرێو بە هیچ دادەنرێن.

بەسەرنجدان بەو ڕاستییانەو بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە تا کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لەسەر کاربێ، ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی خەڵکی ئێران بەو مافو

ئازادییانەیان کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون نیە، پشتیوانیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامیو هاودەنگی لەگەڵ ئەوان بۆ ناسینی بەرێوەبەرانی ئەو رێژیمە وەك جینایەتکارو دوژمنی مرۆڤو مرۆڤایەتی، ئەرکێکی ئینسانی، پیرۆزو پێویستە. پشتیوانیی جیهانییەکان لەم داوایەی خەڵکی ئێران، خزمەتە بە خەڵکێك کە شایانی ئەوەن دەستیان بە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆیان رابگا.

*لە ژمارە ٣٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## خەتی خوار لەبن سەری گای پیر دایە

چەند ساڵ لەوە پێش کە قەتڵە زنجیرەییەکان لە ئێران ڕوویان دا، ڕۆژنامەنووسە بوێرەکانی ئێران‌و ڕاگەیەنەکانی دەرەوە هەوڵیان دەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە دەستووردەری ئەسڵیی ئەم جۆرە قەتڵانە کێیە؟ پێش ئەو کاتەش، کاتێك کە تێکۆشەرانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئورووپاو وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان یەك بە دوای یەكدا بەهۆی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێو دەبران، پولیس‌و دامودەزگای قەزایی ئەو وڵاتانەو ڕۆژنامەنووسان‌و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕان کە لێخورڕو فەرمان بەدەستی یەکەمی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی کێیە؟ ئێستاش کە بە خۆشییەوە پەردە لەسەر هاوکاریی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ مۆرە گرنگ‌و گەورەکانی ئەلقاعیدە لادراوە، بۆ زۆر کەس ئەو پرسیارە هاتۆتە گۆڕێ کە یارمەتیدان‌و شاردنەوەی فەرماندەران‌و بەرپرسانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە ئیجازەو ڕەزامەندیی کام مەقام‌و کاربەدەستی ڕێژیم بووە.

وەڵامی ئەو پرسیارە وەك هەموو جارێ ئەوەیە: "خەتی خوار لەبن سەری گای پیر دایە". ئەو کەسەی یەحیا رەحیم سەفەوی، فەرماندەری سپای پاسدارانی راسپاردبوو تا زمانی نووسەران‌و ڕووناکبیران ببڕێ‌و ملیان بپەڕێنێ؛ ئەو کەسەی، لێکۆڵینەوی دادگای میکۆنووس دەری‌خست سەرۆکی کۆمیتەی تێرۆر لە نیزامی ئیسلامیی ئێران دایە؛ هەر ئەویش سوپای پاسداران‌و دامودەزگاکانی دیکەی ئەو ڕێژیمەی راسپارد هاوکاریی ئەلقاعیدە بکەن‌و لەم ڕێگایەوە زەبر "لە ئیستکباری جیهانی‌و لە سەرووی ئەوان ئەمریکاو ئێسرائیل بدەن". ئەو جەنابە خامەنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. فەرموون سەیری ئەم بەڵگەیە بکەن‌و بە چاوی خۆتان ببینن!

## هاوکاری لەگەڵ ئەلقاعیدە لە سەر ڕەزامەندیو فەرمانی خامەنەیی

زۆر نهێنی

ژمارە ٤ ـ ٣٣٥ ـ ٨٠/م /س

تاریخ ١٣٨٠/٢/٢٤

لە: سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی زانیاریی ڕێبەری

بۆ: بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێزی ئیدارەی عەمەلیاتیی ٤٣

بابەت: ڕاگەیاندنی دەستوور لە بارەی بڕیارەکانی مەقامی بەرزی ڕێبەری "دامت برکاتە"

بەڕێز "حجت الاسلام والمسلمین" جەنابی ئاغای پور قەنناد "دامت توفیقاتە"!

لەگەڵ دوعاو سڵاو

وێڕای ئارەزووی سەرکەوتنو بەختیاریی خۆتو کارمەندانی ڕاستگۆو بوێری ئەو ئیدارەیە.

ئاکامی ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانەی جەنابت لە بارەی گومان ڕەواندنەوە لەسەر لایەنگری لە بەرنامەکانی داهاتووی ئەلقاعیدە، ڕوانگەو بۆچوونی جۆراوجۆر کەوتنە بەر باسو هەڵسەنگاندنو سەرئەنجام بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە، مەقامی بەرزی ڕێبەری بە پێداگرتنەوە، فەرموویان: خەبات لەگەڵ ئیستکباری جیهانی لەسەرووی ئەوانەوە ئەمریکاو ئیسرائیل، بەشێکی دانەبڕاوو ئامانجی سەرەکیی نیزامی ئیسلامیی ئێمەیەو عەیبدار کردنی نیزامی ئابووریو بێئێعتبار کردنی کۆڵەکەکانی دیکەی ئەو دوو دوژمنە بە یەکگرتوویی نیزامی ئیسلامی، لە پاکانە حیسابی سیاسیداو، لە مەترسی خستنی سەقامگرتووییو ئەمنییەتی ئەوان واجبو پێویستە. جەنابیان بە پێداگرتن لەسەر وشیاریی تەواو لە مەیدانی تێکۆشاندا خوازیاری سەرنجدانو وردبوونەوەی زیاترتان بوون. هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی ئاکامە نالەبارەکانو داهاتووی ئەو هاوکارییە، فەرموویان: بە هۆی ستادی کردنی ئەم خەباتە ڕوو لەگەشەکردنە، مەیدانی تێکۆشانی دوژمنان لە ڕێگای هاوکاریی نزیکتر لەگەڵ کۆڵەکەکانی دیکەی

ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی نێوخۆییو لایەنگرانی خاریجییەوە، هەرچی پتر بەرتەسك بکەنەوەو هەوڵ بدرێ لە کاردانەوەی دەسکەوتەکانتاندا هەموو کاروبارێکتان بخرێتە چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ئیدارەی پارێزگاریی ناوەندی ڕێکخراو. سروشتییە کە دیاریکردنو دەست نیشانکردنی زیانو خەسارەکان ئەرکی ئەو ئیدارە زەحمەتکێشو وشیارەیە. هەروەها بڕیار درا لە بواری پەرەپێدانی هاوکارییەکان لەگەڵ خەباتگێڕانی رایەڵکەی ئەلقاعیدەو حیزبوڵلادا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، پتر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکرێ. لە کۆتاییدا ڕەزامەندیی مەقامی بەرزی ڕێبەریو پشتیوانیی تەواوی ئەوتان لە بەرنامەکانی داهاتووی ئەو ئیدارەیە، پێڕادەگەیەنمو بە تێگەیشتن لەو ئەرکە گرنگو پڕمەترسییەتان، جەنابیان پێداگربوون کە نابێ چووکترین شوێن پێ کە نیشاندەری لایەنگری لە ئەلقاعیدە بێ بەجێ بهێڵن، چونکە دەتوانێ ببێتە هۆی ئاکامی زۆر نالەبارو قەرەبوونەکراوو، پێوەندییەکە هەر دەبێ لە چوارچێوەی ئێستادا "مقنیەو الزواهری"، بمێنێتەوە. خوداوەندی گەورە لێتان رازی بێ.

"والسلامو علیکم و رحمت الله"

٢٠ی مانگی سەفەر

عەلی ئەکبەری ناتیقی نووری

سەرۆکی دەزگای ئیتلاعاتی ڕێبەری

مۆری دەبیرخانەی ئیدارە ڕۆژی هاتن: ١٣٨٠/٢/٢٤

ریزبەندی: خ.م [خیلی محرمانە ـ زۆر نهێنی]

ئیمزا: محبی

ئەم بەڵگەیە لە سایتی "اخبار روز" وەرگیراوە

*لە ژمارە ٣٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە*



بسمه تعالی

خیلی محرمانه

جمهوری اسلامی ایران

سازمان اطلاعات رهبری

شماره: ۴-۳۳۵-۸۰۰م/س

تاریخ: ۱۳۸۰/۹/۲۴

پیوست: ندارد

طبقه بندی: خیلی محرمانه

از: ریاست سازمان اطلاعات رهبری

به: مدیر کل محترم اداره‌عملیاتی ۴۳

موضوع: ابلاغ دستوردرخصوص تصمیمات مقام معظّم رهبری «دامت برکاته»

خدمت حجت الاسلام والمسلمین جناب آقای پورقناد«دامت توفیقاته»

بادعا وسلام

ضمن آرزوی موفقیت وپیروزی برای شماوکارمندان صدیق وشجاع آن اداره،نتایج گزارشات اخیرحضرتعالی درخصوص رفع ابهامات درجانبداری ازبرنامه های آتی القاعده ،نگرشهاودیدگاههای متفاوتی موردبررسی قرارگرفت والنهایه دررفع ابهامات موجودباتأکید مقام معظّم رهبری ،ایشان خاطرنشان فرمودند :مبارزه بااستکبارجهانی ودرصدرآنان آمریکاواسرائیل ،جزء لاینفک ومقصداصلی نظام اسلامی مامی باشدوبموجب ساختن نظام اقتصادی وبی اعتبارساختن دیگرارکان این دودشمن متّحدنظام اسلامی درتنوع‌حساسیتهای سیاسی وبه خطرانداختن، اعتدال وامنیت آنهاواجب ولازم الاجرامی باشد،ایشان باتأکیدبرلزوم هوشیاری کامل درعرصه‌فعالیتهایشان خواستارتوجه بیشترگشتند،وهمچنین درتأکیدبه سنجش پیامدهای منفی وآتی درقبال این همکاری فرمودند،بابسته‌تر کردن این مبارزه روندرو به رشددرعرصه‌فعالیت دشمنان راهرچه بیشترباهمکاری نزدیکتربادیگرارکان اطلاعاتی وامنیتی داخلی وطرفداران خارجی تنگ نموده ،وسعی شوددربازتاب دستاوردهایتان کلیه‌امورزیرنظرمستقیم اداره‌حفاظت مرکزسازمان انجام گیرد،بااطلاع نیروتشخیص آسیبهاجزء حیطه‌وظایف آن اداره‌ازحمت کش وهوشیارمی باشد،همچنین مقرّرشددرجلسات بعدی درارتباط بارفع موانع اصولی ومشکلات دستیابی به اهداف وتحقّق وپیشرفت اموردرخصوص توسعه‌همکاریهابامبارزین شبکه‌القاعده وحزب الله دررسیدن به یک هدف مشخص بحث وتبادل نظرگردد،درخاتمه ابراز رضایت مقام معظّم رهبری وحمایت کامل ایشان دراجرای برنامه های آتی آن اداره رااعلام ویادرک وظایف خطیرشما،ایشان تأکیدنمودند،کوچکترین ردّپایی درجانبداری ازالقاعده که موجب پیامدهای منفی وغیرقابل جبران گرددبرجای نماندوبه همان رابطه‌فعلی ،مقبله والزواهری ،خلاصه گردد.ازخداوندمنّان تأییدات شمارامسئلت مینمایم.

«والسلام وعلیکم ورحمت الله»

علی اکبرناطق نوری

رئیس سازمان اطلاعات رهبری

۱۳ ۷۸ جمهوری اسلامی ایران سازمان اطلاعات رهبری

خیلی محرمانه

برابراصل رونوشت به اداره‌حفاظت مرکزجهت اجرای فرامین !

## "لەگەڵ تۆدا دەدوێم ئەی خاك!"

سەرماوەزی ساڵی ۱۳۷۷، بە دوای مەرگی بە پێوەی سەروە هەمیشە سەوزو سەربەرزەکانی ئازادی (داریووش‌و پەروانەی فەرووهەر)دا، نووسەرانی ئازاو ئازادەی وڵاتەکەمان، محمد مختاری، محمد جعفر پویندەو مجید شریف یەك بە دوای یەكدا، رفێندرانو پاش ئەوەی بە کێردو چەقۆ، گیانیان لێ ئەستێنرا، تەرمەکانیان فڕێ درا. لە بیرەوەریی ئەو ڕۆژە تاڵانەدا کە ئەوانی تێدا کوژران، وەرگێڕدراوی وتارەکەی کاظم کردوانی ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بڵاو دەکەینەوە کە بۆ کاتی بە خاکسپاردنی یەکێك لەو شەهیدانە، نووسیبووی:

ئەی خاك! دیاریم بۆ هێناوی، گوڵێکی "یاس"م بۆ هێناوی کە تیغی بێ مروەتو تاڵانکەری "داس" هەڵی بڕیوە.

ئەی خاك! لەگەڵ تۆدا دەدوێم. ئەو دیارییەی ئەمرۆ لە ئامێزی تۆدا دەسرەوێ، لە تەنیشت مێلاقەیەكدا سەر دنێتەوە کە هەر دوێنێ بوو بە تۆمان سپارد.

ئەی خاك! لە باشترینو ڕووناکبیرترین رولەکانت دیاریمان بۆ هێناوی .

ئەی خاك! کەس یا کەسانێکمان بە تۆ سپاردوەو دەسپێرین کە شەرەفی ئینسان بوونیان لە هەموو تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە بەرهەمی خۆیاندا، بەو پەری وەسواسەوە پاراست.

ئەی خاك! لە دڵی ئەبەدیی خۆتدا تەرمی نازەنینێك جێ دەکەیەوە کە یەکە یەکەی گەردیلەکانی وجوودی، ئەوینی ئازادیو خۆشەویستیی خەڵكو بێزاری لە ڕقو کینەیان لێ دەبارێ. ئەی خاك! ئێمە دۆستانو یارانی ئەم ئازیزە لەدەستچووانە، سوێند بە ویژدانمان دەخۆین کە ئەم کوژراوانەی دەستی جەهلو کینە، بە ڕادەیەك خولیای ئازادی بوون کە ئەو ئازادیی بیرکردنەوەیەی بۆ خۆیانیان دەویست، بێ

هیچ فەرقو جیاوازییەك، بۆ هەمووانیان داوا دەكرد. تەنانەت بۆ ئەو ڕاوچییە بیر كورتانەی ئاوا ناجوامێرانە، تیشەیان لە ڕیشەی ئەم گەورە دارە پڕ بەرهەمانە دا.

ئەی خاك! كەسانێكمان بە تۆ سپاردوەو دەسپێرین كە لە دووساتی كورتی "بوونو نەبوون"ی ژیانیاندا، بێ هیچ ترسێك لە هەزارو یەك گیروگرفتی ئاشكراو شاراوەی ڕۆژگار، بێجگە لە فەرهەنگی ئەم سەرزەوییە، جگە لە ڕزگاریی خەڵكو پێشكەوتنی كۆمەڵ، بیریان لە هیچی دی نەدەكردەوەو بە چاوی پرساو لێكدانەوەی فەرهەنگی جیهانو، ڕامانو وردبوونەوە لە فەرهەنگی كۆمەڵی خۆیان، بەشوێن ڕێگایەكدا دەگەڕان كە بتوانێ تەنانەت هەنگاوێك ئێمە لە شاڕێگای پێشكەوتنو بەرز بوونەوەی فەرهەنگیو كۆمەلایەتیدا، بەرەو پێش بەرێ.

ئەی خاك! تۆ خۆت شایەدی كە لە هەزاران نەمامێك كە لە هەناوی تۆوە سەر دەردێنن، تەنیا ژمارەیەكی كەم لەوان، ئەویش هەر بە چەندین ساڵ، دەبن بە داری پڕ لقو گەلاو بەرەو ئاسمان هەڵدەچنو لە بەرامبەر تۆدا بە حورمەتەوە دەوەستن. ئێمە ئەمرۆ شەرمەندەتین، بمانبوورە.

ئەی خاك! سەرەخۆشیت لێ دەكەینو هاودەردو شەریكی خەمتین. وتەی شاعیرێكی گەورەت لە پەژارەی لە دستچوونی شاعیرێكی گەورەی دیكەدا بۆ دەخوێنینەوە، بەڵكوو سوكنایی بە دڵە ماتەمبارەكەت ببەخشێ:

"ئینسانێك كە زانیویەتی بژیو هەموو ساتێكی تەمەنی مانای هەبووە، ئابڕووی كۆمەڵو پاڵپشتی سەربەرزیو بەشێك لە مێژووی میللەتێكە. تەنانەت ئەو كاتەش كە دەورو بەرەكەی بە دروستی دەركیان نەكردبێ... ، بوونی، فێركردنی حورمەت بوو و قسەی تێدانیە نەبوونیشی چوارچێوەیەكی ئەفسانەیی بەو حورمەتە دەبەخشێ(*)".

"(*)وتەی شاملوو لە پەژارەی مەرگی مهدی اخوان ثالث"دا

*بەشێك لەم وتارەم بەو هۆیەوە كە شێعر بوو، وەرنەگێرایە سەر كوردی.(وەرگێڕ)

**سەرچاوە:** گۆڤاری "آدینه" ژمارە ١٣٦، تایبەتیی مەرگی محمد مختاریو جعفر پوینده.

*لە ژمارە ٤٠٢ی ڕۆژنامەی "كوردستان" دا بلاو بووەتەوە*

## سەربڕینی ئەخلاق و ئینسانەتی بە ناوی ئایینەوە

جاری وایە مرۆڤ شتێك دەخوێنێتەوە، فیلمێك دەبینێ، ڕووداوێك دەبیسێ کە هەتا ماوەیەکی زۆر بیرو مێشکی بەجێ ناهێڵن. زۆر لەوە پێش لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بابەتێکم خوێندەوە کە تا ئێستاش وەك مۆتەکە بەربۆتە گیانمو، بیرم بەهەر لایەك دا بڕوا، ئەم ڕووداوە وەك تابلۆیەکی گەورە لەبەردەمی دا قوت دەبێتەوەو ناهێڵێ لەبیری بچێتەوە . . . ڕووداوو کارەساتێك کە لەبیرو زەینی مرۆڤ دا، شوێنەوارێکی تاڵ وەك یادگار بەجێدێڵێ تا لە چەشنی مۆتەکەیەکی دزێو بەردەوام لە دەرگای هزری ئەو بدا. گرنگیش نیە کە کاتو شوێنی ڕووداوەکە، کەیو کوێ بووە، چەندەی لێدوور کەوتۆیەوە، یان چەند دەیەی بەسەردا تێپەڕیوە. ئەوە گرنگە کە ڕووداوی گۆرین یەك ساتیش بەجێت ناهێڵێو چاو لە چاوت دەبڕێو، دەڵێ من "سیرم" لە زارکی کونەکەت ڕواوم، جا تۆ مار دەبی یان نا، کەیفی خۆتە. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی "کوردستان" لە من ڕووی داوە. هەروا بزانە کەس یا کەسانێك زانیویانە چ بەسەرهاتێك بگێڕنەوە، لە کێو کوێڕا دەست پێبکەن تا بە ناخی گیاندا بچێتە خوارو، ڕۆژگاری خوێنەرێکی وەك من ڕەش بکا. ئەوا ئێستا منیش دەمەوێ بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بۆتان بگێڕمەوە. با ئەوەش بڵێم هەرچی پتر هەوڵم داوە لەبیری خۆمی بەرمەوە، ئاکامەکەی پێچەوانەی بووە. . . ئەگەر دەتانەوێ بەلایەك کە ئەو بابەتە بەسەر منی هێناوە، بەسەر ئێوەدا نەهێنێ، باشترە دەست لە خێری خوێندنەوەی ئەو ڕیوایەتە بشۆن. من کارێکم بۆ ئاسوودەیی خەیاڵی خۆم کردوە، بەلام نامەوێ خەیاڵی ئێوە پەرێشان بکەم. دەمەویست لە دەست موسیبەتێك، کە ئەم بابەتەیە ئاسوودە بم، بەلام ئێوە هیچ ناچار نین خۆتانی پێوە گرفتار بکەن. ئەگەر خوێندتانەوەو تووشی هەر ئەو مۆتەکەو ترسو

وەحشەتو نەفرەتە بوون کە من تووشی بووم، مەڵێن پێی نەگوتین. ئەمە داستانی تاڵی سووکایەتیکردن بە خوشكو براکانمان لەوبەری ئۆقیانووسەکانە."

ئەمەی خوێندتانەوە، وەرگێڕدراوی "یاداشت هفتە" یا سەروتاری حەوتوونامەی فارسی زمانی "شهروند"، چاپی کانادا بوو کە سەرنووسەری ئەو حەوتوونامەیە، لە ژمارە ٣٤٧، هەینی، ٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٧٦ی "شهروند"دا، وەك پێشەکییەك بۆ بابەتێك لە ژێر ناوی "سەربازانی بێناوونیشانی ئیمامی زەمان"دا نووسیبووی. ئەم بابەتە، ریپورتاژێك بوو کە نووسەری ئەم دێڕانە، بەدوای دیتنی فیلمی ڤیدیۆیی داننانی چەند تاوانبارێك بە تاوانەکانیاندا، ئامادەی کردبوو. تاوانبارەکان کۆمەڵێك مێرمنداڵو لاوی تازەپێگەیشتووی کورد بوون کە بۆ بەدبەختیی خۆیانو بنەماڵەکەیانو نەهامەتیی نەتەوەکەیان، لە داوی دەزگای جاسووسیو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی کەوتبوون. ئەو دەزگا بەدناوە (وەزارەتی ئیتلاعات) بە مەبەستی تیرۆر، دەرمانداوکردنی بە کۆمەڵو زانیاری کۆکردنەوە، ئەم جۆرە کەسانەی ڕەوانەی بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو. بەڵام بەرلەوەی ئەوان "ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان" جێبەجێ بکەن، لەلایەن کومیتەی ئەمنییەتی حیزبی دیموکراتەوە شناسایی کرابوون. لە ڕەوتی لێپرسینەوەدا، ئەو گومانلێکراوو تاوانبارانە، بەرامبەر بە دووربینی فیلم هەڵگرتن، ددانیان بە چۆنیەتیی تێوەگلان لە هاوکاریی تۆڕو رایەڵکە جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامیدا نابوو. ئەو ڕەفتارانەش کە لەلایەن کاربەدەستانو مۆرە بەکرێگیراوەکانی ئەو دەزگایە لەگەڵیان کرابوو ـ تا پتر لە زەلکاوی خەیانەتو جینایەت ڕۆبچنو ڕێگای گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەیان نەبێ ـ بە وردی باسیان کردبوو.

لێرەدا ناکرێ بەسەرهاتی ئەو کۆمەڵە تاوانبارە، کە لە ڕاستیدا بۆخۆشیان قوربانی بوون جارێکی دیکە بگێڕمەوە(١)، بەڵام بۆ کەسانێك کە ئەم ڕۆژانە ددانپێدانانەکانی "گرووپی تێرۆریستی شێخ زانا"یان لە کاناڵی تەلەفزیۆنیی Ktv دیوە، تێگەیشتن لە سەربردەو چارەنووسی ئەو قوربانیو تاوانبارانەی من مەبەستمن، دژوار نیە. ئەوانیش، پاش ئەوەی کاری سێکسییان لەگەڵ کرابووو

فیلمیان لەوحاڵەتەدا لێ‌هەڵگیرابوو، کرابوون بە بارمتەی ئەو ڕازو نهێنییە ئابڕووبەرانەیەو، پێیان گوترابوو ئەگەر کردەوەی جاسووسیو ئینسانکوژیمان بۆ ئەنجام نەدەن، فیلمەکانتان بڵاو دەکەینەوەو خۆتانو بنەماڵەکەتان ڕیسوا دەکەین. خاڵێکی ویکچووی دیکە لە نێوان ئەم دوو سکاندالە سێکسی ـ تێرۆریستییە ئەوە بوو کە هەڵسووڕێنەرانی دەزگای تێرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامی ـ وەك "شێخ زانا"ی خاوەن تەکیەو بەرماڵو بە ڕواڵەت ئەهلی دیانەت، چەپەڵترینو دژی ئینسانیترین نیازو مەبەستەکانی خۆیان لە ژێر ناوی ئیسلامو خواپەرستیو دینداری‌دا بردبووە پێش!

ئەم پێشەکییەی سەرنووسەری حەوتوونامەی "شهروند" بۆ بابەتەکەی "کوردستان"، دەتوانێ قسەی دڵو هەستی هەموو مرۆڤە بە هەستو خاوەن ویژدانەکان بە دوای بینینی دانپێدانانەکانی "گرووپی تێرۆریستی شێخ زانا"دا بێ. بەڕاستی ئەوەی ئەم جەماعەتە بە ئیقراری خۆیان کردوویانەو، ئێمە تەنیا گۆشەیەکمان بیستوەو دیتوە، شتێك نین هەروا بە هاسانی بەسەریان دا تێ‌پەڕین. چونکە ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەیەكو تەنانەت نەتەوەیەکیان بریندار کردوە. هیچ قەسابێكو هیچ مریشكفرۆشێك بەو هاسانییە کە ئەندامانی ئەم گرووپە، ئینسانی بێ‌تاوانیان سەربڕیوەو لەتو پەتو قەڵتوبڕیان کردوون، گیان لە مەڕو بزنو مریشك ناستێنن!

ئەم ڕۆژانە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی دانپێدانانەکانی گرووپی تێرۆریستیی شێخ زانا"و گرووپی ئەنسار، ژمارەیەك میزگرد، وتوویژو بەدواداچوون لە ڕاگەیەنەکانی کوردستان‌دا بڵاو بوونەوە. هێندێك بەڕێز، کارو کردەوە شەرماویو بێزهەستێنەکانی ئەم گرووپەیان بە درێژەی "کەلتووری بەعس" ناوبرد. لەوەدا کە ڕێژیمی بەعس سەمبولی دڕندەییو جینایەت پیشەیی بووو لەو پێوەندییەدا هەموو سنوورێکی بەزاندبوو، هیچ گومانێك نیە. بەڵام ئەگەر لەخۆمان نەگۆڕین ئەنجامدانی پڕشوورەیی‌ترینو دڵتەزێنترین تاوانەکان بە ناوی پیرۆزی ئەڵڵاوەو، بە ڕەوا زانینی هەر جۆرە وەحشیگەرییەك لە ژێر پەردەی دینو ئیسلامو خوداپەرستی‌دا کەلتوورێکە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دایهێناوە. دیارە

شکاندنی کەسایەتی‌و ستاندنەوەی هوویەت لە مرۆڤ‌و، کردنی بە ئامرازێکی بێ‌ئیرادە بۆ ئەنجامدانی دزێوترین تاوانەکان، لە زۆر دامودەزگای جاسووسی‌و ئینسانکوژیی جیهاندا، شتێکی باوە. بەڵام تەنیا لە کەلتووری کۆماری ئیسلامی‌و ئەو دەستەوتاقمانەدا کە دین‌و ئایین‌و ناوی ئەڵلایان کردوە بە دوکانێك‌و کاسپیی پێوە دەکەن، ئەنجامدانی قیزەونترین تاوانەکان وەك دەستدرێژیی بە کۆمەڵ بۆ سەر مێرمنداڵێك، ناچارکردنی خوشك‌و برا بە ئەنجامدانی کاری جینسی لەگەڵ یەکتر، کوشتنی ئینسانی بێ‌تاوان تەنیا بۆ دەست لێڕاهاتن، سەربڕینی مێرمنداڵێکی١٦ساڵە ـ چونکە ڕێگای نەداوە رفێنەرانی، دەستدرێژیی بکەنەسەر- بە شتێکی ڕەواو خوداپەسندانە دەزاندرێ .

تاوان‌و جینایەت‌و تیرۆرو وەحشیگەری لە ژێر هەر ناوێك دا بێ، ئەرکی هەموو مرۆڤێکی بەویژدان‌و خودان کەرامەتە، دژی بوەستێ. بەڵام ئەو کەسایەتی‌و ڕێکخراوو لایەنە ئیسلامییانەی کە پێیان وایە ئەم جۆرە کردەوەو ڕەفتارە پڕمەترسییانە، فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نیە، لە خەبات دژی ئەو جۆرە لە تێرۆریزم‌و وەحشیگەرییەدا، زۆرترین ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان. ئەمانە ئەگەر بۆ ئیعتبارو خۆشەویستیی دینەکەیان بەپەرۆشن، دەبێ بەڕاشکاوی بڵێن ئیسلام ئەوە نیەکە ئەم دڕندەو خوێنخۆرە نەخۆشانە تێی‌گەیشتوون‌و دەبێ نەترسانە مەحکوومیان بکەن. با چی دیکە هەر جینایەتکارێك، دوکانێکی سیاسی بە ناوی دین نەکاتەوە.

(*)بابەتی ئاماژە پێکراو لە ژمارە ٢٥٠ی "کوردستان"، رەزبەری ١٣٧٦دا بڵاو بۆتەوە

*لە ژمارە ١٧٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.*

## پەیڤی جوان بۆ هاوپێوەندی لە گەڵ گەلی کوردو حیزبی دیموکرات لە مەجلیسی میللیی فەرانسەدا

لە ئۆکتۆبری ئەمساڵ(٢٠٠٢)دا، پارلمانی فەرانسە بۆ جارێکی دیکە بۆوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانەو گەرمو گوڕی حیزبو کەسایەتییە دیموکراتو مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکراتو گەلی کورددا.

ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢، بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندیو هەڤاڵانی لە ١٠ساڵەی شەهیدبوونیدا، ڕێورەسمێکی تایبەتی بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵەی گرنگی فەرانسەیی، ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتێرانو کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکانی ئەو وڵاتەو زۆر شەخسییەتی کوردو ئێرانی لە سالۆنی "مارس"ی مەجلیسی میللیی فەرانسەدا بەڕێوە چوو.

دیارە هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە زۆر وڵاتو شوێنی دیکەی دنیا بوو بە بۆنەیەك بۆ لێك کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردستانیو ئێرانییەکانو دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا. ئەوان لەو بۆنەیەدا وێڕای یادکردنەوە لە کەسایەتیو خەباتو تێکۆشانی دوکتۆر شەرەفکەندیو هاوڕێیانی شەهیدی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەوانو هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەباتە ڕەوایە کە ڕێڕەوانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ گەیشتن بە ئازادیو دیموکراسی درێژەی دەدەن، دووپات کردەوە. ئەو ڕێوڕەسمو کۆبوونەوانە، هەر لەو کاتەدا وەك دەرفەتێك بۆ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی هەموو بەشداران لەو خەباتو بەربەرەکانییەکە لە نێوخۆی ئێرانو لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە بە دژی دیکتاتوریو پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، کەلکی لێ وەرگیرا. یادی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە بێرلین، ستۆکهۆڵم، پاریس، واشینگتۆن،

ئوسترالیاو لە کوردستان، هەموویان بە نۆبەی خۆیان پڕ بوون لە نیشاندانی ئەو جۆرە وەفاداریو هاوپێوەندیو پشتیوانییانە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو کۆبوونەوەیەی لە یەکێك لە سالۆنەکانی مەجلیسی میللیی فەرانسەدا بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو، بە زۆر هۆ کە لەم وتارەدا ئیشارەیان پێدەکەین، گرنگیو بایەخێکی تایبەتی هەبوو کە جێی خۆیەتی تیشکیان بخەینە سەر.

**شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەو تەرکیبی بەشداران:**

کۆبوونەوەی ڕۆژی ۲۳ی ئۆکتۆبر بۆ یادکردنەوە لە کارەساتی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە یەکێك لە سالۆنەکانی مەجلیسی میللیی فەرانسە بەڕێوە چوو. ئەوەش یەکەم جار نەبوو کە پارلمانی فەرانسە سالۆنو تالارەکانی خۆی بۆ هاودەنگی لەگەڵ گەلی کوردو بەڕێوەچوونی بۆنەو ڕێوڕەسمی تایبەت بە کوردەکان دەنایە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی گەلی کورد. ۳ ساڵ لەمەوبەریش، ڕۆژی ۱۸ی ژوئەنی ۱۹۹۹ لە یەکێکی دیکە لە سالۆنەکانی ئەنجومەنی میللیی ئەو وڵاتەدا، ڕێوڕەسمێکی گەورە لە دەساڵەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوودا، پێك هات. لە ۳۱ی مای ساڵی ۲۰۰۰یشدا لە تالاری ڤیکتۆر هۆگۆ ـ یەکێك لە تالارەکانی ئەو مەجلیسە، سمینارێك بە بەشداریی چەندین کەسایەتیی کوردو فەرانسەیی، کە لە لایەن نوێنەرانی حیزبی سەوزەکانی ئەو وڵاتەوە پێك هاتبوو، بەڕێوە چوو.

ئەوە کە پارلمانی فەرانسە ئیمکاناتی جۆراوجۆری خۆی دەنێتە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی خەباتی گەلی کوردو نوێنەرانی خەباتو تێکۆشانی ئەو گەلەو، ڕێگا دەدا لە ژێر چەتری ئەودا، کۆڕوکۆبوونەوەی سیاسیی گرنگی تایبەت بۆ یادکردنەوەی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات بەڕێوە بچێ، هەر لە خۆیدا خاوەنی ماناو پەیامێکی تایبەتە. ئەو ماناو پەیامەش زۆر ڕوونە. مەجلیسی میللیی فەرانسەکە نوێنەرایەتیی ئیرادەو بڕیاری گەلی فەرانسەو لانکەو مەکۆی دیموکراسی لە دنیادا دەکا، لەگەڵ خەباتی ئوسوولیو دیموکراتیکی گەلی زۆرلێکراوی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دایە.

بۆ دروستیی ئەو ئیددیعایە دەتوانین پشت بە چەند ڕاستیی دیکەش ببەستین. ئەگەر نەڵێین هەموو، لانی کەم ئەو سێ کۆبوونەوەیەی لەم وتارەدا ئیشارەیان پێ کرا، بە هەوڵی حیزبی سەوزەکانو نوێنەرانی ئەوان لە پارلماندا، پێك هاتوونو هەموو جاریش کۆمەڵێك کەسایەتیی گرنگی فەرانسەو لە پێشەوەی هەمووان مادام میترانو، ڕێبەرانو نوێنەرانی چەند حیزبو رێکخراو لە حیزبو ڕێکخراوە لەمێژینەو بە نفووزەکانی ئەو وڵاتە، تێیان دا بەشدار بوون. بەشدارانی فەرانسەیی ئەم چەند کۆڕو کۆبوونەوانە، بەکردەوە نیشانیان داوە کە لە نێو وڵاتەکەی خۆیاندا ریزو ئیعتیبارو نفووزی تایبەت بە خۆیان هەیەو هێندێك لەوان وەك مادام میتران، بێرنارد کۆشنێرو پییەرمۆروا لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێگای ریزو ئیعتبارن. لەگەڵ ئەوانیشدا، هەموو جارێ چەندین کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگیو مرۆڤدۆست لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە، دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی ڕێبەرانو نوێنەرانی حیزبی دیموکراتو گەلی کورد.

**هاوپێوەندیی گەرمو گوڕ، پشتیوانیی ڕاشکاوانە بە جوانترین وشەکانەوە:**

زۆر لەو وتارانەی دۆستانی فەرانسەییو ڕۆژئاوایی لە ریوڕەسمەکانی پێوەندیدار بە گەلی کوردو حیزبی دیموکراتدا، پێشکێشیان کردوون، کاتی خۆی هەر لە ڕێگای ئەم ڕۆژنامەیەوە خراونەتە پێش چاوی خوێنەران. لە ژمارەی ڕابردووی "کوردستان"یشدا بەشێکی زۆر لەو وتارانەی ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە ریوڕەسمی یادکردنەوەی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیدا لە پاریس پێشکێش کرابوون، بڵاوبوونەوە. ورد بوونەوە لە نێوەرۆکی قسەکانی ئەو دۆستانەی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات، هەر لەو کاتەدا کە دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی ئەمەگناسیو پێزانین لە هەر کوردێكو ئێرانییەکی خەباتگێڕو ئازادیخوازدا، رۆڵەکانی حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بە بۆنەی هەبوونی حیزبێك بەو هەموو ریزو نفووزەوە تووشی جۆرێك بەخۆنازینو شانازی کردن بە خۆوە دەکەن. با لە چەند بواردا هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو پەیامو وتارانە بکەین کە لە چەند کۆبوونەوەی پێکهاتوو لە پارلمانی فەرانسەدا پێشکێش کراون:

**لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتو ڕێبەرانی شەهیدیدا:**

لە روانگەی حیزبو کەسایەتییە دیموکراتو مرۆڤدۆستەکانی فەرانسەو ڕۆژئاواوە، حیزبی دیموکرات سیمبۆلی خەباتێکی سەخت، ڕەوا، ئوسوولیو ئینسانییە کە سەرەڕای بڕوا هەبوونی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کوردو فیداکردنی گەورەترینو بەوەجترین ڕێبەرانو تێکۆشەرانی لەو ڕێگایەدا، لەنێوخۆی وڵاتەکەیدا هەروا لەگەڵ پەلامارو سەرکوتی خوێناویی دەسەڵاتداران بەرەوڕوویە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لە ئورووپا، ڕێبەرانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەماندا نین. دەوڵەتانی ئورووپاییش، ئەگەرچی چەند جار شاهیدی هێرشو جینایەتەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو حیزبە بوون، لەبەر قازانجپەرستی، بەرپرسایەتییە سیاسییەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا لەبیر بردۆتەوە. بەو حاڵەش حیزبی دیموکرات هەروا لە مەیدان دایەو هیوادار بە داهاتووی خەباتی خەڵکی سەرانسەری ئێرانو دڵگەرم بە هاوپێوەندیی حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتی دیموکراتو مرۆڤدۆستەکانو بیروڕای گشتیو ویژدانی ئاگای دنیای پێشکەوتوو، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا. بڕواننە ئەم رستانە:

"دوکتۆر قاسملوو! . . . لە بارەی دروشمی "دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"یش دەبێ بڵێم دیمۆکراسی لە ئێراندا کە یەکێك لە ئارەزووەکانت بوو، هێشتا نەهاتۆتە دی، بەڵام خەباتی تۆ لە پێناوی جێگیر بوونی دیموکراسی، کۆتایی پێنەهاتوە. چونکە حیزبەکەت، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروا درێژە بە خەبات دەداو لە نەبوونی خۆتدا ڕێڕەوانو خەباتگێڕانی دیکە درێژە بە ڕێگاکەت دەدەن. بۆیە گومانی تێدا نیە کە درەنگ یا زوو ئامانجەکانت دێنە دی ."

*دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر، لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا، پاریس*

*

"من بە بیرکردنەوە لە عەبدولرەحمان قاسملوو کە بۆ ئێمە قوتبێك بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە کەسێکی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیرکردنەوە بکا. دیارە لەو بوارەدا من لە فرانسوا [میتران] یش سەرمەشق وەردەگرم. بەڵێ بە سەر مەشق وەرگرتن لەم جۆرە کەسانەو ڕێنوێنی وەرگرتن لەبیرو ئەندیشەی ئەوانە کە ئینسان دەتوانێ لێبڕاوانەو قورسو قایمو بە تواناییيەوە هەنگاو هەڵ بگرێو سیاسەتی ئاشتی لە نێو گەلانی هاوپشتو هاوپێوەند دا برەو پێبدا."

*مادام میتران لە مەراسمی دەساڵەی دوکتۆر قاسملوودا ـ پاریس*

*

"دوکتۆر قاسملوو، ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دیموکراتەکانی سەرانسەری جیهان بە تایبەتی سوسیال دیموکراتەکان هەبوو، ئەو سیمبۆلی خەبات لە ڕێگای ئازادیو دیموکراسیو دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان بوو، بە ناوی خۆمو بە ناوی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستو ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە، بەیادی ئەو سەری ڕێز دادەنوێنم. لەگەڵ ئەوەشدا وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو، خەباتەکەی لەنێو نەچووەو هەتا گەیشتن بە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی رەچاو بکا، درێژەی هەیەو درێژەی دەبێ."

*پێیەر مۆروا، سەرۆکی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست*
*پەیام بەبۆنەی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو*

*

"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە بۆ دیموکراسی لە ئێرانو ئازادیی گەلی کورد خەباتی کردوە. شەهیدان قازی محەممەد، عەبدولرەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی بە خۆڕایی تێدا نەچوون. ئەوان وەك خەباتگێڕانی ڕێی مافەکانی مرۆڤ لە زەینی عالەمدا دەمێننەوە، سەوزەکان سڵاو بۆ یادی وان دەنێرنو پەیامی هیواداریو پشتیوانیی خۆیان ئاڕاستەی جێنشینەکەی وان، سکرتێری گشتیی حیزبەکەتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لێرەیە، دەکەن. عەبدولڕەحمانی قاسملوو! محەممەد سادق شەرەفکەندی! ئێمە قەت ئێوەمان لەبیر ناچێتەوە."

*پاتریك فاربیاز بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە، ڕێورەسمی دەساڵەی تێرۆری دوکتۆر شەرفکەندی ـ پاریس*

*

"لەو هەلومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە هەر وا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسییە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن. ئێمە دەزانین کە ئەو خەباتەتان چەندە سەختە . . . لەو خەباتەدا ئێمەتان لە گەڵینو زۆر وشیارانەش لەگەڵتانین . . . خەڵکی ئێرانو گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیانو بۆ پێکهێنانی گۆڕانی ڕاستەقینەو بەردەوام پێویستییەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەبیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبەو بە تێکۆشانی بێوچانی ئەو حیزبە هەیە."

*لە وتاری بەڕێز ژاك فات سکرتێری کومیسیۆنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە، ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە پاریس*

*

**پشتگیریی داواکانی گەلی کورد بە گشتیو خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران**

جارێك سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزداە لە وتوویژێکدا، نوکتەیەکی زۆر وردو ماناداری لە زمانی کەسایەتییەکی گەورەی دۆستی حیزب کە فەرانسەییشە، گێڕایەوە. ئەو دۆستە بەڕێزە گوتبووی "حیزبی دێموکرات ئەو پەنجەرەیەیە کە گەلی کوردو خەباتەکەی لێوەوە دەبینم". مانای ئەو قسەیە زۆر ڕوونە، ئەو دۆستە هەمیشە بە چاوی ڕێزەوەو بە ڕەزامەندییەوە روانیویەتە سیاسەتو هەڵوێستو کردەوەکانی حیزبی دێموکرات. وەختێك بۆ خۆی دەڵێ لەو پەنجەرەیەوە، سەیری کوردستانو خەباتی گەلی کورد دەکەم، یانی لەو گوشە نیگایەوە، لایەنە باشو جوانەکانی دەبینم.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو باسو وتارو پەیامانەی دۆستانی حیزبی دێموکرات لە کۆڕوکۆبوونەوەکانی تایبەت بەو حیزبە یا پێوەندیدار بە گەلی کورددا

پێشکێشیان کردوون، دەبینین کە ئەوان لە ڕێگای پشتگیریی حیزبی دێموکرات‌و هاودەردی لەگەڵ کورد لە کوردستانی ئێران‌دا، هەم هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەبات‌و تێکۆشانە کە لە سەرانسەری ئێران بە دژی دیکتاتۆری‌و پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، رادەگەیەنن. هەم پابەندیی خۆیان بەو بەڵێنەی زۆر جاری دیکەش بە گەلی کورد بە گشتی داویانە، دووپات دەکەنەوەو رادەگەیەنن کە هەروا یارو یاوەری ئەو نەتەوە بندەستە چەندین میلیۆنییەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، بۆچی لە ڕێگای هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتەوە دەیانەوێ هەم لەگەڵ گەلی کورد بە گشتی‌و هەم لەگەڵ خەڵکی ئێران، هاوپێوەندی بکەن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بڵێین حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەدا کە بەڕابردووترین هێزی سیاسیی کوردستانەو توانیوێتی نوێنەرایەتیی خەباتی گەلی کورد لە بەشێکی کوردستان‌دا بکا، بە سیاسەتی ئوسوولی، واقیع بینانەو گونجاویش، وای کردوە لە لایەن دۆستانی فەرانسەیی‌و ڕۆژئاواییەوە وەك ئولگووو نموونەیەکی باش (لە شێوەی هێنانە گۆڕو بەرەو پێش بردنی کێشەی میللەتەکەی‌دا) بناسرێ. ئەوە کە حیزبی دێموکرات هەموو کات داواکار بووە کێشەی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەو بە شێوەیەکی سیاسی‌و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێ‌و لە تێکۆشانی خۆشی‌دا پابەندی بە دێموکراسی‌و ڕێوشوێنە ئینسانییەکانی رەچاو کردوە، لە چاوی کەسایەتی‌و حیزب‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆست‌و دێموکراتەکان شاراوە نەماوەتەوە. ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا، هەر لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی هەر کام لەو وڵاتانەدان کە کوردیان بە سەر خۆیان‌دا دابەش کردوە. لە شێوەی خەباتێکیش پشتیوانی دەکەن کە لە تێرۆرو ڕەشەکوژی‌و پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکان بە دوور بێ. هەر لەو کاتەش‌دا، هەروا کە سەرکوتی گەلی کوردو زەوتکردنی مافەکانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە مەحکووم دەکەن، خۆ بواردنی وڵاتانی حاکم بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی ئەو

گەلە ڕیسوا دەکەن. ڕامانێك لە نێوەرۆکی ئەو قسانەی خوارەوە ڕاستیی ئەم ئیددیعایەمان بۆ دەر دەخا:

"بۆ من جێگای شانازیو سەربەرزییە کە دەبینم ئێوە لێرە، لە خانووبەری نوێنەرانی گەلی فەرانسە واتە پارلمان کۆ بوونەوە. چونکە پێم وایە ئێمە لەو خەباتەدا کە ئێوە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسیو بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلەکەتان بەڕێوەی دەبەن، هاودەنگو پشتیوانتانین. ئەمن ئەوە بە ئێوە کوردەکانی ئێران دەڵێم، بەڵام ئێمە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەش کە لە وڵاتانی دیکە لەگەڵ سەرکوتو چەوسانەوە بەرەوڕوون، هاودەنگین".

*نوئێل مامێر، ئەندامی پارلمانی فەرانسەو سەرۆکی سەوزەکانو بەرپرسی دەستەی سەوزەکان لە پارلماندا لە ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی (٢٣ی ئوکتۆبری ٢٠٠٢)دا ( ١)*

*

"ئێمە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات بۆتە ئەندامی چالاك لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا. ئێمە لەوێ زۆرمان پشتیوانی لە ئەندامەتیی ئەو حیزبە کردو هەر لە ئاکامی ئەو ئەندامەتییەشەوەیە کە ئەمڕۆ ڕێگا بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەك یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو هادەپ خۆش بووە کە بەشداری کارو بەرنامەکانی ئەنێرناسیۆنالی سوسیالیست بن. ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بنەماڵەیەکیتر لە بنەماڵەکانی خۆی زیاد بکاو بە گشتی بوونی کوردەکان لەو ڕێکخراوەیەدا بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆ زۆر باشو بەکەلکە".

*ئالێن شناڵ، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو لێپرسراوی بەشی مێدیترانە (٢)*

*

"سەوزەکان لە خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو عێراقو تورکیە پشتیوانی دەکەن. ئێمە لە فەرانسە تا ئێستا زۆر جار لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی خۆپێشاندانو کۆنفرانسو سمینارو مەراسیم هاوکاریمان کردوە. ئێمە حەز

دەکەین هاودەنگیو پشتیوانیی خۆمان لەگەڵ گەلی کورد کە بۆ مافەکانی، بۆ کەرامەتیو بۆ ئازادیی خۆی خەبات دەکا، زیاتر بکەین. ئێمە بەتایبەتی هەوڵەکانی خۆمان بۆ سازکردنی گرووپی کاری کوردان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرانسەدا درێژە پێدەدەین".

*پاتریك فاربیاز، سەرۆکی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە لە ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیدا (٣)*

*

وەك گوتمان دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەلاقەی حیزبی دێموکراتەوە تەنیا سەیری کوردستانو خەباتی گەلی کورد ناکەن، بەڵکوو لە ئاوێنەی حیزبی دێموکراتدا، زۆر ڕاستیی پێوەندیدار بە وڵاتی ئێرانیشەوە دەبینن. ئەوان دەزانن کە حیزبی دێموکراتو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە یەکەم ئامانجەکانی سەرکوتو پەلاماری کۆماری ئیسلامی بوون. تاوانیشیان تەنیا داوا کردنی مافو ئازادییە میللییەکانی خەڵکی کوردستان بووە. هەروەها دەزانن حیزبی دێموکرات داواکاری دێموکراسی بۆ ئێران بووەو هەر لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، دیکتاتۆریو زۆرداریی ئەو ڕێژیمەی ڕەت کردۆتەوەو نیوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیی ئەوی لەقاو داوە. لەمێژە بۆ دۆستانو ئۆگرانی خەڵکی ئێران دەرکەوتوە کە زۆر لەو ویستو داخوازانەی حیزبی دێموکرات هێناونیە گۆڕێ، لە هەناوی خەڵکی سەرکوتکراوی ئێرانەوە هەڵقوڵاون. ئەو سەرکوتو بێحوقووقیو بێ قانوونییەی ئەمڕۆ خەڵکی ئێران دەنگیان بە دژی بەرز کردۆتەوە، لە مێژ ساڵە حیزبی دێموکرات لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوەو زۆرترین قوربانیی لەو پێناوەدا داوە. لە ڕوانگەی ئەو دۆستانەوە، پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکراتو ویستو داخوازەکانی، پشتیوانی لە بەشێکی زۆر چالاكو کاریگەری خەبات بە دژی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی لە ئێران دایە. لەم قسانەی خوارەوەدا ئەو مەبەستانە بە ڕاشکاوی بەدی دەکرێن:

"ئەو دوو جینایەتە ناجوامێرانەیە (تێرۆری دوکتور قاسملووو تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی) بۆ خۆیان بۆ ناسینی سروشتی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە

ئێراندا، بەسن. کێ هەیە نەزانێ کە قەتڵی سیاسی بەڵگەی کۆنەپەرستیو سەرەڕۆیی ڕێژیمێکە کە ئایین دەکاتە ئامرازی چەوسانەوەی میللەتی خۆی. بەخۆشییەوە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە چینی لاوو کۆمەڵی مەدەنیی ئێران کە تینووی ئازادیو پلۆرالیزمو مودێرنیتەن، ئازایانەترو شێلگیرانەتر هاتوونەتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەروا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسییە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن . . .. خەڵکی ئێرانو گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیانو بۆ گۆڕانکاریی ڕاستەقینەو بەردەوام پێویستییەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبەو تێکۆشانی بێ وچانی ئەو حیزبە هەیە".

*ژاك فات، سکرتێری کۆمیسێۆنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە*

*(لە ڕێوڕەسمی ۱۰ ساڵەی دوکتور شەرەفکەندیدا)*

"دە ساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵێك ئینسانی خاوەن بیر، پێشکەوتنخوازو هیممەت بەرز، لە ڤییەن پێتەختی ئوتریش تیرۆر کران. قاتلەکان هەر ئەوانە بوون کە سێ دۆستی دیکەمان، شەرەفکەندی، عەبدولیو ئەردەلانیان لە ۱۷ی سێپتەمبری **۱۹۹۲**دا لە بێرلین، شەهید کرد. بەڵێ هەموویان بەهۆی بەرپرسانی وڵاتی خۆیان واتە ئێران کوژران، بەرپرسانێك کە بۆ پاڕاستنی دەسەڵاتی خۆیان بە هەر نرخێك، تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان، لە دژی ئازادیو لە دژی کەسایەتییەکانی دیکە، بە کار دێنن".

*دوکتور بێرنارد کوشنێر، لە ڕێوڕەسمی ۱۰ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا(٥)*

"لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا من بۆ خۆم ئەو باوەڕو متمانەیەی بەشێکی زۆری نەیارانو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە، بە چاوی خۆم دیتوومە. جا بۆیە بۆ ئێوەو حیزبەکەتان سەرەڕای ئەو زەبرە قورسو گرانەی کە وەحیزبەکەتان

کەوتو زیانێکی زۆرتان بەم بۆنەیەوە وێ کەوت، ئاواتە خوازی ئازایەتیو بوێریی ئێوەم، لە درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانتان کە بریتییە لە سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێرانداو وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان".

*هانس یواخیم ئێریك (وەکیلی بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس)*
*لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی، لە پارلمانی فەرانسەدا (٦)*

"لە خەباتێك‌دا کە ئێوە لە دژی سەرکوتو بە مەبەستی دامەزراندنی دێموکراسیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەیبەنە پێش، پشتیوانتانینو دەزانین کە ئەو خەباتە لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دژی ڕێژیمێك بەڕێوە دەچێ کە لە هیچ کردەوەیەکی دژ بە ئێوە خۆ ناپارێزێ".

*پییەر مۆروا، سەرۆکی پێشووی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست*
*(پەیام بۆ کۆنگرەی ١١ی حیزب)*

سەرچاوەکان:
(١)"کوردستان"، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٣٥٢، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١
(٢) هەمان سەچاوە
(٣)هەمان سەرچاوە
(٤) هەمان سەرچاوە
(٥) "کوردستان"، ژمارە ٢٧٢، ٢٢ی پووشپەری ١٣٧٨
(٦) "کوردستان"، ژمارە ٣٥٢، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١
(٧) "کوردستان"، ژمارە ٢٥٣، بەفرانباری ١٣٧٦

## "سوپای قودس"، ئایەتوڵڵا حەکیمی  تێرۆر کرد

(وەرگێڕان لە فارسیەوە)

ئەفسەرێکی ئەمنییەتیی ئەندامی سوپای سەر بە "یەکەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سوپای پاسداران" بە کۆمەڵێك بەڵگەنامەوە کە ڕابردووی کاری ناوبراو دەسەلمێنێ، لە ئێران دەرچووەو لە وڵاتێك داوای کردوە گیانی بپارێزرێ. ئەو ئەفسەرە ئەمنییەتییە ئەندامی تیمێکی چوار کەسی بووە کە مەئموورییەتی تەقاندنەوەی حەرەمی حەزرەتی ئەمیر لە نەجەفو کوشتنی ئایەتوڵڵا حەکیمیان بەڕێوە بردوە. ئەو ئەفسەرە، لە بەرەبەری چوونی موحسینی حەکیم برای ئایەتوڵڵا حەکیم بۆ ئێران، لە ئێران چۆتەدەر.
سایتی "پەیك نێت" کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە، دەنووسێ: "لە هێندێك کۆڕو کۆمەڵدا گوتراوە موحسینی حەکیم کە بووە بە جێنشینی براکەی لە مەجلیسی ئەعلای عێراقداو هەر لەوکاتەشدا ئەندامی شوورای حکوومەتی (ئەنجومەنی حوکم)ی عێراقە، هێندێك بەڵگەنامەو زانیاریی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێران بردوونو داونی بە کاربەدەستانی ئێران کە نیشان دەدەن سوپای قودس لە تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیمدا دەستی هەیە. ڕوون نیە کە ئەمریکاییەکان ئەو بەڵگەنامانەیان داوە بە حەکیم یا دەزگای ئەمنییەتیی پاشماوەی ڕێژیمی سەددام کە لە ژێر چاوەدێریی ئەنجومەنی حوکمی عێراقدا، بنیات نراوەتەوەو دەست بەکار بۆتەوە، ئەو زانیارییانەی وەدەست هێناون."
"پەیك نێت" لە درێژەی هەواڵەکەیدا دەڵێ: "فەرماندەی سوپای قودس سەردار قاسم سلێمانییەو دەڵێن گەلاڵەی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیم لە ژێر چاوەدێری ئەوو سەردار عەلی ئاغا محەممەدی جێگری عەلی لاریجانی لە تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، ئامادە کراوەو بە هۆی چوار ئەفسەری ئەمنییەتیی ئەندامی ئەو

سوپایەوە لە نەجەف بەڕێوە چووە. هۆی بەڕێوە چوونی ئەو عەمەلیاتە تێرۆریستییە لە دژی ئایەتوڵڵا حەکیم ئەوەیە کە ناوبراو دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق پشتی لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران کردوەو ڕووی خۆشی بە هێزە ئەمریکاییو ئینگلیسییەکانی جێگیر لە عێراق نیشان داوە."

ئەو ئەفسەرە ئەمنییەتییەی لە ئێران ڕای کردوە، لە یەکەم پرسیار لێکردنەکانو لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەو وڵاتەدا کە لەوێ خۆی بە کاربەدەستانی نێونەتەوەیی ناساندوە، ئیددیعای کردوە کە ئەو سێ ئەفسەرەی لەگەڵ ئەودا، حەرەمی حەزرەتی ئەمیریان لە نەجەف تەقاندۆتەوە، پاش ئەوەی گەڕانەوە بۆ ئێران، بە شێوەی جۆراوجۆر کوژراونو ئەو، تاقە کەسێك لەو تیمە عەمەلیاتییەیە کە زیندوو ماوەتەوە.

بە گوتەی ئەو ئەندامەی تیمی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیم، یەکێك لە ئەندامەکانی تیمەکە بە هۆی ژاراوی کرانی خواردن کوژراوە. نەفەری دووهەم لە ڕووداوێکی ئوتومبیل‌دا لە ئوتوبانی بابایی تاران گیانی لێ ستێنراوەتەوەو سێهەم کەسیش بە هۆی گوللەی دیژبانی پادگانی مناجات کوژراوە. ڕووداوەکەیان بەو جۆرە پاساوداوە کە دیژبانەکە لە کاتی ئاڵوگۆڕی چەكو چۆڵ‌دا، گوللەی لە دەست دەرچووە.

هەر لەو پێوەندییەدا، سایتی "پەیکی ئێران"یش وتوویژێکی "خوسرەو شەمیرانی"ی لەگەڵ ئەمیر فەرشادی ئیبراهیمی بڵاوکردۆتەوە. وتویژەکە ڕۆژی ٩ی ئۆکتوبر سەعات ١١/٣٠ی پێش نیوەڕۆ بە کاتی تۆرێنتۆ (کانادا) ئەنجام دراوە. ئەمیر فەرشادی ئیبراهیمی کە بە بۆنەی پەروەندەی "نەوارسازان"و لەقاودانی زۆر نهێنی لە بارەی پیلانو بەرنامەکانی ئۆرگانو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە ناوێکی ناسراوە، ماوەیەك لەمەوپێش بە دوای هەڕەشە بەردەوامەکانی مۆرە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی بەجێ هێشت.

ئەمیرفەرشادی ئیبراهیمی لە بارەی چۆنیەتیی پێوەندیگرتنی خۆی لەگەڵ ئەو ئەفسەرە ئەمنییەتییە کە لە ئێران ڕای کردوەو ئیددیعا دەکا ئەندامی تیمی تێرۆری

ئایەتوڵڵا حەکیم بووە، دەڵێ:" دوو ڕۆژ لەوە پێش ئیمەیلێکم لەو کەسەوە پێ گەیشت. ئەو کەسەی لە ئیمەیلەکەیدا ئیددیعای کردبوو، ئەندامی تیمی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیم بووە، ناوەکەی بۆم ئاشنا بوو. بەڵام نەمدەتوانی بە چاکی وەبیر خۆمی بێنمەوە. پاشان هەر بە ئیمەیل وێنەی خۆی بۆ ناردم. بە هۆی وێنەکەی ناسیمەوە". ئەمیر فەرشاد لە وتووێژەکەدا دەڵێ: حەز دەکەم ئەو ئەفسەرە ئەمنییەتییە، جارێ هەر بە ناوی "شاهیدی نەجەف" بناسێنم. "شاهیدی نەجەف" لە ئەفسەرانی هێزی قودسی سوپای پاسدارانە. لە دەورانی ئاموزش‌دا لەگەڵ من هاودەورە بووە. "شاهیدی نەجەف" چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی گەلاڵەو مەئموورییەتی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیمی بەو جۆرە بۆ ئەمیر فەرشادی ئیبراهیمی گێڕاوەتەوە:

ماوەیەك لەوە پێش لە دەفتەری ئیتلاعاتی نیزامیی سەر بە ڕەهبەری (خامەنەیی)یەوە مەئموورەیەتێك بە هێزی قودس ڕاگەیاندرا. ئەو مەئموورەیەتە لە چوارچێوەی پڕۆژەی "عابدون" دا بوو. ئەو پڕۆژەیە بریتییە لە عەمەلیاتی پاڕاستنی مەرجەعیەتی شیعەکانی عێراق لە دەست ئەو ئاخوندانەدا کە سەر بە دەزگای ویلایەتی فەقیهن. من لەگەڵ سێ کەسی دیکەدا بۆ جێبەجێکردنی عەمەلیاتی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیم مەئموور کراین. ئێمە بە ناوی " خەبەرنیگارانی بڕوون مەرزیی سەدا و سیما" لە مەرزی زەمینییەوە چووینە عێراق، کارە سەرەتاییەکانی تێرۆرەکەمان جێبەجێ کرد. لە دواڕۆژەکانی مەئموورەیەتەکەمان‌دا، تیمێکی سوپا ڕەگەڵ ئێمە کەوت‌و نزیکەی ٨٠٠ ـ ٧٠٠ کیلۆ مەوادەی تەقینەوەی خستەبەردەست تیمی ئەسڵی‌و بە کەلکوەرگرتن لەو مەوادده، مەئمووریەتەکە ئەنجام درا.

"شاهیدی نەجەف" چۆنیەتیی کوژرانی سێ ئەندامەکەی دیکەی تێرۆری ئایەتوڵڵا حەکیمی بۆ ئەمیر فەرشادی ئیبراهیمییش هەر بەو جۆرە باس کردوە کە سایتی "پیك نت" ڕایگەیاندوە.

یەکەم کەس لە نەخۆشخانەی "بقیەالله" بە هۆی ژاراویکردنی خواردنەوە، گیانی لە دەست داوە. نەفەریی دووهەم لە کاتی گەڕانەوە لە "دافوس" (دانشکدە

فرماندهی و ستاد سپاه) لە ئوتوبانی بابایی بە هۆی تەسادوفی ماشێن کوژراوە. نەفەری سێهەمیش لە کاتی چوونە سەرکار بە هۆی گوللە لەدەست دەرچوونی ڕواڵەتیی دیژبان، گیانی دەرچووە. ئەمیر فەرشاد دەڵێ من نەفەری سێهەم دەناسم. ناوی عەسکەرییە. ئەویش لەگەڵ من لە "دانشکدە افسری"ی سوپادا هاودەورە بوو. خەبەری مردنەکەی بە ناوی "مراسم ختم شهید عسکری" لە ڕۆژنامەی "کیهان"ی چاپی تاران دا بڵاو بۆوە.

ئەمیر فەرشاد لە بارەی ڕاستیو دروستیی ئیددیعاکانی "شاهیدی نەجەف" دەڵێ: لەوەدا کە ئەندامی سوپای قودس بووە، گومانێك نیە. هەروەها هاودەورەی من بووە. دەرەجەی "سەروان"ی هەبووە. منیش ئەگەر لەوێدا مابامەوە، ئێستا هاودەرەجەی ئەو بووم. جگە لەمە، من وێنەی ئەوم بۆ دەفتەری عەبدولعەزیز حەکیم برای ئایەتوڵڵا حەکیم بە ئیمەیل بەڕێ کرد. ئەوان تەئییدیان کرد کە لە نوێژی ڕۆژی هەینیدا (پێش تەقینەوەکە)، چاویان بەو کەسە کەوتوە.

بە گوتەی ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی "شاهیدی نەجەف" پاش تێداچوونو مەرگی گوماناویی ٣ ئەندامی تیمی تێرۆر، لەوە ترساوە ئەویش بکوژن. بۆیە بە بیانووی چوون بۆ "آب گرم"ی محەللات، مەرەخەسیی لە سوپا وەرگرتوەو پاش چەند ڕۆژان ئێرانی بەجێ هێشتوە. ئێستا لەگەڵ ئەمیر فەرشاد ئیبراهیمی لە پێوەندیی بەردەوام دایە. ترسێکی یەکجار زۆری لەوە هەیە کە بە هۆی هێرشی تێرۆریستیی هاوکارانی پێشووی خۆی بکوژرێ، هەر بۆیە بە نهێنی دەژی.

## ٢٠ ساڵەی تاوانێکی تیرۆریستی
## (تەقاندنەوەی مینی بووسی هەڵگری تێکۆشەرانی دیموکرات)

بەرەبەیانیی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ (١٩٩١) ، ڕێگای ڕۆژانەی نێوان بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (لە دێی بۆلێی بناری قەندیل)و شوێنی بنەماڵەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی (گوندی ئێندزێ)، شایەدی تاوانێکی دڵتەزێن بوو. تاوان لە دژی سەرنشینانی مینی بووسێك کە زیاتر لە ٢٠ کەس دەبوون. ئەوان پێرسۆنێلی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب بوون کە دەچوونە سەر کاری ڕۆژانەیان، چەند کەسێکیشیان لە میوانیو شایی ڕۆژی ڕابردوو دەگەڕانەوە کە بوون بە ئامانجی پیلانێکی تیرۆریستی.

تیرۆریستەکانی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی وانێتێکی بۆمبڕێژکراویان کە چەند بۆشکە سووتەمەنیشی لەسەر بوو، بە بیانووی لەکار کەوتن، لە تەنیشت ڕێگای سەرەکیی هاتوچۆی تێکۆشەرانی حیزب، ڕاگرتبوو. کاتێك مینیبووسەکە لە «ئێندزێ»وە دەگاتە ڕاستی وانێتە بە ڕواڵەت لەکار کەوتووەکە، تیرۆریستەکان لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ وانێتەکە دەتەقێننەوەو بەمجۆرە مینیبووسەکە بە سەرنشینەکانییەوە دەبێتە تێشووی تەقینەوەو گڕو دووکەڵ. بەهۆی ئەم تاوانە سێ تێکۆشەری بەوەجی حیزبی دێموکرات شەهید بوون. زۆربەی سەرنشینەکانی دیکەش بە توندی بریندار بوون کە ئەگەرچی بە خۆشییەوە لە مردن رزگاریان بوو، بەڵام هەتا ئێستاش شوێنەواری تەقینەوەو زەبر ڕووداویان لەسەر جەستەیان ماوە .

سێ شەهیدی تاوانی تێرۆریستی ٧ی خەزەڵوەری ١٩٩١ بریتی بوون لە مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی. هەرسێك لەم تێکۆشەرانە لە چەشنی خۆیان دا نموونە بوون:

مەلا ڕەسووڵ گەردی، مامۆستایەکی ئایینیی نیشتمانپەروەر بوو. ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەبات لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی، ساڵانێکی زۆر پێش هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی، دەست پێکردبوو. لەسەر کوردایەتیو تێکۆشان لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، چوار ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەی ڕێژیمی شایەتیدا تێپەڕ کردبوو. کاتێك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی مەلاو زانای ئایینی، ئەگەر پشتیوانی لەو ڕێژیمە بکەن دەبنە خاوەنی پلەو پایەو سامانو ئیمتیازی جۆراوجۆر، ئامادە نەبوو ڕوو لەو ڕێژیمەو پشت لە نەتەوەکەی بکا. چەکی بەرگری لە خەڵکی کوردستانی کردە شانو لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا ئەرکی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆو هەر خزمەتێکی لە دەستی هات، دریغی لێ نەکرد. ئەو هەر بە تەنیا بۆخۆی لە خزمەت حیزبی دێموکراتو خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەیدا نەبوو، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی لە سۆنگەی ڕێنوێنیو ئامۆژگارییەکانی مامۆستا مەلا ڕەسووڵدا، خۆیان بۆ خزمەتی حیزبو جووڵانەوە تەرخان کردو هەر یەك لە سەنگەرێکدا قۆڵیان لە تێکۆشان هەڵماڵی.

حەسۆ عەلیپوور کە ئەویش وەك مەلا ڕەسووڵ خەڵکی ناوچەی پیرانشار بوو، یەکێك لە فەرماندە لێوەشاوەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. کاك حەسۆ، کوڕی «مرادی گردە سوور» بوو. باوکی بەهۆی پێگەی خێڵەکیو نفووزی عەشیرەییەوە، کەوتبووە بەر سەرنجی ڕێژیمی شایەتییەوەو هەوڵی دابوو لە دژی بزووتنەوەی کورد بە کاری بێنێ. «حەسۆ» بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتو نیشاندانی ئەوپەڕی لێهاتوویی نەك هەروەك «پێشمەرگەیەکی قارەمان، بەڵکوو وەك فەرماندەو کادرێکی نیزامیو وەك بەرپرسێکی دڵسۆزو کارامە، لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی خستە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان. لەو کادرو

فەرماندانەی حیزبی دێموکرات بوو کە خەڵکی پیرانشار، ئەو پەڕی متمانەیان پێ بووو بە دیتنیو بە بیستنی ناوی، خۆشحاڵو هیوادار دەبوون .

جەلیل مامایی، رۆڵەیەکی ئازەری زمان بوو کە بە پێچەوانەی زۆر لە هاوزمانەکانی کە چەکی ڕێژیمیان هەڵگرتبوو و دانیشتووانی کوردستانیان قەلاچۆ دەکرد، ببووە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی خزمەتی بزووتنەوەی کوردستانو خەڵکی کوردستان بکا. باوەڕیشی وابوو کە بە هاتنەدیی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتو جووڵانەوەی گەلی کورد، گەلانی دیکەی ئێرانو یەك لەوان ئازەربایجانییەکانیش، لە مافەکانیان نزیك دەبنەوە. جەلیل مامایی، ماوەی چەند ساڵ بوو لە بەشەکانی تەداروکاتو خەدەمات کاری دەکرد، دڵسۆزی، دەستپاکیو ماندوویینەناسیی خۆی بۆ بەرپرسانو هاوکارانی سەلماندبوو. بەهۆی تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە لای ڕێبەریی حیزب، لە نێو هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگەو لە نێو بنەماڵەکاندا، خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو. جەلیل شۆفیری ئەو مینیبووسە بوو کە کرا بە ئامانجی پیلانی تێرۆریستیی ٧ی خەزەڵوەر .

تاوانی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠، سەرەتای ئەو پیلانو کردەوە تێرۆریستیانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە سەر خاکی کوردستانی رزگاربوو لە دەسەڵاتی بەعس، لە دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانیان بەڕیوەی بردن. لە ساڵانی دواترو بەهۆی پیلانەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمەو بەکرێگیراوەکانی، بە دەیان کادرو پێشمەرگەو ئاوارەو پەنابەری کوردی ڕۆژهەڵات بە ناجوانمێرانەترین شێوە، گیانیان لێ ئەستێندرا، یا تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە، ژمارەیەکی زیاتریش نەقوستانو بریندار کران. ئەم تاوانانە کە وەك پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامیو بەکرێگیراوانییەوە دەمێننەوە، نابێ لەبیر بکرێن.

لە ٢٠ ساڵەی ئەم تاوانە تێرۆریستییەدا، سڵاو بۆ یادی سێ شەهیدی ئەو جینایەتە: مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوورو جەلیل مامایی دەنێرینو دڵنیایان دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەلی کورد، خوێنی بە ناحەق

ڕژاوو خزمەتەکانیان لەبیر ناکەن‌و بە خەبات تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوان، پاداشیان دەدەنەوە.

لە رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە

## بەیاننامە: سەرکەوتنی کۆبانێ لە نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆز بێ

پاش ١٣٣ڕۆژ خۆڕاگریی جانانەی شەڕڤانان و هێزی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی تێرۆریستیی داعش بۆ سەر ئەم شارە، سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی ژانویەی٢٠١٥، کۆبانێ لە گەمارۆ و پەلاماری داعش ڕزگار کرا.

کۆبانێ و خەڵکە خۆڕاگرەکەی، ڕۆژانی زۆر سەخت و پڕ مەترسییان تێپەڕ کرد، ئەوان زۆرترین وێرانی و زیاترین ئاوارەییان بە خۆیانەوە دیت. تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەو شارە بۆ ماوەیەك لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، داگیر کرا. کۆبانێ چەند جارێکیش لە سنووری دەستبەسەرداگیرانی بە تەواوی لە لایەن داعشەوە، نزیك بۆوە. بەڵام لە هەمووی ئەو ڕۆژ و شەو و ساتانەدا، دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و لە هەر جێگایەکی جیهان، لە گەڵ خۆڕاگریی پڕ سەروەریی کۆبانێ و کۆبانێپارێزان دابوو. کۆبانێ بە هۆی ئەم خۆڕاگرییە جێی شانازییەی خەلکەکەی و ڕۆڵەکانی بەرامبەر تێرۆریستان و جەهالەت پاریزان ، بوو بە ڕەمز و هێمایەك کە تەعبیری لە بەرەنگاریی نێوان ڕووناکی و تاریکی، ژیان و مردن، پێشکەوتن و جەهالەت، خێر و شەڕ و، مرۆڤایەتی ودڕندەیی دەکرد. هەر ئەمەش وای کرد کە شەپۆلێکی جیهانی لە هاوپێوەندی و پشتیوانیی مرۆڤایەتیی دادپەروەر و پێشکەوتنخواز، هێزێکی گوشار بۆ سەر هاوپەیمانانی شەڕی دژە تێرۆر و وڵاتانی ناوچە کە بە بیتەفاوەتی و کەمتەرخەمیەوە سەیری پەلاماری داعش بۆ سەر ئەم شارەیان دەکرد، وەڕێ بکەوێ. بە خۆشییەوە گوشارەکان و هەوڵەکان لە کوردستان و لە دەرەوەڕا،

دەسکەوتیان هەبوو. هێرشی ئاسمانیی فرۆکە شەڕکەرەکانی ولاتانی ڕۆژاوا بۆ سەر سەنگەرەکانی تێرۆریستانی داعش و، ڕێگە پێدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە و چەکی قورس لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆبانێ، دوو لەو دەسکەوتانە بوون کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرخستنی خۆراگریی جێی شانازیی کۆبانیدا هەبوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕزگاربوونی کۆبانێ لە داگیرکاری و پەلاماری وێرانکەرانەی داعش، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی کچان و کوڕانی شەرڤان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی خۆڕاگری کۆبانێ و تێکڕای هێزە خەباتکارەکان و خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دەکا. لە کاتێکدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەموو ئەو شەهیدانەی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی تێرۆریستان بۆ سەر نیشتمانەکەیاندا گیانیان بەخت کرد، هیوا دەخوازین کە کۆبانێ و هەموو گوند و ناوچە ئازادکراوەکان، بە هەوڵ و پشتیوانیی هەموو لایەك، بە زوویی ئاوەدانی و بنیاتنانەوە بە خۆیانەوە ببینن. هەر لەم کاتە دا هیواداریین سەرکەوتنی کۆبانێ ببێتە هەوێنی سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش لە سەرجەم ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژاوا و باشووری کوردستان.

جارێکی دیکە سەرکەوتنی کۆبانێ لە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆز.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٢٠١٥/١/٢٧

٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٣

لە ماڵپەڕی "کوردستانوکورد" و ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.

## كوا دەنگی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ و نوخبەی ئەم هەرێمە؟!

مرۆڤەکانو لایەنەکان بە هەڵوێستەکانیان- ئەو هەڵوێستانەی لە کاتە هەستیارەکاندا دەینوێنن- واتا پەیدا دەکەن. هێندێك هەڵوێست هەن بەو هۆیەوە کە سەرچاوەکەیان، ڕەوشتێکی بەرزی ئینسانیو ئەخلاقی، حوکمی ویژدانو، سازگەکەیان بڕیاری بەرگری لە بەها پیرۆزەکانو هاندەرەکەیان ئازایەتیو بوێرییە، دەبن بە لاپەڕەیەکی زێڕین لەژیانو مێژووی تاکەکاندا. خاوەنەکانیان بە هۆی ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان، بۆ هەتاهەتایە سەربەرز دەبنو ناویان بە بەرزیو باشی لە مێژوودا تۆمار دەکرێ. دیارە نواندنی هەڵوێستی بوێڕانە هێندێك جار خاوەن هەڵویستەکە تووشی کێشەو تێچووی تایبەتیش دەکا، بەڵام چ قەیدی؟ کێشەو تێچوویەك کە لە سۆنگەی هەڵوێستێکی بەرزو دروست، تووشی مرۆڤ بێ، مایەی شانازییە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە پێشەوەی ئەوان، ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ هەرێمی کوردستانو دەسکەوتو سەرکەوتنەکانی هەیە. هەر لە کۆنەوە دڵیان لە گەڵ مەرگەساتو خۆشییەکانی ئەم خەڵکە دا لێی داوە. هەر کات، خوشكوبراکانیان بە لێقەوماوی دیوە، باوەشیان بۆ کردوونەوەو، خەمو مەینەتی ئەوانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە. کاتێکیش ئەوانیان لە خۆشی و سەرکەوتندا دیتوە، لە گەڵیان هەڵپەڕیونو زیاتر لەوان، شادییان نواندوە. ئەوان چەندین ساڵە وەك ڕووگەی نەتەوەیی خۆیان ڕوانیویانە هەرێمی کوردستانو، شانازیان بە دەسکەوتەکانیەوە کردوەو ئامادە بوون بە هەر جۆرێك لە دەستیان دێ، پشتیوانیو پارێزگارییان لێ بکەن. هەر بۆیە لە هێندێك بۆنەو حالەتدا، زۆر ئاساییە ئەگەر چاوەڕوان بن،

خوشك‌وبراكانی باشووریشیان، لەگەڵ ئەوان هاوخەم‌و هاودەنگ بن‌و چاكەیان بە پێزانین‌و، خۆشەویستییان بە ڕێزلێگرتن، وڵام بدەنەوە.
ئەوەی لە دوارۆژەكانی ٢٠١٤ لەم هەرێمە ڕووی دا، بەم زوانەو بە هاسانی لە حافیزەی خەڵكی ڕۆژهەڵات ناسڕێتەوە. بكوژی كەسایەتییەكی گەورەی كوردو ڕێبەرێكی گەورەی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، دوكتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، كە لە چوارچێوەی هەیئەتێكی پارلمانیی كۆماری ئیسلامی‌دا هاتبووە هەرێم، لە بەرزترین ئاستی سیاسی‌و حكوومی‌و حیزبیی ئەم هەرێمەدا، لە سەر فەرشی سوور پێشوازیی لێكرا. بكوژێك كە لە بەرگی دیپلۆمات‌و لە سەرمێزی وتووێژو، لە ناوەندی پێتەختێكی ئوروپایی، دەستی چووە خوێنی ئەو ڕێبەرەو، لە ئاستی دنیادا وەك بكوژی ڕێبەرێكی سیاسیی كورد ناسراوە! دیارە گەورە بەرپرسانی حكوومی‌و هێندێك حیزب، لەوانەیە بۆ ئەم كارەیان پاساوی سیاسی‌و دیپلۆماتیك‌و بیانووی ئاستەمبوونی بارودۆخەكەیان، بێننەوە. ئیستا ئەم بیانووو پاساوانەیان لێ وەردەگیرێ یان نا، یا هەر لە جێ‌دا، پاساوهێنانەوەو بیانوو دۆزینەوە بە پێویست دەزانن یان نا، باسێكی دیكەیە. ئەوان هەر ناوێك لە سەر ئەم كارەی خۆیان دابنێن، هەست‌و شوعووری ڕۆژهەڵاتییەكانیان بە توندی بریندار كردو متمانەو هومێدی خەڵكی ڕۆژهەڵات بە هێماو رەمزەكانی ئەم هەرێمەیان خەوشدارو لەق كرد. ئەگەر بیانەوێ، كاریگەرییە نەرێنیەكانی ئەم رەفتارو كردەوەیەی خۆیان كەم بكەنەوەو شوێنەوارە زیانبارەكانی بسڕنەوە، كەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە دان بە نادروستبوونی كارەكەیان‌دا بنێن‌و نەهێڵن جارێكی دیكە ڕووداوی لەم چەشنە دووپات بێتەوە. بەڵام ڕۆشنبیران‌و نوخبەی سەربەخۆی ئەم هەرێمە، بۆچی ئەم ڕووداوە بەسەریان‌دا تێپەڕی‌و دەنگیان دەرنەهات؟ پاساوی ئەوان بۆ ئەم بێدەنگییە چییە؟ هەتا ئیستاش نەیانبیستوەو نەیانزانیوە كە تیرۆریستێكی دڵڕەش، بكوژی ڕێبەرێكی وەك د.قاسملوو، لە سلێمانی‌و هەولێر، چۆن‌و لە چ ئاستێك‌دا پێشوازیی لێكراوە؟ یا زانیویانەو بە لایانەوە ئاساییە؟! لەوانەشە بە شتێكی ئاساییان نەزانیبێ‌و لە دەروونی خۆیان دا پێشی ناڕەحەت بووبن، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنی خۆیان لای

ئەم یا ئەو دەزگاو دامەزراوەو لایەن تاڵ نەكەن، بیدەنگبوونیان ڕەچاوكردبێ! پاشەڕۆژبینی لە بارەی سەفەر بۆ «ئێرانە حەیاتەكە»ش، دەتوانێ هۆیەك بۆ ئەم بێدەنگی و بێهەڵوێستییە بووبێ !

هەروا كە ئازاردانەكانو ڕووشاندنەكان، لە بیرەوەریی مرۆڤەكان ناسڕێنەوە، هەر بەو جۆرەی بێهەڵوێستییەكانو بیدەنگییەكان لە ساتە هەستیارەكاندا، بە سانایی لە بیر ناچنەوە، هەڵوێستگرتنو دەنگهەڵبڕینەكان لە ئاست ڕەفتارو كردەوە نەشیاوەكانیش، لە زاكیرەو بیرەوەرییەكاندا دەمێننەوە. ئەوانەی ئەمجاریش لە ئاست «ئەم ڕووداوە» بیدەنگ نەبوونو نەك هەر بە پێشوازی بكوژی د.قاسملووەوە نەچوون بەڵكوو «ترۆ»شیان كرد- هەر چەند ژمارەیان كەم بوو- ناویان و هەڵوێستی بوێرانەیان لە دڵی خەڵكی ڕۆژهەلاتی كوردستانو لە مێژووی نەتەوەكەیاندا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. هەربەو جۆرەی ناوی شێركۆ بێكەس، كەماڵ مەزهەر، مەسعوود محەممەد، حەسیب قەرەداغی، سوارە قەلادزەیی‌و زۆر ڕۆشنبیرو كەسایەتیی دیكە بە بۆنەی هەڵوێستی بوێرانەیان لەم جۆرە حالەتانەدا، بە نەمری ماوەتەوە.

*تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.*

## بزووتنەوەی ئیسلامی و پەڵەیەکی شوورەیی نەسڕاوە
## (بیست ساڵەی تاوانێکی گەورە)

٢٠ ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ (٢٨لە سەر٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی)، حەوت تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە ناوەکانی ١ـ ئەڕشەد ڕەزایی ٢ـ محەممەد عەزیز قادری ٣ـ داریووش ئیسلامدووست ٤ـ یوونس محەممەد پوور ٥ـ عەدنان ئیسماعیلی ٦ـ موزەففەر کازمی و٧ـ مەعرووف سۆهرابی، لە نزیك شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان، لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران و تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.
بۆ ماوەی چەند ساڵ، حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان، نەیانتوانی هیچ زانیارییەك لەبارەی چارەنووسی ئەو پۆلە تێکۆشەرە دوای تەحویلدرانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران، بە دەست بێنن. تەنیا یەکێك لە تەحویلدراوەکان بەناوی داریووش ئیسلامدووست، لە کاتێکدا دەزگای تێرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێك لە دژی حیزبی دێموکرات لە خاکی کوردستانی عێراق دا بەکاری بێنێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە نێو هاوسەنگەرانی. ناوبراو لە چەند وتووێژی ڕۆژنامەنووسی و ڕادیۆیی‌دا، پەردەی لەسەر پیلانی شەرماویی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خۆیان لادا و چۆنیەتیی بەدیلگیران و تەحویلدرانەوە بە دەزگای ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمەی لەقاو دا.
بەدوای هەوڵێکی بەرینی حیزبی دیموکرات لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا و پاش گوشاری ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر

ڕیژیمی ئێران بە مەبەستی ئاشکرا کردنی چارەنووسی ٦ پێشمەرگەی سەر بەو حیزبە، سەرئەنجام مورتەزا سەرمەدی باڵوێزی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا، ڕۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤، لە وڵامی نامەی بەڕێز جێرمی کۆربین، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارڵمانی بریتانیا، دانی بە کوژرانی ئەو ٦کەسەدا نا. لە نامەی ناوبراودا کوژرانی ئەو ٦ کەسە درابووە پاڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی"و هاتبوو کە ئەو ٦ کەسە هەر ئەوکات کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە گەڕاونەوە، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، کوژراون.

سەران و دەمڕاستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو جارێ کە لە لایەن میدیاکانەوە بەرەورووی پرسیار لە بارەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە کراونەوە، لە لایەکەوە هەوڵیان داوە حاشا لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە لایەن ئەم ڕێکخراوە بکەن و بڵێن لە شەوێك دا کە کۆنترۆڵی شاری هەلەبجە نەك بە دەست ئەوان بەڵکوو بە دەست هیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیەوە بووە، ئەم تاوانە ڕووی داوە. لە لایەکی دیکەوە دەڵێن با حیزبی دیموکرات لە دادگاکانی هەرێم سکالا لە سەر بزووتنەوە تۆمار بکا و ئەوان لە دادگا بەرەورووی ئەو تاوانبار کردنە دەبنەوە. دوا نموونە لە دووپاتکردنەوەی ئەم قسە سواوانە، لە وتووێژەکەی ئەم دوایانەی عیرفان مەلا عەلی رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گەڵ کاوە ئەمین لە بەرنامەی"پەنجەمۆر"ی تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو" دا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش و هەر لەو کاتە دا زۆر تاڵیش لەم پێوەندییەدا ئەوەیە هێندیك جار ئاماژە بەو تاوانە تێرۆریستیانەی دیکە دەکەن کە لە ناوچەی ژیر دەسەلاتی هێزەکانی دیکەی هەرێم دا لە دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ڕوویان داوە و دەڵێن بۆچی باسی ئەوانی دیکە ناکەن و هەر تەنیا ئەم تاوانە وەبیر دێننەوە!! هەر وا بزانە ئەنجامدانی تاوان دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی بۆ هەموو لایەنەکان موباح و ئاسایی بووە و ڕەوا نیە مەسئولییەتی ئەم یەکەیان بە چاوی بەڕێوەبەرانی دا بدرێتەوە!

بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی بزووتنەوە ئیسلامی بارودۆخی تایبەتی ناوچەی هەڵەبجە لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦یان بۆ تەحویلدانەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەی حیزبی دیموکرات قۆستەوە. ئەو کات بە خەیاڵی خۆیان پێیان وابوو دەتوانن ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە بکەنە سەرپۆشێکی باش بۆ شوێنەونکە و خۆدەرهاویشتن لە بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی وەها تاوانێك. بەڵام دوای لە ئیعدام ڕزگاربوونی یەکێك لەو ٧ کەسە و شایەدیدانی لە سەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە لە میدیاکان‌دا، حاشاکردن و خۆدزینەوە نەیتوانیوە بەرۆکی بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە چنگێ مەسئولییەتی تاوانەکەیان، ڕزگار بکا. ئەگەر چی بە بێ شایەدیدانی داریووشی ئیسلامدوستیش، دەرکەوتبوو کە ڕووداوەکە نەك لە نێو شاری هەڵەبجە کە ئەو شەوە لە کۆنترۆڵی هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی دابوو، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو شارە و لە سەیتەرەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ڕووی دابوو. سەران و بەڕێوەبەرانی بزووتنەوە، وەك دەبینن نە بە تێپەڕینی زەمان و نە بەو جۆرە پاساوو بەرگرییانە نەیانتوانیوە پەڵەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە لە نێوچاوانی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان بسڕنەوە، بە دڵنیاییەوە بە حەواڵەدانی کەیسی ئەم ڕووداوەش بۆ لای دادگاکانی هەرێم، ناتوانن ئاوێك بەم ئاگرەدا بکەن و خۆیان وەك بێتاوان نیشان بدەن. دیارە ئەگەر دادگا و مەحکەمە و دادوەری ئەوتۆ لە هەرێم پەیدا ببن کە بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە بگرنە ئەستۆ و بێ سڵەمینەوە لە ئاکامە سیاسییەکانی، بڕیاری خۆیان لە سەر تاوانبارانی ڕووداوەکە بدەن، بە دڵنیاییەوە حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی قوربانیەکان پێشوازیی لێ دەکەن. هەر دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و هەر دادوەرێکی بوێر بیهەوێ بێ وەبەرچاوگرتنی ئاکام و تێبینیی سیاسی و ئەمنیەتیی پێوەندیدار بە ئاکامی بڕیاردانێکی شەففاف و دادپەروەرانە لە سەر کەیسی ئەم تاوانە بێتە مەیدان، دەبنە جێگەی ڕێز و ستایشی خەڵکی خاوەن ویژدان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بیستەمین ساڵی ئەو تاوانە پڕشوورەییەدا، لە کاتێکدا بە ڕێزەوە یادی قوربانییەکان دەکاتەوە، داواکارە لایەنگران و خوازیارانی حەق و عەدالەت لە هەرێمی کوردستان و لە هەر شوێنێکی جیهان،

ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئەخلاقیی خۆتان بەرامبەر بەخوێنی بە ناحەقرژاوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە، جێبەجێ بکەن. داوامان ئەوەیە ڕێبەرانی کۆن و ئێستا، بڕیاربەدەستانی ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی و کەسانی تاوانبارکراو بە بەڕێوەبردنی ئەو تاوانە بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بە پێی بەرپرسایەتیی ئەوکاتی خۆیان و ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە و لێنەپرسینەوە لە تاوانباران لە بەرامبەر بیروڕای گشتیدا وەڵامدەر بن.

بۆ جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەتا ئەوکاتەی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەڕێوە نەچووە، لەسەر دادخوازی و پێویستیی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانی بە دیلگرتن و تەحویلدانەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەی دێموکرات، بەردەوام دەبێ.

لە"کوردستان و کورد"

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڵاو بووەتەوە

## بڕیاری دادگای میکۆنووس، یەکەم تیشك هاویشتن

## بۆ نێو "تاریکخانەی ئەشباح"

ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧(٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) دادگای میکۆنووس پاش زیاتر لە سێ ساڵ لێکولینەوە بڕیاری یەکجاریی خۆی لە سەر پەروەندەی تێرۆری سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان دوکتوور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی، ڕاگەیاند. ئەو دادگایە لە بڕیارەکەی خۆیدا وێڕای دیاریکردنی تاوان و سزای بەرێوە بەرانی جینایەتەکە، کۆماری ئیسلامیی لە تەواوەتیی خۆی و لە بەرزترین ئاستی بەرپرسایەتیدا بە گەلاڵەداڕێژ و بەرێوەبەری ئەو تێرۆرە و بە تاوانباری سەرەکی لە کوشتن و لە نێو بردنی موخالیفان بە گشتیدا ناساند و تەپڵی رسوایی ئەو ریژیمەی لە ئاستی دنیادا، لێدا.

هەر ئەوکات کە بڕیارەکە دەرچوو "عباس امیر انتظام" کۆنترین زیندانیی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیداو سەمبولی خۆراگری لە بەندیخانەکانی ئەو ریژیمە، لە ئاسوی ئەو بڕیارەدا، شەق بردنو لەرزینی بناغەکانی دەسەڵاتی نیزامی جینایەتکارو خوینڕێژی کۆماری ئیسلامیی بەدی کردو گوتی: "ئەگەر چی زەبروزەنگ هەموو ئێرانی داگرتوە، بەو حاڵەش بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە، شۆێنێکی باشی لە سەر ورەی خەلك دانا... دادگای میکۆنووس لە بڕیاری یەکجاریی خۆیدا ١٨ ساڵ کارەساتو جینایەتی ئاشکرا کردو کارنامەی پڕ لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤی ریژیمێکی سەرەرۆی خستە بەرچاوی هەموو جیهان. ئێستا کە پەردەکان لادراونو ناخی جەللادەکانی ریژیم ئاشکرا بووە، هاووڵاتانی ئێمە دەبێ بە یەکگرتووییەك کە ببێتە بناخەی هاوکاریی بەربڵاوی هەموو

ڕێکخراوەکان، فشار بخەنە سەر ڕێژیمو داوای ڕاپرسییەکی گشتی لە ژێر چاوەدێرییەکی جیهانیدا بکەن بۆ دیاریکردنی داهاتووی ئێران."
ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە سەرەرای هەموو هەوڵو پەلەقاژەیەکیان بۆ پێشگیری لە دەرچوونی حوکمێکی ئەوتۆ، ئەو ڕۆژەی لێی دەترسان لێیان هاتەدیو، دادگا پەردەی لەسەر چونیەتیی بڕیاردانو بەڕێوەچوونی تێروریزمی دەوڵەتی لە ژێر فەرمانو ڕێنوێنیی ئەواندا لادا، ئەو بڕیارەی دادگایان بە پیلانێکی سیاسیی ئیستیکبار لە دژی ڕێژیمەکەیانو خەلکی ئێران لە قەڵەم دا. بەڵام خەلکی ئێران نەك هەر ئەو بڕیارەی دادگای میکۆنووسیان وەك دوژمنایەتی لەگەڵ خۆیانو قازانجی وڵاتەکەیان چاولێ نەکرد، بەڵکوو بە گەورەترین خزمەت بە خۆیانیان دانا. سکرتیری گشتیی ئەو کاتی حیزب عبدالله حەسەن زادە ئەوکات لە وتارێکی خۆی لەو پێوەندییەدا گوتی:" سەد خۆزگەخەلکی ئێران ئازاد بایە تا بزانین ئێستا چۆن لە هەموو ئێران دەبوو بە شاییو هەڵپەرکێ بەخۆشیی دەرچوونی ئەو حوکمە. دیارە [ئەو مەسەلەیە] بۆ خەلکی ئێران جەنبەی ناخۆشی تێدایە. بە ڕاستی هەر ئێمە بۆ خۆمان لەگەڵ ئەوەی زۆر خۆشحالین بەوە کە حەقیقەت ڕوون بۆتەوە، ناڕەحەتین لەوەکە ژمارەیەك پیاو کوژو تێرۆریست حکوومەتمان بە سەرەوە دەکەن. ڕەنگە میللەتی ئێران لەو بارەیەوە ناڕەحەت بێ. بەڵام میللەت هەمووی یەکدەنگ، ئەگەر مەجالی هەبێ رەئی خۆی بڵێ پشتیوانی لەو حوکمە دەکا."

شوێنەوارە نێوخۆییو دەرەکییەکانی دەرچوونی ئەو بڕیارە مێژووییەو ڕووداوەکانی دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە دەزگای قەزایی ئەلمانو دادگای میکۆنووس بە سوور بوون لەسەر لێکۆڵینەوەی خۆیان و ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە ئازایانەیان، بە ڕاستی خزمەتێکی گەورەیان بە عەداڵەتو مافو ئازادیو بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕەوا و هەقخوازانەی خەلکی ئێران کرد. ڕاستە دادگای میکۆنووس کاری خۆی بە لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلانو نووری دێهکوردی واتە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی تێرۆریستی دەست پێ کرد،

بەلام چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە سروشتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، یەکجار بەرینتر بۆوە و نیوەرۆکی ڕێژیمێکی پێوە لە قاودرا. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکاندا زۆر زانیاریی بە نرخ لەبارەی چۆنیەتیی کوشتاری موخالیفان لەدەرەوەی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەگیر دادگا و دەزگای قەزایی ئەلمان و هەموو جیهان کەوتن. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە دەرکەوت تێرۆر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە چووە و ڕێبەرانو بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە لە بەرزترین ئاستدا، دەستیان لە کوشتنو لە نێو بردنی موخالیفانو ئازادبیراندا هەبووە. ئەو دادگایە دەری خست کە تێرۆرەکان بە فتوا و فەرمان و نەخشەی کومیتەیەکی بەرز ئەنجام دراون کە لە ڕێبەری ڕێژیم (خامەنەیی)، سەرکۆمار( ڕەفسەنجانی)، وەزیری ئیتلاعات (فەللاحیان)، وەزیری دەرەوە (ویلایەتی)، فەرماندەری سوپای پاسدارانو ... پێك هاتوە و، بە هاوکاری و هاوهەنگاویی هەر هەموویان جێبەجێ کراون.

دەنگدانەوەی بێ وێنەی بڕیاری دادگای میکۆنووس لە ئاستی دنیادا، پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهان لەو بڕیارە، بانگ کرانەوەی سەفیرەکانی ولاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە ئێران و پێکهاتنی ڕسوایی تەواو بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، خەلکی وەزاڵەهاتوو لە نزیك بە دوو دەیە دیکتاتۆریو ئینسانکوژیی ئەو ڕێژیمەی بە هاودەنگیی نێو نەتەوەیی لەگەڵ خەباتەکەیان هیوادارو، بڕوایانی بە ڕەوا بوونی ویست و داخوازەکانیان بە هێزتر و وره و ئیرادەی ئەوانی بۆ خەبات و بەربەرەکانیی شێلگیرتر لەگەڵ دەسەلاتدارانی جینایەتکارو داموودەزگا جەهەننەمییەکان، قایمتر کرد.

کەمتر لە دوو مانگ دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنووس، خەلکی ئێران لەیەکەم دەرفەتدا کە بۆ دەربڕینی بێزاریی گشتی لە تاقمی جینایەتکاری فەرمانڕەوا بۆیان هاتەپێش، لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا" نا"یەکی ڕاشکاوانەیان بە ویست و چاوەڕوانیی ئەو تاقمە گوت و کاندیدای دڵخوازی ئەوانیان لەگەڵ شکستێکی ئابڕووبەرانە بەرەوڕوو کرد. ئەو سەرکەوتنەی خەلك و شکستی

بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تیرۆر و جینایەت، ڕێگای بۆ پێشڕەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی هاونیشتمانان و پاشەکشە و شکانی دیکەی کۆنەپەرستانی پاوانخواز و جینایتکار خۆش کرد. لەو نێوەدا زۆر کەس لە بەرپرسان و کاربەدەستانی پێشووی کۆماری ئیسلامی و لایەنگرانی ئەو نیزامە بۆ قۆستنەوەی نارەزایەیی و بێزاریی خەلك و بەرتەسك کردنەوەی جوولانەوەی ئازادیخوازیی ئەوان لە چوارچێوەی ویستەکانی خۆیان‌دا پێیان نایە مەیدان تا بە هێندیك ئاڵوگۆڕی بەرتەسك لە بەشێك لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، چاوی خەلك بنووسێنن‌و ئەو ڕێژیمە لە مەترسیی ڕووخان بپارێزن.

بەلام دەسەلات بەدەستانی ئەسڵیی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو ماوەی لە سەر کار بوونیان‌دا، جگە لە سەرکوت و کوشتن و جینایەت ڕێگایەکی دیکەیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئازادیخوازان‌و خەلکی نارازی‌دا بە مێشك دانەهاتوە، ئامادە نەبوون مل بۆ ئیرادەی گەل ڕابکێشن. ئەوان کە ئێستا ئیدی نەیان دەتوانی بەو هاسانییەی پێشوو لە ئورووپا دەست لە موخالیفانیان بوەشێنن و هەرلەجێ‌دا خەبات‌و هەڕەشەی جیددی لە دژی دەسەلاتەکەیان، نەك لە دەرەوەی ولات، بەلکوو لە نێوخۆی ولات و ڕاست لە جەرگەو ناوەندی فەرمانڕەواییەکەیان‌دا، زەندەقی بردبوون، دیسان شالاوێکی دیکەی تیرۆر و لەنێو بردنی موخالیفان و ئازادبیرانیان دەست پێ‌کرد. بەلام ئەوجارەیان بەو هۆیەوە کە وەزعەکە لە چاو پێشوو زۆر گۆڕابوو، خەلك نەك هەر لە ئاست تازەترین تاوان و جینایەتەکانیان بێدەنگ نەبوون، بەڵکوو ناچاریان کردن سەرەڕای ئەو هەموو درۆیانەی لەو پێوەندییەدا کردبوویانن، بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان بگرنە ئەستۆ و بە ملی هێندیك "مۆرەی سەربزێو"ی خۆیان لە نێو وەزارەتی ئیتلاعاتی‌دا بێنن.

بەم جۆرە بوو کە "تاریکخانەی ئەشباح"(*) جارێکی دیکە ـ دیارە ئەم جارە بە خێرایی و ناتەواوی ـ بروسکەیەك لێی‌داو گوشەیەکی هەرچەند کەم لە ئاکار و کردەوەی ئەو هەموو دێو و درنج و جەللاد و ئینسانکوژەی خۆیان تێ‌دا حەشار داوە، دەرکەوت. ئەوانەی لە ترسی ئاکامەکانی تووڕەیی بێ ئەمانی خەلکی ئێران، بەڵێنیان‌دا عامیلانی تیرۆری فڕووهەرەکان، موختاری و پوویەندەی

شەهید بە خەلك بناسێنن و ماکەی تێرۆر و ئینسانکوژی لە نێو دامو دەزگاکانی دەسەلاتدا لە نێو ببەن، هەتا ئێستاش کە نزیکەی ساڵونیوێك لەو تێرۆرانە ڕادەبرێ، نەیان ویستوە و نەیان توانیوە بەڵێنەکەیان ببەنە سەر. چونکە هەر وەك دادگای میکۆنووس دەری خست ماکە و سەرچاوەی ئەو زنجیرە تیرۆرە و هەموو تێرۆرەکانی پێشتر نەك چەند کارمەندی سەربزێو، بەڵکوو ڕاست ئەوانەن کە جڵەوی کۆماری ئیسلامی‌یان لە دەست دایە و لە سەرووی سەرکۆمارو مەجلیس و تەنانەت لە سەرووی "قانوون"یشن. ناساندن و بنبڕکردنی ماکەی تێرور و ئینسانکوژی لە کۆماری ئیسلامی‌دا بەبێ ئاشکراکردنی فتوادەرانی قەتل، بەبێ لەقاودانی دەخالەت و هاودەستیی خامەنەیی و دەیان ئاخوندی هاوبیری ئەو کە هەر ئێستا لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات دانو، بێ پەردە لادان لە سەر کارنامەی پڕ لە جینایەتی زۆر کەسی وەك ڕەفسەنجانی، فەللاحیان، حوسینیان، " یحیی رحیم صفوی"، "ذوالقدر" و سەدان بەڕێوەبەر و کاربەدەستی پایەبەرزی دیکەی ئەو ڕێژیمە و، وەلانان و دوور کردنەوەیان لە دەسەڵات و پەلکێشکردنیان بۆ بەردەم مێزی موحاکەمە، ئیمکانی نیە. ئەوەش تەنیا بەخەباتی شێلگیری خەڵك دێتە دی نەك بە هەوڵی کەسانێك کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی‌یان لە سەرووی ئازادیی هاونیشتمانانو وەدیهاتنی ویستو داخوازەکانی خەڵك داناوە.

هەڵوێستی ئازایانە و ئاگایانە و بەرپرسانەی خەلکی ئێران بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، شووراکانی شارودێ و نوێنەرانی شەشەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و پشتیوانیی ئەوان لە بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕاپەرینی ٦ڕۆژەی خوێندکاران لە پووشپەری ساڵی ڕابردوودا، هەروەها لە سەر هەست بوونو بەوەخت هاتنە مەیدانیان بۆ بەرپەرچدانەوە و بێ‌ئاکام کردنەوەی زۆر لە پیلانو هەوڵە دژی گەلییەکانی کۆنەپەرستانی ئینسانکوژ و پاوانخواز، بەباشی دەری دەخەن کە ئەوان بڕیاریان داوە نەهێڵن چی‌دیکە تاقمێك تێرۆریست و ئینسانکوژ حکوومەتیان بە سەردا بکەن. دروشمی "قاتلان فروهر، زیر عبای رهبر" و دروشمەکانی دیکەی خوێندکاران لە کاتی ڕاپەرینەکەیاندا و ئەو پەندەی

رەفسەنجانی و فەللاحیان لە هەڵبژاردنی شەشەمین دەورەی مەجلیس‌دا بە سەریان هات و، ئەوەی ئەو جەنابانەو هاوبیر و هاودەستانیان لە ڕۆژنامەکانی ئێران‌دا، پێیان دەگوترێ پەیامیکی زۆر ڕوونیان تێدایە: دادگای میکۆنووس لە ناساندنی سەرچاوەی سەرکوت و تێرور و جینایەت لە کۆماری ئیسلامی‌دا بەهەڵە نەچووە و خەڵکی ئێرانیش کە بە خوێنی باشترین و بەوەجترین رۆڵەکانی خۆیان نرخی ڕوونبوونەوەی ئەو حەقیقەتەیان بژاردوە، لە قاتلانی هەزاران تێکۆشەڕی بەناحەق کوژراوی خۆیان خۆش نابن.

لە سێ‌ساڵەی دەرچوونی بڕیاری ئازایانەو مێژوویی دادگای میکۆنووس دا، جارێکی دیکە وێرای دەربڕینی سوپاس و ئەمەگناسیی خۆمانو هەموو خەڵکی ئێران بەرامبەر بە قازییەکان، سیستمی قەزایی ئەلمان و هەموو ئەو کەسانەی لەو پێوەندییەدا، نەخشێکی شیاوی ئافەرینیان هەبوو، سڵاو بۆ گیانی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و هەموو قوربانیانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەنێرین و هیوا دەردەبڕین کە خەباتی شێلگیر و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەگرتووی خەڵکی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی تاقمیك تێرۆریست و ئینسانکوژ لە ئێران دا و جێگیرکردنی ئازادیو دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا بگاتە ئاکام.

(*) "تاریکخانه اشباح" ناوێکە کە "اکبر گنجی" ڕۆژنامەنووسی ئازای ئێران لەسەر دەزگای تێرۆر و ئینسانکوشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی داناوە و، کتێبێکیشی هەر بەو ناوە لەبارەی پیلان و جینایەتەکانی رفسنجانی، فلاحیان، سعید امامی و شەریکە جینایەتەکانیان نووسیوە.

لە ژمارە ٢٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا(ساڵی ٢٠٠٠ زایینی ١٣٧٩ی هەتاوی) بڵاو بووەتەوە.

## بۆچی قاسملوو؟ بۆچی ٢٢ی پووشپەڕ؟

نە د.قاسملوو یەکەم ڕێبەری سیاسیی کوردە کە کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستاندوە، نە ٢٢ی پووشپەڕ، تاقە ڕۆژێکە کە تاوان دژی گەلی کوردی تێدا ئەنجام درابێ. ئەمەش هەر ڕاستە کە تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨)ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نیە کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داون. ئەگەر وایە هۆی چییە «٢٢ی پووشپەڕ» و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» لە نێو ڕۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دواییدا، بوون بە دەرفەتێك بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ هۆی چیە، نەك تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرە حیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، لە ٢٢ی پووشپەڕ و لە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوودا هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د.قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز ڕادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە؟

وڵامی ئەم پرسیارە هەڵ دەگرێ هەم کەمێك وردتر بچینە نێو چییەتیی پیلانێك کە بۆ تیرۆری د.قاسملوو ڕێك خرابوو، هەم هەڵوێستەیەك لەسەر کەسایەتی و بۆچوونەکانی د.قاسملوو بکەین. لەگەڵ ئەمانەشدا، نابێ لە سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕوانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان غافل بین کە لەوەڕێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەماندا جێگای خۆی هەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شەهیدکردنی د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە سەر مێزی وتوویژ ئەم تیرۆرەی تا ڕادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. ڕاستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیی و مەحکووم بوون و، بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەلکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتوویژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د.قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێك تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نیە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامی دا نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو داڕێژراوە و بەڕێوە چووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی برینداركردنی ویژدانی گشتی و غورووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د.قاسملوو و دیموکراتیك و ئینسانی بوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد و، شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو ڕێبەرە و، تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی، ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەی‌دا بە نەمری هێشتۆتەوە. ڕاستە د.قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانی دا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێڕبوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە ناردراوانی ڕێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتوویژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی ڕەوای نەتەوەیەکی دەکرد. ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلومات و بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ د.قاسملوو ناردبوونی، بە سڕەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان دەیانەویست مێشك و چاوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەك بپژێنن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەك دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پووشپەڕیان کردوە بە ڕەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە، وەك گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێڕانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمێکی زۆردار و دڕندەی وەك کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەكهەڵوێستی هەیە. ئەم ڕاستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و ڕێکخراوەییەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و **۲۲**ی پووشپەڕ نەك وەك مڵك یا پرسی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەك پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی **۲۲**ی پووشپەڕی هەمووساڵێك، نەك وەك چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەك ململانێی نەتەوەیەك لەگەڵ ڕێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێ دەکا. ململانێیەك کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەربکەوێ.

۸ ژوئیەی ۲۰۱۱

## ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفکەندی فێری کردین؛

بیست ساڵ لەمەوبەر، لە بەرەبەری پایزێکی دڵڕفێنی داوێنی قەندیل‌دا، ڕاست لەو کاتانەدا کە خۆمان بۆ گەڕانەوەی ئامادە دەکرد، هەواڵی شەهیدبوونیمان بۆ هات. چەند تاڵ بوو! مێژوو لە ئێمە دووپات دەبۆوە. دیسان بە ڕۆژی هەینی، لە دەفتەری سیاسییەوە، نەفەریان بۆ ئاگادارکردنمان نارد. جارێکی دیکە سکرتێری گشتی و چەند هاوڕێیەکی بەوەجمان، ببوون بە نێچیری تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەمجاریش پێتەختێکی ئورووپا، شایەدی ڕژانی خوێنی ڕێبەرێکی کورد و چەند هاواڵێکی بوون. سەرلەنوێ سەرنجی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە سایەی تاوان و غەدرێکی دیکە کە لە کورد کرابوو، چۆوە سەر بزووتنەوەی کورد و ئەو پیلانانەی لە سەر ڕێی نەتەوەکەمانن. دیسان بە شێوەی نائاسایی گەڕاینەوە شوێنی کار و قۆڵهەڵماڵین لە نووسین و گوڕاندن و ئەو ئەرك و کارانەی لەوکاتانەدا دەبێ بیانکەین. دووبارە خۆ ئامادەکردن بۆئەوەی لە ئاستی چاوەڕوانیی نەتەوەیەك دابین کە ٣ ساڵ پێشتر، د.قاسملوو و ئێستاش جێنشینی ئەو ڕێبەرەیان لێ ئەستاندبوو.

٣ ساڵ پێشتر کە هەواڵی شەهیدکرانی د.قاسملوو بڵاو بۆوە، ئەومان شك دەبرد بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێین نیگەران مەبن، د.شەرەفکەندیمان هەیە کە دەتوانێ جێنشینێکی شیاو بێ بۆ ئەو ڕێبەرە بە توانایە. ئێستاش دەبوایە بە خەڵکەکەمان بڵێین، ڕاستە لە دەستدانی ئەو ڕێبەرە گەورانە، خەسارێکی گەورەن، بەڵام ئێمە و ئێوە بۆمان نییە ناهومێد بین. حیزبێك کە ئەم ڕێبەرانەی پێگەیاندوە، ڕێڕەوان و قوتابیانی ئەوتۆشی لە گەڵ ئەواندا بۆ بەردەوامیی ڕێگاکەیان و ئەرکەکانیان پەروەردە کردوە کە ئەگەر کەسێك بە تەنیاش نەتوانێ جێگای ئەوان پڕبکاتەوە،

بە کاری بە کۆمەڵ و بە گیانی هەستکردن بە بەرپرسایەتی دەتوانین وا بکەین کەمتر بۆشایی نەبوونی ئەوانمان پێوە دیار بێ. هەر واشمان وت، هەر واشمان کرد. بەو هاودەردی و هاوپێوەندییە بەرینە کە لە ڕادەی کوردستان و لە ڕادەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لە ئاستی ڕێکخراو و کەسایەتییە دێموکرات و مرۆڤدۆستەکانی جیهان لە گەڵ حیزبی دیموکرات شایەدی بووین، بۆ مەگەر دەکرا غەیری ئەوە بکەین کە لێمان چاوەڕوان دەکرا؟

چەندین ساڵ لەمەوبەر دێڕە شێعرێکی فارسیم دیوە کە ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو"لە خدریان پرسی تەمەنی درێژ چ سوودێکی بۆ تۆ تێدابووە بێجگە لە دیتنی مەرگی ژمارەیەکی زیاتر لە ئازیزانت؟". کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە و دەبینم زۆر لەو کەسانەی بوون و مانیان لە مانی من بۆ نەتەوەکەیان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان پێویستتر بوو و، هەر لەو کاتەش دا خۆشم دەویستن و هیوای خۆم و حیزبەکەم و نەتەوەکەمم لە سەر بنیات نابوون، لە ژیاندا نەماون وشەهید بوون، ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، ئەرێ خۆشیی ئەو زۆرتر ژیان و درەنگتر مردنە بۆ مەمانان لە چیێ دایە؟ بە تایبەتی کە بە حوکمی کار و ئەرك و بەرپرسایەتییەکەم، دەبێ ناوە ناوە(جارێك بە بیانووی یادی١٠ ساڵە و جارێك بە ناوی ٢٠ و٢٥ ساڵە، ئەمجارەیان بۆ ئەمیان و جارێکی دیکە بۆ ئەویان) بچمەوە نێو قووڵایی ئەو ساتە تاڵ و ناخۆشانەی ئەم کارەساتانەیان تێدا ڕوو دا؟ هێندێ جار دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم کە حیکمەتێك لەم مانەوەیەدا هەیە. دەبێ کەسانێکیش هەبن بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەوانی پێش خۆیان، بۆ پێشگرتن لە نیشتنی غەور و ژیلەمۆی فەرامۆشی لەو بیر و ئەندێشانەی کە هەتا دەیان ساڵی دیکەش دەتوانن وەك گەوهەر بدرەوشێنەوە. دەبێ کەسانێکیش بمێنن بۆ ئەوەی شایەدی بدەن لە سەر ئەم هەمووە پاکی و خاکی و گەورەیی و بەخشەندەیی پێشەوا و پێشەنگانی قۆناغە سەختەکانی ڕابردوو. غەدرێکی گەورە دەبێ، ئەوانەی دەڕۆن بکەونە بەر بێئەمەگیی ئەوانەی دێن. ئەمەش ڕوو دەدا ئەگەر کەسانێك نەبن سەرنجی تازەهاتووەکان بۆ لای ئەم مێژووە بە خوێن

نەخشاوە رانەکێشن و شێعرەکەی ئەحمەد موختار بەگی جافیان بە گوێ دا نەدەن کە " بە بێقەدری بە سەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن ئەم خاکە شیرینە"...

بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوکاتەی ژمارەی تایبەت بە شەهیدبوونیمان، ئامادە دەکرد، بە دوورم دەزانی شانس و شانازیی مان و بەشداری لە ژمارەی پێنج ساڵە و ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەر و مامۆستایەی خۆمم دا هەبێ. نەمردم و بەشداری ئامادەکردنی ژمارەی تایبەتی ڕۆژنامەیەك بووم کە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی یەکێك لە سەرنووسەرەکانی خۆی کردەوە. هەر ئەو سەرنووسەرەی کە ئەلف و بێی کاری راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی شۆڕشگێڕانەی پێ وتین. بەڵام گرنگتر لە ئەلفوبێی نووسین، ئەلفوبێی سادەژیان و جیدی بووون و شۆڕشگێڕی و شێلگیربوون و هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست نەتەوە و نیشتمان و بەرهەمی خەبات و فیداکاریی تێکۆشەرانی پێش خۆمانی فێرکردین.

*بۆ ستوونی" بەرلەماڵاوایی" ڕۆژنامەی 'کوردستان" ژمارە ٥٩١ (تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، ١٦ی سێپتەمبری ٢٠١٢) نووسراوە.*

کارێکی جوان و جێگای پیزانین!

**ڕێزگرتنی ناوەندی ڕۆشنبیریی بازیان لە شەهیدانی دیموکرات**

لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا کوردانی ڕۆژهەلاتی بە تایبەتی تێکۆشەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە هەرێمی کوردستان، زۆر تاوانی تیرۆریستییان لە گەڵ کرا. زۆر مرۆڤی بە نرخ و زۆر کەسی بیتاوان، تەنیا لە بەر ئەوەی پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگری حیزبێکی خەباتکاری ڕۆژهەڵاتی بوون، لە بەرچاوی خەڵك و بە ڕۆژی ڕوون و زۆر جار لە بەر چاوی ماڵ ومنداڵەکەیان، ڕفێندران، دەسرِیژیان لێ کرا، تەنانەت تەحویلی جەڵلادەکانی کۆماری ئیسلامی درانەوە. وەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانانە و ئەو قوربانیانە، لانیکەم لەو بارەوە پێویستە کە خاوەنانی ویژدان و بڕیار لەم هەرێمە، دەرس لەم ڕابردوە وەربگرن و لە هیچ هەلومەرجێكدا ڕێگا نەدەن تێکۆشەران و ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەو تاوانەیان، لە بەرچاو و لە ژێردەسەلاتی ئەوان دا لە گەڵ بکرێتەوە. لە بازیان کە بنکە و ماڵەکانی ناوەندەکانی خواروی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو، مەزارگەی کۆمەڵێك شەهیدی لێیە کە زۆربەی زۆریان، قوربانیی پیلان و کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامین. لە ناویاندا نموونە هەرە بەرزەکانی تیکۆشان و پێشمەرگایەتی و خۆبەختکردن هەن.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵی و پێزانییە ئەوەیە کە ناوەندی ڕۆشنبیریی بازیان، تابلۆیەکی یادکردنەوەی لە مەزارگەی ئەو شەهیدانە داناوە کە ناوی شەهیدەکانی حیزبی دیموکرات لەو مەزارگەیەی تێدایە. ئەمە کارێکە کە ویژدان و ئەخلاق وهەستی پاك و باوەڕی ئینسانی و نەتەوەیی پیی کردوون نەك بە داوا و راسپاردنی ئەم لایەن و ئەو لایەن. لەوانەیە دیموکراتەکانیش، هەتا ئەو کاتەی تابلۆکەیان نەدیوە، ئاگایان لەم هەنگاوە پڕمانا و بە نرخەی ناوەندی ڕۆشنبیریی بازیان

نەبووبێ. لە قووڵایی دڵمەوە لە لایەن خۆم و هاوڕێیانمەوە سوپاسی ئەو ناوەندە دەکەم. دەستخۆشییان پێ دەڵێم و دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر لەو هەرێمە، سەردەمانێك، کەسانێك هەبوون خۆیان بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەفرۆشت و لە پێناوی پارە و ماڵی دنیا پیلان و کردەوەی تێرۆریستیان لە دژی تیکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی ئەنجام دەدا و خۆیان شەرمەندەی مێژوو و مرۆڤایەتی دەکرد، هەشبوون کەسانێك کە پەناگە و پشتیوانی ئەو خوشك و برا خەباتکارە ڕۆژهەڵاتیانەیان لە سەختترین ڕۆژەکان دابوون. دەیانشاردنەوە، لە پیلانی تێرۆریستان دەیانپاراستن، هەموو جۆرە هاوکارییەکیان دەکردن و هتد. هەر وەك خراپە و تاوان لە بیر ناچێ و ناشبێ لە بیر بچێ، چاکە و کردەوەی باشیش دەبێ لە بیر بمێنێ و ڕێزی بگیرێ. سوپاس دۆستانی ناوەندی ڕۆشنبیریی بازیان، سوپاس.

**٢١/٩/٢٠١٤**

(لە سەر دیواری خۆم لە فەیسبووك بڵاوم کردووەتەوە)

## له پەراوێزی دانپێدانانی وەزیری ئیتلاعاتی

## کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری نەیاراندا

لە سەرەتاکانی سەرماوەزی ئەمساڵدا، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، مەحموود عەلەوی دانی بەوەدا نا کە ڕێژیمەکەی کۆمەڵێك لە نەیارانی خۆی لە وڵاتانی دیکە، لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا لە نێو بردوە. عەلەوی باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەك لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ولاتانی دیکە بە "تیری غەیبی" گرفتار بوون. ئەو، ڕاشکاوییەکەی لەوەندەش تێپەڕاند و گوتی: "چەند مانگ لەمەوبەر، عەبدولرەئوف ڕیگی یەکێك لە بەرپرسە نیزامییەکانی "جیش العدل" و برازاکەی، لە پاکستان، بوون بە ئامانجی "تیری غەیبی". کەسێکیش بە ناوی شێخ نەدیم کە لە گەڵ برازاکەی، پازدە شیعەی پاکستانی و دوو ئەندازیاری ئێرانیان لە کەراچی کوشتبوو، بوون بە ئامانجی "تیری غەیبی." وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی هەر وەها باسی شناسایی و قەساسی کەسێکیشی کرد کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی ئیتلاعاتی سیرجانی لە کێویێك ڕا هەڵداشتوە و ڕای کردوە بۆ کەراچی. مەحموود عەلەوی تەنانەت ئەوەشی درکاند کە تیرە غەیبییەکان و تیرهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی، نەك هەر لە پاکستان و وڵاتانی دراوسێی ئێران، بەڵکوو لە ولاتانی زۆر دوورتریش بۆ وێنە لە تانزانیاش، توانیویانە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە نێو ببەن. نموونەکەشی محەممەدی بزورگزادەیە کە لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٧ و ١٣٨٨دا، ١٥ مەئمووری هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی کوشتبوو و چووبووە تانزانیا و لەوێ لە ڕێگای چالاکیی ئابوورییەوە، یارمەتیی ماڵیی بە جیش العدل دەکرد، ئەویش بووە بە ئامانجی تیری غەیبی".

ئەم داننانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە بەرپێوەچوونی کردەوەی تێرۆریستی لە لایەن ڕێژیمەکەیەوە، هەڵ دەگرێ لە چەند لایەنەوە بکەوێتە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە.

لە پێش‌دا با بڵێین، "تیری غەیبی" کە وەزیری ئیتلاعات ئاماژەی پێکردوە، کۆدێکی ئەوەندە ئاڵۆز نیە کە بەردەنگەکانی ئەم قسانە و بە گشتی خەڵك لێی تێ نەگەن. تیری غەیبی، شتێکە لە چەشنی"سەربازانی بێ‌ناونیشانی ئیمامی زەمان". هەر دووی ئەم کالاّیانە، بەرهەمهێنراوی وەزارەتی ئیتلاعات و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیین. ئەم ڕێژیمە بۆ ئەوەی ڕەنگ و بۆن و ڕوخسارێکی ئایینی و پیرۆز بە تێرۆر و ڕفاندن و لە نێوبردنی نەیارانی خۆی بدا، ئەم جۆرە ناوانە بۆ ئینسانکوژەکان و کردەوەی تێرۆریستی بەکار دینێ. ئەم سەربازە بێ‌ناونیشانانە، سەریان لە ئاخوڕی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای قودس و سوپای پاسداران و دامودەزگا ئەمنیەتی و تێرۆریستییەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە دایە و نەك ئیمامی زەمان بەڵکوو بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ، هەر کەسێکیان بۆ دیاری بکەن، بە "تیری غەیبی" کە هەمان ژەهر و چەك و کەرەستەی خنکاندن و کوشتنە، تێرۆری دەکەن.

لە دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس لە ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦ لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی‌دا، بڕیاری یەکجاریی خۆی ڕاگەیاند و ڕێژیمی ئێرانی لە بەرزترین ئاست‌دا بە تێرۆریست ناساند، ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و چاویان بە ئاست و جۆری پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا خشاندەوە. تێچووی سیاسی و ڕیسوایی سەرچاوەگرتوو لەو بڕیارە مێژووییەی دادگای میکۆنووس بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەك بوو کە ڕێژیمی ئێران، نەویرێ جارێکی دیکە شار و پێتەختەکانی ئورووپا بۆ تێرۆری نەیارانی خۆی هەڵبژێرێ. خۆبواردنی چەندساڵەی ئەو ڕێژیمە لە دەستبردن بۆ تێرۆری موخالیفان لە وڵاتانی ئورووپایی کە هۆیەکەی ئاشکرایە ، ئەو گومانەی لای هێندێك ولاتی ڕۆژاوایی و تەنانەت هێندێك لە ئێرانیەکان لە دەرەوەی ولات دروست

کرد کە لەوانەیە ئەو ڕێژیمە دەرسی عیبرەتی لەو ڕیسوابوونەی خۆی لە ئاستی جیهاندا وەرگرتبێ و دەستی لە کردەوەی تێرۆریستی هەڵگرتبێ. دیارە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران کە پێکهاتنی گۆڕان لە دوو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و یاسادانانی بەدوا داهات، دامودەزگا ئەمنیەتی و ماشێنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی لە نیوخۆیدا بەرەوڕووی کێشە و گرفت کردەوە. بەڵام سەردەمی ناخۆشی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعات و دامەزراوەکانی تایبەت بە تێرۆر و سەرکوت، زۆری نەخایاند و لە گەڵ زاڵبوونەوەی بە تەواویی کۆنەپارێزان و توندڕەوەکان، جارێکی دیکە دەستی ماشێنی تێرۆر و سەرکوت لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بۆ سەرکوت و لە نیو بردنی نەیاران وەك پێشوو ئاوەڵا کرایەوە.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە وڵاتانی ڕۆژاوایی خۆی لە تەقاندنەوەی بۆمب و کوشتن و ڕفاندنی نەیاران دوور ڕاگرت، ئەگینا لە پیوەندی لە گەڵ تاقم و گرووپە تێرۆریست و توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی ئێراندا، هەر سیاسەتی پێشووی خۆی درێژە داوە. ئەگەر جیاوازییەك بووبێ، ئەوە بووە کە لە جیاتی کاری کوشتن و تەقاندنەوە و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن بە دەستپەروەردە و بەکرێگیراویی ئێرانیی خۆی ئەنجام بدا ، لە ڕێگای تاقم و گرووپەکانی بەستراوە بە خۆی لەو ولاتانەدا، ئەنجامی داون. لە نێوخۆی ولاتیش لە جیاتی سەربڕینی ناڕازییان و کوشتنێان بە سەبکی قەتلە زنجیرەییەکانی دەیەی حەفتا، جۆرێکی دیکە لە تێرۆر و لە نێوبردنی ناڕازی و جیابیرانی گرتوەتە بەر. ئەویش بەرەوڕووکردنیان لە گەڵ ئەو پەڕی گوشار و هەڕەشە یە، بە جۆرێك کە یا لە بەندیخانە و هاتوچۆی ئیتلاعاتدا بەرەبەرە لە پێ بکەون، یان ناچار بن ئێران بە جێ بێڵن و ڕابکەن بۆ هەندەران. لە گەڵ ئەمانەشدا هەر وەك ئێستا مەحموودی عەلەوی دانی پێدا دەنێ، هەر کات بۆیان هەڵکەوتبێ و زانیبێتیان کە تێرۆر و ئینسانڕفاندنەکەیان، لە میدیاکان و کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا، دەنگدانەوەی نابێ، یا کێشەی گەورەیان بەرەوڕوو ناکاتەوە، دەستیان لێ نەپاراستوە. نموونەکەی ڕفاندنی عەبدولمالیك

ڕیگی لە وڵاتێکی دراوسێ بوو کە دوایە سناریۆیەکی سەیر و سەمەرەیان بۆ دروست کرد تا وا نیشان بدەن لە فڕۆکەیەك کە بە سەر ئاسمانی ئێراندا تێپەڕ دەبوو، دایانبەزاندوە و بەم جۆرە هەم توانای ئەمنیەتیی یەکجار زۆری ڕێژیمەکەیان پیشان بدەن، هەم ساتوسەودا لە گەڵ دەزگایەکی سیخوڕیی وڵاتێکی دراوسێ لە بارەی عەبدولمالیك ڕیگی، بشارنەوە.

ئەگەر بمانەوی خوێندنەوەیەکی ورد و دروستمان بۆ ئەم دانپێدانانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ لانیکەم هەڵوێستە لە سەر دوو شتی گرنگ بکەین و بایەخیان پێ بدەین. یەکەم ئەو هەلومەرجە ناوچەییە کە کۆماری ئیسلامی، ڕیگە بە خۆی دەدا بیقوزێتەوە و بێشەرم و سڵەمینەوە، باس لە کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆی بکا. کۆماری ئیسلامی دەبینێ جۆرێك ئاڵۆزی و ناسەقامگرتوویی ناوچەکەی داگرتوە و وڵاتانی ناوچە و هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانیان، بە شەڕ لە گەڵ ڕێکخراوی تێرۆریستیی داعشەوە سەرقاڵن. دەیەوێ بڵێ دژبەرەکانی ئەویش تێرۆریستن و، لە نیوبردنی تێرۆریستەکان، لە دەرەوەی سنوورەکانیشی بێ، هەر وەك بۆ وڵاتانی ڕۆژاوا ڕێگە پێدراوە، بۆ کۆماری ئیسلامییش دەبی ئەم مافە بە ڕەسمی بناسرێ. دووهەم خاڵی گرنگ کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ، قودرەت نواندنی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای ئەم ئێعتیرافاتەی وەزیری ئیتلاعاتەکەیەتی. مەحموود عەلەوی بەم دانپێدانانە، دەیەوێ بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بڵێ هەر کەس لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانی بکا و تەسلیمی دامودەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی نەبێ، دەستی ئاسنین و خوێناویی ئەم ڕێژیمە لە هەر جێگایەك بێ، دەیگاتێ! بەڵام لە گەڵ ئەم دوو خاڵە گرنگەدا، نابێ یەك ڕاستی لە بیر بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەر وا سەرچاوەی تێرۆر و ئاژاوە و توندڕەوی لە ناوچەکە دایە. هەتا بەم جۆرەش بناسرێ، کۆسپ و تێچووی درێژەدان و بەرەوپێشبردنی سیاسەتە تێرۆریستییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە زیادبوون دا، دەبن.

٢٠١٤/١٢/٢٧، ماڵپەڕی "کوردستان و کورد"

## ئافەتی سەردەم

لەم چەند حەوتووەی دواییدا، دوو ڕووداو کە هەر دووکیان هەڵقووڵاوی یەك سەرچاوە بوون، سەرنجی میدیاکانو بیرو هەستی مرۆڤەکانیان بە خۆیانەوە خەریك کرد. یەکەمیان هێرشە تێرۆریستییەکانی شەوی ١٣ی نوڤەمبری شاری پاریس بوو کە ١٩٠ کوژراو و سەدان بریندارایان لێ کەوتەوە. ڕووداوی دووهەم، دۆزرانەوەی چەند گۆڕی بە کۆمەڵی کچانو ژنانی ئیزەدی بە دوای ئازادکردنی شەنگال بە هۆی هێزی پێشمەرگەوە بوو.
هێرشە تێرۆریستییەکانی پاریسو ئاسەوارەکانیان، کاردانەوەیەکی جیهانیان هەبوو. داعش وەك هێزێکی تێرۆریستی، توانیبووی بۆ دووهەم جار پێتەختی وڵاتێکی گرنگی ئورووپایی بکاتە ئامانج و گۆڕەپانی هێرشەکانی خۆی، هێرشێکی تێرۆریستیی بەربڵاوتر لە هێرشەکەی پێشوو، بە ئامانجی گەیاندنی زیانی گیانیی گەورەو خولقاندنی وەحشەتێکی بەرین! بەڵام بەردەنگ و بەرسەرنجی هەواڵی دۆزرانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کچانو ژنانی ئیزەدیی کوژراوی دەستی چەکدارەکانی داعش، تاکەکانی کوردستانو ژمارەیەك میدیاو ناوەندی بەرگری لە مافی مرۆڤ بوون. بە شوێن دۆزرانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا، بەشی فارسیی تەلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکا، دۆکیۆمێنتارێکی لە سەر تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە ژنانو کچانی ئیزەدیی بەدیلگیراو بڵاو کردەوە. بە بێ گوێگرتن لەو بە سەرهاتانەی کچانو ژنانی ڕزگاربوو لە جەهەننەمی داعش لە بارەی خۆیانو هاوچارەنووسەکانیان دەیگێڕنەوە، زەحمەتە بتوانین ئەو کارەساتانە وێنا بکەین کە لە جەهەننەمی داعش دا بە سەر ئەو ئینسانانە هاتوون.
هەر کام لەو دوو ڕووداوە، ڕەهەندێك لە دوژمنایەتیی داعش لە گەڵ "ئەوانی دی" دەردەخەن. دوژمنایەتییەك کەهەموو سنوورە نەتەوەیی، ئایینی و

جۆگرافییەکانی بەزاندوە. ئەو دوژمنایەتییە هەر تەنیا ڕووی لەو کەمایەتیو نەتەوەو وڵاتانە نیە کە دەکەونە دەرەوەی ئاینی ئیسلام. ئەو نەتەوەو وڵاتانەی لە مێژیشە ئاینی ئیسلامیان قبوڵ کردوە، هەرخۆیان بەرەوڕووی دوژمنایەتیی داعش دیوەتەوە. داعش کە لە سەر زەمینەی ملبەملەو ناکۆکیی وڵاتانو دەوڵەتانی شیعەو سوننی سەری هەڵداوەو بە هێزێکی هەڵقوولاوی دنیای سوننە دەناسرێ، بۆ خەڵکی سوننە مەزهەبیش، بێجگە لە داوای ملکەچیو پشتیوانی لە دەسەڵاتە ڕەشو تاریکەکەیان هیچی دیکەی پێ نیە. بەم پێیە ئەوە هەر ئیزەدیو مەسیحیو جوولەکەی نێو کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی داعش نین کە مافی ژیانیان نیە، بەڵکووموسوڵمانانیش، ئەگەر شیعە بن یا تەنانەت ئەگەر سوننی بنو لە گەڵ بیروباوەڕی توندڕەوانەو دەسەڵاتی ڕەشی ئەو تاقمەدا نەبن، هەر مافی ژیانیان نیە. لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە بیرکردنەوەو کردەوەی ئەو تاقمە جێگای تێڕامانە، ئەویش مەیدانو پانتایی جووڵەو چالاکییەکانی داعشە. نەك هەرئەو کۆمەڵگەو خەڵكو وڵاتانەی داعش لە نێویان هەلقوولاوە، بەڵکوو هەر ناوچەو ولاتێکی جیهان، دەتوانێ ببێتە گۆڕەپانێك بۆ دەستوەشاندنی داعش لە دوژمنانی. ئەمەش وای کردوە ئەم هێزە تێرۆریستییە ببێ بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش لە هەموو جیهان.

نەتەوەی کورد لە دوو بەشی ڕۆژاواو باشووری نیشتمانەکەی لە گەڵ داعش لە شەڕ دایەو لە سۆنگەی شەڕپێفرۆشتنو نیازی داگیرکەرانەی ئەو گرووپە تێرۆریستیە زیانی گەوەری گیانیو ئابووریی پێ گەیشتوە. ئەزموونی بەرەنگار بوونەوەی کورد لە گەڵ داعش لە هەرێمی کوردستانو لە کۆبانێی خۆراوای کوردستان، ڕاستییەکی سەلماندوە کە شایانی لێوردبوونەوەیەو جیی خۆیەتی هیزە ناوچەیی و جیهانیەکان دەرسی لێ وەربگرنو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقمە تێرۆریستییە لە وڵاتانی دیکەدا، سوودی لێ وەربگرن. خەڵكو ئەندامانی کۆمەڵگەیەك کە لە ڕووی فکرییەوە، پێش کەوتوونو لە ڕووی سیاسییشەوە هەست دەکەن خاوەن مافو ئیرادەی خۆیانن، دەسەڵاتی داعشیانە قبوڵ ناکەنو ئامادەن بە هەموو توانا بەرەنگاری لەشکرکێشیو داگیرکاریو هێرشەکانی ئەو

تاقمە ببنەوە. بەڵام ئەو بەرەنگارییەی ئەوان کاتێك سەرکەوتوو دەبێ کەپشتیوانیی نێودەوڵەتیشی لە گەڵ دابێ.

سەرەڕای زۆر جیاوازی لە نیوان جێگەو پێگەی سیاسیی دوو نەتەوەی کورد و فەرانسی و جۆری ڕۆڵگێڕانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش‌دا، شایەدی دووپاتبوونەوەی هەمان ڕاستی بووین. فەرانسییەکان کە لە داهێنان‌و جێگیرکردنی زۆر لە بەها و بایەخە ئینسانی‌و مودێڕنەکانی ئەم سەردەمەدا، ڕۆڵی دیاریان هەیەو لە ئاستی جیهانیی‌ش‌دا، بەشێکن لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئازادی، دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ، نیشانیان دا ئامادەن نرخی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەم ئافەتەی سەردەم بدەن‌و تەسلیمی نەبن. ئەو یەکگرتوویەی بە دوای هێرشە تێرۆریستییەکانی ئەم دوایانەی پاریس‌دا، خەڵکی ئەو وڵاتە لە خۆیان نیشانیان دا، ئەو ئیرادە و لێبڕاوییەی خەڵك‌و دەوڵەتی فەرانسە بۆ درێژەی بەرەنگاری‌و دژایەتی لە گەڵ داعش نواندیان، بۆ خەڵکی کوردستان کە لە گەڵ داعش لە شەڕ دان‌و بۆ هەموو تاکێکی دژ بە تێرۆرو تاریکی‌و جەهالەت لە هەر شوێنێکی جیهان، مایەی دڵگەرمی بوون. هاودەردی‌و هاوپێوەندییەکیش کە لە ئاستی جیهانی‌دا بەرەوڕووی دەوڵەت‌و خەڵکی فەرانسە بۆوە، دووپاتبوونەوەو پێداگری لە سەر ئەو پەیامەو ئەو ڕاستییەیە کە هەر نەتەوەو خەڵکێك ببنە ئامانجی شەڕو هێرشە تێرۆریستییەکانی داعش، دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و خەڵکی جیهان بە دەنگیانەوە بچن‌و بە تەنیایان نەهێڵنەوە.

*لە ژمارە ٦٦٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا (٢٠١٥/١٢/١) بڵاو بۆتەوە*

بەیاننامە لە بارەی:

## تەقینەوە تێرۆریستیەکەی"شەوی یەلدا"و پەیامو شوێنەوارەکانی

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!

هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانیەکان!

دامەزراوە حکوومییەکان لە هەرێمی کوردستان!

کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی جیهان لە هەرێمی کوردستان!

ناوەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکان!

شەوی ١ی بەفرانباری ئەمساڵ (٢١ی دیسامبری ٢٠١٦)، مەراسمێکی کولتووری بە بۆنەی شەوی یەلدا(٨٦ساڵەی لە دایکبوونی د.قاسملوو) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ئیبتیکاری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی بنەماڵەکان و تێکۆشەرانو ئەندامانی ئەم حیزبە پێك هاتبوو، کرا بە ئامانجی تەقینەوەی تێرۆریستی. ڕاست لە کاتی تەواوبوونی بەرنامەکەدا، بۆمبێك لە نزیك شوێنی بەڕێوەچوونی مەراسمەکە، لە پەنا فرۆشگەیەك و لە تەنیشت ڕێگای هاتوچۆی گشتیی هەڕمۆتە — کەمپی "ئازادی" تەقێندرایەوە. کاتێك کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی دیموکرات و پۆلیسەکانی بنکەی ئاسایش لەو نزیکانە، بۆ فریاکەوتن دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە، بۆمبی دووهەمیش دەتەقێندرێتەوە و لە ئاکامدا دەسبەجێ ٦کەس گیانیان لە دەست دەدەن. ٤ کەسیش بریندار دەبن کە یەکێك لە بریندارەکان دوازدە سەعات دواتر بە داخەوە گیانی لە دەست دا و بەم جۆرە ژمارەی شەهیدەکانی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بووە ٧ کەس(٥ تێکۆشەری دیموکراتو دوو پۆلیسی ئاسایش).

نیشانەکان و زانیارییەکان دەری دەخەن کە ئامانج لەو تەقینەوەیە، کوشتنی ژمارەیەکی هەر چی زیاتر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی دێموکرات بووە. بەو هۆیەشەوە کە نەیانتوانیوە بۆمبەکان بێننە نێو هۆڵی بەرێوەچوونی رێورەسمەکە، نزیکترین شوێن لەو هەدەفەیان- کە خەڵك لە کاتی تەواو بوونی بەرنامەکەدا لێی کۆ دەبنەوە- هەڵ بژاردوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم راگەیەندراوەدا بە مەبەستی هەر چی زووتر ئاگادار کردنی بیروڕای گشتی لەم رووداوە، تەنیا رووداونی تەقینەوەکە و رادەی زیان و قوربانیە گیانییەکانی بە ئاگاداریی هەموو لایەك گەیاند و قامکی تاوانبار کردنی بۆ لایەنێکی دیاریکراو، رانەداشت. بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکانەوە، گومانمان نەبوو کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەم پیلانە تیرۆریستیەوەیە. لێدوان و وتوویژ و روونکردنەوەکانی دواتری بەرپرسانی حیزبی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم تەقینەوەیەدا، پێداگری بووە لە سەر ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك سەرچاوەی ئەسلیی ئەنجامدانی ئەم تاوانە تێرۆریستییە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاوانبار کردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوە تێرۆریستییە، پشتی بە کۆمەڵێك بەڵگەو هۆ بەستوە. ئەم رێژیمە، هەر لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا، دەیان تاوانی تێرۆریستیی گەورەی لە دژی لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی کوردی رۆژهەلاتی و بنەماڵەکانیان ئەنجام داوە کە سەدان قوربانییان لێ کەوتووەتەوە. جگە لەم کارنامە رەشە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی نەیاری ئەو رێژیمە لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی، لە مانگەکانی رابردوودا، فەرماندەرانی سوپای پاسداران بە ئاشکرا و بەردەوامی هەرەشەیان کردوە کە لە نێوخۆی هەرێم و لە هەر جێیەك بە پێویستی بزانن، زەبر لە دێموکراتەکان و بنکە و بارەگاکانیان دەوەشێنن. لەمانەش گرنگتر ئەو زانیارییانەن کە کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە رەوتی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ئەو رێژیمە و لێکۆڵینەوە لە راسپێردراو و دەستوپێوەندە ناردراوەکانی سەر بە دامودەزگا سیخوڕییەکانی کۆماری

ئیسلامی بۆ نێو حیزبی ئێمە، کۆی کردوونەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئیتلاعات و سوپای پاسداران لە مێژە لە هەوڵی خرابکاریو ئەنجامدانی تەقینەوە و کردەوەی تێرۆریستیی دیکە لە نێو بنکە و دامەزراوەکانی حیزب و لە دژی بەرپرسان و تێکۆشەرانی حیزب دان. لەڕاستای چالاك کردنەوەی نیازە تێرۆریستییەکانیان لە هەرێمی کوردستان و بە دژی حیزبی دیموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییان بە ژمارەیەك لە هاودەستانی خۆیان لە دەیەی ٩٠ی هەتاوی‌دا گرتووەتەوە و داوایان لێ کردوون بۆ ئەم مەبەستە هاوکارییان بکەن. ئەوەش کە هەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەند پیلانی تێرۆریستی لە دژی بنکەکان و بەرپرسانی ژمارەیەك ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو هەرێمی کوردستان‌دا، پووچەڵ کراونەوە و عامیلانیان گەڕاونەوە باوەشی دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی ئێران، ڕاستیی ئەم قسانە دەسەلمێنن. ئەو بەڵگە و نیشانە و زانیارییانەش کە لە پێوەندی لە گەڵ تەقینەوەی "شەوی یەلدا"دا بە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەن و جارێ خەریکی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەریانین، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دڵنیامان دەکەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم تاوانە تێرۆریستییەی ئەنجام داوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەهەموو ئەو لایەنانەی بەردەنگی ئەم بەیاننامەن، داوا دەکا تەقینەوەی تێرۆریستی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك زەنگێکی مەترسی و وەك سەرەتایەکی بە کردەوە لە دەستپێکردنەوەی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستان‌دا، چاو لێ بکەن. هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو تاوانانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەی٩٠ی زایینی لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێی‌دا ئەنجام دا، زیانێکی زۆر بە ئیعتیبارە سیاسیو ئەمنیەتییەکەی گەیشت. هەروا کە برایەتیی گەلی کورد لە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش لە ژێر کاریگەریی ئەو کارەساتانەی لە هەرێمی کوردستان بە سەر تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات هاتن، زیانی گەورەی دیت.

چالاکبوونەوەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو ئەو لایەنانەی بەر دەنگی ئەم بەیاننامەیەن بەرەورووی کۆمەڵێك ئەرك دەکاتەوە. گرنگترینی ئەم ئەرکانە بریتین لە:

—دەنگهەڵبڕین و مەحکوومکردنی ڕاشکاوانەی دەستدرێژیی سوپایی و کردەوەی تێرۆریستی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ؛

—چاوەدێریی بنکە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستان و هاتوچۆی کاربەدەستان و دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی ئێران ؛

—هەست کردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەمنیەتی تێکۆشەران و بنکە و کەمپەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و؛

—پشتیوانی و هاودەنگی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و تێکۆشەرانی ئەو بەشەی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستانن لە دژایەتی لە گەڵ هەڕەشە و تاوانی تێرۆریستیدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەبیر هێز و لایەنە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکانیشی دێنێتەوە کە ئەگەر زۆر فاکتەری سیاسی و خەباتگێڕانەی گرنگی دیکەش هەتا ئێستا بە داخەوە نەبوون بە هۆ و پاڵنەری یەکگرتن و هاوکاریی بەرین و درێژخایەن لە نێوانیاندا، حەق وایە هەڕەشە و نیاز و بەرنامە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لەوان لە هەرێمی کوردستاندا، ببێ بە هاندەرێك بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە پێوەندییەکانیان و بکرێتە سەرەتایەك بۆ یەکگرتن و هاوکاری و خەباتی هاوبەش لە بواری جۆراوجۆردا.

ئێمە جارێکی دیکە سەرنجی دەوڵەتان و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان بۆ لای ئەم ڕاستییە ڕادەکێشین کە حزووری ڕێژیمی ئێران لە عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و شوێنەکانی دیکەی ناوچە، نەك بۆ بەشداری لە شەڕی جیهانیی دژ بە تێرۆریزم، بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانە ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی و زاڵکردنی هێژمۆنیی سیاسی، ئەمنیەتی و سوپایی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دایە. ئامانج و نیازی حزووری ئەم ڕێژیمە لە نێو ڕووداوەکانی ناوچەدا نەك لە ڕاستای پێکەوەژیانی بە ئاشتیی وڵاتان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی

ناوچە، بەڵکوو بۆ داکۆکی و پشتیوانیی بەشێکی دیاریکراویانە و دەیەوێ بە هەر نرخێك بووە هاوپەیمانەکانی خۆی بە سەر ئەوانی دیکە زاڵ بکا. ئەم حزوورە ناوچەییە کە بە ڕواڵەت بەشدارییە لە شەڕی جیهانی بە دژی تێرۆریزم و توندڕەویی ئایینی، هیچی لە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە کە پەنابردنە بۆ تێرۆریزم و پیلان و سەرکوت لە دژی نەیارەکانی، نەگۆڕێوە و لە هەر شوێنێك و هەر کاتێك بە پێویستی زانیبێ، سوودی لێوەرگرتوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەرفەتی دەزانێ، لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە سپاس و پێزانینی گەرمی خۆی بەرامبەر ئەو هاوخەمی و هاوپێوەندییە بەرینە ڕابگەیەنێ کە دوابەدوای تەقینەوەی تێرۆریستی لە بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزب لە نزیك شاری کۆیە و لە ڕۆژانی دواتر دا خۆی نواند. سەرۆکایەتیی هەرێم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پارلمان و فراکسیۆنە پارلمانیەکان، زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ڕەسمی، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە گەورەیە، لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدەکان، هاوخەمیان کرد. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکان، کاربەدەستانی حیزبی و حکوومی، نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمی کوردستان، لە بەخاکسپاردنی شەهیدەکان یا لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەشدار بوون. خەڵکی شاری کۆیە بە هاتن بۆ نەخۆشخانەکان بە مەبەستی خوێن بەخشین بە بریندارەکان و سەردان بۆ بنکە و کەمپەکانی حیزب و ئامادەیی دەربرین بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکی پێویست، جارێکی دیکە جوانترین نموونەی دلسۆزییان بەرامبەر حیزبی دیموکرات نواندەوە. جێگای خۆیەتی سپاسی بەرپرسانو کاربەدەستانی ئاسایش و دەزگا حکوومی و ئیدارییەکانی کۆیە بکەین کە بە مەبەستی فریاکەوتن و هاوکاری و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، لە یەکەم ساتەکانی دوای ڕووداوەکە، خۆیان گەیاندە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب. هیوادارین لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی دەزگا ئەمنیە پیوەندیدارەکان هەرچی زووتر بگاتە

ئاکام و بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر هاوخەمیی دێموکراتەکان لە گەڵ یەکتر لەم ڕووداوەدا، وەك زۆر بۆنەی دیکە کە ڕووداوی ناخۆش بۆ دیموکراتەکان دێتە پێش، جارێکی دیکە سێبەری هاودڵی و هاوسەنگەربوون و هاوڕێیەتی باڵی بە سەربنکە و ماڵەکانی دیموکراتدا کێشا.

تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و هەم لە نێو کوردەکان و ئێرانیەکانی دەرەوەی وڵات، شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمی و هاوپێوەندی لە گەڵ حیزبی ئێمە وەڕێ خستوە. دڵسۆزان و هۆگرانی حیزب لە نێوخۆ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندییان بە بەرپرسان و تێکۆشەرانی حیزبەوە گرتوە، ئەو تاوانە دڕندانەیان مەحکووم کردوە و هاوخەمی و پشتیوانیی خۆیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوە. لە دەرەوەی وڵاتیش، جینایەتی تازەی کۆماری ئیسلامی بووە بە هۆی تووڕەیی کوردەکان و کۆڕو کۆمەڵی سیاسیی ئێرانی. هیوادارین ئازادیخوازانی کورد و ئێرانی لە دەرەوەی وڵات ئەم تاوانە گەورەیەی ڕێژیمی ئێران بکەنە هەوێنی چالاکیی سیاسی جۆراوجۆر بۆ لەقاودان و مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی. هەر لێرەش‌دا بە پێویستی دەزانین ڕێز و پێزانینی خۆمان بۆ ئەو بەشە لە میدیاکان ڕابگەیەنین کە بایەخی پێویستیان بەم ڕووداوە دا و، بە هاتن بۆ شوێنی ڕووداوەکە و وەرگرتنی لێدوان و ڕوونکردنەوە لە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیشکیان خستە سەر ئەو هێرشە تێرۆریستییە و بیروڕای گشتییان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە.

ئێمە جارێکی دیکە یادی شەهیدانی ئەو تەقینەوە تێرۆریستییە بەرز ڕادەگرین و سەرەخۆشی لە بنەماڵە دڵ بە خەمەکانیان و هاوسەنگەرانیان دەکەین. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر شوێنێك، دڵنیا دەکەینەوە کە هەڕەشە و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم حیزبە لە درێژەدانی خەباتی ڕەوا و فرەڕەهەندی خۆی بە دژی کۆماری ئیسلامی،

سارد ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەم تاوانە و خوێنی تازەترین شەهیدەکانمان هەر لەو کاتەدا کە هانمان دەدا بۆ وریایی و پارێزگاریی زیاتر لە ڕێبەری و تێکۆشەرانو بنکەکانی حیزب، لێبڕاوی و ئیرادەشمان بۆ خەباتی زیاتر لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان ، بە گوڕتر دەکا.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ١ی بەفرانبار(یەلدای خوێناوی)،

سڵاو لە هاوپێوەندیی دۆستان و دڵسۆزان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان،

ڕسوایی بۆ تێرۆریزم و ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران،

سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وهەموو بەشەکانی کوردستان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

٤ی بەفرانباری ١٣٩٥

٢٤ی دیسامبری ٢٠١٦

بەیاننامەی هاوبەشی نزیك بە ٣٠ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی
بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان:

## یەکدەنگ و یەکگرتوو کردەوەی تێرۆریستی مەحکووم دەکەین.

ئێمە نوێنەرانی نزیك بە ٣٠حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەمە ٢٥ی دیسەمبری ٢٠١٦ بە یەکەوە لە شوێنی تەقینەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ١ی بەفرانباری ئەمساڵ(٢١ی دیسەمبری ٢٠١٦) لە قەڵای دیموکرات(بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە نزیك شاری کۆیە، کۆ بووینەوە.

ئەو تاوانە تێرۆریستییە کە شەهید بوونی ٥ پێشمەرگەی دیموکرات و دوو پۆلیسی ئاسایش و برینداربوونی ژمارەیەکی دیکەی لێ کەوتەوە، بەشدارانی مەراسمێکی کردبوو بە ئامانج کە بە بۆنەی ٨٦ ساڵەی لە دایکبوونی د.قاسملووی شەهید پێك هاتبوو. ئاشکرایە ئەگەر تێرۆریستان بیانتوانیبا بۆمبەکانیان بگەیەننە نێو شوێنی مەراسمەکە بە دڵنیاییەوە کارەساتێکی زۆر گەورەتریان دەخوڵقاند.

هەر یەك لە ئێمە حیزبو لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە، پێشتر جیا جیا ئەم تاوانەمان بە توندی مەحکووم کردوە و هاوخەمیی خۆمان لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوە. ئەمڕۆش هەموومان یەکدەنگ و بە یەکەوە بۆ جارێکی دیکە ئەم کردەوە تێرۆریستیە مەحکووم دەکەینەوە و لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیان ، دیموکراتەکان ولایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، هاوخەمیی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

ئەمە یەکەم جار نیە دەستی ڕەشی تێرۆر، لە هەرێمی کوردستان گیانی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات دەستێنێ. لە نەوەدەکانی سەدەی ٢٠دا بە داخەوە سەدان کادرو پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتو

بنەماڵەکانیان لە باشووری کوردستان بوون بە قوربانیی پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لەم یەك دوو ساڵەی دواییشدا چەند پیلانی تێرۆریستی لە دژی بنکەکانو تێکۆشەرانی ژمارەیەك لەو حیزبانە پووچەڵ کراونەوە کە لە کاتی خۆیدا لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە هەواڵەکەیان بڵاو بۆوە.

ئێمە نیگەرانین کە تاوانی تێرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبارو پیلانە پووچەڵ بۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەك بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تێرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. لە کاتێك دا نەتەوەکەمان لەباشوور و خۆراوای کوردستان لە گەڵ تێرۆریزم لە شەڕێکی بەرین دایە و قوربانیی گەورە پێشکەش دەکاو، هەر لەم سۆنگەیەشەوە ڕێز و ئیعتیبارێکی جیهانیی وەدەست هێناوە، چۆن دەتوانین ڕێگە بدەین ڕۆڵەکانی بەشێکی دیکەی کوردستان لە سەر خاکی هەرێم ببن بە ئامانجی تێرۆر؟ هەر دەوڵەت و لایەنێك لە ژێر هەر ناوێکدا دەست بۆ تێرۆر و ڕەشەکوژی ببا مەحکوومە. هەر بۆیە جگە لەوەی هەر یەك لە ئێمە لە سیاسەت و تێکۆشانی خۆماندا دژی دەوەستینەوە، بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارەکانیشی دەزانین ڕێگر بێت لە بەرێوەچوونی هەڕەشە و پیلانی تێرۆریستی لە دژی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە. هەر وەها سەرنجی هاوپەیمانەتیی نێودەوڵەتی دژی تێرۆر بۆ لای تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ناوچەکە بەرامبەر هێز و لایەنە خەباتکارەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕادەکێشین و پیویستی و گرنگیی بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم جۆرە لە تێرۆریزمیان وەبیر دێنینەوە.

وێڕای مەحکوومکردنی شەڕو لەشکرکێشی، تێرۆر و سەرکوت و تۆقاندن لە لایەن دەوڵەتانی ناوچە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی کورددا، بە قووڵی باوەڕمان بەوە هەیە کە خەباتی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەلات و هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان، بە شەڕ و سەرکوت و تێرۆر لە نێو ناچێ.

لە کاتێکدا لە سەر پشتیوانیمان لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بۆ مافە ڕەواکانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێ دادەگرینەوە، داوامان ئەوەیە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە نێوخۆی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، کەمپەین وچالاکیی هاوبەش لە دژایەتی لە گەڵ سیاسەت و بەرنامەو پیلانی تێرۆریستیدا وەڕێ بخەن.

کۆبوونەوەی هاوبەشی نزیکەی ٣٠حیزبو لایەنی سیاسیی هەر چوار بەشی کوردستان

٢٠١٦/١٢/٢٥

**لایەنەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی هاوبەشی**
**حیزبە کوردستانیەکانی هەر چوار بەشی کوردستان**
**بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تێرۆریستی**
**٢٥ی دیسامبری٢٠١٦ – کۆیە:**

*ناوەکان بە پێی تەرتیبی ئەلفوبێ:*

بزووتنەوەی دێموکراتیکی گەلی کوردستان
بزووتنەوەی رزگاریی دێموکراتی کوردستان
پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە
پارتی دێموکراتی نیشتمانیی کورد لە سووریە
پارتی دیموکراتی کوردستان
پارتی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە)
پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان
پارتی یەکیەتی دیموکرات ( پەیەدە)
پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سووریە
یەکیەتیی دیموکراتی کوردستان
حیزبی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە
حیزبی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
حیزبی شیوعیی کوردستان
حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە
ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە)
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)

## شەڕی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات لە گەڵ حدك بە چەکی تێرۆر

لە شەوزستان(١ی بەفرانباری١٣٩٥)دا ، دەزگای جاسووسیو تیرۆری ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەقینەوەیەکی تێرۆریستیی لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە برد کە شەهید بوونی ٧ کەسو برینداربوونی ٣ کەسی دیکەی لێ کەوتەوە.

ئەم تەقینەوە تێرۆریستییە، بووە هۆی بێزاری و تووڕەیی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانو ئێرانو هەر وەها کۆمەڵانی خەڵك لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، بە توندی مەحکووم کرا. هەر لەو کاتەدا شەپۆلێکی گەورە لە هاودەردیو هاوپێوەندیی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو بنەماڵەی شەهیدەکان وەڕێ خست.

وەك لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتبوو، ئەم تاوانە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئێران، زەنگێکی مەترسی بوو کە نەك هەر حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی حکوومەتی هەرێمو لایەنە سیاسییەکان پێویستە، بیبیسن. کۆماری ئیسلامی بەم تەقینەوەیە و بە چەند پیلانێکی تێرۆریستیی پووچەڵبۆوەی لەم یەك دووساڵەی دواییدا، دەری خستوە کە نیازی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ زەبر وەشاندن لە نەیارەکانی خۆی لە ڕێگای کردەوەی تێرۆریستی بە کار بێنێ. وەڕێکەوتنەوەو دەستبەکاربوونەوەی ماشێنی تێرۆری ئەو ڕێژیمە لە باشووری کوردستان لە دژی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە خۆی دا درۆبوونی ئەو ئیددیعایانەش دەردەخا کە ئەو ڕێژیمە

وەخت و بێوەخت لە بارەی بێ‌پێگەیی و نەمانی کاریگەریی ئەوان لە نێو خەڵکی کوردستان دا، بڵاویان دەکاتەوە.
ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە بە ئامانجی گەورەترین پیلانی تێرۆریستیی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامی، بە ڕێکەوت نیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا، لە دوو بواری سەرەکی دا بەرامبەر بەو ڕێژیمە مەیدانداریی کردوە. یەکێك لەو بوارانە هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بووە بۆ لەمەیدانابوون‌و قۆزتنەوەی هەر هەل‌و دەرفەتێك بۆ هێنانە گۆڕی ویست‌و داواکانی خۆیان‌و تەنگ هەڵچنین بەو سیاسەت‌و بەرنامانەی سوپای پاسداران‌و ئیتلاعات لە کوردستان بەڕێوەی دەبەن. دووهەم بوار، ئامادەبوونی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خەڵك‌و خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا و چالاکبوونەوەی تێکۆشانی جۆراوجۆری ئەم حیزبە بووە. کاریگەر بوونی ئەم دوو ڕەهەندەی تێکۆشان و لە گەڵ ئەمانەش‌دا، دیاربوونی حیزب لای ناوەندە دیپلۆماتیك و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، وای کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ببێتە جێگای سەرنج و پشتیوانیی خەڵك لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ئاستی شوێندانانی لە ڕووداوە سیاسییەکانی نێوخۆ دا، بەرەوژوور بچێ.
باسکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دیالۆگ و پێویستیی چارەسەری پرسی کوردستان بە ڕێگای هێمنانە، گرنگیدانی بە گرتنە بەری شێوازە مەدەنیەکانی خەبات لە لایەن خەڵکەوە و نیشاندانی هێزو توانای حزووری پێشمەرگانە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات‌دا، بە جۆرێك نیگەرانیی خستووەتە دڵی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم حیزبە، چەکی تێرۆر بە دوو جۆر بە کار بێنن. لە لایەکەوە هەوڵیان داوە ئەم حیزبە بە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی تاوانبار بکەن. موستەنەدێکی پڕ لە درۆ و ساختەکاری کە وەزارەتی ئیتلاعات لەم مانگانەی دوایی‌دا لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە "پرێس تی ڤی" بڵاوی کردووەتەوە و دەیەوێ ئەم حیزبە بە ئەنجامدانی ڕەشەکوژی تاوانبار بکا، نموونەیەکە لەو

هەوڵانە. بەڵام هەر بەوەشەوە نەوستاون و بە ئەنجامدانی پیلان و بەرنامەی تێرۆریستییش دەیانەوێ زەبر لەو حیزبە بوەشێنن کە تەقینەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، ئەم نیازەیانی بە ڕوونی دەرخست.

بەڵام ئایا سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتەیان دەتوانن ڕێگا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و دەستی پێ لە گوتار و سیاسەت و تێکۆشانی شوێندانەرانەی خۆی هەڵ بگرن؟ پیلان و بەرنامەکانی دەزگای جاسووسی و تێرۆری کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەوڵەکانیان بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ناشیرین لەو حیزبە، ئەگەر تەئسیرێکیان لە سەر ئەم حیزبە هەبووبێ، ئەوەیە کە وشیاری و توانا و ئامادەیی خۆی و تێکۆشەرانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و پیلانی تێرۆریستیی ئەو ڕێژیمە و تەبلیغاتە ژاراوییەکەی بەرەو ژوور بردووە. ئەگینا گوتار و سیاسەت و تێکۆشانی ئوسوولیی ئەم حیزبە، بەو جۆرەی دوایین کۆنگرەی حیزب، پێی لە سەر داگرتوونەوە، درێژەیان پێ دەدرێ.

*

# تاران، داعش، کورد

**ئاماژە:**

ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦(٧ی ژوئەنی ٢٠١٧)ی تاران، جارێکی دیکە بوون بە هۆی ئەوە پێوەندیی تاران، داعش و کورد لە گەڵ یەکتر بێنەوە بەرباس و بە شێوەی جۆراوجۆر قسەیان لێ بکرێ. کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی دەسەڵاتدارەتییەکەی، ئەویش لە دوو شوێنی واتادار، یەکەمیان مەجلیسی شوورای ئیسلامی و دووهەم لە مەزارگەی خومەینی، دامەزرێنەر و ڕێبەری ئەو ڕێژیمە هاوکات کەوتە بەر زنجیرەیەك هێرشی تیرۆریستی. هێرشەکانیش بە هۆی کەسانێکەوە بەڕێوە چوون کە کوردزمان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. هەم ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارەتیی ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی گرتە ئەستۆ و هەم کۆماری ئیسلامییش، هێرشەکانی بە کاری داعش زانی. لە سۆنگەی ئەم ڕووداوانەوە، لە نێوخۆی ئێران و بە تایبەتی کەسان و ناوەندگەلی سەر بەڕێژیم، کوردزمان بوونی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانەیان کردە بیانوو بۆ لێدوانی دوژمنانە بەرامبەر کورد و بڵاوکردنەوەی ڕق و نەفرەت لە دژی ئەو نەتەوەیە. هێرشە تەبلیغاتییەکە هەر کورد لە نێو ئێرانی نەگرتەوە بەڵکوو کوردی باشووریشی دایە بەر ڕەحمەتی خۆی، ئەویش لەکەشوهەوایەکدا کە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، لە ساتەوەختی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی بەڕێوەچوونەکەی نزیك دەبۆوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدا هەڵوێستە لەسەر چەند ڕەهەندێکی باس و لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی تاران بکا.

**ڕەهەندی یەکەم: هێرشی تیرۆریستیی ڕاستەقینە یا سیناریۆی دەسکردی سوپا و بەیتی ڕەهبەری؟**

لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە خۆی وەك یەك لە کاریگەرترین جەمسەرەکانی شەڕ لە گەڵ داعش پێناسە بکا و بە ئامانجکرانی تاران لەم هێرشانەدا بباتەوە سەر ڕۆڵی خۆی لە شەڕی ناوچەیی لە گەڵ داعشدا، زۆر لە شرۆڤەکارانی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، گومانیان لە واقعیبوونی

هێرشەکاندا هەیە و وەکوو سیناریۆك کە ناوەندە سەرەکی‌یەکانی خودی ئەو ڕێژیمە دایانڕشتوە، لێیان دەڕوانن! بەشێك لەوانەش کە لە بە سیناریۆناوبردنی هێرشەکان خۆیان بواردوە، لانیکەم نەیانشاردووەتەوە حکوومەتێك و لایەنێك کە بۆ خۆی پشتیوان و هاوکاری ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان بێ، دووکەڵی ئەم پشتیوانی و تێکەڵاوییە ، ڕۆژێك داوێنی خۆیشی دەگرێتەوە.

پرسیارێکی زۆر سادده ئەوەیە چلۆن دەکرێ ڕێژیمێك دوو ناوەندی هەرە دیاری خۆی کە یەکەمیان (مەزارگەی خومەینی) لە ڕووی پیرۆزی و ڕووگەبوونی بۆ بەڕێوەبەران و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و، دووهەمیان (مەجلیسی شوورای ئیسلامی) کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، بکا بە شوێنی بەڕێوەبردنی سیناریۆیەکی خوێناوی کە خۆی دایڕشتوە؟! موحتەمەل بوونی ڕاستبوونی ئەو جۆرە بۆچوونانە کاتێك بە هێز دەبێ کە ٣ فاکتۆر لە بەر چاو بگرین:

یەکەم، پێشینەی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی سیناریۆی ئەمنیەتی و خوێناوی‌دا کە کارنامەی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە دەیان نموونەی لەو چەشنەیان تیدایە. نوێترین نموونەکان مردنی گوماناویی ڕەفسەنجانی و، سووتاندن و دواتر تەقاندنەوەی بینایەی پلاسکۆ، بوون. کۆمەڵی ئێران هەتا ئێستاش ئەمانەی وەك ڕووداوی سروشتی وەرنەگرتوون. لە پێشووش‌دا نموونەی وەك کوشتنی ئەحمەدی خومەینی، تەقاندنەوەی بارەگای ئیمام ڕەزا لە مەشهەد، تێرۆری ٤ قەشەی مەسیحی و تەقینەوە لە مەزارگەی خومەینی، هەبوون کە ئیدی ئێستا، دوای لێکترلەقاودانەکانی پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بە بەڵگە سەلمێندراون کە سێ کوچکەی بەیتی ڕەهبەری و وەزارەتی ئیتلاعات و سوپا، لە پشت یەك یا چەند لەم ڕووداوانە بوون. لێرەدا لەناوبردنی ئامانج و نیازی پشت سیناریۆی پێوەندیدار بە هەر کام لەو ڕووداوانە دەگوزەرێین. ئەو خاڵەشمان لە بیر نەچێ کە لێرەدا بە ئەنقەست باسی ئەو پیلانانەی دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دژی کەسایەتییە جیابیرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەرەوەی ڕێژیم بەڕێوەیان بردوون،

ناکەین. تەنیا وەك نموونە ئاماژەمان بە چەند ڕووداوێك کرد کە پێشتر بە زەحمەت شیمانە دەکرا ڕێژیم بۆخۆی لە پشتیان بێ، کە چی دواتر دەرکەوت بەڕێوەبەر و ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لەم ڕێژیمەدا ئامادەیە بۆ ئامانجی سیاسی و ئەمنیەتی و بەرژوەندی لە ڕوانگەی خۆیەوە گرینگ، شتی وا بکا.

دووهەم، جۆرەی هەڵسوکەوت و دژکردەوە نیشاندانی ناوکە سەرەکییەکانی دەسەڵات و دەمڕاستەکانیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕووداوگەلی لەم چەشنەدا کە لە جیاتیی یارمەتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بدەن، پرسیار و گومانی زیاتر دروست دەکەن. چونکە جگە لە ناتەباوێژی و بڵاوکردنەوەی درۆ و ئیددیعای نەسەلمێندراو لە پێوەندی لە گەڵ لایەنێك یا چەند لایەنی ڕووداوەکە و کەسەکانی پێوەندیدار، وا دەکەن سەرەداوەکان هەر لە سەرەتاوە بە تەواوی ون ببن یا دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی لە نێو بچن. لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕووداوانە بە دوور لە چاوەدێریی میدیاکان و نوێنەرانی بیروڕای گشتی، بەڕێوە دەچێ و کارنامەی دامەزراوە پیوەندیدارەکانی ئەو ڕێژیمە لە دانی زانیاریی ڕاست و دروست بە خەڵكدا، بە تەواوی ڕەش و گوماناوی بووە. ئەمەش وای کردوە بە چاوی گومان و پرسیارەوە ڕوانین لەو ڕووداوانەی لە ێیو کۆماری ئیسلامی دا ڕوو دەدەن، هەتا هاتوە بە هێزتر بێ.

سێهەم، لە کۆماری ئیسلامیدا عادەت وابووە ئەنجامی ململانێی دوو قۆڵی سەرەکیی نێو ڕێژیم بە تایبەتی ئەو کاتانەی ململانێکان لە سۆنگەی جۆری دەنگدانی خەڵکەوە، لە زیانی ویست و بەرژەوەندی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و کۆنەپارێزەکان دەچنە پێش، لە ڕێگای قەیرانسازییەوە، پێچەوانە بکرێتەوە. هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران بە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ و شکستی کاندیدای قۆڵی کۆنەپارێزدا ڕوویان دا. هەر لە دوای ڕاگەیەندرانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، سیاسەتی حەسەنی ڕووحانی لە هەر دوو بواری نێوخۆیی و دەرەکی دا پتر لە پێشوو کەوتنە بەر ڕەخنە و هێرشی قۆڵی کۆنەپارێز و، لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خامنەیی. ئەوەی لە دوای ئەم هێرشانەشەوە لە زمانی خامەنەیی و دەمڕاستەکانی قۆڵی کۆنەپارێزەوە بە

ڕاشکاوییەکی زیاترەوە پێیان لە سەر دادەگیرێتەوە لە ژێر پرسیاردابوونی ڕێککەوتنی بەرجام، پێویستیی درێژەی مەیدانداریی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و پێویستیی شەڕ لە گەڵ «دوژمنان» لە دەرەوەی سنوورەکان و دووریکردن لە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەك لە گەڵ ئەمریکایە. لە ئاستی نێوخۆییش‌دا شەخسی خامەنەیی بە دوای هەڵبژێرانەوەی ڕۆحانی، بە جۆرێکی بێ‌وێنە هەڵ دەکوتێتە سەر ئەو دروشم و بەڵێنانەی ڕۆحانی بانگەشەی بۆ کردوون. ئایا ناگونجێ هێرشەکانی ڕۆژی ١ی جۆزەردان، سیناریۆیەکی سوپای پاسداران بە ڕەزامەندیی شەخسی خامەنەیی بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی وڵات لە بەرژەوەندی خۆیان و بە زیانی سەرکۆمار و لایەنگرەکانی بێ؟

هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، چ هێرشی ڕێکخراو لە لایەن داعشەوە بووبن، چ بەشێك بووبن لە سیناریۆکی دەسکردی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری و هتد، ئاکامێکی دیاریان هەبووە، ئەویش دەست ئاوەڵایی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و دامەزراوەکانی سەر بە خامەنەیی بۆ دەرهێنانی بەرە لە ژێر پێی سەرکۆماری هەڵبژێردراو و، وەرێخستنی شەپۆلی سەرکوت و دەمکوت لە نێوخۆدا. هەر وەها دەستی ئەوانە ئاوەڵا بووە بۆ بەردەوامی و درێژەدان بە سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و زاڵکردنی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا لە ڕێگای بردنە پێشی شەڕی ئایینی. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی‌دا، دەیەوێ بە کەلکوەرگرتن ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردان، سەرهەڵدانی هەر جۆرە دوودڵی و ڕاراییەك لە درێژەدانی نیاز و سیاسەتەکانی پێشوو لە نێو نیزام‌دا سەرکوت بکاو، دەرگای سیاسەتە دەرەکی و نیوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمە هەر لە سەر هەمان پاژنەی جاران بوخلێتەوە. بەم پێیە هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندوون. هەلێکی زێڕینی ئەوتۆ کە گریمانەی سیناریۆ و گوماناوی بوونی هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، ئەوەندەی دیکە بە هێز دەکا.

**ڕەهەندی دووهەم: پێگەی کورد و کۆماری ئیسلامی لە شەڕی داعش‌دا**

شەڕ لە گەڵ داعش بە تایبەتی و  چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزم و گرووپە تێرۆریستییەکان بەگشتی، مەحەکێکی باشن بۆ هەڵسەنگاندنی نێوەرۆکی دوو هێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دژایەتی لە گەڵ تێرۆردا. دوو هێز کە یەکێکیان(کۆماری ئیسلامیی ئێران) حکوومەت و دەسەڵاتە و، خاوەنی دەوڵەت و سوپا و ئەرتەش و سەرچاوەی زەبەلاحی  ئابووری  و دامو دەزگای حکوومەتییە و لە ناوەندە نیودەوڵەتییەکانیش بۆ وێنە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ستاتووسی نوێنەرایەتیی وڵاتێکی سەربەخۆی هەیە. ئەو حکوومەت و دەوڵەتە، وڵاتی پان و بەرینی ئێران بەڕێوە دەبا. هێزەکەی دیکە (کورد)، نەتەوەیەکی بندەست و بەش بەش کراوە و بە سەر چوار وڵاتی ناوچەدا دابەش کراوە و تەنیا لە پارچەیەك لە چوار پارچەی نیشتمانەکەیدا، دەسەڵاتی خۆی بە دەستەوەیە. ئیرادەی ئەو نەتەوەیە لە سێ پارچەکەی دیکە، لە قالبی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بڕیار و سیاسەت و هەڵویستی هیزە سیاسیەکانی‌دا خۆ دەنوێنێ. بۆ تێگەیشتن لە جێگە و پێگەی ئەو دوو ئەکتەرە نایەکسانەی ناوچەکە لە شەڕی دژە تێرۆر و تەعامول لە گەڵ تێرۆریزم و گرووپە تێرۆریستییەکان، بە جیا باس لە هەر کامێکیان دەکەین. لە پێش‌دا باسی کورد دەکەین:

*- نامۆبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە تێرۆریزم*

بزووتنەوەیی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەر لەو کاتە دا کە شوناسێکی ڕزگاریخوازانەی هەیە، خاوەنی نیوەرۆکێکی دیموکراسیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەشە. هیچ کام لە هێزە سەرەکییەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خوازیاری زالکردنی ئایین و دینێکی تایبەت بە سەر ئایین و دینێکی دیکەدا نین و هەوڵی بندەستکردنی پەیڕەوان و لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە نادەن. نەك هەر دژایەتییەکیان لە گەڵ پەیماننامە نیودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدا نیە بەڵکوو نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانەیان کردوە بە بەشێك لە بەرنامەی سیاسیی خۆیان. پێکەوەژیانی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان لە سێبەری ئاشتی و وێکهەڵکردن و بە ڕەسمی ناسینیان‌دا، یەکێك لە

ئامانجە دیارەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. هیچ کامێکیان بیانووی کولتووری و ئایدۆلۆژیانە بۆ هێشتنەوەی ژنان لە کۆیلەتی و بێمافیدا ناهێننەوە و لە ڕووی باوەڕەوە و تەنانەت لە پراکتیکیشدا بۆ یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن. لە ڕەوتی خەبات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەشیاندا، ئەگەر ناچار بە هەڵگرتنی چەك و شەڕی چەکداری بووبن، بۆ بەرگری لە نەتەوەکەی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی شەڕ و لەشکرکێشی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان و زەوتکەرانی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان بووە. ئەو کردەوانەی وەك «تاوانی تیرۆریستی» دراونە پاڵ کورد و هێزە خەباتکارەکانی، داهێنراوی ڕێژیمە داگیرکەر و دژەکوردەکان بوون و مەبەستیشیان لە کردەوەی تیرۆریستی، بەرەنگاربوونەوەی سوپا و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمانە لە لایەن هێزە خەباتکار و بەرهەڵستکارەکانی کوردەوە بووە  کە لە ڕاستیدا دەچنە خانەی «بەرگریی ڕەوا»، هەر بۆیە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش بە دەگمەن ئامادە بوون وەك «کردەوەی تیرۆریستی» لێیان بڕوانن. هەر ئەوەش کە نەتەوەی کورد هەر کات لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا هەلی پێکهێنانی دەسەڵات و حکوومەتی خۆی بۆ ڕەخساوە، بە بەراوەرد لە گەڵ وڵاتانی ناوچە، نموونەیەکی دیموکراتیانەی دەسەڵاتدارەتیی لە خۆی نیشان داوە، بەڵگەی نامۆبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە گەڵ تیرۆریزم و پەنابردن بۆ مەزنیخوازی و سەرکوت و سڕینەوەی «ئەوانی دیکە» لە نێوخۆی هەرێمی دەسەڵاتدارەتییەکەی و دەرەوەی ناوچەی دەسەڵاتدارەتییەکەی دایە. ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٥-١٩٤٦ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ەوە هەتا ئێستا، باشترین بەڵگەن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە.

حاشا لەوە ناکرێ کە لە ٢-٣ دەیەی دواییدا لە نێو کوردیش بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی سەریان هەڵداوە. هێندێك لەو گرووپ و ڕێکخراوانە لە گەڵ ئەوەی هەڵگری ڕوانگە و بیروباوەڕی ئایینین، لە ڕووی بەرنامە و ئامانجی سیاسییەوە بەشێکن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. دیارە ژمارەیەکیشیان خاوەنی

بیروباوەڕی وشك و توندڕەوانەن و دەکرێ بڵێین لە ڕووی فکری و باوەڕەوە، لە هەمان سەرچاوەوە هەڵقووڵاون کە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعدە و داعش لێیانەوە هاتوون. ئەمانە ئەگەر جێ پێیەکیشیان بۆ ئەم جۆرە ڕێکخراوە تێرۆریستییانە لە کوردستان کردبێتەوە و کەسانێکیان لە نێو نەتەوەی کوردەوە، ڕەوانەی ئەلقاعیدە و داعش کردبێ، لە کۆماری ئیسلامییەوە زۆر نزیکتر بوون تا نەتەوەکەی خۆیان. لەبارەی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەم جۆرە گرووپانە لە کوردستان و ناوچەکەدا و پێوەندی و هەڵسوکەوتی لە گەڵیان، لە شوێنێکی دیکەی ئەم وتارە، زیاتر دەوەستین.

### *کورد و شەڕی دژە تێرۆر*

نەتەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی، لە مێژ ساڵە بەرەوڕووی تێرۆر و ڕەشەکوژی و تەنانەت کۆمەڵکوژیی ئەو دەوڵەتانە بووەتەو ەکە کوردستانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە. جگە لە تێرۆری دەوڵەتانی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریا دژی نەتەوەی کورد، شەپۆلی ئەو تێرۆریزمەش کە بە هۆی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە و داعشەوە، ڕوویان کردووەتە ئەم ناوچەیە، کوردستان و نەتەوەی کوردیان کردوە بە ئامانجی دوژمنیی خۆیان.
شەڕی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی تێکەڵاو و بەستراوە بە ئەلقاعیدە لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی هەرێم و یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا و کردەوە تێرۆریستییەکانیان لە دژی بنکە و بارەگاکان و کاربەدەستانی هەرێم، هەر وەها چەندین تەقینەوەی خۆکوژی لە دژی خەڵکی سڤیل لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، دەیسەلمێنن کە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، لە دەیەی ٩٠ی زایینیەوە لە گەڵ تێرۆریزمی سەرچاوەگرتوو لە ڕێکخراوە توندڕەوە ئایینیەکان، لە شەڕ دایە.
بەڵام شەڕی هەرە گەورەی کورد و تێرۆر لە گەڵ یەکتر، لە دوای سەرهەڵدانی خیلافەتی داعشەوە دەستی پێ کردوە. دوو پارچە لە چوار پارچەی کوردستان، واتە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەی سەرەکیی

شەڕی جیهانیی دژە تیرۆر بوون. چەند وڵاتێکی ڕۆژاواییان لێ دەرچی کە بە تایبەتی بە هێزی هەوایی بەشداری شەڕ لە گەڵ داعشن، هیچ نەتەوەیەکی ناوچە بە ڕادەی کورد لە گەڵ داعش لە شەڕدا نەبووە، هیچ نەتەوەیەکیش بە ڕادەی کورد لە شەڕی داعش دا قوربانیی نەداوە. دیارە گەورەترین تاوانی دژە مرۆیی داعشیش هەر لە دژی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە شەنگاڵ بەڕێوەچووە. ئەمە جگە لەوەی کە گەورەترین خۆڕاگرییەکانیش بەرامبەر پەلامارەکانی داعش هەر لەو دووبەشەی کوردستان و لە سەر دەستی شەرڤان و پێشمەرگەی کورد تۆمار کراون.

### *ئامانجی کورد لە شەڕی دژە تیرۆردا*

حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەك هەر هیچ کات دالّدەی گرووپە تێرۆریستییەکانیان نەداوە، بەڵکوو ئامانجی هێرشی وێرانکەرانە و دژە مرۆیی گرووپە تێرۆریستییەکانیش بوون. خاڵی جەوهەریی شەڕی نەتەوەی کورد لە گەڵ داعش کە شەڕی دژە تیرۆری ئەو نەتەوەیە لە شەڕی دەوڵەتانی ناوچە و یەك لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ داعش، جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە کورد بەرگری لە خۆی، لە خاك و نیشتمانی خۆی کردوە و دەکا. ڕێك بە پێچەوانەی ڕێژیمی ئێران کە بەشدارییەکەی لە شەڕی دژ بە داعش‌دا نێوەرۆکێکی مەزهەبی و تائیفی هەیە و لاوازکردن و بەرتەسککردنی جۆغرافیای دەسەڵاتی بەرەی سوننی مەزهەبی ناوچە و، لە بەرامبەردا فراوانکردنی جۆغرافیای دەسەڵاتدارەتیی هاوپەیمانە شیعەمەزهەبەکان بە ڕێبەریی خودی ئەو ڕێژیمەی کردوە بە ئامانج و لەم سۆنگەیەشەوە، بە چنگ و ددان بەرگریی لە مانەوەی خوێنڕێژترین ڕێژیمی ناوچەکە واتە ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکا! هەر شار و ناوچەیەك کە کورد لە داعش پاکی بکاتەوە، ژیان و ئاسایش و ئاوەدانیی تێکەڵ بەو ماف و ئازادییەکانی شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام هەر شار و ناوچەیەك کە بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە

دەست داعش بێتە دەر، دەسەڵاتێکی لە چەشنی دەسەلاتدارەتییەکەی بەشار ئەسەد، یا خودی کۆماری ئیسلامی جێگای دەگرێتەوە کە جگە لە ژیان لە تاریکی و بێمافی و لە ژێر سەرکوت و سووکایەتی و هەڵاواردنی ئایینی و مەزهەبی‌دا، شتێکی دیکە نیە. لە یەك قسەدا ڕزگاربوون لە جەهەننەمێك و چوون بۆ جەهەننەمێکی دیکەیە.

**ڕەهەندی سێهەم: تێرۆریزم، ئاوەڵدوانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران**

ئەگەرچی تێرۆریزم وەك شێوازێکی نەرێنی بۆ بردنە پێشی ئامانجی سیاسی، تەمەنێکی درێژی هەیە و زۆر بەر لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لەشوێنە جیاوازەکانی جیهان لە لایەن دەوڵەتان و ڕێکخراو و گرووپی جۆراوجۆرەوە بە کار هاتوە، بەڵام لە ئێران لە گەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا، لە دیاردەیەکی بەکارهاتوو لە لایەن گرووپ و ڕێکخراوێکەوە، چووە ئاستێکی دەوڵەتی و لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا لە دایك بوو.

*-گونجاویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە گەڵ تێرۆر لە ڕووی باوەڕەوە*

بە پێچەوانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کە خاوەنی ڕۆحێکی سەردەمیانەیە و، نێوەرۆکێکی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیك و مرۆڤدۆستانەی هەیە و خوازیاری هاوژیانی لە گەڵ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچە لە سەر بناغەی ڕێزگرتنی دوو لایەنەیە، ئایدۆلۆژیایەك کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرهەم هێناوە، جگە لەوەی باوەڕی بە یەکسانیی نەتەوە و ئایینەکان و ئەم چەشنە هاوژیانیە نیە، لە نێوبردنی نەیار و بەرهەڵستکاری خۆی و حکوومەتی هەڵگری ئەم ئایدۆلۆژیایەش، بە ڕەوا دەزانێ. تەنانەت ڕەنگێکی پیرۆزی داوە بە هەر چەشنە توند و تیژی و لەنێوبردنێك کە خزمەتی مانەوەی ڕێژیمی هەڵگر و پەرەپێدەری ئەو ئایدۆلۆژیایە دەکا. بەم پێیە لە ڕووی باوەڕ و ڕوانینەوە، ئەم ڕێژیمە نەك هەر ناتەباییەکی لە گەڵ تێرۆریزم نیە بەڵکوو لە پێناوی مانەوەی خۆی دا بە ڕەواشی دەزانێ. دیارە لێرە دا باسەکەی ئێمە لە سەر تێرۆریزمە هەر بۆیە تەنیا باس لە ناوەرۆك و کارنامەی تێرۆریستیی ئەو ڕێژیمە دەکەین، ئەگینا

شێوە نەرێنیەکانی دیکەی لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران و جیابیرانیش، لە گەڵ باوەڕ و ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمە، هەر گونجاو بوون و بە ڕەوا زانراون. بۆیەش لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دا، بە شێوەیەکی ئاسایی و بێ دوو دڵی بەکار هێنراون کە کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتوانی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کۆمەڵکوشتنی هەزاران بەندیی سیاسیی ئێران، نموونەی هەرە دیاریانن.

*-بەکارهێنانی تێرۆر لە دوو بیاڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا*

مێژووی پەنابردنی پێشەنگان و دامەزرێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ تێرۆر، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنیان. دوای ئەوەش کە دەسەڵاتی ولاتی ئێرانیان گرتە دەست، شانبەشانی کەلکوەرگرتن لە شەڕ و سەرکوت بۆ لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆیان، بە کارهێنانی"تێرۆر"یشیان کرد بە بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە سیاسەت و دەسەڵاتدارەتییەکەیان. دیارە هەر بەوەش نەوێستان کە لە نێوخۆی وڵات دا ئەم ئامرازە بۆ لە نێوبردنی نەیاران بە کار بێنن بەڵکوو لە دەرەوەی وڵات، چ بۆ لە نێوبردنی پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو(پەهلەوی)یا کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و چ بۆ زەبر وەشاندن لە بنکە و هێزی نیزامیی هێندێك وڵات، کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام دا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروا کە ڕاشکاوانە بانگەشەی سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی دەکرد و داوای لە خەڵکی هێندێك وڵات دەکرد ڕێژیمی وڵاتەکەیان بڕووخێنن و شتێکی لە چەشنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوێ دامەزرێنن، لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەشیدا، هەوڵی دروستکردنی گرووپ و تاقمی بەرهەڵستکار لەو وڵاتانە ی دەدا و سەخاوەتمەندانە یارمەتییماڵی و چەك و تەقەمەنیی پێ دەدان. بەشێك لە کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆشی لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا و هێندێك وڵاتی دیکە، بە هۆی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە جێبەجێ دەکرد. ئەم سیاسەتە، هەتا ئێستاش بەردەوامە و ئەگەر لە

ڕواڵەت و شێوەی بردنە پێشیشی‌دا جیاوازییەکی بە سەر هاتبێ، لە ئامانج و جەوهەرەکەی‌دا، گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە .
بە گەشتێکی خێرا بە نێو ڕۆژژمێری کردەوە تێرۆریستییەکانی جێهان لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، تووشی دەیان کەیس دەبین کە لە سەرێکەوە یا لە چەند سەرەوە، دەگەنەوە ڕێژیمی ئێران و کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوونیان تاوانبارە. زۆر لەو کەیسانە، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێر و تەسەلی وڵاتان و وەدەستخستنی بەڵگەی حاشالێنەکراو و تەنانەت گرتنی ئەنجامدەران و دانپیدانانی ئەوان، مەحکوومیەتی ڕێژیمی ئێرانیان لێ کەوتووەتەوە. سەرنجراکێش ئەوەیە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی دژی وڵاتانی دیکە دا، پەنای دەبردە بەر شوێنەونکە و پارێزی پێویست. ئەگینا لە ڕەوتی تێرۆر و لە نێوبردنی نەیارانی ئێرانیی خۆی‌دا- لە هەر جێیەکی دنیا بووبێ- ئەوەندەی پارێز و شاردنەوە بە پیویست نەزانیوە. هەر بۆیەش لە یەکەم بەدواداچوونەکانی پۆلیس و دەزگای قەزایی وڵاتانی ئورووپایی لە زۆر کردەوەی تێرۆریستیی دژ بە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەك شاپوور بەختیار، د.کازم ڕەجەوی، د.عەبدولڕەحمان بڕوومەند، د.قاسملوو و هاوڕێیانی، د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی، بە هاسانی شوین پێی ئێران هەڵگیراوە و ئەنجامدەرانیان ناسراون و تەنانەت هێندێکیشیان گیراون.

- *شەڕی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ داعش لە سەر چی؟*

سەردەمانێك کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە وەك گەورەترین و پڕمەترسیترین ڕیکخراوی تێرۆریستی، لە گەڵ ڕۆژاوا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژاوا لە شوێنەجۆراوجۆرەکانی جێهان لە شەڕدا بوو، پرسیاری هەرە گرنگ ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە بەرەی شەڕی جیهانی دژی ئەلقاعیدە دایە یا لە ژێرەوە لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە، ساتوسەودا و هاوکاریی هەیە؟ لە دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١ دا، بە تایبەتی ئەو کاتەی ئەلقاعیدە هێشتا لە ئەفغانستان وەدەرنەنرابوو، زۆر هاتوچۆی فەرماندەران و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەفغانستان و هەر وەها زۆر لەو هێزە مرۆییەی لە سووریە و عێراقەوە بۆ هەڵگرتنی

چەکی داعش دەچوونە ئەفغانستان، لە ڕێگای ئێرانەوە بوو. میدیاکانی جیهان هەر ئەو کات زۆر زانیاریی سەرنجراکێشیان لە بارەی جموجۆڵ و پووڵ راگواستنی ئەلقاعیدە لە ڕیگای وڵاتی ئێرانەوە بڵاو دەکردەوە. هیچ شارەزا وخاوەنڕایەکیش پێی وا نەبوو، ئێران لەو جموجۆڵ و هاتوچۆیانە لە نیو خاکی خۆیدا غافڵە، بەڵکوو پێیان وابوو جۆرێك ڕێککەوتن هەیە لە نیوان ئەلقاعیدە و ڕێژیمی ئێراندا. تێگەیشتن لە هۆی سازانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەلقاعیدەش زەحمەت نەبوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چی دژی ڕێکخراوێك بێ کە لە گەڵ ئەمریکا لە شەڕ دایە؟ مەگەر ئەو ڕێژیمە هەموو کات ئەمریکای بە گەورەترین دوژمنی خۆی نەزانیوە؟ ئێستا بۆ چی دەبێ دژایەتیی ئەم بەرهەڵستکارەی ئەمریکا بکا؟ ئەو گرووپە توندڕەوانەی هەر لەو ساڵانەدا، لە ئەفغانستانەوە هاتنەوە سنووری هاوبەشی ئێران و باشووری کوردستان و کەوتنە زەبر وەشاندن لە خەڵکی سڤیل و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمینترین دراوسێیان، کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی سەرەکیشیان لە شەڕفرۆشتن بە حکوومەتی هەرێم، هەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. جگە لەوەی هاتوچۆیان بۆ ئەفغانستان لە ڕێگای ئێرانەوە بوو، کاتێکیش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ٢٠٠٣ هێرشیان کردە سەر عێراق و ڕێژیمی سەددام حوسێنیان ڕووخاند و لە کوردستانیش بنکەکانی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەیان دایە بەر هێرشی بۆمب ومووشەکانی خۆیان، بۆ نێو خاکی ئێران پاشەکشەکەیان کرد و لەوێ گیرسانەوە. ئەگەر داعشیش وەك ئەلقاعیدە هەر لە گەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕ دابایە و ناوچەی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتان و ولاتانی هاوپەیمانی شیعەمەزهەبی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نەخستبایە ژێر دەستی خۆی و هیلالە شیعییەکەی باریکتر نەکردبایەوە، ڕێژیمی ئێران شەڕێکی لە گەڵ داعش نەبوو. بەڵام کاتێك داعش و بە گشتی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییە سوونەکان لە سووریە تەنگیان بە ڕێژیمی ئەسەد، هاوپەیمانە لەمێژینە شیعەکەی ئێران هەڵچنی و لە عێراق، موسڵ وتکریت و ڕۆمادییان لە دەست دەوڵەتی مالیکی و ئەرتەشەکەی دەرهێنا و لە بەغدا نزیك بوونەوە، کۆماری ئیسلامی کێچی کەوتە کەوڵی. ئەم جار ئەو

نیگەرانیە دایگرت کە نەك هەر لە ولاتانی دراوسێ و هاوپەیماندا، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێرانیش داله گەڵ شەڕی داعش- یا چالاکی و بەرهەڵستی خوازیاران و پشتیوانانی داعش لە دژی خۆی- بەرەوڕوو بێ.

*- بەرپرسیار و تاوانباری یەکەم لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچەدا*

ڕێژیمی ئێران، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی هەبووە لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپانەی بە تەکفیری و تێرۆریستی ناویان دەبا، ئەمەش نەك هەر لە ئاستی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەش‌دا وایە. ئەو کاتانەی ئەو گرووپانە، ڕووی کردەوە و چالاکییەکانیان لە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان‌دا بووە و کاریان بە سەر ڕێژیمەکان و گرووپەکانی هاوپەیمانی ڕێژیمی ئێرانەوە نەبووە، کۆماری ئیسلامی لە گەڵیان لە ساتوسەودادا بووە، هەوڵی داوە لە دژی ئەمریکا و ڕۆژاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان بە کاریان بێنێ و، لە ڕێگای هاوکاری و پشتگیریی کردنیان، بالانسەکە بە زیانی حزوورو نفووزی ولاتانی ڕۆژاوایی و هاوپەیمانەکانیان لەو ناوچەیە و بە زیانی بەرەی دیموکرات و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و پێشکەوتوو، بگۆڕێ و بەم جۆرە لە مانەوە و جێ پێ قاییمکردنیان دا یارمەتیدەریان بووە. کاریگەرییەکی دیکەی ڕێژیمی ئێران لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپە توندڕەوە سوننیانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی خەڵك و هێزە سوننە مەزهەبەکان، لە ئاستی ئێران و ناوچەدا، بەڕێوەی بردوە و بەڕێوەی دەبا. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی ئێران‌دا بە بالادەستکردنی مەزهەبی شیعە و شیعە مەزهەبەکان لە هەموو بوارێك‌دا و بە گرتنەبەری زەقترین هەلاواردنی ئایینی، بووە بە هۆی پەراوێز خستنی سوننە مەزهەبەکان و بێزارییان لە دەسەلاتی حاکم. هەر بەم جۆرە لە عێراق و سووریە و لوبنان وهتدیش لە لایەك بە پشتگیریی هەمە لایەنە و بێ ئەم لاو ئەو لا لە دەسەلات و گرووپە شیعییەکان و چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەرحەق بە هاونیشتمانانی خۆیان، لە لایەکی دیکەش بە پشتیوانی لە سیاسەتی لە پەراوێزخستنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە غەیرە شیعییەکان، ڕێخۆشکەر بووە

بۆ سەر هەڵدانی توندڕەوی و گەشانەوەی ئاگری ناکۆکیی مەزهەبی و پێکهاتنی گرووپ و ڕێکخراوی توندڕەو لە نێو سوننی مەزهەبەکان دا.

**ئەنجام:**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بە تایبەتی لە قبووڵنەکردنی ئایین و مەزهەبی دیکە و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نەیارانیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ ئەو ئایدۆلۆژیایە نیە کە ئەلقاعیدە و داعشی بەرهەم هێناوە. ئەو شێوازە توند و تیژانەش- یەك لەوان تێرۆر و تۆقاندن- کە ئەو گرووپە توندڕەوانە بۆ سڕینەوە و لە نێوبردنی نەیارانی خۆیان بە کاری دەهێنن، لە کۆماری ئیسلامیدا لە مێژە بە کار هاتوون. جیاوازییەکە تەنیا لە پلە و فۆڕمی جێبەجێکردنی ئەو شێوازانە دایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی شێوازێکی شاراوە و تا ڕادەیەك نەرمترلە ئەلقاعیدە و داعشی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دەوڵەتان و وڵاتانی جیهان و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا گرتووەتە بەر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستاتووسەی وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەیەتی و ناچارە تا ڕادەیەك ڕەچاوی بکا. ئەمەش تەواو جیاوازە لەو باوەڕ و بایەخانەی کە ڕێنوێنی نەتەوەی کوردن. هەم لەو شوێنانەی نەتەوەی کورد خاوەن حکوومەت و دەسەڵاتدارەتییە، هەم لەو جێگایانە کە ئیرادەی ئەو نەتەوەیە لە شێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازدا خۆی دەنوێنێ، بە کردەوە سەلماندوویە کە شتێکی بە تەواوی جیاواز لە دوو جەمسەرەکەی دیکە(تاران و داعش)ە. ئەوەش کە لەو نێوەدا تەنیا نەتەوەی کوردە کە لە نیو هاوپەیمانیی جیهانیی دژە تێرۆردا، خۆی دیوەتەوە و دنیای شارستانی و مرۆڤایەتی وەك بەشێك لە خۆی سەیری دەکاو، دوو جەمسەرەکەی دیکە، هەر وەك سەرچاوەی تێرۆریزم لە ئاستی جیهاندا سەیر دەکرێن، دەیسەلمێنێ کە داعش و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە یەك قوماشن و کورد، شتێکی دیکەیە.

*لە ژمارەکانی ٧٠٤، ٧٠٥ و ٧٠٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.*

## گرنگیی بە دۆکیۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا

### پێشەکی

مەبەست لە بە دۆکیۆمێنت کردن ئەوەیە کە ئەم بەڵگەو زانیاری و نیشانانەی لە بارەی کردەوە تێرۆریستیەکان هەن، بکرێن بە مەبنای کارێکی ڕۆشنگەرانە کە بکرێ لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، ڕاگەیەنەکان و ناوەندە حوقووقییەکان سوودیان لێوەربگیرێ و بخرێنە بەرچاوی بیروڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەداخەوە لەمبارەیەوە کارێکی زۆرکەم کراوە.

### کەمتەرخەمیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لێرەوە دەمهەوێ سپاسی کۆمەڵێك ئینسانی بەرپرس لەدەرەوەی وڵات بکەم کە داکۆکیکەری مافی مرۆڤ، یا چالاکی میدیایین و، هاتوون خۆیان بەو شتانەوە ماندوو کردوە. من کۆمەڵێك کەس دەناسم کە کتێبیان لەو بارەوە ئامادە کردوە، یا هەوڵیان داوە لیستی ئەو تێرۆرانە بگرن و هێندێك زانیاریی زیاتر لە بارەی تێرۆرەکان بخەنە ڕوو. بەڵام وەکوو فیلم یا موستەنەدی بەکەڵکی تەلەڤیزیۆنی ئامادە نەکراون. ئەوەی هەیە کۆمەڵێك نامیلکە و کتێبن و هەوڵی تاکەکەسین. دەبێ ددانی پێ دا بنێین ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووین وەکوو حیزب (چ بە تەنیا چ بەیەکەوە) کار لەسەر ئەو بەڵگەنامانە بکەین کە بەدەستمانەوە بوون. دەزانین زۆربەی ئەو حیزبانە کە بەرەوڕووی کردەوەی تێرۆریستی بوونەوە، وەختی خۆی ئەسنادیان وەدەست کەوتوە. جاری وا هەبووە خودی ئەو کەسەی کەدەستی لە تێرۆرەکەدا هەیە عامیلی ئیجرای پیلانە تێرۆریستییەکە بووە، بەدیل گیراوە، لەبەرامبەر کامێرادا ئێعترافی بەتاوانەکەی کردوە. کۆمەڵێك ئەسناد هەن کە تێرۆرەکانی ئەو وەختە دەسەلمێنن، یا کەسانێك

هەن شاهیدی ڕووداوە تیرۆریستییەکان بوون. ئەو جارخودی قوربانیەکان باشترین سەرچاوەن. خۆ ئەگەر هێندێکیان گیانیان لەدەستداوە کەسانێکی دیکە هەن کە برینداربوون و ئێستا لە ڕیزی ئەو حیزبانەدا ماون. ئەوانە دەیانتوانی و دەتوانن باشترین سەرچاوە بن بۆ دروستکردنی دۆکیۆمێنت لەبارەی کردەوە تیرۆریستیەکان، بەڵام ئەوشتانە هەروا لە ئارشیودا ماون بەبێئەوەی سوودمان لێوەرگرتبن! ئەوە یەکێك لەکەمتەرخەمییەکانمانە وەکوو هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات.

## سوودەکانی بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانە تیرۆریستییەکان

بەتێپەڕینی زەمان بەشێك لەو تاوانانە لەبیری خەڵك و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان چوونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کار لە سەر بەڵگەنامەکان بکەین دەتوانین وەبیر بیروڕای گشیی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤیان بێنینەوە. لە ئیختیار ئەو ناوەندانەیان بنێین کە لێکۆڵینەوە لەو جۆرە تاوانە دەکەن. پاشان پشت ئەستوور بەو بەڵگەنامانە داواکاری بدەین بە ناوەندە قەزاییەکانی ئەو شوێنانەی تیرۆرەکانیان لێ کراون، چ لە دەرەوەی وڵات چ لە هەرێمی کوردستان. هەر شوێنێك کۆماری ئیسلامی، نەیارانی خۆی لێ تیرۆرکردوون، بێگومان دامو دەزگای قەزایی هەیە، دادگای هەیە. ئێمە دەبێ لەو موستنەدانە ئیستفادە بکەین چۆنکە موستەنەدەکان بەڕادەی پێویست ڕوونکردنەوەیان تێدا دەبێ، بەڵگەیان تێدا دەبێ و لایەنە ناڕوونەکان ڕوون دەکەنەوە. بەم جۆرە هەم بۆ بەدواداچوونی قەزایی و داوای سزا بۆ بەڕێوەبەرانی کردەوە تیرۆریستییەکان پێویستن، هەم لەمڕێگایەوە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی ڕوون دەبێتەوە. سوودێکی دیکەی ئەو بە دۆکیۆمێنت کردنە ئەوە دەبێ کە ئێمە کۆمەڵێك خەسار کە لە ڕێگای ئەو تیرۆرانە بە بزووتنەوی کورد بە گشتی گەیشتوون، بەرجەستەیان دەکەینەوە.

## خەسارە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەم تیرۆرانە

چۆنکە باسەکەم لە سەر تیرۆری کۆماری ئیسلامیە لە هەریمی کوردستان، جێی خۆیەتی وەبیر بێنمەوە کە ئەم تیرۆرانە لە پێشدا زیانیان گەیاند بە پێوەندیی

نێوان دوو پارچەی کوردستان. وەختایەك لێرە بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی لەبەرچاوی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرە و دامودەزگاکانی ئێرە دەبنە ئامانجی تیرۆر، سروشتیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات ناتوانن لەبەرامبەر ئەوەدا بێ تەفاوەت بن. دەزانن بەشێکی مسئۆلییەتەکە، ڕووی لەو حیزبانەیە کە لێرە دەسەڵاتدار بوون. ئێمە دەزانین ئەو تیرۆرانە زیانی زۆریان گەیاند بە پێوەندیی نیوان دوو بەشی کوردستان لە ساڵانی پێشوودا. زیانیان گەیاند بە ئیعتباری ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە کە لێرە هەن. وەختێك لە ناوچەیەکدا حیزبێك دەستەڵاتدار بووە و لەو ناوچەیە تیرۆر کراوە و دوایە تیرۆریستەکەش بە ئاسانی بۆی دەرچووە و بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، سروشتیە کە ئیعتباری ئەو جۆرە حیزبانەش سەبارەت بەو کەمتەرخەمیانە و بە جۆری پێوەندییەك لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیانبووە بێتە ژێر پرسیار.

لەدەیەی ٩٠ی زایینی لەکۆڕو کۆمەڵی نێودوڵەتیدا زۆر ڕەخنە و نارەزایەتی بەرەوڕووی ئەو حیزبانە کرایەوەکە لێرە ئەحزابی باڵادەست بوون. یەکێك لە ڕەخنەکان ئەوە بوو کە بۆ چی دەبێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا ئاوا بە ئاسانی پەنابەران و ئینسانی بێ تاوان، گیانیان لێ بستێندرێو ئەوانیش ئاوا بێدەنگ و بێ تەفاوەت بن ؟ !

خەسارێکی گەورەی دیکەی ئەو تیرۆرانە ئەوە بوو کە ئەو ئینسانانەی تیرۆر کران، نەك هەر سەرمایەی ئەو حیزبانە بەڵکوو سەرمایەی میللەتی کورد بوون، سەرمایەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام بە ئاسانی گیانیان لێستێندراو مافەکانیشیان پاماڵ کرا. هیچ لایەنێك لە بەرامبەر ئەو کەسانەی گیانیان لێستێندرا یا ئەو بنەماڵانەی ئازیزانیان لەدەست دا، یا کەسێکیان کەم ئەندام بوو، یان بێسەروشوێن بوو، خۆی بە بەرپرسیار نەزانی! واتە هیچ بەدواداچوونێك نەکرا لەلایەن ئەم دامودەزگایانەی کە لێرە هەبوون. بۆیە ئەمە بۆ هەتا هەتایە ڕەخنەیەکە لەسەریان. با ئەوەش بڵێم لە هێندێك مەوریدا بەدواداچوونیان هەبووە، دڵسۆزیان هەبووە، جاری وا هەبووە کومەگیان کردووە بە پووچەڵ بوونەوەی پیلانێك. مەبەستم ئەوەیە هەر وا کە کەمتەرخەمییەکانیان

لە بیر ناکەین، کردەوە باشەکانیشیان لەو پیوەندییەدا لە بیر نەکەین. بەڵام نابێ ئەو واقعییەتەمان لەبیر بچێتەوە کە ئەوکەمتەرخەمیانە لەلایەن ئەوانەوە هەبووە .

**چەند رەهەندێکی تاوانە تێرۆریستییەکان**

پێم باشە چەند سەرنجێك لەسەر چۆنیەتیی تاوانەکان بخەمەڕوو. بەو هۆیەوە کە ئەو تاوانانە بە دۆکیۆمێنت نەکراون لەوانەیە نەسلی ئەمڕۆ لێیان ئاگادار نەبێ. جۆراوجۆریی تاوانەکان بە نۆرەی خۆی جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە. لە نێو قوربانیانی تاوانە تێرۆریستیەکان کەسانی وا هەبوون بە "ئەسید"( لێرە پێی دەڵێن "تێزاب") کوشتوویانن. جاری وایە قوربانیەکە چالاکی سیاسی یا پێشمەرگەش نەبووە، تەنیا بەستراوەییەکی بنەماڵەیی هەبووە بە تێکۆشەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی.

نموونەی وامان هەبووە قوربانی بە بەکارهێنانی ژەهر (دەرمانداوکردن) جا ژاراویکردنی خواردن بووە، شیرنی بووە یا ئاو، بۆ وێنە بە بەکارهێنانی ژەهری سالیۆم، گیانی لێ ئەستێندراوە. ئامانجی پیلانە تێرۆریستییەکەش هەر تاکەکەسێك نەبووە بەڵکوو بە دەیان بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوون .

بۆمبدانانەوە جۆرێکی دیکە لە تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بووە. بە شێوەی جۆراوجۆر بۆمب و تەقینەوەیان بەکارهێناوە لە دژی ئێمە. هەر دوور نەڕۆین لەشەوی یەلدای ساڵی١٣٩٥ (٢٠١٦/١٢/٢٠)دا، لێرە بەداخەوە تەقینەوەیەك کە لە ڕێگای بۆمب‌گوزاری بوو گیانی٧ کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی ئەستاند. هەرئەمسالێش دوو کردەوەی تێرۆریستی دیکە کە یەکیان بۆمب‌گۆزاریی بوو و لە "بنەسلاوە" ڕووی دا، گیانی کاك سەباح ڕەحمانیی ئەستاند. دووهەم کردەوە تەقەکردن بوو کە بووە هۆی شەهید بوونی هاوڕێ قادر قادری .

جۆرێکی دیکە لە تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، مین دانانەوە و کەمین‌دانانەوە بووە. مین و کەمینیان لە سەر ڕێگاکانی هاتوچۆی تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی داناوەتەوە بۆ ئەوەی قوربانی بستێنن. بەڵام دیارە هەر کادر و

پێشمەرگەی حیزبەکانیان نەکردوە بە ئامانج. تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە سەر ڕێگای گشتی و بۆ وەسیلەی گشتییش مین و کەمینیان داناوەتەوە. بۆ وێنە لێرەوە مینیبووس چووە بۆ سولێمانی و چەند پێشمەرگەیەکی تێدابووە، بەڵام ژن و منداڵ و نەخۆشیشی تێدابووە. لە سەر ڕێگای دوکان- سلێمانی کەمینیان بۆ داناوەتەوە، ئەوبەر و ئەوبەری جادەیان گرتوە و مینیبووسەکەیان داوەتە بەر دەسڕێژ.

حاڵەتێکی دیکە لە تاوانە تێرۆریستییەکان، گرتن و تەسلیم کردنەوەی تیکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەلاتی و تەسلیم کردنەوەیان بە ڕێژیمی ئێران بووە. وەك ئەوەی حیزبوڵلای بە ناو شۆڕشگێر لە ناوچەی سۆران لە نەوەدەکان دا کردی، یا "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە هەڵەبجە ئەنجامی دا. ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنیش جۆرێکی دیکە لە تاوانەکانی تێرۆریستانی ئەو ڕێژیمە بووە. جاری وابووە دوای ساڵێك و تەنانەت زیاتر تەرمی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کە بێسەرو شوێنیان کردوە، دۆزراوەتەوە .

ڕەهەندێکی دیکەی ئەوکردەوە تێرۆریستیانە ئەوەیە کە تێرۆریستان فەرقیان بە تاك و کۆ نەکردوە، فەرقیان بە ئینسانی بێدفاع و ئینسانێك کە پێشمەرگە و چەکدارە نەکردوە، فەرقیان بەگەورەی بنەماڵەیەك کە کاری سیاسی دەکا لە گەڵ منداڵەکانی نەکردوە. هەر لێرە دیتمان لە نیوان (کەمپی)"زەویەسپی" و گوندی "هەرمۆتە"، لە سەر ڕێگایەك کە ڕێگای گشتی بوو، منداڵان بەو ڕێگایەدا دەچوون بۆ قوتابخانە، مینیان دانابووە. نموونەیەکی دیکە تەقاندنەوەی مینی بووسێکی حیزبی دیموکرات لەبەینی "ئێندزێ" و "بۆڵێ" بوو، کە ژن و منداڵ و نەخۆش و برینداری تێدابوو .

لە کەمپەکانی بازیانی حیزبی دیموکرات، تێرۆریستان پەنایان برد بۆ ژهراوی کردنی تانکییەکانی ئاوی ئەوکەمپە کە پیر و منداڵ و ورد و درشت و هەموو خەڵك(بە سەدان کەس) ئاویان لێدەخواردەوە. لە ئاکامدا بەسەدان کەس تووشی خواردنی ژاری سالیۆم بوون کە بەخۆشیەوە نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی تەندروستیی ئەو کاتی عێراق فریایان کەوتن و لە مەرگ نەجاتیان بوو، هەر

چەند قوربانیی واش هەن تا ئێستاش بەدەست ئازارەكانی ئەو ژاراویكردنە دەناڵێنن. بەم جۆرە كۆماری ئیسلامی بۆ لە نێوبردنی موخالیفەكانی، فەرقی بە چەكدار و بێچەك، گەورەو بچووك، مرۆڤی سیاسی و خەڵكی سڤیل نەكردوە . رەهەندێكی دیكەی تێرۆرەكان هەڵوێستە كردنە لە سەر ئەو زەمانەیكە تێرۆرەكانی تێدا كراون. دیارە كۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و هەر لە ڕۆژی یەكەمی هاتنە سەركارییەوە تێرۆری كردوە. بەڵام لە هەرێمی كوردستان زۆرترین تێرۆرەكان لە نێوان ساڵەكانی١٣٧٠تا ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩١تا ١٩٩٧) كراون. ئاماری كردەوە تێرۆریستییەكان لە٢٠٠ زیاترە كە زیاتر لە ٢٠٠قوربانیان ئەستاندوە.

## جۆگرافیای تێرۆرەكان و هۆكاری زۆربوونیان

دێمە سەرجۆگرافیای تێرۆرەكان. تێرۆرەكان لە هەرێمی كوردستان زۆرتر لە دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر ڕوویان داوە، دەلیلەكەشی ڕوونە. حیزب و ڕێكخراوەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆرتر لەو دوو پارێزگایە بنكەو بارەگا و مانەوە و هاتوچۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە پارێزگای دهۆك حزوورێكی وایان نەبووە. زۆرجار هێندێك لە هاوڕێیانمان كە حافزەیان لاوازە دەڵێن تێرۆرەكان تەنیا لە یەك پارێزگا بووە. ئەوە ڕاستە كە بە هۆی حزووری زیاتری هێزەكانی ڕۆژهەڵات لە پارێزگای سلێمانی و دەستڕۆیشتوویی زیاتری ڕێژیمی ئێران لەو پارێزگەیە، ژمارەی تێرۆرەكان لەوێ زیاتر بووە، بەڵام لە پارێزگای هەولێریش نەك بەو ڕادەیە، بەڵام تێرۆر هەبووە. واتە بەداخەوە هەموو لایەنە دەستەڵاتدارەكان لە هەرێمی كوردستان لە سەردەمی خۆیدا كەمتەرخەمیان لەو بارەوە هەبووە، چاوپۆشیان هەبووە و كەسانێكیش لەوان دەستیان تێكەڵاو بووە لەگەڵ ئەو تێرۆرانە. ئێستا جاروبار هێندێك كەس ئەوەی لەبیر دەچێتەوە و بە ئاسانی دەڵێ هەر لە ناوچەیەكی تایبەتی تێرۆری تێكۆشەرانی كوردی ئێرانی هەبووە. ئەمە ڕاست نیە و بەداخەوە لەهەر دوو ناوچە، و لەهەر دوو پارێزگادا ئەو تێرۆرانە هەبوون .

ڕاستییەکەی ئەوەیە تیرۆرەکان تابعی چەند شتێك بوون. خودی شەڕی نێوخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان هەبوو- هیوادارم قەتقەت دووپات نەبێتەوە- بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ تیرۆرەکان. چونکە ئەو لایەنانەی پێکەوە بە شەڕ دەهاتن بۆ تێکشکاندنی یەکتر ناچار بوون پەنا بەرن بۆ ڕێژیمەکانی دەوروبەر و ئیمتیازیان بدەنێ. سروشتییە ئیمتیازاتێکیش کە ولاتانی دەوروبەر دەیانەوێ لە پێشدا دژایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیانە کە لەو بەشە جێگیر بووە. ئەمە هۆکارێك بوو کە زۆری کۆمەك کرد بە پەرەئەستاندنی تیرۆرەکان و چاوپۆشی لەکردەوە تیرۆریستییەکان. هۆیەکی دیکە ئەو بارودۆخە ئابوورییە بوو کە لە هەرێمی کوردستان هەبوو. دەزگای سیخوڕی و تیرۆری ئێران بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ئاسانتر دەیتوانی بەکرێگیراو بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەکاری بێنێ بۆ کردەوهی تیرۆریستی.

**ئەنجام:**

ئاکامێك کە دەمەوێ لە وڕووژاندنی ئەم باسە وەری بگرم ئەوەیە: ئێمە چ وەکوو تاك، چ وەکوو هەر یەك لە حیزبەکانی ڕۆژهەلات، هەر وەها وەکوو کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە یەکەوە، پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی لە لایەك ئەو تاوانانە دووپات نەبنەوە و، لە لایەکی دیکە ئەو تاوانانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، لە بیر نەچنەوە.

ئەرکمانە بەدواداچوونی پێویستیان لەسەر بکەین. چەند شتێك پێویستە بکرێن بە تایبەتی کە ئیستا کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێم دەستیان پێ کردوەتەوە. پێویستە ئێمە وەکوو حیزبەکان لە چەند ئاستدا کاریان لەسەر بکەین. پێویستە لەگەڵ یەکتر ئەو پەڕی هاوکاری و هەماهەنگیمان هەبێ و زانیاری لە گەڵ یەکتر بگۆڕینەوە بۆ پەرچدانەوەی پیلانەکان. دەبێ بەیەکەوە بەزمانی هاوبەش، بە گۆشاری هاوبەش ڕووی قسەمان بکەینە دامودەزگا حیزبی و حکوومی و ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەرکی خۆیان وەبیر بێنینەوە، داوایان لێ بکەین جارێکی دیکە نەیەڵەن ئەو تەجربەیە دووپات بێتەوە. لە دەیەی ٩٠دا بەهەر هۆکارێك بوو ئەو هەموو تاوانانە کران، بەلام لە ئێستادا ئێمە

دەبێ نەیەڵین ئەوانە بە ئاسانی دووپات ببنەوە. پێویستە لەدەرەوەی وڵاتیش کار بکەین بۆوەی هەمیشە ئەوکەیسانە بە زیندوویی بمێننەوە .

ئەرکدارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانیش یەکێکی دیکە لەو کارانەیە کە پێویستە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین. دیارە ئەگەر ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەلات ئەو کەیس و بابەتانە بە زیندوویی ڕابگرین و بۆخۆمان لە پشتیان بین و کۆڵ نەدەین، خەڵکی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە لەوەی نارەحەت بوون بە بەرچاوی ئەوانەوە کوردی ڕۆژهەڵاتی لێرە تێرۆر دەکرێن پێموایە ئەوانیش لەسەر خەت دەبن. ئەوان دەتوانن گۆشار دروست بکەن و نەهێڵن هەر ئاوا بە هاسانی دووپات ببنەوە .

ئەگەر ئێمە ئاوا کاری بەدۆکۆمێنتکردن بکەین، ئەگەر قۆڵ لە زیندوو کردنەوەی کەیسەکانی تێرۆر هەڵماڵین و بەرەوڕووی دامودەزگای قەزایی و دادگاکانی ئێرەیان بکەینەوە، ئەو کەس و لایەنانەی کە پێشوو هاوکار و هاودەست بوون لەگەڵ دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی، لە داهاتوو دا ناتوانن ئاوا بە ئاسانی درێژە بە هاوکاری بدەن. چونکە دەکێشرێنە بەر دەم مێزی لێپرسینەوە و موحاکەمە دەکرێن و دەبێ لە ئاست کردەوەی خۆیان وڵامدەر بن. ئەوان ئێستا پێیان وایە ئەوەی ڕابردوە چووەتە ژێر ژیلەمۆی فەرامۆشی. هەر وا بزانە هیچ شتێك ڕووی نەداوە و ئەوان شتێکیان نەکردوە!! کەسانی وا هەن کاتی خۆی دەستیان لە تاوان دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی‌دا هەبووە، ئێستا خەریکە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە دێنەوە میدان! چۆنکە گۆشاریان لەسەر نەبووە .

بەم پێیە ئێمە ئەگەر لە لایەکەوە خۆمان ئامادە کەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هاوکات کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕابردوو و ئێستا بە دۆکیۆمێنت بکەین، شانبەشانی ئەمانەش هەوڵی زیندووکردنەوەی کەیسەکانی ڕابردوو بدەین و، لە سەر لێکۆڵینەوە لە کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم دوایانە و سزادانی تاوانبارەکان، شێلگیر بین، دەتوانین تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانی لە دۆخی هێرشبەرانە بەرەو دۆخی سەربردنەوە نێو قاپێلکی خۆیان بەرین. ڕێگای کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

لە هەرێمی کوردستان ئەوەیەکە ئێمە لە ڕەهەندی جۆراجۆردا کار بکەین بۆ پاشەکشە بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و تێچووی سیاسییکردەوەی تێرۆریستی، لە سەر ئەو ڕێژیمە قورس بکەین.

*(ئەم باسەم لە سمیناری هاوبەشی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خاکەلیوەی ۱۳۹۷(ئاوریلی ۲۰۱۸)دا پێشکەش کردوە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.)*

بەیاننامە :

## پەلاماری هەوایی و мووشەکیی کۆماری ئیسلامی

## بۆ سەربنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
هێز و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانیەکان!
ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر چی زیاتر لە نێوخۆی وڵات لە گەڵ پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك و، لە دەرەوە لە گەڵ گوشارە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بەرەوڕوو دەبێ، پتر پەنا بۆ سەرکوت و دەستدرێژی و تاوان و تێرۆر لە دژی ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەبا.

هەروەك لە ڕاگەیەندراویی خەبەریی نیوەڕۆی ئەمڕۆماندا هاتبوو، کاتژمێر ١٠:٤٥ی ئەمڕۆ شەممە ٨ی سیپتامبر(١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە حاڵێك‌دا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لێ بەڕێوە دەچوو، کەوتە بەر پەلاماری هەوایی و мووشەکیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە بگوترێ بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کە لە نزیك شاری کۆیە و لە قوولایی خاکی هەرێمی کوردستان‌دا هەڵکەوتووە، هەر ئەو شوێنەیە کە لە شەوی یەلدای١٣٩٥ (٢١ی دیسامبری ٢٠١٦)، بوو بە ئامانجی هیرشی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی کە بە داخەوە شەهید بوونی ٧ کەسی لێ کەوتەوە.

هاوکات لە گەڵ ئەم پەلامارە مووشەکی و هەواییەی ئەمڕۆ بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، فڕۆکەی بی سەرنشینی سوپای پاسداران لە ئاسمانی ئەو ناوچەیە دا دەخولایەوە. بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکییە، بە داخێکی گرانەوە ١٤ تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید(*) و پتر لە ٣٠ کەسیشیان بریندار بوون. (ناو و زانیاریی پیوەندیدار بە شەهیدەکان هەر لە درێژەی ئەم بەیاننامەیە دا هەیە.) بەو هۆیەوە کە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب ناوەندی چالاکیی کۆمەڵێك ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنیە، ژمارەیەك لە ژنان و منداڵان، کەسانی پیر و بەساڵداچوو و کەم ئەندام بە هۆی ئەم پەلامارەوە بریندار بوون و بنکە و دامەزراوەکانی تایبەت بەوانیش زیانی ماڵی و وێرانیەکی زۆریان بەر کەوت.

پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێك دا ڕێکخرابوو کە شەوی ڕابردووش ٣ بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسێن پەناهی، سەرەڕای داواکاریی کۆڕوکۆمەلە مرۆڤدۆستەکان بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامیان، بە هۆی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە خوێنڕێژە ئێعدام کران. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێم لە ڕۆژانی ڕابردووەوە بە شێوەی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان سۆران و پیرانشار، دەستی پێ کردبوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای مەحکوومکردنی دەستدرێژی و پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە خاکی هەرێمی کوردستاندا و هەر وەها نوێترین تاوانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر٣ بەندیی سیاسیی کورد، سەرەخۆشی و هاوخەمیی قووڵی خۆی بە بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان رادەگەیەنێ و چاکبوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.

ئەگەر چی شەهیدبوونی پۆلێکی گەورە لە ئەندامانی ڕێبەری و ژنان و پیاوانی پێشمەرگە و تیکۆشەری دێرین وبەوەج، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و

بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیانێکی گەورە و زەبرێکی بە ژانە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵنیایی بە هەموو دلسۆزانی خۆی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەدا کە ئەم جۆرە تاوانانە، ئەم حیزبە لە سەر خەبات بۆ ئامانجە لەمێژینەکانی و بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێلگیرتر دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕاهاتوە کە زەبر و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی- هەر چەندیش گەورە و بە ژان بن- بە چۆکی دانەهێنن و لە خەبات ساردی نەکەنەوە. ڕۆڵە بە هەست و دلسۆزەکانی گەلی کوردیش وەك هەمیشە نیشانیان داوە کە ناهێڵن چەکی خەباتکارەکانی کورد بکەوێتە سەر ئەرز و ڕێگەی تیکۆشەرانی شەهید بی ڕێبوار ناهێڵنەوە.

ئێمە وێڕای دەربڕینی پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە دەنگەوەهاتنی خەڵکی دلسۆز و دامو دەزگا تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی شاری کۆیە بۆ بە فریاکەوتنی بریندارەکان و خەڵکی ئاوارەبووی کەمپەکانی دیموکرات بە دوای ئەو پەلامارە مووشەکیەدا، ڕادەگەیەنین کە دەیان برینداری ئەو ڕووداوە و سەدان بنەماڵەی دانیشتووی کەمپەکانی سەر بەحیزبی دیموکرات کە بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکی و هەواییەوە، ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە، پێویستییان بە هاوکاری و پێڕاگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی بە پەلە هەیە.

چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆلە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵك لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە هیز و لایەنە سیاسی و خەباتکارەکانی کورد و ئێرانی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش داوا دەکەین بە ڕێپێوان و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنی جۆراوجۆری دیکە ، دژی نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگ هەڵبڕن.

داوا لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانیش دەکەین بەرامبەر بە دەستدرێژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئازادیخوازانی کورد لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکان بە تایبەتی

بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئەمڕۆ لە قەڵای دیموکرات بە دەستی ئەو ڕێژیمە، بیدەنگ و بێ‌هەڵوێست نەبن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دوو تاوانی نوێ‌دا، هاوکات گیانی چەندین تێکۆشەر و خەباتکاری کورد لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆری ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردوەتە ئامانجی کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی، جێی خۆیەتی هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ یەکگرتوویی، هاوپشتی و هاوخەباتی لە گەڵ یەکتر و، بەهێزکردنی خەبات تا کۆتایی هێنان بە تەمەنی پڕ لە سەرکوت و تاوانی ئەو ڕێژیمە.

سڵاو لە گیانی نوێترین شەهیدانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،

ڕسوایی و مردن بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوینڕێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

ئێوارەی شەمە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧

٨ی سیپتامبری ٢٠١٨

لە پەلاماری مووشەکیی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات بە داخەوە ١٤ کادر و تیکۆشەری بە وەجی دیموکرات شەهید بوون و نزیك بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان بریتیین لە:

کەریم مەهدەوی(کەریم سەقزی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

ابراهیم ابراهیمی(برایم زێوەیی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

نەسرین حەداد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

ڕەحمان پیرۆتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

محەممەد حەسەنپوور ئەندامی پێشووی ڕێبەری و کادری لەمێژینەی پێوەندییەکانی حیزب

سوهەیلا قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

هاشم عەزیزی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،
عوسمان عوسمانی، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب،
کەریم رەسوولزادە(مام شێرکۆ)، تێکۆشەری لە میژینەی حیزب،
هاوڕێ کارساز(هاوڕێ شێخانی)، کادری بەوەجی حیزب،
پێشەوا سەید عومەر، پێشمەرگە،
جەماڵ ئەکبەری، پێشمەرگە،
مەنسوور ئەکبەری پوور، پێشمەرگە،
قادر عیززەتی(مامە قالە ڕێشە) (*)

دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فێرگەی ئەم حیزبە کە هاوکات لە گەڵ قەڵای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی مووشەکی بە ناوەکانی: موختار قادرپوور و فاروق حەسەن خەیات شەهید بوون.

*(*) مامەقالە کە یەکێك لە برینداره‌کانی مووشەکباران بوو، ۱۲ ڕۆژ دواتر بە داخەوە شەهید بوو.*

## قوربانیی سیناریۆیەکی پڕ لە ساختەکاری و چەواشەکارانەی وەزارەتی ئیتلاعات

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەرمانانی ئەمساڵ( ١٠ی سێپتەمبری ٢٠١٨) دەزگای قەزایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گرتووخانەی شاری "میاندواو"ی پارێزگای ورمێ، کەماڵ ئەحمەدنەژاد، بەندکراوی سیاسیی کوردی دوای چوار ساڵ بەندکردن، لەسێدارە دا و گیانی لێ ئەستاند .

کەماڵ ئەحمەدنەژاد، خەڵکی گوندی "گامێشگۆلی"ی میاندواو بوو، پاییزی ٢٠١٤ وێڕای چەند کەسی دیکە دەسبەسەر کران و لە ژێر ئەشکەنجە دا تاوانی کوشتنی بەسیجییەك و مۆرەیەکی ڕێژیم لەو گوندە بە ناوی "هاشم زەیناڵی" یان خرایە مل. وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی کە لە مێژ بوو خەریکی پیلانگێڕی و زەمینەسازی بۆ بەڕێوەبردنی گەڵاڵە تێرۆریستییەکانی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، دانپێدانانە زۆرەملییەکانی کەماڵ و گیراوەکانی دیکەی کردە هەوێنی بە ناو فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان .

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، ساڵی ٢٠١٧ و بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەناو دۆکیۆمێنتە، بە ئاگاداری لە مەبەستە چەپەڵەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران لە ڕوونکردنەوەیەكدا، وڵامی چەواشەکاری و ساختەکارییەکانی ئەو دەزگا سەرکوتکەرەی دایەوە و مەبەستەکانی لە قاو دان. ئێعدامی ئەو بەندییە کوردە ڕاست ٢ ڕۆژ دوای مووشەکبارانی قەڵای دیموکڕات، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بۆ پاساوی کردەوە تێرۆریستیی شەوی یەلدا و مووشەکبارانی ئەم دواییانەی خۆی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

بە خەیاڵی خاوی خۆی، سیمای گرووپێکی تێرۆریستی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، ئێران و دنیا نیشان بدا .
ئێعدامی ئەو لاوە کوردەی قوربانیی سیناریۆی وەزارەتی ئیتلاعات بە دەرفەت دەزانین تا وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵەکەی و خەڵکی "گامێشگۆلی"، جارێکی دیکە دەقی ڕوونکردنەوەکەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بخەینەوە بەر سەرنجی خوازیارانی ڕاستی و هۆگرانی دادپەروەری:

## بەرپەرچدانەوەی سیناریۆی ئەم دوایانەی وەزارەتی ئیتلاعات لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان

خەزەڵوەری پاییزی ۱۳۹۵، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نوسخەی تەواوی فیلمێکی بە ڕواڵەت دۆکیۆمێنتیی خۆی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای شەبەکەی "پرێس تی ڤی"و ڕاگەیەنەکانی دیکەی بەستراوە بە خۆی بڵاو کردەوە. بابەتی سەرەکیی ئەو بە ناو بەڵگەنامەیە، کوژرانی مۆرەیەکی ناسراوی ڕێژیم لە دێی "گامێشگۆلی" بە ناوی "هاشم زەینالی"و تاوانبار کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کوشتنی ناوبراوە. ئەو مۆرەیەی سەربەڕێژیم ، خەرمانانی **۱۳۹۳** لە نزیك گامێشگۆلی کوژرا و، هەر ئەو کاتیش هەواڵی کوژرانەکەی لە ڕاگەیەنە کوردییەکانو یەك لە وان تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ بڵاو بۆوە.
بوونی ژمارەیەك لە لاوانی خەڵکی ئەو گوندە لە ڕێزی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە لایەك و، بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی ئەو کەسە لە تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، دەبن بە هاندەرێك بۆ ئەوەی وەزارەتی ئیتلاعات بکەوێتە بیری دروستکردنی موستەنەدێك لە دژی ئەو حیزبە لە ژێر ناوی" دیموکراتی تێرۆریست"! ئامانجی سناریۆساز و سناریۆنووس کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەیە بە هۆی تاوانبارکردنی چەند لاوێکی پێشمەرگەی خەڵکی گامێشگۆلی بە داڕشتنی نەخشەی کوشتنی

هاشم زەینالّی، هەم کێشەو دووبەرەکی بخەنە نێو خەڵکی ئاواییەکە و لەم ڕێگایەوە جێ پێیەك بۆ خۆیان‌و ڕیژیمەکەیان لە نێو خەڵکی ئەو گوندەدا بدۆزنەوە، هەم حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی تێرۆریست بناسێنن. بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆیان بە دەستەوە نیە تا ئەم تاوانبارکردنەی پێ بسەلمێنن، بە ناچار چەند لاوێکی خەڵکی گامێشگۆلییان گرتوەو لە ژێر ئەشکەنجەیەکی چەندین مانگیدا مەجبووریان کردوون، دان بەو ئیددیعایانە دابنێن کە سناریۆنووسان‌و ئەشکەنجەگەرانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆیان دیاریی کردوون.

ئامادەکارانی ئەو بە ناو فیلمە دۆکیۆمێنتییە، ئەوەندەشیان دڵ بە ساختەکاری‌و درۆ و دەلەسە تێکخستنەوەی خۆیان خۆشە کە بە شایانی ئەوەیان زانیوە تێهەڵکێشی زمانی ئینگلیزیی بکەن‌و بە خەیاڵی خۆیان بیخەنە بەر سەرنجی "ئەنترپۆل"(پۆلیسی نێودەوڵەتی)و، لە کۆڕو کۆمەڵی نیودەوڵەتی‌دا، وەك بەڵگەی تێرۆریستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کاری بێنن!! ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەر فیلمەکە بۆ خۆی دەری دەخا کە گیراوەکان لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو هەڕەشەدا، قسەیان پێ دەکرێ. ئەو درۆو ئیددیعایانەی کە وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕێگای ئەو بەناو فیلمە بەڵگەنامەییە هێناونیە گۆڕێ، وەدرۆخستنەوەیان زۆر هاسانەو بەڵگەی حاشالێنەکراو بۆ ڕەتکردنەوەیان هەیە. بۆ وێنە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەتوانێ بیسەلمێنێ دوو کەس لەوانەی لە فیلمەکەدا وەك کەسی بەشدار لە کوشتنەکەدا ناویان هاتوە، نەك هەرلە کاتی کوژرانی هاشم زەینالّی‌دا، لە شوێنی ڕووداوەکە نەبوون بەڵکوو هەر لەنێو خاکی ئێرانیش‌دا نەبوون. "تەها رەحیمی"یش کە موستەنەدی وەزارەتی ئیتلاعات وەك ئەڵقەی سەرەکیی نێوان کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و گیراوانی تاوانبارکراو بە کوشتنی هاشم زەینالّی ناوی دەبا، نە ئەو کات‌و نە دواتر هیچ کارو بەرپرسایەتییەکی لەو کۆمیسیۆنە نەبووە بەڵکوو کادری ڕاگەیاندنی حیزب بووە. تەنیا دەلیلی موستەنەدسازەکان بۆ ناوهێنانی "تەها ڕەحیمی" و "لاوە فەرزین"

لە پێوەندی لە گەڵ ئەو ڕووداوەدا، ئەوەیە کە هەر دوویان خەڵکی گامێشگۆلین‌و ئەو کات، لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب‌دا بوون.

ئیددیعایەکی دیکە کە موستەنەدسازەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، بە یارمەتیی ئەشکەنجەو هەڕەشە لە زمانی گیراوەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە ئەوەیە کە گوایە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ لە نێوبردنی هاشم زەینالّی ئامادە بووە چەندین میلیۆن تمەن بەو کۆمەڵە کەسە بدا کە کوشتنی ناوبراو ئەنجام دەدەن! ئەم ئیددیعایە زۆر لەوە بێ‌بنەماترە کە تەنانەت شایانی ڕەتکردنەوەش بێ. چونکە نە ئەو مۆرە لە کارکەوتووەی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو نرخ‌و گرنگیەی هەبووە، نە سامان‌و دارایی ئەو حیزبە ئەوەندە زۆرو بەلاشە کە بۆ ئەم جۆرە شتانەی بە کار بێنێ .

وەك ئاماژەمان پێدا، وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕێگای ئەو جۆرە فیلمە بە ناو موستەنەدانە بە دوای دوو ئامانجەوەیە. ئامانجی یەکەمی ئەوەیە گێچەڵ بەو بنەماڵانە بفرۆشێ کە کەسانێکیان لە ڕیزی تێکۆشەران‌و ئەندامانی حیزبی دیموکرات دان‌و لە گەڵ ئەو بنەماڵانەی یەکێکیان سەبارەت بە ڕابردووی هاوکاری لە گەڵ دام‌و دەزگای جاسووسیی ڕێژیم لێ کوژراوە، لە بەرامبەر یەکیان‌دا رابگرێ‌و، لەم نێوەش دا نیازو بەرنامەکانی خۆی بباتە پێش. تەنانەت - وەك لە پێشووش‌دا زۆر نموونەی وا هەبووە- دوور نیە هەر بۆ خۆیان لە سیناریۆیەکی سیاسی‌و ئەمنیەتی‌دا مۆرەیەکی سووتاوو لە کەلك کەوتووی خۆیان لە نێو بەرن‌و بە ئەستۆی لایەنێکی دیکەی دابڕن. دووهەم ئامانجیشیان ئەوەیە، ڕوخسار و ئیعتیباری حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم لە نێوخۆی وڵات، هەم لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌دا بشێوێنن‌و ببەنە ژێر پرسیار. ئەویش لە هەلومەرجێك‌دا کە ئەو حیزبە زیاتر لە هەموو کاتێك تەئکیدی لە سەر پێویستیی وەڕێخستنی خەباتی هێمنانەو مەدەنی لە لایەن خەڵکەوە لە نێوخۆی وڵات‌دا کردوەتەوەو پشتیوانیی لێ کردوە.

دیارە هەر وەك لە نێوخۆی ئێران‌و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، خەڵك نێوەرۆکی جینایەتکارانەو دژی گەلیی ئەو ڕێژیمەیان ناسیوەو باوەڕ بەم جۆرە

ساختەکاریو سیناریۆیانەی ناکەن، لە نێو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتیش‌دا، کۆماری ئیسلامی پەروەندەیەکی ئەوەندە خاوێنی نیە. لەمێژە بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، تێرۆریستبوونی ئەو ڕێژیمەو دەستهەبوونی پلەبەرزترین ڕێبەرانو کاربەدەستانی لە ئەنجامدانی تێرۆرو تاوانو جینایەت دژی هاونیشتمانانی خۆیان‌دا، سەلمێندراوە. وەزیرو کاربەدەستە پایەبەرزەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتو فەرماندەرانی سوپای پاسدارانو سوپای قودس، لە جیاتی خۆماندوو کردنی بێسوودیان بە ناساندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك هێزێکی تێرۆریست، با مشوورێك لە حاڵی خۆیان بخۆن کە بە بۆنەی پێشینەی دەیانو سەدان ئینسانکوژیو تاوانی تێرۆریستی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، لە لایەن دادگاو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، داواکراونو لە ژێر تەعقیب دان. با لە بیریشیان نەچێتەوە کە یەك لە تاوانە سەلمێنراوەکانیان، تێرۆری ڕیبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێتەختەکانی ئورووپایە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر چەشنە دەست تێدابوونی دامەزراوەکانو ئەندامانو لایەنگرانی خۆی لە کوشتنی هاشم زەینالی‌دا، ڕەت دەکاتەوە. هەر لەو کاتەدا گرتنو ئازارو ئەشکەنجەی ژمارەیەك لە لاوانی خەڵکی گامێشگۆلیو ئێعتراف وەرگرتنی زۆرەملی لەوان بۆ ئەوەی کوشتنەکە بخەنە ئەستۆی خۆیانو حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە توندی مەحکووم دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو حوکم و سزایانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، کە لە سەر بناغەی دانپێدانانی زۆرە ملیو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا، بە سەرگیراوەکانی دا سەپاندوون بە ناڕەواو زاڵمانەو بێ ئیعتیبار دەزانێ. جێی خۆیەتی کەسوکاری کوژراوەکەو دانیشتوانی ناوچەکەش لە نیازو مەبەستە شوومەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم غافڵ نەبن و بە وشیاریی خۆیان پووچەڵیان بکەنەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥، ٢٠ی فێورییەی ٢٠١٧

بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:

## بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەورووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەبینەوە!

ڕۆژی ١٧ی خەرمانی ئەمساڵ(٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە، ٣بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و ڕامین حوسین پەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیك شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی، هەر وەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدك بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی

شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەر چی زووتری برینداره‌کانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.

تێرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبووندا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و وڵامێکی ددانشکێن بەرەورووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو ڕاستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی چوارشەمەی داهاتوو، ٢١ی خەرمانان بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان ، چۆلکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان وبازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا"گوتنی خۆتان بەو ڕێژیمە خوێنڕێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆر و سەرکوت و تاوان، کۆماری ئیسلامیی ئێران،

سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد،

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

پێکهاتوو لە:

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران،

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،

حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٨ی خەمانانی ١٣٩٧، ٩ی سیپتامبری ٢٠١٨

## مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی

ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو۲۱ی خەرمانان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاپەڕەیەکی پڕشکۆی دیکەی لە یەکگرتوویی و بەهەڵوێستبوونی خەڵکەکەی خۆی لە تویی حەرەکەتێکی مەدەنیی گشتی وبەرین‌دا تۆمار کرد.لەم ڕۆژەدا خەڵکی چەندین شار لە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵامی بانگەوازی هیزە سیاسییەکانی کوردستانیان داوە. ئەوان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی "قەلای دیموکرات" و شەهیدکرانی ۱۵ سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی تێکۆشەری دیموکرات، هەر وەها بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ئێعدامی ڕۆڵەبەندکراوەکانیان، لەماڵەکانیان نەچوونە دەر، شەقام و شوێنە گشتییەکانیان بایکۆت کرد، دوکان و بازاڕیان داخستو بەم جۆرە هاودڵی و هاوپێوەندییەکی گشتگیرو کەم وێنەی دیکەیان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی دیکەی نێو جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان، نیشان دایەوە.

پەیامەکانی ئەو مانگرتنە گشتییە و بەستێنی بەڕێوەچوون و سەرکەوتوو بوونەکەی شتێکی شاراوە نین. نەفرەت و ناڕەزایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، لە هەناوی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە و هەتا هاتوە زیادی کردوە. چونکە ئەو ڕێژیمە بیجگە لە هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت و تاوان شتێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نەبووە. سەرەرای هەموو بێبەشی و ڕۆژڕەشییەك کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم خەڵکە پێکی هێناوە، ڕۆژ نیە ڕۆڵەکانیان لێ نەستێنێ. یا لە دەرەوەی سنوورەکان بە تێرۆر ، تەقینەوە ، تۆپباران، بۆمباران، مووشەکباران و پیلانی جۆراوجۆری دیکە هەوڵی زەبروەشاندن لە تێکۆشەرانی ئەو گەلە دەدا، یا لە نێوخۆی ولات، هەر هەوڵێکی

مافخوازانە و ئازادیخوازانەیان دەکاتە بیانووی بەند کردن و ئێعدام و گیان لێ ئەستاندنیان لە ژێر ئەشکەنجەدا. ئەمەش بە جێگای خۆی کە ئەوانەش کە کاری سیاسی ناکەن و خەریکی پەیداکردنی بژیوێکی مەمر مەژی بۆ بنەماڵەکانیانن، بە هاسانی دەداتە بەر گوللە و ڕۆژانە چەند کەسێکیان لێ دەکوژێ. کەوایە ناڕەزایەتی و نەفرەتێکی هەمیشەیی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە هەیە و، هەر کات دەرفەتی بۆ برەخسێ، یا کارەسات وتاوانێکی گەورە ڕوو بدا، ئەم بێزارییە پەنگخواردووە، لێوڕێژ دەبێ و خۆی دەنوێنێ. ئەمجارەشیان ئەم ڕێژیمە ڕاست لە ڕۆژێکدا کە پەتی خنکانی خستە ملی۳ بەندیی سیاسیی کورد، هێرشێکی مووشەکیی کەم وێنەی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی سنوورو لە قوولایی خاکی هەریمی کوردستاندا.

ئاشکرایە لە سەر ئەم بەستێنە و بە دوای ئەم دوو تاوانە گەورەیەدا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەلات زۆرترین ئامادەیی بیزاری دەربڕین و دژکردەوە نیشاندانی هەبوو. بەلام دەبوایە ئەم ئامادەییە بجوولێنرێ و بەرەو پێکهێنانی حەرەکەتێکی هاوشانی گەورەیی کارەساتەکە، هان بدرێ و ڕینوێنی بکرێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی خۆی لە بارەی تاوانە گەورەکەی ڕۆژی ۱۷ی خەرمانان‌دا بە حەق داوای کردبوو: "چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆلە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و ناڕەزایەتیدەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵك لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان." ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"یش لە بەیاننامەی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ تاوانەکانی ۱۷ی خەرماناندا، ڕاستییەکی گەورەی وەبیر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنابووە:

"تێرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبووندا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و ولامێکی ددانشکێن بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە. " بە دڵنیابوون لەو ڕاستییە و بەئاگاداریی لە بێزاریی خەڵکەکەمان لە ڕێژیمی تێرۆر و تاوان و، بوونی

هەستێکی قووڵی هاوخەمی وهاوپێوەندی لە نێو ئەو خەڵکەدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بۆ مانگرتنێکی گشتی و بەرین بانگەواز کرد. ئەم بانگەوازە لە گەڵ پێشوازی و پشتیوانیی هێزو لایەنە سیاسییەکانی  دیکەی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات  و دەرەوەی کوردستان بەرەوڕوو بوو . بەم جۆرە خەڵکی کوردستان لە گەڵ بانگەوازێك بەرەوڕوو بوونەوە کە هیزولایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنی، زۆرترین کۆدەنگی و هاودەنگیان لە سەری هەبوو.  هەر بۆیەش سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوشارێکی ڕۆژانی پێشتر بۆ سەرچالاکان و پێشەنگانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ، سەرەڕای ئەو هەمووە هێزە سەرکوتکەرەی ڕێژیم لە بەرەبەیانی ڕۆژی ۲۱ی خەرمانان‌دا، هێنابوویە سەرشەقام و شوێنە گشتییەکان، خەڵکی وشیار و بە هەڵوێستی کوردستان بانگەوازی مانگرتنی گشتییان جیبەجێ کرد و وڵامە ددانشکێنەکەی خۆیان بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

ئیتلاعات و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دوای تاوانەکانی ۱۷ی خەرمانان هەوڵیان دا زۆرترین مانۆر و فڕوفیشال لە سەر سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی هێرشە مووشەکییەکەیان وەڕێ بخەن. وایان نواند حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە نێوخۆ، هیچیان لێ نەماوە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش، دەستیان لێ ناپارێزن ونایانهێڵن. بەڵام مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پێشوازییە بێ وێنەکەیان لە بانگەوازی یەکگرتووانەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان، بە کۆماری ئیسلامی و بە دنیای راگەیاند کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لەو خەڵکە جیا نین و ئەم خەڵکە لە هیچ هەلومەرجێك‌دا تەسلیمی ئەو ڕێژیمە نابن و پشتیوانی لە رۆڵەکانی خۆیان دەکەن.

تاوانەکانی ۱۷ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی کە بە مانگرتنە گشتییەکەی ۲۱ی خەرمانان وڵام درایەوە، ئەگەر لە ڕووی نیزامییەوەش سەرکەوتنێك بۆ ئەو ڕێژیمە بووبێ، لە باری سیاسییەوە شکستێکی گەورە بوو، چونکە بۆوە هۆی نوێبوونەوەی

یەکگرتوویی خەڵك و تازەبوونەوەی هاوپێوەندییان لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەم حەرەکەتە سەرکەوتوانەیە، ورە و ئیرادەی خەبات و بەرخۆدانی لە نێوخەڵکی ڕۆژهەلاتدا بە هێز کردەوە. هێزە سیاسییەکانی کوردستانی لە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەبات و قوربانیدان و خۆڕاگرییان دڵنیا کردەوە. بێ پێگەیی و ئەو پەڕی بێزراوبوونی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جارێکی دیکە و ئەویش لە کاتێكدا کە ئەو ڕێژیمە دەیەوێ خۆی وەك زلهێزێکی ناوچەیی نیشان بدا، سەلماندەوە.

ئەم پەیامانەی مانگرتنی گشتی تا ئەو ڕادەیە بەرپرسانی ئیتلاعات و سوپای پاسدارانیان تۆقاندوە کە دەستیان کردوە بە بانگ کردن و گوشارخستنە سەر چالاکانی نێوخۆ کە رابگەیەنن ئەوان و خەڵکی ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە ئێعدامی ٣ بەندیی سیاسیی کورد، ئەویش لە بەر بێئاگاییان لە نێوەرۆکی پەروەندەکەیان و حالّی نەبوون لە هۆی سزای بە حەقیان! ئەم دژکردەوە ئیحساسسییەیان نیشان داوە و مانگرتنەکەیان پێشوازی و پشتیوانی لە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان نەبووە!! بەڵام ئەم جۆرە هەولانە تازە بێ سوودن و بێجگە لە بوونە هۆی ڕیسواتربوونی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە، ئاکامێکی دیکەیان نابێ. پەیامی مانگرتنەکە بە گوێی هەموو لا گەیشتوون و ئەوەندە ڕوون و ئاشکران کە بەم جۆرە هەولانە ناشاردرێنەوە.

(ماڵپەڕی کوردستان وکورد)

**قسەکانی قادر وریا**

لە کۆڕی ڕێزگرتن لە

شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و بیرەوەریی تێرۆری میکۆنووس
(لە شاری کۆڵنی ئەلمان - ١٥ی سێپتەمبری٢٠١٨)

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی یادی دوو ڕووداو بکەینەوە: ڕووداوی تێرۆری میکۆنووس کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و هاوڕێیانی بە دوای کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا لە شاری بێرلین کەوتنە بەر دەسڕێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوون. هەر وەها حەوتوویەك لەمەو بەر لە هێرشێکی مووشەکی دا کە کرایە سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پۆلێك لە تێکۆشەرانی بە وەجی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ئەندامانی سەرکردایەتی ، لە کادرەکان و پێشمەرگەکان، گیانیان لە دەست دا و ژمارەیەکی زۆریش لە بنەماڵەکان، لە هاوڕێیانی حیزبی بە هۆی ئەم هێرشەوە بریندار بوون.

ئیجازەم بدەن لە سەرەتای قسەکانمدا سڵاو بنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان، چ شەهیدەکانی ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبر(٢٦ی خەرمانان) و شەهیدەکانی ١٧ی خەرمانان(٨ی سێپتەمبر)ی ئەمساڵ. ئەم دوو ڕووداوە کە ئەمڕۆ ئێمە بە یەکەوە یادیان دەکەینەوە زۆر خاڵی وێکچوویان هەیە. هەر دوو کردەوەی جینایەتکارانە بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە چوون. هەر دووی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە پێشێلکردنی

سەروەریی خاکی وڵاتێکی دیکە بەڕێوە چوون. هەر وا بێتەوە بۆ هەر دوو کردەوەی تێرۆریستی و دەستدرێژکەرانە، کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاستی دا نەخشە و پیلانی دارشتبوو. هەر دووی ئەو کردەوە تێرۆریستیانە هێرش بوون بۆ سەر مێشك و دڵی حیزبی دیموکرات و ڕێبەرییەکەی و ئەستاندنی بە وەجترین ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە.

لە بارێکی دیکەشەوە وێکچوون هەیە لە بەینی ئەو دوو کردەوە دەستدرێژکارانە و تێرۆریستییە. هەر وەك لە جەریانی تێرۆری میکۆنووس‌دا دیتمان ئەم تێرۆرە (بووە هۆی) گەرمو گوڕی، چالاکتربوون و ، لێبڕاوی و ئیرادەیەکی بە هێزی لە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورددا دروست کرد، هەر وەها هاوخەمی و هاوپێوەندییەکی بەرینی لە بەینی گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دروست کرد، ئەمجارەش کردەوەی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات هەمان هاودڵی و هاوخەمیی لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا دروست کردوە. هەمان پشتیوانی و دڵگەرمیی بۆ حیزبی دیموکرات و بۆ هێزە سیاسییەکان دروست کردوە و لە گەڵ نەفرەت و بێزارییەکی بەرینی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووە کە ئێمە لەو داوایانەدا بە هۆی ئەو مانگرتنە گشتییە کە لە ٢١ی خەرمانان بەڕێوە چوو، شاهیدی بووین.

ئێمە هیوادارین خاڵە وێکچووەکانی دیکەش دروست بن. کردەوەی تێرۆری میکۆنووس بە هۆی لێبڕاویی دەزگای قەزایی ئەڵمان، بە هۆی شەهامەت و ئەرکناسیی قازییەکان، دادوەران و هەموو ئەو کەسانەی بە شوێن ئەو پەروەندەیەوە بوون، نەتیجەیەکی شایانی لێ کەوتەوە. ئەویش ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئێران لە بەرزترین ئاستی‌دا تاوانبار کرا و وەکوو بکوژ، وەکوو ئینسانکوژ ناسێندرا. ئێمە لە بیرمانە بە کردەوە و بە تەحقیق سەلمێندرا کە کۆمیتەیەك یا مەجمەعێکی بەرز لە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە هەر لە "وەلیی فەقیە"یانەوە بگرە، لە سەرکۆمار، لە وەزیری دەرەوەیان، لە وەزیری نێوخۆیان، لە کۆمەڵێك کاربەدەستی دیکە، دەستیان لە نەخشەکێشان و سادر کردنی فەرمانی کوشتنی

موخالفیان دایە. ئەم دانپێدانانەی دەزگای قەزایی ئەڵمان و دادگای بێرلین وای کرد کە ئێران لە گەڵ دژکردەوەیەکی نێودەوڵەتیی بەروڕوو بێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیی‌دا ڕیسوا بێ. وڵاتانی ڕۆژاوایی سەفیرەکانیان لە ئێران بانگ کردەوە و ئێرانیان وا لێ کرد لانیکەم بۆ سالانێك دەست لە تیرۆر لە ولاتانی ئورووپا هەڵ بگرێ. ئێمە هیوادارین بە دوای ئەو کردەوەیە تاوانکارانەیە کە لە هەرێمی کوردستان لە دژی حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوو، جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی لە لایەن ناوەندە مرۆڤدۆستەکان، ناوەندە سیاسییەکانی جیهان، لە لایەن بیروڕای گشتییەوە لە گەڵ مەحکوومییەت بەرەوڕوو بی و ڕیسوا بکرێ. بە خۆشییەوەش هەر ئێستا دەبینین کە ئەو ناوەندانە و ئەو وڵاتانەی وردە وردە لەو تاوانە گەورەیە وەدەنگ دین ڕوو لە زیاد بوونن.

دەگەڕێمەوە بۆ ٢٦ ساڵ لەمەوبەر. بە دوای تیرۆری میکۆنووس دا، زۆر لە ئێوە -ئەوەندە لە خەبات‌دا بەشدار بوون کە- ئەو ڕووداوانەتان بە باشی لە بیرە حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی گەلی کورد بڕیاریان دا، بەم کردەوانە، بە ستاندنی گیانی ڕێبەرانمان، لە خەبات و تێکۆشان نەوەستن. نەك هەر لە خەبات و تیکۆشان نەوەستن، بەڵکوو بڕیار بدەن ئاڵا و چەك و مەسئولیەتی هاوڕێ شەهیدەکان و ڕێبەرە شەهیدەکان هەڵنەپەسێردرێن و بە لێبڕاوییەوە ئەو ڕێگایە درێژە بدەن. ئەو کات خەڵکی کوردستانیش بە پشتیوانییەك کە لە حیزبی دیموکرات کردی، ئەو پەیامەی پێ داین ئەگەر ئێوە لە سەر ڕێگایەکەتان سوور بن، ئێمە پشتیوانتانین. خودی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتیش ئەو پەیامەیان لە خەڵك وەرگرت، لە کاتێك دا کۆماری ئیسلامی ڕێبەرانیان لێ دەستێنێ و تێکۆشەرانیان لێ دەستێنێ و بێ شەرم و شکۆ لە ولاتانی جۆراوجۆر پەلامار دەباتە سەر گیانی هاوڕێیانیان، ئەوانیش دەبێ بیر لە نەهێشتنی ناکۆکییەکانیان بکەنەوە، پیوەندییەکانیان لە گەڵ یەکتر ئاسایی بکەنەوە و لێك نزیك ببنەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە حیزبی دیموکرات لە نێو ڕیزەکانی خۆی‌دا یەکگرتوویی وەدەست بێنێتەوە و لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەش ئەو گرژی و ئالۆزیانەی هەیبوو، نەیهێڵێ و کەمی بکاتەوە. ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی

شۆڕشگێرانە لە کوردستان توانیان بەردەوام بمێنێن. بە درێژەدانی ڕێگای شەهیدەکان و بە بەهێز کردنی پێوەندیی نێوان کۆمەلانی خەڵك و حیزب، ئەو پەیامەی بە کۆماری ئیسلامی دا کە بە ستاندنی گیانی ڕێبەرانمان ئێمە کۆڵ نادەین و بە چۆك دانایەین.

ئیستا جارێکی دیکە مێژوو دووپات بۆتەوە. زەبرێکی گەورە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دراوە و کۆمەڵێك لە ڕێبەران و تێکۆشەران و کەسە بەوەجەکانی لێ ئەستیندراوە. ئەوەی کە لە یەکەم ساتەکانەوە وەکوو یەکەم پەیام ڕێبەرانی حیزبی ئێمە و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە بە خەڵکی کوردستانیان داوە و بە کۆماری ئیسلامیشیان ڕاگەیاندوە، ئەوەیە کە ئەم جۆرە زەبرانە ئێمە بە چۆك داناهێنێن. لە سەر خەبات و تیکۆشان تاوەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەمان، تا ڕووخاندنی ڕێژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبین. حیزبی دیموکرات مێژووەکەی پڕە لە هەڵگرتنی زامی گەورە و کارەساتی گەورە، بەڵام بە چۆك دانەهاتوە. ئەمجارەش بە دڵنیاییەوە حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی دیکە بەم جۆرە پەلامارانە چاوترسین نابن و لە سەر ڕێگاکەیان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی کە ئامانجی شەهیدەکان وەدی دێنن.

بێجگە لەوەی کە ئێستا دەبێ ئەو پەیامە بدەین ڕاستییەکەی ، پێم خۆشە بچمە بچمە سەر ئەو هۆکارانە کە بۆ چی کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ ئەو کردەوە وەحشیانەیە برد. ئێوەش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ئێستا لە نێوخۆی دا لە گەڵ قەیراناویترین دۆخی خۆی بەرەوڕووە. یانی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات بە قەت ئێستا ئەوەندە لە نێوخۆ لە گەڵ قەیرانی جۆراوجۆر و لە دەرەوەش لە گەڵ گوشاری نێودەوڵەتی‌دا، بەرەوڕوو نەبووە. ئەمە وای کردوە ئێعترازاتێکی بەرین کە ئێمە لە یەکساڵی ڕابردوودا دیومانە لە لایەن خەڵك لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بۆتەوە. بەڵام ئەو ڕێژیمە بێجگە لە سەرکوت نەك وڵامێکی بۆیان نەبووە، نەك هەر نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، دوای ئەوەی ئەمریکا لە بەرجام چووە دەر

و ئەو گوشارانەی سەرلەنوێ لە سەر ئێران زیندوو کردنەوە، ئەوەندەی دیکەش ئەو ڕێژیمە کەوتووەتە تەنگانە و ئەوەندەی دیکەش کەوتووەتە ژێر فشاری دەرەکی و لە ژوورەوەش کێشەکانی هەر ڕوو لە زیادبوونن.

ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دەرەوەی سنوورەکانی و، بۆ ئەوەش لە ژوورەوە بە ڕاحەتی بتوانێ سەرکوت بکا، لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیهەوێ مانۆڕ بدا. لە لایەك بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێ کە ئێمە لە ژێر هەڕەشەی دەرەکی داین و پێویستە دان بە خۆتاندا بگرن و هیچتان نەوێ، لە لایەکی دیکە بۆ چاوترساندنی خەڵك و چاوترساندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی بە دڕندانەترین شێوە توند و تیژی بنوێنێ. لەو لاشەوە کە بە بۆنەی دەخالەتی لە وڵاتانی ناوچە دا کەوتووەتە ژێر گوشار، دیسان بڵێ ئەمن هەم و عەرزی ئەندام دەکەم و ئەوەتا لەو ناوچەیەدا قودرەتنەمایی دەکەم.

ئەمانە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کوردستان لە تەواویەتی خۆیدا و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، مەترسیەکن بۆ حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە. چونکە دەزانێ ئەم بزووتنەوەیە و ئەم حیزبە ئەوەندە ڕیشەدارن، ئەوەندە خاوەن پوتانسیەلن، ئەوەندە خاوەن پشتیوانن کە لە هەر لاوازبوونێکی دەوڵەتی مەرکەزیدا، بە ئاسانی دەتوانن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕێك خەن و کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنن. شۆخی نیە ئێمە دەبینین لە ماوەیەکی کەمدا دوو پیلانی گەورە لە دژی حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوون. دوو ساڵ لەمەوبەر شاهیدی تەقینەوەیەکی تێرۆریستی بووین لە دژی حیزبی دیموکرات کە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی لێ ئەستاندین. ئەویش وەك ئەم هێرشەی ئەمجارە هەدەفێکی کۆمەڵکوژانەی هەبوو، وێڕای زەبروەشاندن لە حیزبی دیموکرات دەیەویست هەر چی زیاتر تێکۆشەران لە ئێمە بستێنێ و شەهیدیان بکا. هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان بکەوێتە سەرکوتکردن و دڕندەیی نیشاندان و بۆ یەکەم جار لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوەی سنوورەکان

مووشەکی دوورهاوێژ بە کار بێنێ، بە مووشەك زەبریان لێ بوەشێنێ. لە لایەکی دیکەوە هەر لەو رۆژە دا کۆمەڵێك لە بەندییە سیاسییەکانی کورد لە زیندانەکانی ئەو ڕێژیمە دا ئێعدام بکا و گیانیان لێ بستێنێ.

ئەو دڕندەییە کە هاوکات نیشانی دا بۆ ئەوە بوو بە تەواوی خەڵکی کوردستان مەرعووب بکا، بەڵام ئیستا کە حەوتوویەك بە سەر ئەم کارەساتەدا ڕابردووە، ئێمە دیتمان هێزە سیاسییەکان و گەلی کورد بە جۆرێکی دیکە بەرەوڕووی ئەو تاوانە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. لە جیاتی ئەوەی چاوترسێن بن ، لە جیاتی ئەوەی سەریان بەرنەوە نێو قاپێلکی خۆیان و بێدەنگ بن، جارێکی دیکە ڕوویان کردەوە خەڵکی کوردستان کە رووگەی ئەسلیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەن و هەر وەك لە یەکەم بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا هاتبوو، خەڵکی کوردستان دەبوایە وڵامێکی شیاو بەو تاوانانەی ١٧ی خەرمانان بداتەوە. دواتریش کە بە خۆشیەوە ئەو هاودەنگییە لە نیو هێزە سیاسییەکان دا دروست بوو، ئێوە دەبینن کە لە بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش‌دا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکرێ کە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ چی دیکە درێژە بە کوشتنی بەندییە سیاسییەکان بدا، نەتوانێ گیانی تیکۆشەرانی گەلی کورد بەو شێوەیە دڕندانەیە بستێنێ ، پێویستە وڵامێکی ددانشکێنی بدرێتەوە. ئەو مانگرتنە گشتیە کە رۆژی ٢١ی خەرمانان بەڕێوە چوو، ئەو وڵامە ددانشکێنە بوو کە خەڵکی کوردستان دایەوە. بۆیە خەڵکی ئێمە لە باتی چاوترسێن بێت، ئەوەی ئەرکیان بوو ئەنجامیان دا. دەبوو نیشانی بدەن کە حیزبی دیموکرات و تیکۆشەرانی گەلی کورد، ئەوانەی لە زیندان وەکوو بەندیی سیاسیی ئیعدام دەکرێن، ئەوانەی لە دەرەوەی سنوورەکان تێرۆر دەکرێن و بە مووشەك و بە بۆمب گیانیان لێ دەستێندرێ، ڕۆڵەی ئەوانن و ئەو خەڵکە پشتیان تێ ناکا. دەبوو بە کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن کە ئەم ڕێژیمە پێگەی نیە لە نێو خەڵکی کوردستان دا.

ڕێژیمێك کە ٤٠ ساڵە ئەو خەڵکە سەرکوت دەکا، بێجگە لە ڕۆژڕەشی و بێجگە لە بێبەشی هیچی دیکەی بۆ نەهێناون، بەم حالەش ڕۆژ نیە رۆڵەکانی ئێعدام نەکا، ڕۆژ نیە تاوان دژی تێکۆشەران ئەنجام نەدا، تەنانەت خەڵکێك کە کاری سیاسی ناکەن، خەریکی ژیانی ئاسایین، ڕۆژ نیە گیانیان لێ نەستێنێ. بۆ؟ بەو ناوە کە کاری قاچاغ دەکەن! چونکە کۆڵبەری دەکەن و بە سەختترین شێوە ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بە ئاسانی لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە گیانیان لێ دەستێندرێ. دەبوایە خەڵکی کوردستان وڵامێکی شیاو بەو تاوانە گەورانە بداتەوە و ئەم وڵامەشیان دایەوە.

ئێمە چ وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان و چ وەك ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و بە گشتی وەك هێزە سیاسییەکانی دیکە بە بۆنەی ئەو بەدەنگەوەهاتنەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە خۆشیەوە دەتوانین بڵێین هەموومان ئاوپرژێنی دڵەکانمان کرا. دەتوانم بڵێم بنەماڵەی شەهیدەکانیش و بریندارەکانیش و هەموو ئەو کەسانەی ئازیزێکیان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی یا لە هەرێمی کوردستان و لە قەڵای دیموکرات دا لە دەست دابوو، بەم بەدەنگەوەهاتنەی خەڵك ڕۆحیەیان چووە سەرێ، برینەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر سارێژ بۆوە، چونکە جارێکی دیکە بۆ دنیا دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە ڕیشەیان لە نێو خەڵکەکەیان دا هەیە. پشتیوانیی خەڵکەکەیان هەیە و هەڵگری ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن بۆیە خەڵکیش پشتیوانییان لێ دەکا. کۆماری ئیسلامی کە دەیویست وا نیشان بدا ئەو حیزبانە لە نێوخۆ نەماون و لە دەرەوەی سنوورەکانیش نایانهێڵێ، بەڵام وڵامێکی زۆر پێچەوانەی وەرگرتەوە. دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە ڕیشەیان لە نیو خەڵکی کوردستاندا هەیە. پێگەی ئەسلییان ئەوێیە. (ئەم حیزبە)ئەگەر لێرە داروپەردووی وێران بێت بەڵام لە نێو دڵی خەڵکیدا زیندوو دەبێتەوە .

ئێمەش پەیاممان لە خەڵکەکەمان وەرگرت. ئەوان کە بە شێوەیەکی زۆر بەرین و گشتگیر لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەر چوار پارێزگەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەیان شاردا لە ژێر سەرنێزە و هەڕەشە و گوشاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و هێزە سەرکوتکەرەکانیان دا، بە دەنگمانەوە هاتن، بە جێ هێنانی ئەرکی خۆیان بوو، ئەرکی خۆیان جێ بەجێ کرد و بە پیر بانگەوازی هێزە سیاسییەکانەوە هاتن. دوکان و بازاڕیان داخست، شەقامەکانیان بایکۆت کرد. پەیامی ئەوان جگە لەوەی هاودەردی و هاوخەمی بوو لە گەڵ حیزبی دیموکرات و لە گەڵ بنەماڵەی بەندکراوان کە ڕۆڵەکانیان شەهید ببوو، ئەوەشی تێدا بوو کە ئەگەر ئێوە هێزە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوە ئاوا یەکگرتوو و ئاوا هاودەنگ بن، ئێمەش بە دەنگتانەوە دێین.

من دەتوانم لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە لێبڕاوییەوە بڵێم ئێمە ئەو پەیامەمان وەرگرتوە و خۆمان بە ئەرکدار دەزانین کە بە پێشوازییەوە بچین. هەروا کە لە پێشوودا کارمان کردوە بۆ ئەوەی لە بەینی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا پێوەندییەکی باش هەبێ و هاوکاری هەبێ و لەو بارەوە زۆرترین مایەمان لە خۆمان داناوە، لە داهاتوودا زۆر لەوە زیاتر کار بۆ ئەوە دەکەین. پێمان وایە لە بەرامبەر دوژمنێکی دڕندەی وەك کۆماری ئیسلامی دا دەبێ یەکگرتوو بین، هاوخەبات بین و چەندی بکرێ ڕیزەکانمان لێك نزیك بکەینەوە.

پەیامیکی دیکە کە وەرمان گرتوە ئەوەیە کە ئێمە هەتا خۆڕاگرتر بین، هەتا قوربانیی گەورەتر بدەین لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەمان دا، خەڵکەکەمان لەهەر شەرایەتێکدا بێ، پشتیوانیمان لێ دەکا. جگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێمە شاهیدی ئەو هاوخەمی و هاودەنگییە بەرین و ئاشکرایە بووین، لە یەك بە یەکی ئەو وڵاتانەی کە کوردەکانیان لێ دەژین، بە تایبەتی کوردانی رۆژهەڵات، شەپۆلێکی گەورە لە هاوخەمی و هاودەردی وەڕێ کەوتوە بۆ مەحکوومکردنی ئەو تاوانانە، بۆ لەقاودانی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی کردن لە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە. دوای ئەو ڕووداوەش کە بە سەر حیزبی دیموکرات و بە سەر بەندییە سیاسییەکان هاتوون، پێمان وایە

دەبێ نەك هەر لە خەبات سارد نەبینەوە، پێویستە زۆر گەرم و گوڕتر لە پێشوو، لێبڕاوانەتر لە پێشوو کار بکەین بۆ ئەوەی ئامانجی شەهیدەکانمان وەدی بێ. بۆ ئەوەی دوژمنانمان ناهومێد و بۆ خۆمان سەربەرز و نەتەوەکەمان هەست بە سەربەرزی بکا و هەست بەوە بکا کە خوێنی شەهیدەکانیان بە فیڕۆ نەچووە. کە وایە پەیامی حیزبی دیموکرات بۆ ئێوە دوای ئەو ڕووداوەش ئەوەیە کە پشتیوانی بن، چونکە لێبڕاوە ئەم ڕێگایە هەتا سەر ببڕێ.

ئێمە خۆشحاڵین کە هێزە سیاسییەکانی دیکەش لەم ڕووداوەدا لە پەنامان بوون، هاوخەممان بوون. هیچ کات ئەو هاوپێوەندییە ی ئێستا لە بەینمان دا دروست بووە، لە بیری ناکەین و بە هەموو توانای خۆمانەوە هەوڵ دەدەین بیپارێزین. بەڵام لە عەینی کاتدا پێمان وایە دەبێ لە هەموو ئاستەکان دا زۆر کار بکەین. لە نێوخۆی ولات خەڵکەکەمان پێویستە بە شێوەی مەدەنی، بە شێوەی نافەرمانیی مەدەنی، لە هەر مەجالێك کە بێتە پێشێ کەلك وەربگرن بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی دڵنیا بێ خەڵکی ئێمە هەر وەك تا ئێستا لە مەیدان دابووە و بێ تەفاوەت نەبووە و ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە، لە داهاتووشدا بە جێی دەگەیەنێ. چونکە پێمان وایە کۆماری ئیسلامی تا پتر خۆی لە گەڵ بێ داهاتوویی بەرەوڕوو ببینێ پتر پەنا بۆ ئێعدام دەبا، پتر پەنا بۆ کۆشتار و تاوان دەبا و، بە دووری نازانین لە داهاتووش دا چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی سنوورەکان لە سەر تێرۆر، کوشتن، بەندکردن و لە سەر تاوانی گەورە بەردەوام بێ. لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکەکەمان دەبێ لە مەیدان دابێ و ئەو ئەرکەی لە پێشیانە بیزانن و جێبەجێی بکەن.

وەکوو هێزە سیاسییەکان دەبێ پتر لە گەڵ یەکتر هاوکار بین تا دەگەینە جێگایەکی کە بتوانین بە یەکەوە بەرەیەك پێك بێنین بۆ هاوخەباتیمان. تا ئەو کاتیش دەبێ لە هیچ هاوکارییەك لە گەڵ یەکتر درێغی نەکەین. ئەو خەڵکەش کە لە دەرەوەی وڵاتن، کوردەکان بە گشتی و بە تایبەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەر وا یار و یاوەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد بن کە لە سەختترین شەرایەت دا بڕیاری داوە بەردەوام بێ و شێلگیر بێ و کۆڵ نەدا.

من ڕێز دادەنێم بۆ هەموو ئەو چالاکیانەی لە ڕۆژانی رابردوودا بۆ مەحکوومکردنی ئەو تاوانانە و بۆ هاوخەمی لە گەڵ حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی شەهیدەکان بەڕێوە چوون. ڕێز و سپاسم هەیە بۆ ئێوە کە تەشریفتان هێناوە و ئەمڕۆ لەم بۆنەیەدا بەشدارن و لە گەڵ حیزبی دیموکرات و لە گەڵ بنەماڵەی بەندییە سیاسییە ئێعدامکراوەکان، لوقمان و زانیار مرادی، رامین حوسێن پەناهی و کەماڵی ئەحمەدزادە کە ئەویش دوو ڕۆژ دوای ئەو ٣ شەهیدەی دیکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لێ ئەستێندرا و شەهید کرا. لە سەرەتاوە باسم کرد کە ئەمڕۆ دوو بۆنەمان هەیە، یادی شەهیدانی میکۆنووس (شەهیدانی تێرۆری بێرلین) و یادی تازەترین شەهیدەکانمان لە ١٧ی خەرمانان دا، ئەوانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێ ئەستێندرا لە کۆیە و لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا. جارێکی دیکە وێڕای ڕێز و سڵاو و بە جێهێنانی پەیمانی وەفا بەرامبەر شەهیدەکان، و نوێکردنەوەی هاوخەمی لە گەڵ بنەماڵەکانیان، ئاواتی چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم.

ئێمە ئەو ئامۆژگارییانەی کاتی خۆی د.سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لە چلەی شەهیدبوونی قاسملووی ڕێبەردا دووپاتی کردنەوە، ئێمە پێیان لە سەر دادەگرینەوە. قسەکەی د.سادق شەرەفکەندی ئەوە بوو کە "با لاوانی کورد، کوڕ و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێر دەستیدا و بە سەر شۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێ قەدر و قیمەتە و، لە بەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاك و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێن." میللەتی کورد ساڵانێکی زۆرە بڕیاری داوە بە سەرشۆڕی و بە زەبوونی، بە ژێردەستی نەژی. لە پێناوی ئەو ئازادژیان و سەربەرزژیانەدا زۆرترین قوربانیی داوە. ئێمە ئارەزوو دەکەین قوربانییەکانمان لە داهاتوودا هەر چی کەمتر بن، بەلام ئەگەر بمانەوێ ئازاد بژین، بمانەوێ هەموو ڕۆژێ ڕێژیمێکی دڕندەی وەکوو کۆماری ئیسلامی نەتوانێ گیانی ئازیزترین کەسەکانمان لێ بستێنێ، هەموو ڕۆژێ میللەتەکەمان بە شێوەی جۆراوجۆر تەحقیر نەکا، دەبێ هەموانمان وەکوو نەتەوەیەك، نەك هەر تەنیا لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکان و وەکوو تیکۆشەرانی

ئەحزابی سیاسی، بەڵکوو بە گشتی وەکوو تاکی نەتەوەی کورد، دەبێ هەموانمان لە خەباتدا بەشدار بین. هەر کەس لە هەر شوێنێك چیمان لە دەست دێ بیکەین بۆ ئەوەی دەورانی ڕۆژرەشیی نەتەوەیەکی گەورەی وەکوو نەتەوەی کورد کە نیشانی داوە لە شارستانیەتدا، لە هونەردا، لە مەدەنییەتدا، لە هەموو شتێك دا لە میللەتانی دەوروبەری لە پێشترە و لەدواتر نیە، کە چی ڕۆژانە لە گەل سووکایەتی و تیرۆرو لە دەستدانی ڕۆڵەکانی بەرەوڕوویە. ئێمە ئەو ئامۆژگارییانە لە ڕێبەرانی شەهیدمانەوە، لە هاوسەنگەرانی شەهیدمانەوە، کە ساڵانێکی زۆرە لە نزیکەوە کارمان لە گەڵ کردوون، و هەر یەکەی ئوستوورەیەك بوون لە خەبات و خۆڕاگری، لە پاکی و دڵسۆزی و وەفاداری بۆ نەتەوەکەمان، ئەوانەیان لێ فێربووین کە دەبێ لە مەیدان دابین، دەبێ خۆڕاگر بین، دەبێ ئەو جۆرە زەبرانە هەر ئەندازەش بە ژان بن، نەمانچەمێننەوە تا بتوانین ئاڵای ئەوان بە شەکاوەیی ڕابگرین، نەهێڵین چەکی ئەوان بکەوێتە زەوی و ڕێگایەك کە لە بەردەممانە بە سەربەرزییەوە درێژەی بدەین.

من دڵنیام بە پشتیوانیی و بە هاوخەمیی هەمووی ئێوە لەم وڵاتە و لە وڵاتانی دیکە و لە نێوخۆی کوردستان، بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکان ئێمە ئەو ڕۆژگارەش تێپەڕ دەکەین و کۆماری ئیسلامی کە ئێستا بە هەموو جۆرێك دەیهەوێ خۆی بە سەرکەوتوو نیشان بدا و چنگ و ددان و قودرەت نیشان دەدا، بەو هەمووە کێشانەی بۆ خۆی دروست کردووە، بەو هەمووە بی لیاقەتی و نەزانکارییەی کە لە بەڕێوەبردنی حاکمیەت دا لە خۆی نیشانی داوە، بەو دۆخەی کە بۆ خەڵکی ئێرانی پێك هێناوە، ساڵانی کۆتایی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا. گرنگ ئەوەیە کە ئێمە لە مەیداندا بین، هاوپشت و هاوخەباتی یەکتر بین.

جارێکی دیکە سپاس بۆ گوێگرتنتان،سپاس بۆ هاوخەمیتان. ڕاستییەکەی من بە ملم دابڕا ئەگینا لە بۆنەیەکی ناخۆشدا کە نزیکەی ٢٠ کەس لە بەوەجترین تێکۆشەرانی گەلی کورد کە زۆربەیان لە هاوڕێ نزیکەکانم بوون شەهید بوون، قسەکردن بۆم هاسان نیە. ئەگەر کەموکوورییەك لە قسەکانمدا هەبووە، داوای

لێبووردن دەکەم. من نایشارمەوە کە زۆر پەرێشانی لە دەستدانی ئەو هاوڕێیانەم. بەلام باوەڕم بەوە هەیە کە ئێمە نەك بە فرمێسك هەڵوەراندن و دەستەو ئەژنۆ دامان، بەڵکوو بە بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەیان، بە ڕاستکردنەوەی قامەت و درێژەدانی ڕێگاکەیان دەبێ سۆز و وەفای خۆمان بەرامبەر شەهیدەکانمان بسەلمێنین.

سلاو و ڕێز بۆ هەموو لایەکتان و سوپاس کە گوێتان لە قسەکانم گرت. جارێکی دیکە بەو هیوایە کە بە یەکگرتوویی و بەردەوامیمان بتوانین بەو هاودڵی و هاوخەباتە نەتەوەییە کە دروست بووە، بتوانین لە ئاستی شەهیدەکانمان رووسوور بین و ئاواتەکانیان وەدی بێنین.

## قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕژێیمی ئێراندا

ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ڕێژیمی ئێران کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك پشتیوانی تیرۆریزمی جیهانی دەناسێنێ و هەر لەم مانگەدا بڵاو بۆوە، قسەکانی ئەمڕۆ(٢٠١٨/٩/٢١)ی "نیکی هیلی" باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشیشی هاتەسەر. هاوکات دۆنالد ترامپ، سەرکۆماری ئەمریکا، رای گەیاندوە کە بۆ خۆی سەرپەرستیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێوەندی لە گەڵ ئێران دا-کە حەوتووی داهاتوو پێك دێ- دەگرێتە ئەستۆ.

قسەکانی ئەمڕۆی نیکی هیلی و ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەمریکا لە بارەی تێرۆریزم، دەری دەخەن کە ئەمریکا لە گەڵ ئێران هەر تەنیا لە سەر کەیسی ناوکی کێشە و ناکۆکی نیە، بەڵکوو لە سەر چەکی مووشەکی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە و، پشتیوانی کردنی لە گرووپە تێرۆریستییەکانیش، کێشەی جیددی هەیە.

لە کاتی دەرچوونی ئەمریکا لە پەیماننامەی بەرجام، کۆماری ئیسلامی دڵی بە وڵاتانی ئوورووپایی خۆش بوو کە پشتی بگرن و لە نێوان ئەمریکا و ڕێژیمی ئێران، کۆماری ئیسلامی هەڵ بژێرن. بەڵام لە گەڵ ئەوەی هێندێك لە وڵاتە گرنگەکانی ئوورووپا بەڵێنێکی لەو چەشنەشیان دا، کاتێك زانیان ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە، چەندە بە زیانیانە، بەڵێنەکەیان نەبردە سەر.لەو ماوەیەدا ئەو ڕێژیمە نەك هەر نەیتوانیوە لە ژێر قورسایی پشت شکێنی شوێنەوارە ئابووری و بازرگانیەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام و دەستپێکردنەوەی گەمارۆکانی ڕاست بێتەوە، بەڵکوو هەتا دێ پتر تێیاندا نوقم دەبێ. بەو حاڵەشەوە (شڕی و وێرانیی دۆخی ئابووری لە لایەك و، سەرڕێژ بوونی ناڕەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵکیش لە لایەکی دیکە) دەبێ بەرەوڕووی کێشەیەکی دیکەش

بێتەوە. کێشە و ململانێیەك کە لەویاندا، هەر بە تەنیا لە گەڵ ئەمریکا بەرەوڕوو نیە. لەم کێشەیەدا، وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرژەوەندیێکیان نیە لە گەڵ ڕێژیمی ئێراندا بن. (لە دەرەوەی ئەو جۆگرافیایەش ڕووسیە و چین دەمێنن کە لەنگەر بۆ ئەو ڕێژیمە ڕابگرن کە ئەمەش ناتوانێ هەتا سەر بێ.)

جاری پێشوو لە کاتی هاتنەسەرشەقامی خەڵکی شارەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی و توند و تیژی نواندنی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی، ئەمریکا ئەو پرسەی بردە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەمە پشتیوانییەکی سیاسیی دیار بوو لە مافەکان و داخوازەکانی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتوە. بەڵام زۆر لە ولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی هەڵوێستەکەی ئەمریکا وەستانەوە و سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێرانیان بە کێشەی خۆیان و ئەنجومەنی ئاسایش نەزانی. بەڵام هاسان نیە کێشەی پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە تێرۆریزمی جیهانی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، هەڕەشەکانی بۆ سەر هاوپەیمانانی خۆیان و بەرژەوەندەکانیان لەو ناوچەیەش، هەر بەکەم بگرن و، دژی تێهەڵپێچانەکانی ئەمریکا بەرامبەر ڕێژیمی ئێران بوەستنەوە. هەموو نیشانەکان پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامی قۆرتی گەورەی لە پێشن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، چۆن لەم قۆرتە گەورە دەرباز دەبێ؟ وڵامەکەی لە گرەوی سەرکەوتنی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی ئیرادەیەکی جیهانی بە مەبەستی ملکەچکردنی ئەو ڕێژیمە و کۆتاییهێنان بە یاغیگەرییەکانی دایە. بەڵام بێ دروستبوونی خێرای ئەو ئیرادە جیهانیەش، تێکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەمریکای شێلگیر و لێبڕاوی سەردەمی ترامپ، هاسان نیە.

(ماڵپەڕی کوردستان وکورد،٢٠١٨/٩/٢٢ )

## قۆناغی نوێی تیرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی

لەو چەند ساڵەی دواییدا، جگە لە تیرۆر و بۆمبدانانەوە و مووشەکباران دژی بنکە و تێکۆشەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان کە بە داخەوە شەهید و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی بە دواوە بووە، چەندین چالاکیی تیرۆریستی لە وڵاتانی ئورووپایی بە هۆی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوەکانی سەر بەو ڕێژیمە بەڕێوە چوون. بەداخەوە هێندێك لەو کردەوە تیرۆریستییانە ئامانجەکانیان پێکاوە و بوونە هۆی کوشتنی چەند کەسێك لە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی وڵات. ژمارەیەکیشیان کەوتوونە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکانی چەند وڵاتێکی ئورووپایی وەك هولەند، فەرانسە، بێلژیك و ئەلمان و، ئەو کەسانەی دەستیان تێدا هەبوون- کە هیچ گومانێك لە بەستراوەییان بە نوێنەرایەتی و باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەبووە- گیراون.

لە وڵاتی هولەند هەر لە ماوەی ٢-٣ ساڵی ڕابردوودا ٢ کەس بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە کە بریتین لە: ١- "عەلی موعتەمید" لە دیسامبری ٢٠١٥ و ٢- "ئەحمەد مەولا ئەبو ناهز"(ناسراو بە ئەحمەد نیسی) لە ٨ی نوامبری٢٠١٧. ئەم ڕۆژانەش ڤیدیۆی کەسێکی بە توندی بریندار و لێدراو کە چالاکێکی سیاسیی بەلووچە بە ناوی " محەمەد ڕەزا ناڕوویی"، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم دەست و ئەو دەست دەکا. بە قسەی ئەو چالاکە بریندارە، چەند بەکرێگیراوی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی ئێران بە پێی نەخشەیەك ناوبراو بانگ دەکەنە شوینێکی دیاریکراو و بە دەمانچە و چەقۆ

هێرشی دەکەنە سەر، کە دیارە ناوبراو بە نیوەگیانی، خۆی لە دەستانیان ڕزگار دەکا!

بەڵام ئەو زانیارییانەی لە بارەی پیلانی بۆمبدانانەوەی تیرۆریستەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی هاوینی ڕابردووی ڕێکخراوی موجاهیدین لە فەرانسە بڵاو بوونەوە و میدیاکانیان تەنیوەتەوە، سەلمێنەری بەرینیی پیلانەکە و هاوکاری و هاودەستیی سەفارەتخانەکان و کۆنسۆلگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە لە چەند وڵاتی ئورووپایین. گومانی تێدانیە کە ئەم جۆرە پیلانانە، تەنیا بە پێی بەرنامە و بە هاوهەنگاوی لە گەڵ بەرزترین ئۆرگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان ڕێك دەخرێن و بەڕێوە دەبرێن. وەدەرنان و قۆڵبەستکردنی ژمارەیەك لە کاربەدەستانی سەر بە دامەزراوە بە ڕواڵەت دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیمی ئێران و تەحویلدانەوەی ژمارەیەکیان بە وڵاتی پێوەندیدار، هەر وەها داخستنی ژمارەیەك لە ناوەندەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تاوانی بەشداری لە پیلان و کردەوەی تێرۆریستیدا، لە پەنا ئەمانەش، هەڕەشەی پەیتا پەیتای فەرماندەرانی سوپای پاسداران و بەرپرسانی دەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە دژی نەیاران لە هەر وڵات و شوێنێك، هەموویان بە سەریەکەوە نیشاندەری چالاکبوونەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی لە دەرەوەی وڵاتن.

وا دێتە بەرچاو کە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران کە بە دوای دەرچوونی بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و شوێنەوارە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی، چالاکییەکانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرتبوو، چەند ساڵێکە دووبارە چالاك بووەتەوە. ئەم ڕاستییە هەم بۆ ژمارەیەك لە وڵاتانی ئورووپایی کە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا ببوونە مەیدانی ڕمبازێنی تێرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ چالاکانی سیاسیی ئێرانیی دانیشتووی ئەو وڵاتانە پێویستە ببێتە زەنگێکی مەترسی.

وا هەست دەکرێ کە قۆناغی تازەی چالاکبوونەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و تێرۆرەکانی ئەم ساڵ و چەند ساڵی ڕابردووی ئەو ڕێژیمە

لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە وڵاتانی ئورووپایی، نەکەوتبنە بەر سەرنجی راگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات. هەر بەو پێیە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانیەکان و، میدیاکاران، چالاکانی سیاسی و تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵاتیش، ئەو گرنگییەی پێویستە پێیان نەداوە و پێشنیار و بەرنامەیەکیان بە مەبەستی هاوکاری و هەنگاوی هاوبەش بۆ لەقاودانی لایەنە جۆراوجۆرەکان و تیشك خستنە سەر ئامانجەکان و چەند و چۆنی بەرێوەچوونی قۆناغی تازەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕیژیمی ئێران نەخستووەتە ڕوو. کاتی ئەوە هاتوە پشت ئەستوور بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی دژە تیرۆر لە دەیەی ٩٠ی زایینیداو، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هاوکاریی ئەو کاتی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئوپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی سیاسی و بواری مافی مرۆڤ لەو بوارەدا، جارێکی دیکە دەست بکەینەوە بە هاوکاریی چڕ و پڕ لە گەڵ یەکتر و، ئورووپا و هەر وڵات و شوێنێك کە کۆماری ئیسلامی بیەوێ نەیارانی سیاسیی خۆی تێیاندا تیرۆر بکا، بکەین بە ڕاوگەی لەداوخستنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و مەیدانی لەقاودانی پیلانە تیرۆریستیەکانی ئەو ڕیژیمە و، ڕاکێشانی سەرنجی ناوەند و دامەزراوە پێوەندیدارەکان و بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتانە بۆ دژایەتیکردنیان.

## "کوشتنی گوماناوی" و تیرۆری سیاسی، دووانەی دەسەڵاتی مافیایی کۆماری ئیسلامی

دوو ڕووداو لەم دواییانەدا، جارێکی دیکە سەرنجەکانیان بۆ لای تیرۆری نەیاران و جیابیران بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە، ڕاکێشایەوە. لە نێوخۆی وڵات، کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، و لە دەرەوەی وڵاتیش ئاشکرابوونی پیلانی تیرۆریستیی ڕیژیمی ئێران بۆ لەنێوبردنی بەرهەڵستکارێکی عەرەبی ئێرانی لە دانمارك.

هیچ کام لەو دوو ڕووداوانە، لە بەستێنی خۆیاندا - نەك لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا-، بەڵکوو هەر لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی دواییشدا، تاقانە نین. واتە لە نێوخۆی وڵات تەنانەت هەر لەم یەك دوو ساڵەدا، بە دەیان چالاکی

سیاسی و مەدەنیی ناڕازی و نەیاری کۆماری ئیسلامی بە شێوەی گوماناوی گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا، چەند کەس لە بەرهەڵستکارانی ئێرانیی نەیاری کۆماری ئیسلامی، بوون بە ئامانجی نەخشە تێرۆریستییەکانی مرۆڤکوژانی سەر بەو ڕێژیمە و، کۆمەڵێك پیلانی تێرۆریستی و ژمارەیەك لە مۆرەکانی بەشدار لەو نەخشە و بەرنامە تێرۆریستیانەدا ئاشکرا بوون.

زستانی ساڵی ڕابردوو، چەندین کەس لە پێشەنگان و ڕێکخەرانی خۆپێشاندانە جەماوەری و سەرانسەرییەکانی مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندان، دوای گیران، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوی، ڕایانگەیاند کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە! لاوی ئیلامیی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان تالب بەساتیوەند، یەك لەو کەسانە بوو. هەر لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا، دوکتور سەید کاووس ئیمامی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی ژینگەپارێز، لە ژێر ناوی «خۆکوژی» لە زینداندا کوژرا. بەڵام ئەوانە هیچیان «مەرگی گوماناوی» نەبوون، چونکە کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەشکەنجەگەرانی دامودەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەنێوی بردوون. مەبەست لە مەرگی گوماناوی، کوژرانی کۆمەڵێك کەسایەتیی چالاکی مەدەنی و ڕەخنەگری سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە ڕووداوی تەماوی دایە. لە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی **١٣٩٦** فڕۆکەی هەڵگری چەندین کەسایەتیی چالاکی ژینگەپارێز، خۆی بە کێوی «دێنا»دا دا و هەر هەموو سەرنشینەکانی کوژران. «ئەحمەد نەزەری، دوکتورا و خاوەنی پسپۆڕی و توێژینەوە لە بوارەکانی پیسبوونی ژینگە؛ غولامعەلی ئەحمەدی، خوێندکاری دوکتورای فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن و مامۆستا لە زانکۆی ئازادی بێهبەهان و نووسەری وتاری بەرنامەڕێژی بۆ گۆڕینی ڕەفتار لەبارەی پاراستنی ژینگە؛ سەلمان شەریف ئازەری، توێژەری بواری ژینگەپارێزی؛ مەهدی جاویدپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێز؛ حامید ئەمیری ئەندازیاری کشتوکاڵ و توێژەری زانستی لە بواری تێکنۆلۆژیی ژینگە؛ سەید بێهزاد سیادەتی، پسپۆری

بەرز لە بواری زەویناسی‌دا؛ ئەردەشیر ڕاد، ئەندازیاری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ مستەفا ڕەزایی، پسپۆڕی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ عەلی زاریع، توێژەری بواری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ محەممەد فەهیمی، عەلی فەرزانە، سەید ڕەزا فاتمیتەلەب، ئەحمەد چەرمیان، خەلیل ئاهەنگەران، موژگان نەزەری و بێهنام بەرزگەر لەو فڕۆکەیەدا بوون.» (١)

لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٦یشدا دوو برای چالاکی ژینگەپارێز بە ناوەکانی محەممەد سادق و محەممەدباقر یووسفی لە شاری «جەم»ی پارێزگەی بووشەهر بە ڕووداوی پێکدادانی ماشێن کۆتایی بە ژیانیان هات.

لە پووشپەڕی ڕابردووش‌دا، تەرمی مەریەم فەرەجی، چالاکی مەدەنی و خوێندکاری خوێندنی بەرز لە بواری بەڕێوەبەریتیی نێودەوڵەتی کە ڕابردووی گیران لە پێوەندی لە گەڵ خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباریشی‌دا هەبوو، بە بێگیانی لە کەرەج دۆزرایەوە.(٢)

هەر ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە چالاکەکانی پێوەندیدار بە مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینە مەدەنیەکانی مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان، خوێندکاران، ئەنجومەن و سەندیکا سەربەخۆ جۆراوجۆرەکان، ژینگەپارێزان، وەکیلەکان و چالاکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، لە بەندیخانەکان دان و دوور نیە ژمارەیەك لەوان بە ناوی «خۆکوژی» یا ڕووداوی گوماناویی دیکە، گیانیان لێ نەستێندرێ. گرتنی «هاشم خواستار» لە ڕێکخەران و پێشەنگانی مانگرتنی مامۆستایان و هێشتنەوەی لە یەکێك لە شێتخانەکانی شاری مەشهەد لە کۆتایی مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ‌دا، دوایین نموونەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی چالاکان و نارازییانی نێوخۆیە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسە چالاکەکانی نێوخۆ کە لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی نێوخۆدا دەنگ و کاریگەریی خۆیان هەیە، هەڕەشەیان لێ کراوە کە ئەمجار بە گیران دەستیان لێ هەڵناگرن و دەبێ چاوەڕوانی چارەنووسێکی خراپتر بن.

ئەوە کە ئەو جۆرە مردنانە بە «گوماناوی» دادەنرێن و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان تێدا تاوانبار دەکرێ، لە خۆوە نیە. یەکەم هۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی دەستهەبوونی وەزارەتی ئیتلاعات، سوپای پاسداران و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی نێو مافیای دەسەڵات لەو ڕێژیمە لە کوشتن و لە نێوبردنی نەیاران و ناڕازیاندا. ۲۰ ساڵ لەمەوبەر، تووڕەیی نێو هەناوی کۆمەڵگە و گەشە و پێشڕەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، کەلێن و ململانێی نێوان قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە کوشتنانە، قۆستەوە. دوای ئەوەی پرۆژەی چەند ساڵەی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ لە نێوبردنی کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە چالاك و جیابیرەکانی نێوخۆی وڵات ناسراو بە "قەتڵە زنجیرەییەکان" لەم ساڵەدا گەیشتە چڵەپۆپە و تێرۆری یەك بە دوای یەکی داریووش و پەروانەی فرووهەر، محەممەد موختاری، جەعفەر پوویەندە، فیرووز دەوانی و هتدی بە دوادا هات، پەردەکان لە سەر سەرچاوەکانی ئەو جۆرە تاوانانە لادران. دەرکەوت «ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە» و سەری داوەکە، دەچێتەوە لای شەخسی ڕێبەری نیزام و دامەزراوەکانی ژێر ئەمر و فەرمانی جەنابیان. تەنانەت لە هەڵگرتنی کۆسپ و سەرئێشەکانی بەردەم دەسەڵاتداریێتیی خۆیاندا، نەك هەر ئامادەن دەستی سەعید ئیمامییەکان بۆ هەڵداشتنی ئۆتوبووسێکی پڕ لە نووسەر، شاعیر و هونەرمەندی جیابیر و ڕەخنەگر ئاوەڵا بکەن، بەزەییان بە «یادگاری ئیمامی ڕاحیل» (ئەحمەد خومەینی)یش‌دا نایە و بە «فتوای شەرعی» لە نێوی دەبەن. ئەوانەی ئەمڕۆ لە ترۆپکی ئەو ڕێژیمە و لە ئاستی هەرە سەرووی دامودەزگا مافیاییەکانی‌دا، بڕیاریان بەدەستە، هەر ئەوانەن کە ئەو کات لە پشت «قەتڵە زنجیرەییەکان» بوون.

دووهەم هۆ، کە گومانێك نایەڵێتەوە، کوژرانی گوماناویی چالاکانی ناڕازی و ڕەخنەگر و، ڕێکخەران و بەشدارانی حەرەکەتە مەدەنیەکانی نێوخۆ، شتێك نیە جگە لە تێرۆری سیاسیی بەبەرنامەی بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە، ئەو ڕقەیە کە سەرانی سوپا و شەریکەکانی دیکەیان لە مافیای دەسەڵات و سەروەت، بەرامبەر بە دەنگە ناڕازییە بوێرەکانی نێوخۆ و کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی مەدەنیی

ڕوو لە گەشەی خەڵکی ئێران کۆیان کردووەتەوە. نابێ ئەو ڕاستییە بە کەم بگرین کە هەر لەقاودانێکی دزی و هەڵلووشینی سامانی وڵات و هەر تیشك خستنەسەر یەکێك لە سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات - لە بە فیڕۆدانی سامانی خەڵکی ئێران لە تەڕاتێنەکانی سوپای پاسداران لە سووریە و یەمەن و لوبنان و عێڕاقەوە بگرە تا دەگاتە ئەو پڕۆژانەی لە بواری ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە گەورەترین و بێوێنەترین قەیرانەکانیان لێ کەوتووەتەوە- پێی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمڕۆ ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئیرادە و بڕیاری ئەو ڕێژیمە دەکەن و لە سیاسەت و بەرنامە وێرانکەر و تاوانبارانەکانی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمەدا بەرپرسیارن، لە گەڵ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکی لە هەموو ڕوویەکەوە وەزاڵەهاتوو دەکەن، کەوتوونە بەرامبەر یەك. بەم هۆیەشەوە کە لە توانایاندا نیە قەیرانەکان چارەسەر بکەن و بەم جۆرە تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵك کەم بکەنەوە، هەر وەها دەزانن کە مانەوە و لە مەیداندابوونی ئەو جۆرە کەسایەتییانە، ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ دروستبوونی ڕێبەریی خەبات لە نێوخۆ و، دەبێتە مایەی دڵگەرمیی خەڵك و خۆگرتن و بەردەوامیی بزووتنەوەی سەرانسەری و جەماوەری، لە نێوبردنی فیزیکیی ئەوان بۆ مانەوە و پاڕاستنی ڕێژیمەکەیان - بە خەیاڵی خۆیان- بە چارەسازترین ڕێگە دەزانن.

**هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر تیرۆری نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆی**

بۆ ئەوەی هیچ بە هەڵە تێگەیشتنێك ڕوو نەدا، پێشەکی پێویستە وەبیر بێنینەوە کە مەبەست لە بەکارهێنانی دەستەواژەی" گەڕانەوە بۆ سەر تیرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات" بە هیچ جۆرێك ئەوە نیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قۆناغێك یا دەورەیەك لە تەمەنی خۆیدا، لەنێوبردنی فیزیکیی نەیارانی خۆی لە نیەت و بەرنامەی ڕۆژانەی دەزگا پیوەندیدارەکانی وەلا ناوە. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵات، هیچ کات لە کوشتنی نەیارانی، غافڵ نەبووە جا بە کوشتن لە ژێر ئەشکەنجە و ئێعدامدا بووبێ، یا بە هۆی لە نێوبردن لە ڕووداوێکی

گوماناویدا. کوشتنی بەرەبەرەی نارازییان و بەرهەڵستکارانی سیاسی لە ڕێگای پەراوێزخستن و تیرۆری کەسایەتیی ئەوان و درووستکردنی گوشاری جۆراوجۆر بۆ سەر خۆیان و بنەماڵەکانیان، یەکێکی دیکە لە شێوەکانی لە نێوبردنی نەیاران لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك ڕایگرتبوو، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە وڵاتانی ئورووپایی بوو. ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکانی ئەو ڕیسواییە گەورەیە کە بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین لە بارەی تیرۆری میکۆنووس بۆ ئەو ڕێژیمە پێك هات و کاردانەوەی سیاسی و دیپلۆماتیکی یەکیەتیی ئورووپا، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدوادا هات.

وەك دەبینین ئێستا هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات، لە نێوبردن و تیرۆری نەیارانی سیاسی لە لایەن دەزگای تیرۆر و سەرکوتی ئەو ڕێژیمە بە هەمان شێوەی جاران، دەستی پێ کردووەتەوە. سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات، نەك هەر حەز ناکەن تاوانی پیلانگێڕی لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە خۆیان دوور بخەنەوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام و لە بۆنەی جۆراوجۆردا، هەڕەشە دەکەن و نەیاران و دوژمنانیان لە هەر کوێیەك بن، لە ئەماندا نین و دەستیان لێ ناپارێزن. ئێستا ئیدی هەڕەشە و لێدوانەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران و بەرپرسانی ئەمنیەتی، هەر وەها هەوڵەکانیان بۆ لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکارانی ڕێژیمەکەیان - چ ئەوانەی تێیدا سەرکەوتوو بوون و کوشتنی کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییان لێ کەوتووەتەوە، چ ئەوانەی ئاشکرا بوون و بەرینی و گەورەیی پیلانە تیرۆریستییە نوێیەکانی ئەو ڕێژیمەیان دەرخستووە- گومانێکیان نەهێشتووەتەوە کە دەورەیەکی نوێ لە تیرۆر و لە نێوبردنی بە ئاشکرای نەیاران و بەرهەڵستکاران، لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووەتەوە. لەم بەشەدا هەڵوێستەیەك لە سەر هۆکارەکانی "گەڕانەوە"ی بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گەڵ نەیاران و بەرهەڵستکارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەکەین.

**قۆناغێکی یەکلاکەرەوە لە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێراندا**

ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران هەمبەر بە کۆماری ئیسلامی هیچ کات تا ئەم ڕادەیە پێی نەناوەتە نێو قۆناغێکی چارەنووسساز. ئەو پارامێترانەی وایان کردوە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرامبەر ئەو ڕێژیمە، بچێتە نێو قۆناغێکی یەکلاکەرەوە ئەمانەن:

*ـ وەڵامنەدانەوەی ئەو شانس و ڕێکارانەی بە دەست خەڵك و ڕێژیمەوە هەبوون.*

خراپیی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و قەیرانی گشتی و ناڕەزایەتیی خەڵك لە هەلومەرجەکە لەمێژ ساڵە هەیە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکانی وەك سەرکۆماری و مەجلیس و یاریکردنی بە کارتی قۆڵەکانی نێو دەسەڵات و دەستاودەستکردنی بەشێك لە دەسەڵاتەکەی لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ، زۆر جار توانیویەتی ناڕەزایەتیی خەڵك کۆنترۆڵ بکا. خەڵکیش هێندێك جار هەوڵیان داوە سەرەڕای بەرتەسکبوونی دەرفەتەکان، لە هەڵبژاردنەکان و ململانێی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات بۆ باشکردنی ڕێژەیی دۆخی سیاسی، یا پێشگیری لە خراپتربوونی دۆخی ئابووری و هتد، کەلك وەربگرن. دوا شانس و ڕێکاری هەم ڕێژیم و هەم خەڵك بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان، هێنانە سەرکاری ڕووحانی بوو. ئەم «شانس»ە، تەنانەت لە دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی ناوبراویش‌دا، کە بەخت یاوەری بوو و توانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بگەیەنێتە ئەنجام، لە ئاستی نێوخۆدا، نە چاوەڕوانیە سیاسییەکانی دەنگدەرانی بۆ جێبەجێ بوو نە بەڵێنە ئابوورییەکانی خۆی.

*ـ وەدەرکەوتنی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام و ئاکامەکانی*

وا چاوەڕوان دەکرا بە کۆتاییهاتنی کێشەی ناوەکیی ڕێژیمی ئێران لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوا و بە دوای بەرجام‌دا، سەرەڕای هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی پووڵە دەستبەسەردا گیراوەکان، پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەگەڵ ئێران لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەیەکی کەموێنە بە خۆیەوە ببینێ و ئابووریی ئێران پاش ساڵانێکی زۆر شایەدی گەشە و هەستانەوە بێ. بەڵام

چوونەدەری ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بە دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەو وڵاتە لە دژی ئەو ڕێژیمە بۆ دۆخی پێشوو، خەون و ئاواتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کردەوە هیچ. ئەگەر چی قەرار بوو یەکیەتیی ئورووپا بەبێ ئەمریکا، بەرجام بپارێزێ و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیش وایان دەنواند کە بە بەردەوامی و مانەوەی ئورووپا لە سەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، کێشەیەکی ئابووریی ئەوتۆیان تووش نابێ، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە ئەو ڕێژیمە هەم لە هەناردەکردنی نەوت و هەم لە هێنانی شتومەکدا، بە توندی دەستوپێی بەستراوە و گەمارۆکانی ئەمریکا، تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

*ـ گوازرانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك بۆ سەر شەقام و شێوەی جەماوەری*

ناهومێدیی خەڵك لە پێکهاتنی هەر چەشنە گۆڕانێکی ئەرێنی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و دڵنیابوونیان لە خراپتربوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری هەلومەرجی گشتی، بێ بایەخبوونی بێوێنەی دراوی ئێران و گرانیی کەمەرشکێنی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵك بە تایبەتی نان، شەکر، سووتەمەنی، دەرمان و هتد، بوون بە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتیدەربڕین لەم بەش یا ئەو توێژی خەڵك دەربچێ و ببێتە گشتی. لە ڕووی خۆدەرخستنیشەوە، بێتە سەرشەقام و ببێتە سەرانسەری. خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ڕابردووی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران، کە ئەو کات دۆخی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونی خەڵك، بە ڕادەی ئێستاش خراپ نەببوو و، ئەو مانگرتنانەش کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە لایەن کرێکاران، مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان و هتددا هەبووە، هەموو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە بێزاری و ناهومێدیی خەڵك گەیوەتە دوا پلە و لە دەرفەتێك و بیانوویەك بۆ تەقینەوە و سەرڕێژکردن دەگەڕێ.

*ـ بەردەوامبوونی ماکە و سەرچاوەی ئەو دۆخەی ئەمڕۆی ئێران لە سەر سیاسەتەکانیان*

هەرچی خەڵك پتر هەست بە مەینەتی و ڕۆژڕەشییەکانی ژیانی خۆیان دەکەن، ماکە و سەرچاوەکانی گرفتاریی خۆیان و وڵاتی ئێران بەم دۆخەی ئەمڕۆ، زیاتر و باشتر دەناسن. ئەوان ئێستا ئیدی گومانێکیان نیە کە سەرکۆمار هەر کەسێك

بێ و، مەجلیس بە دەست هەر کامێك لە قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمە بێ، ناوکەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتە، (ڕێبەری و سپای پاسداران و هێندێك دامەزراوی دیکە)، وڵات هەر بەو جۆرە بەڕێوە دەبەن کە بەرژەوەندیی خۆیان دەخوازێ. ئەم ناوکەیە کە هەموو جومگە سیاسی، نیزامی و ئابوورییەکانی ڕێژیمەکەیان لە کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە، سامانی وڵات لە جیاتی لە باشکردنی ژیانی خەڵك یا لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئەو خەڵکە خەرج بکەن، لە هێشتنەوەی خۆیان و درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامە و پرۆژانە خەرج دەکەن کە کەمترین سوود و بەرژەوەندی خەڵکی تێدا نیە. پێداگری و بەردەوامیی سەرانی ئەو ڕێژیمە لە سەر نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، دەستتێوەردانە سیاسی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە سەرەڕای ئەوەی ساڵانە بە میلیارد دۆلار سەرمایەی خەڵکی ئێرانیان بۆ بە فیڕۆ دەدرێ، هیچ خواست و هیچ سوودێکی خەڵکیشیان تێدا نیە. ئەم ڕاستییە واتە بەردەوامیی دەسەڵاتداران لە سەر دزین و بە فیڕۆدانی سامانی وڵات لە پرۆژە و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە ئەویش لە حاڵێك‌دا کە دانیشتووانی وڵات ژیانیان لەو پەڕی خراپی دایە، خەڵکیان لە سەر یەکلاکردنەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، شێلگیرتر کردووە.

*ــ چڕبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە سەر بەدیلی کۆماری ئیسلامی*

پێ بە پێی قووڵتربوونەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و نوێبوونەوەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان، نەیارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات، پتر هەست بە پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی و ساغبوونەوە لە سەر بەدیلی خۆیان بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەن. لە مانگەکانی ڕابردوودا، کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێو ڕەوت و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە مەبەستی ڕێککەوتن لە سەر بنەماکانی هاوپەیمانەتی و ساغبوونەوە لە سەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی، هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەم لە ڕووی بەرەوپێشچوونەوە، پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە دیوە.

لە نێوخۆی وڵات، ئەو دەنگانەی دەڵێن لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، هیچ شانسێك بۆ وەدیهاتنی ویستە بنەڕەتییەکانی خەڵك نیە و پێویستە بەدوای دیتنەوەی چارەسەر لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمەدا بگەڕێین، ڕاشکاوتر بوون. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش ناڕەزایەتیی نێوخۆیی، داماویی ڕێژیم لە چارەسەری قەیرانەکان و گوشاری دەرەکی بۆ سەر ئەو ڕێژیمەی بە دەرفەت زانیوە کە هەستیارانەتر لە پێشوو بکەوێتە خۆ بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە هاندان و ڕێبەریکردنی ناڕەزایەتیی خەڵك بە دژی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا هەبێ.

**ئەنجام:**

ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نە لە توانای دایە چارەسەر بۆ قەیرانەکانی ئەم ڕێژیمە بدۆزێتەوە، نە ئامادەیی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی هێمنانە دەسەڵات ڕادەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك بکا. لە ڕاستیدا لە بەر پێشینەی پڕ لە تاوان و گەندەڵیی خۆیان و لە ئەستۆبوونی بەرپرسایەتیی چواردەیە بەڕێوەبردنی وڵات بەم شێوە ڕەشە، وەك هەمیشە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکدا، یەك ڕێگا لە بەردەم خۆیان دەبینن: سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان و لە نێوبردنی فیزیکیی ڕێبەران، ڕێکخەران و سیماکانی خەباتی ئازادیخوازی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. دیارە ئەو ڕێژیمە دەتوانێ بە هاسانی ژمارەیەکی کەم یا زۆر لە نەیارانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆ یا لە دەرەوەی وڵات بە تیرۆر و کوشتنی گوماناوی لە نێو ببا، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە ئەمجار بە هاسانی بەرۆکی خۆی و چارەنووسی خۆی لەم قۆناغە لە ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵك بۆ ڕزگار نابێ.

**پەراوێز:**

*( 1 ) و (۲) وەرگیراو لە: گزارش جامعەی دفاع از حقوق بشر در ایران (عضو فدراسیون بین المللی جامعەهای حقوق بشر)،۷ و ۲۵ اکتبر ۲۰۱۸*

** ئەم وتارە لە دوو بەش‌دا و لە ژمارەکانی ۷۳۷ و ۷۳۸ی ڕۆژنامەی "کوردستان، چاپ و بڵاو بووەتەوە.*

# پاشکۆ

## وەبیرهێنانەوەی چەندین تاوانی تێرۆریستیی دەیەی ٩٠

## لە دژی حیزبی دیموکرات لە هەرێمی کوردستان[1]

### یەکەم قوربانیی تێرۆر لە دوای ڕاپەڕین

لە حیزبی دیموکرات، یەکەم قوربانیی سیاسەتی تێرۆرو ڕفاندن لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، "ئەحەد ئاغا" بوو. ئەحەد ئاغا کەسێکی ئازەری زمان بوو. ئەحەد ئاغا، چەندین ساڵ بوو لە ڕیزەکانی حیزبدا خزمەتی دەکرد. ناوبراو لە بەشی خەدەماتی حیزب بە زۆری کاری شۆفیریی دەکرد. هێشتا هەر لەسەرەتای بەهاری١٣٧٠ (١٩٩١)دا بووین. ڕۆژێك ئەحەد ئاغا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پێسپێردراوی دەچێتە شاری سلێمانی. فەرماندەیەکی یەکێتیی نیشتمانی لە نێو شاری سلێمانی پێشی پێدەگرێ. تەماع دەماشێنە لاندکرۆزێرەکەی دەکا. بەڵام نازانێ چ بەهانەیەکی پێبگرێ. کاتێك دەزانێ ئەحەدئاغا زمانی کوردی باش نازانێ، پێی دەڵێ ئەتۆ موجاهیدی. ئەحەدئاغای بێچارە کارتی حیزبی بۆ دەردێنیو هاوار دەکاو دەڵێ بابە وەڵا ئەمن پێشمەرگەی حیزبم، ئەگەر باوەڕیش ناکەن ئەوە بنکەی حیزب لێرەیەو هێندەش دوور نیە لەگەڵم وەرن با بچینە بنکەی حیزب بزانن ئەمن ڕاست دەکەم یا نا؟ بەڵام کارت نیشاندانو هاواری ئەحەدئاغای بێچارە سوودی نابێ. چونکە کاکی فەرماندە زۆر پیس ئاشقی ماشێنە تازەو جوانەکەی ئەحەدئاغای ببوو. لە نێوەڕاستی شەقامی "شاری هەڵمەتو قوربانی"! و لە بەرچاوی کۆمەڵێکی زۆری خەڵك کە لە دەورەیان ڕاوەستابوون،

[1] وەرگیراو لە کتێبی"ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم"، بەرگی ٢، لە نووسینی عەبدوڵڵا فەتاحی(٢٠١٨)

ئەحەدئاغای بێ سوچ‌وتاوان وەبەر ڕەگباران دەداو شەهیدی دەکا. ئەوجار بێ مەحتەل بوون، لێی سواری ماشێنی بەغەنیمەتگیراو دەبێ‌و بەرەو ئێران دەیڕەتێنێ. جەنازەی بێگیان‌و غەڵتانی خوێن‌کراوی ئەحەدئاغای غەریبیش کە لەو دەورەیەدا یەکەم قوربانیی دەستی تاوان بوو، لەبەر چاوی خەڵك هەر بە غەریبی‌و بێ کەسی بەجێ دەمێنێ. دواتر بیستمانەوە گۆیا برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی کابرای قاتڵیان گرتوەو هێندێکیان زیندانی کردوە. بەڵام ڕاست‌و ناڕاستەکەی هەر بۆخۆیان دەیزانن.

**تەقینەوەی مین لە کۆمیتەی شنۆیە**

زیاتر لە دوو مانگ لە بەهاری ١٣٧٠ تیپەڕ ببوو. تیمی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی بە سەرپەرستیی کاك مستەفای هیجری بۆ کاری سازماندەهی پێشمەرگەکان هاتنە کۆمیتەی شنۆیە. ئەو کاتی بنکەکانمان هەروا لە مامەخەتیبی بوون. حاجی جوندییشیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، بۆ ئەوەی لە جێی کاك هەمزە بێهنامی بیکەنە فەرماندەری هێزی کێلەشین. تیمی کۆمیسیۆن بۆ شەوێش هەر لە مامەخەتیبی مانەوەو درێژەیان بەکارەکانی خۆیان دا. ڕێگایەك کە وابزانم نزیك بە کیلۆمیترێك دەبوو وەك ڕێگای تایبەتی ئێمە بوو. یانی ئەو ڕێگایە کەمێك لەسەرەوەتری پردی ئەو ڕێگایە بەرەو "بێشێ" دەچوو، لەو ڕێگای کە بەرەو "گرك"و "ڕۆستان" دەچوو لای دەدا بۆ مامەخەتیبی. دیارە بەشی زۆری ڕێگاکەش پێشتر بۆخۆمان دروستمان کردبوو.

هەروەك پێشتر باسم کرد دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی باشوورو هاتنەوەی حیزبە کوردەکان‌و هاتنی پاسدارو ئیتلاعاتی‌و جاسووس‌و جڕو جانەوەرێکی زۆر لەگەڵ ئەوان بۆ نێو کوردستان، دەبوو ئێمە زۆرتر لەساڵانی پێشوو وریا بین. ...ئەو شەوەش کە تیمی کۆمیسیۆن لەلای ئێمە مانەوە، دەبوو ئەوەندەی دیکەش زیاتر ئامادەباش بین. هەر سەر لە ئێوارێ بە خدر ئەلماسیان گوت کە ئەو شەو پاڕاستنی ئەو ڕێگایە لەسەر ئەو دەبێ. هەروەها پێشی ڕاگەیەندرا کە دەبێ هەتا بەیانی گەشتیان هەبێ، هەم ئەمنیەتی ڕێگاکە بپارێزن، هەم ئاگایان لە ماشێنەکانیش بێ کە لەو بەری چۆمی ڕاگیرابوون. بۆ ڕۆژی دوایە کاتێك تیمی

کۆمیسیۆن دەیانهەویست بگەڕێنەوە بۆ دەفتەرێ. تیمێکی چەند کەسی لە پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین ئامادە کران کە هەتا دەفتەرێ لەگەڵ تیمی کۆمیسیۆن بچن. خدر ئەڵماس کە سەرپەل بوو، شەوێش ئەو پارێزگاریی ڕێگاکەی پێسپێردرابوو لەگەڵ کاک حەمەدەمین مەعروفی، نازانم بۆ دەچووە دەفتەرێ، لەپێشی ماشێنێو لەتەنیشت سەتتاری جەلالی سوار ببوون. پێشمەرگەکانیش نازانم ژمارەیان چەند کەس بوونو کێ بوون لە پشتی تۆیۆتاکەی سوار ببوون. یەکێك لە پێشمەرگەکان وابزانم فەریق حەسەنزادە بوو. ئەمن بەیانی پێش وەڕێکەوتنیان چاوم لێبوو سەتتار بە پێیان بە ڕێگاکەیدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی ڕێگاکەی تاقی کاتەوە. ئەوە کاری هەموو ڕۆژەکانی سەتتاری بوو. هەموو جارێ پێش وەڕێکەوتن بەو ڕێگایەیدا دەڕۆیشت. چونکە هەروەك ئاماژەم پێ دا بە ئیحتمالی زۆر پێمان وابوو دوژمن لەو ڕێگایەی بەتەمای زەربەلێدانمانە. بەڵام ئەم بەرو ئەو بەری ڕیگاکەی گەنم بوون، خەڵکی خاوەن زەوییەکانی مامەخەتیبی ئاویان لە گەنمەکانیان نابوو. ئاو وەسەر ڕێگاکەش گەڕابوو. سەتتاریش کەوشی کەلاشی هەورامی لە پێدا بوون. بۆ ئەوەی کەوشەکان تەڕو پیس نەبن هێندەی خۆ لە شوێنە ئاو وەسەرگەڕاوەکان نەدەدا.

سەعاتەکەم لە بیر نیە بەڵام ڕۆژ تەواوێك بڵێند ببوو. لەوانەیە سەعات دەوری دەی(١٠)ی پێش نیوەڕۆیە دەبوو. هەموو کادرو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لەگەڵ کاک مستەفاو تیمی هاوڕێی بۆ بەڕێکردنیان چووینە ئەو بەری چۆمی کە ماشێنەکان لەوێ ڕاگیرابوون. کاتێك ماشینەکان وەڕێکەوتن ئێمەش گەڕاینەوە بۆ لای بنکەکانمان. هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبووینەوە پێش دەرکی بنکەی پەلی یەکی لکی ٢، ماشینەکان لە ئێمە نەدیو ببوون. گرمەیەك هات، گوتم مین تەقیەوە! ئیدی هەمووومان بەغاردان بەرەو شوێنی تەقینەوەکە ڕۆیشتین. لە نزیك ماشێنەکان یەکێك دەستی کاك حەمەدەمین مەعروفیی گرتبوو بەرەو ماڵێی دەهێنایەوە. هەموو سەروچاوی خوێنی لێ دەهاتەخوارێ. لەبیرم نیە کێ بوو دەستی گرتبوو. تەگەری پێشێو لای دەستی شۆفیری وەسەر مینی کەوتبوو. سەتار کە ڕانەندەی ماشێنەکەی بوو لایەکی سەرێو شانو باسکی هەڵتەکابوو.

دیار بوو لە یەك لەحزەدا گیانی لەدەست دابووو شەهید ببوو. پەتۆیەك لە نێو ماشێنەکەی‌دا بوو. خالید مەهابادی زوو دەری هێنا، رایخستو جەنازەی شەهید سەتتاریان لە نێو وەرپێچا. خدر ئەڵماسیش کە لەگەڵ سەتتارو کاك حەمەدەمینی لە پێشی ماشێنێ سوار ببوو، سەری وە سەقفی ماشێنێ کەوتبوو، هیچ کوێی بریندار نەببوو، بەڵام شانو ملی زەحمەتیان دیبوو. پێشمەرگەکانی دیکەش کە لە پشتەوەی تۆیۆتاکەی سوار ببوون هەر یەکەی بۆ لایەکی فڕێ‌درابوون. باش بوو ئەوان سەدەمەیەکی وایان پێ‌نەگەیشتبوو.

دیارە هەر ئەو یەك دانە مینە نەبوو کە دانرابۆوە. سەرجەم سێ مینیان لە ئەوەندە ڕێگایەی دانابۆوە. سەتتار لە دوو مینی یەکەمو دووەم ڕەت ببوو، کەوتبووە سەر ئاخیر مین، واتا مینی سێیەم. ئەو مینەیان کە سەتتار بەماشێنەوە وەسەری کەوتبوو لەنێو ئاوێ‌دا دانابۆوە. ئەو ماشێنەی کاك مستەفای هیجریو تیمی هاوڕێی سواری ببوون ئەویش بەسەر یەکێك لە مینەکاندا ڕۆیشتبوو. بەڵام باش بوو تەگەری ماشێنێ بەسەر لا تەنیشتی مینەکەی‌دا ڕۆیەشتبوو، نەتەقیبۆوە.

**تێرۆری شەهید مەلا ئەحمەد دەرویشی**

تازە لەگەڵ برایم ڕۆستەم نیژادی گەڕابووینەوە بۆ لای بنکەی گومرگی. بەیانیەکی خەبەر هات گوتیان ئەوڕۆ **١٩٩٣/٩/٩**مەلا ئەحمەدیان لە "دێلەز"یان تێرۆر کردوە. بەری بەیانی کاتێك مامۆستا مەلا ئەحمەد بۆ دەستنوێژ شوشتن لە ماڵێ هاتبووەدەرێ، لە نێو حەوشەی ماڵەکەی تەقەیان لێکردبوو، شەهیدیان کردبوو. مامۆستا مەلا ئەحمەد دەرویشی یەکێك لەو دەگمەن مامۆستایانەی ئایینی بوو کە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە کوردستانی ئێران هاتبووە ڕیزی تێکۆشەرانی دێمۆکرات. مامۆستایەکی نیستمانپەروەرو دڵسۆزو بە بیرو باوەڕ بوو. ساڵانێکی زۆر وەك کادرێکی باشو ماندوویی نەناسو هەڵسووڕ، کارو ئەرکی حیزبیی بەڕێوە دەبرد. چەند ساڵ بوو بە ئیجازەی حیزب لە گوندی "دێڵەز"ێ ببووە مامۆستای ئاواییو پێشنوێژی دەکرد. مامۆستا مەلا ئەحمەد خەڵکی گوندی "بێرئەسپ"ی ناوچەی شیمالی کوردستان بوو.

**ژیانمان لە جەهەننەمێك بە ناوی ئۆردووگای باسورمەی(١٩٩٤-١٩٩٣)**

ئۆردووگای باسورمەی بێجگە لە نائەمنی زۆر کێشەی دیکەشی بۆ ئێمە هەبوون. یەکێك لە کێشە هەرە خراپەکانی، گرفتی بێئاوی بوو .

...بیرێکمان لە نزیك بنکەی کۆمیتەی شارستان هەڵقەند، ئاوێکی زۆری هەبوو، بەڵام بەکەڵکی خواردنەوەی نەدەهات، هەر بۆ حەمامو لیباس شوشتن کەڵکی لێوەردەگیرا. بەناچار ڕۆژێکی لەگەڵ فەرامەرز کیشوەری چووینە هەولێرێ، ماتۆڕێکی دەستی دووی ئاو هەڵکێشانمان لە دەلاڵە بازاڕی کڕی. ماتۆڕەکەمان لە پشتی تانکییەکی قایم کرد، تانکی ئاوەکە وابزانم سێ-چوار هەزار لیتری ئاو دەبرد. بەینێکی مستەفا چەمڕان، شوفیری تراکتورێ بوو. ئەویش هەر ڕۆژەی موشکیلەیەکی هەبوو. جاری وابوودەیگوت ماتۆرەکە لە شوێنی ئاولێهێنانەکەی هەڵنابێ. هێندێك جاران هەر لەکن بنکەیڕا ماتۆڕی هەڵدەکرد. گڕە گڕ بە پشتی تانکییەوە هەتا دەگەیشتە ئەو شوێنەی ئاوی لێ دێنا. هەمیشەش دەبوو دووسێ پێشمەرگەی قۆچاغ لەگەڵ تراکتۆرەکەی بنێرین. چونکەی زوو زوو کەمینیان بۆ دادەناوەو تەقەیان لێ دەکردن. باش بوو شۆفیری تراکتۆرێمان زۆر بوون. لەتیف حاجیکانو عەلی شادابیش لێیان دەخوڕی. زۆر جاربۆ ئاوهینانێ دەچوونە لای "سیساوا"یە، هێندێك جارانیش دەچوون لە هەریرێ ئاویان دێنا.

جارێکیان عەلی شاداب بەتراکتۆرو تانکییەوە چووبوو بۆ لای سیساوایە ئاوێ بێنێ. وابزانم نادر حەسەنییشی لەگەڵ بوو. کەمێك لەولاتری ئەو شوێنەی جادەی باسورمەی لەگەڵ جادەی هەریری تێکەڵ دەبوونەوە کە بەرەو شەقلاوا دەچوو، کەمینیان بۆ دانابوونەوەو بە ئار.پی. جی تەقەیان لێ کردبوون. بەڵام عەلی شاداب زۆر ئازایانەو بەدەستو برد لێیان هاتبووە دەستو تەقەی لێ کردبوونەوە. ئەوجار تراکتۆرەکەی ڕاگرتبووو بۆیان دابەزیبوو بەتەقە لێکردن ڕێیان کەوتبوو. ئەوانیش لەترسان ئار. پی. جێیەکەیان فڕێ دابوو، بۆخۆیان هەڵاتبوون.

هەر لەو بێنەو بەرەی ئاوهێنانو هاتوچۆیەدا، جارێکیان تراکتۆری مەڵبەندی سپیسەنگ چووبووە هەریرێ ئاوێ بێنێ. یادی بە خێر سولێمان چکردە، شۆفیری

تراکتۆرەکەی بوو. وابزانم دوو یا سێ پێشمەرگەی دیکەشی لەگەڵ بوون. لەگەڕانەوەی‌دا کە لەجادەی هەریر بۆ شەقلاوایە لایاندابوو بەرەو باسورمەی دەگەڕانەوە، تووشی کەمینی تێرۆریستان بوون‌و تەقەیان لێکرابوو. هەر لەیەکەم تەقەدا سولێمان چکردە بە توندی بریندار ببوو. دوو یا سێ گوللەی کەلاشینکۆفی وێکەوتبوو. بەڵام پێشمەرگەکانی هاوڕێی لە تێرۆریستەکان وەدەست هاتبوون‌و سێ کەسیان لێ کوشتبوون. لە پێش دەرکی بنکەکەی خۆمان‌را مەیدانی کەمین‌و دەرگیرییەکەمان لێ‌ڕادیار بوو. پێشمەرگەی هەر سێ ئۆرگانەکەش، ئی هێزی قەندیل‌و هیزی ئاگری‌و هێزی کێلەشین، ئیدی لەسەر ئەوەی ڕانەوەستان بە ماشێنی‌و شتی واش بچن، هەر بەپێیان ملیان پێوەنا. ئیدی هەر پێشمەرگە بوو ڕەختی لەخۆ دەبەست‌و تفەنگی دەست دەدایەو بە پێیان‌و بە نێو ئۆردووگای‌دا بەرەو شوێنی شەڕی پێشمەرگەکان لەگەڵ تێرۆریستان دەڕۆیشتن. پێم وابێ ئەوانەی کەمینەکەیان دانابۆوە چوار کەس بوون. سێ کەسیان لێ کوژران، ...سولێمان چکردەش، هەروەك گوترا لەو کردەوە تێرۆریستیەدا، دوو سێ گوللەی وێکەوتبوون. فەوری بردیان بۆ شەقلاوێ، بەڵام بەداخەوە چارەی نەکراو پاش چەند سەعات گیانی لەدەست دا.

**شەهید بوونی ئەبووبەکر سەبوکتەگین(ئەبووبەکری حاجی عەوڵای)**

(١٩٩٤/١٠/٥) جەنازەی شەهید ئەبووبەکری کە تازە هێنابوویانەوە لە حەساری کۆمیتەی شارستان(لە باسورمەی) درێژیان کردبووو پارچەیەکی تەنکیان پێدادابوو، کۆلێریان بۆ هەڵکردبوو بۆ ئەوەی هەتا بەیانی بۆنێ نەکا....ئەبووبەکر لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە لە بازاڕی بێرکمێ گومرکیان وەردەگرت. پایزێ کاتێك هەوای هێندێ سارد ببوو بازاڕی بێرکمێ نەما، بەڵام کاروانچیەکان هاتوچۆیان هەر دەکردو دەهاتنە "دیانان"و لە وێ باریان دەکرد. تیمی گومرکی ئێمەش چووبوونە لای ئەو کۆمەڵە بنەماڵانەی لە نێوان ڕەواندزو کاولۆکان کە لە چەند کۆنە خانووی بەجێماوی حکوومەتی پێشووی عێراقدا دەژیان...

ئێوارەیەکی ئەبووبەکر لە گەل حاجی ئەحمەد مەنیجێ دەچێتە ماڵی عەولا ئێرانی لە دیانان(حاجی ئەحمەد لە نەغەدەی‌ڕا بە میوانی هاتبوو. نازانم لەگەڵ عەولا ئێرانی بران یا ئامۆزان). شەوێ لە حەسارێ دادەنیشن کە بەزاهیر لە پشتی دیواری حەوشەکەی‌و لە دیوی دەرێ‌ڕا تەقەی لێدەکەن. ئێدی ئەبووبەکر گوللەیەکی وەلا ملی دەکەوێ‌و کەس دەنگی لێ نا بیستی‌و دەست بەجێ گیانی لەدەست دەدا. کاتیك پێشمەرگە دانیشتووەکانی حیزب خەبەرەکە دەزانن زۆربەیان خۆیان دەگەیەننە شوێنی ڕووداوەکەو هەر ئەو کاتی جەنازەکەیان هێنایەوە بۆ باسورمەی.

...شەهید ئەبووبەکر کوڕی حاجی عەولای‌و خەڵکی شارەدێی نەڵۆسێ بوو. ساڵانێکی زۆر بوو پێشمەرگە بوو. خێزاندار بووو کوڕێکیشی بە ناوی هیوا لەپاش بەجێما. هیوا کاتی شەهید بوونی ئەبووبەکری دوو سێ ساڵانە بوو.

## کەمینی تیرۆریستانی سەر بە "حیزبوڵلای شۆڕشگێڕ" بۆ ماشێنی مەڵبەندی سپی سەنگ

ڕۆژێکی لە ڕێگای تەماس لەگەڵ پێشمەرگەکانی گومرکەوە هەواڵی شەهید بوونی محەممەد درەخشانی‌و مینە بایەزیدی پێشمەرگەی هێزی قەندیلمان پێگەیشت. ئەو هاوڕێیانە (١٩٩٤/٧/٣١) لە باسوڕمەی‌ڕا بە ماشێنی مەڵبەندی چووبوونە دیانان، لەگەڕانەوەی‌دا لە تەنیشت ئاوهەڵدێری گەلیی عەلی بەگی، چەکداری حیزبوڵلای کەمینیان بۆ دانابوونەوەو تەقەیان لێ‌کردبوون. محەممەد درەخشانی‌و مینە بایەزیدی شەهید ببوون‌و یووسف مەولوودییش بریندار بوو. دەگوترا یەکێك لەو کەسانەی دەستیان لە تیرۆری ئەو هاوڕێیانەدا هەبوو، دلێر محەممەدئەمین، چەکداری حیزبولای شۆڕشگێر بووە.

هەر لەو سەروبەندەدا، هەواڵی شەهید بوونی مام مراد محەممەدزادەمان پێگەیشت. مام مراد بە تەنیا لە چاوە خانوویەکی‌دا دەژیا. شەوێ نارنجۆکیان لەباڵ هاویشبوو، شەهیدیان کرد بوو. مام مراد پیاوێکی سەڵت‌و پیرو بەساڵاچوو بوو. سەلت‌و ڕەبەن‌و بێماڵ‌و حاڵیش بوو. هەرلە سەرەتای ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی

ئێرانەوە هاتبووە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتەوە. ناوبراو زۆرتر لەبنکە سابیتەکانی حیزب خزمەتی دەکرد. لەوێش بەزۆری ئەرکی نیگابانیدانی پێ دەسپێردراو ئەویش بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکەی جێبەجێ دەکرد. زۆر جار مام مراد لە بەیانیڕا هەتا ئێوارێ نیگابانی دەداو قەتیش گلەیی نەبوو. چەند ساڵ بەر لە شەهید بوون، مام مراد زۆر پیر بوو، چاوەکانیشی زۆرکەم بینا ببوون. هاتبۆوە لای مەڵبەندی شیمال، ئیدی تاقەتی نیگابانیدانو شتیوای نەمابوو. مەڵبەندی شیمال لە باسورمەی ژووریکیان دابۆیە بۆخۆی تێیدا دەژیا. چەند مانگ دوای شەهید بوونی مام مرادی، وەستا فەتاحی فەرماندەی پارتی وەك شانازی پێکردن لەلای خەڵکی باسورمەی، گوتبووی ئەمن نارنجۆکم لەباڵ مام مرادی هاویشتو کوشتم.

## تەحویلدرانەوەی دوو پێشمەرگەی دانیشتووی حیزب

ڕۆژێك دوای هێرشی بەربڵاوی لەشکری پارتی بۆ سەر بنکەکانی ئێمە لە باسورمەی  دوو پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێمۆکرات بە ناوەکانی مەجید سندووسیو ئەحمەد خزری(مەلا ئەحمەد) لە پرسگەی پارتی لە نێوانی "قەزای سۆران"و "کاولۆکان" دایاندەبەزێننو لەوێ ڕایان دەگرن. ئیدی بەدوای ئەو دابەزاندنەدا بێ سەروشوێنیان کردنو ئێستاش کەس چاوی پێ نەکەوتنەوە.

ئەو دوو پێشمەرگەیەی حیزب ماوەی چەند ساڵێك بوو لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکەی حیزب بە هۆی گیروگرفتی ماڵوخێزانەوە دانیشتبوونو خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون. ئەحمەدو مەجید لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی دیکەی حیزب کە دانیشتبوونو خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون، لەبەر نەبوونی ئەمنیەتو هەروەها نەبوونی توانای ماڵی بۆ بەکرێگرتنی خانوو لەدیانان، کۆنە ساختومانێکی بەجێماوی زەمانی حکوومەتی بەعسیان لە نێوان ڕەواندزو کاولۆکان بۆ خۆیان ئاوەدان کردبۆوەو لە وێ سەریان پێکەوەنابوو. هێندێك جاریش بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە هاتوچۆی دیانانو قەزای سۆرانیان دەکرد.

دوانیوەڕۆیەکی کاتێك لە قەزای سۆرانڕا دەگەڕێنەوە لە پرسگەی ڕایاندەگرن‌و دواتر بێ سەروشوێنیان دەکەن. دوای چەند ڕۆژ بێ سەروشوێنی خەبەر هات گوتیان ئەوە لە زیندانی ورمێن. ئەو دوو پێشمەرگەیە بەدەست‌و چاوی بەستراوەوە تەحویلی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دابوونەوە. ئەو کەسەی لە پرسگەی پارتی، مەجیدو مەلا ئەحمەدی ڕاگرتبوو وابزانم ناوی دلێر سۆرکانی بوو. ئەوە لەکاتێك‌دا بوو شەڕی پارتی‌و یەکێتی بە خەستی درێژەی هەبوو. ڕەواندز بەدەستی یەکێتییەوە بوو، بەڵام قەزای سۆران‌و دیانان لە بەردەستی پارتی‌دا بوون. هەر دوای ماوەیەکی کورت لە تەسلیم کردنەوەیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران هەردووکیان لە زیندانی وەرمێ ئێعدام کران .

...مەجید سندووسی خەڵکی گوندی "سیاوان"ی ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆیە بوو. مەجید خێزان‌و سێ منداڵی هەبوون. ئەحمەد خزرییش کە لە نێو پێشمەرگەکان‌دا بە مەلا ئەحمەد ناسرابوو، خەڵکی گوندی "کانی بداغ"ێ بوو. ئەحمەد تازە دوو سێ ساڵ بوو ژیانی هاوبەشی پێکەوەنابوو، وابزانم هەر تاقە کوڕێکیان هەبوو.

**تێرۆری عوسمان ڕوویان‌و ئەبوو چەقەڵ مستەفا(۱۹۹۵/۱۲/۳۰)**

بەیانیەکی تازە گەیشتبوومە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی، لەگەڵ هاوڕێکانم لەدەوری یەك دانیشتبووین. پەیامێکی بێسیمیمان لە سکرتاریای حیزبەوە بۆهات. دەقی پەیامەکە بەو شێوەیە بوو:

"سلاو، بەداخەوە ئەم شەو دوو پێشمەرگەی حیزب لەشاری هەولێر تێرۆر کران کە بریتین لە: ۱- شەهید عوسمان ڕوویان، ۲- شەهید ئەبووبەکر چەقەڵ مستەفا". هەر ئەوکاتی کۆمیسیۆن کاك حەمەڕەسووڵ حەسەنپوورو منیان ڕاسپارد بچین بۆ جێژنیکان. کاتێك گەیشتینە جێ، تازە جەنازەی شەهیدەکانیان لە هەولێرێ ڕاهێنابۆوەو خەریکی شوشتن‌و کفن کردنیان بوون. عوسمان‌و ئەبووبەکر کەوتبوونە داوی کەسێك بەناوی کاوە (کاوە خەڵکی پیرانشاربوو)، بێ خەبەر لەوەی ناوبراو لەگەڵ ئیتلاعات‌و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەستی هەیەو تەرح‌و پیلانی بۆ لەداوخستنیان داناوە. بەپێی هێندێك بەدواداچوون کە

ئەوکاتی کرا ئەو کوڕە(کاوە) عوسمانو ئەبووبەکری کێشابووە گەڕەکێکی هەولێرێو لەولاش ڕا کوڕی حاجی بابەکری تێگەیاندبوو. ماڵە حاجی بابەکری خزمی ئەحمەد شوانکارەی بوون. ئەحمەد شوانکارەش پێشمەرگەی حیزب بوو، بەڵام بەنهێنی پەیوەندیی بە ئیتلاعاتی ئێرانیوە گرتبوو، ئەوەبوو کۆمیتەی ئەمنییەت، نامەی لێگرت. حیزب ئەحمەد شوانکارەی لەسەر ئەو کارەی ئێعدام کرد. وادیارە لەدوای ئەو ڕووداوەیڕا ماڵە حاجی بابەکری پەیوەندییان لەگەڵ ئیتلاعاتی ئێرانێ گرتبووو قەولی هاوکارییان پێ دابوون. ئەو کارە تێرۆریستیەشیان هەم وەك تۆڵە ئەستاندنەوە لە حیزبو هەم وەك هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردبوو.

کاتێك لە جێژنیکانڕا گەڕاینەوە بۆ هەولێرێ، لەگەڵ کاك حەمەرەسوول حەسەن پووری چووینە ئەو شوێنەی عوسمانو ئەبووبەکریان لێ تێرۆر کردبوون. دووکانێکی چووکەی سیگارفرۆشی لە کووچەکەیدا بوو، پرسیارمان لەکابرای کرد بۆ ئەوەی بزانین داخوا ئەو هیچ ئاگای لە چۆنیەتیی ڕووداوەکەی هەیە. کابرا گوتی ئەو دووکەسە واتا عوسمانو ئەبووبەکر هاتنە دووکانێ سیگاریان کڕی. پاشان چەندجار بەو فەرعەیدا بە قەدەم لێدان هاتوچۆیان کرد، ئیدی شەو درەنگ ببوو، ئەمن دەرگای دوکانم گاڵەداو چوومەوە بۆ ماڵێ. چی دیکەم ئاگا لێ نیە.

ئەو کۆڵانەی عوسمانو ئەبووبەکری لێ تێرۆر کرابوون، لە لای دەستی ڕاستەوە کۆڵانێکی دیکەی دەگەڵ تێکەڵ دەبۆوە. کاتێك عوسمانو ئەبووبەکر لە زارکی کۆڵانەکەی تێپەڕیبوون کابرا وەدوایان کەوتبووو لە پشتەوەڕا بە ڕەگباری لێی دا بوون. ئەبووبەکر هەر دەست بەجی گیانی لەدەست دابوو. بەڵام عوسمان بەزیندوویی خەڵکی گەیشتبوونەسەرو گەیاندبوویانە بیمارستانیش، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لە بەر سەختیی برینەکانی، ئەویش گیانی لەدەست دابوو.

## کردەوەیەکی تێرۆریستی بە دژی پۆلێك پێشمەرگەی هێزەکانی کێلەشینو قەندیل

دەستی تاوانو جینایەت لە باشووری کوردستان بۆ تیرۆری کوردانی شۆڕشگێرو ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات هەروا بەردەوام لە کاردابوو. لەیەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەشەمەی ١٣٧٤(١٩٩٦/٣/١٧) لەکاتێكدا پۆلێك لە کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستانی شنۆیەو هێزی کیلەشین لە پێش دەرکی بنکەی خۆیان لە جێژنیکان خەریکی یاریی والیبال بوون، لە لایەن دووماشێنی تۆیۆتای پڕ لە جاشو پاسداری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە درانە بەردەستڕێژی رەگباری چەکی جۆراوجۆرو ژمارەیەکی زۆر لەکادرو پێشمەرگەکان شەهیدو بریندارکران.

کاتێك ئەو هەواڵە بە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی گەیشت، هاوڕێیانی کۆمیسیۆن داوایان لە منو لوقمان مێهفەری کرد بچینە جێژنیکان. پێش ئەوەی بچینە جێژنیکان لە هەولێرێ سەردانی بریندارەکانمان کرد کە لە نەخۆشخانەی تەواری بەستەری کرابوون. عەلی شاداب هەروا لە ژووری ئۆرژانس بوو. عەلی لەتاو ئێشو ئازاری برینەکانی وەك ماری بریندار هەر جینگڵی دەدا. هەروا بەدەم ئازارەکانیەوە بەردەوام قسەی دەکرد بێ ئەوەی بزانێ دەڵێ چی. هەر قسەی هاتەران پاتەرانی دەکردن.

لەجێژنیکان لەگەڵ بەرپرسانی ئۆرگانەکان دانیشتینو هێندێکیان لە بارەی چۆنیەتیی ڕووداوەکەوە بۆ باس کردین. گوتیان ئەو دوو ماشینە لە مەسیفیڕا هاتبوونەخوارێ. ئەوکاتی هەولێر لەبەردەستی یەکێتیدابوو، بۆیە ماشێنەکان نەچووبوونە نێو هەولێرێ. هەر لە بەستۆرەیڕا بە بێڕاهەو کوێرەڕێگایاندا هاتبوونە خوارێو لە سەرەوەی "بەحرکە"ی بەرەو جێژنیکان بایان دابۆوە. کە گەیشبوونە ڕاست بەڕاستی بنکەکانی ئێمە، ماشێنی پێشەوەیان لە ڕاستی بنکەی مەڵبەندی سپی سەنگ ڕاوەستابوو، ئەوەی دیکەشیان لە ڕاست بنکەی کۆمیتەی شارستانی شنۆ ڕاوەستابوو. ئیدی بێمەحتەل بوون دەستڕێژیان لە پێشمەرگەکان کردبوو. بە چەکی بێ. کەی. سیو کەلاشینکۆف بۆ ماوەی یەك دەقیقە تەقەیان لە بنکەو ماڵو پێشمەرگەکان کردبوو. پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین کە لەپێش دەرکی بنکەکەیان والیباڵیان دەکردو مەودایەکی کەمی چەند میتری لە ڕێگاکە دوور بوون زۆرترین تەلەفاتیان وێکەوتبوو. پێشمەرگەکان بەتەواوی غافلگیر بوونو

فورسەتی دەستکردنەوەیەکی وایان نەبوو. دوای تەواوبوونی تەقەکردنەکە، هەر چەند سەد میتر لەولاتری بنکەکانی ئێمە، ماشێنەکان بە کوێرە ڕێگایەکیدا بەرەو مەسیف بایاندابۆوە. پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمالو هێزەکانی دیکە بە پێیانو بە نێو زەوی‌ومەزرایاندا بەرەو مەسیری گەڕانەوەی ماشێنەکان چووبوون. بەگوتەی خۆیان دەیانتوانی بگەنە پێشیان. بەڵام یەکێك لە مەسئوولەکانی پارتی کە بنکەکەیان هێندێك لەولاتری بنکەکانی ئێمە بوو، بە کۆمەڵێك پێشمەرگەوە چووبووە پێش پێشمەرگەکانو نەیانهێشتبوو پێشمەرگەکان بگەنە سەر ماشێنەکان. یەکێك لە ماشێنەکانی تێرۆریستەکان پەکی کەوتبووو هێندێك تەئخیر ببوون هەتا نەفەراتی ماشێنە پەککەوتووەکەیان سواری ماشێنەکەی دیکە کردبوو، بۆیە پێشمەرگەکان پێیان وابوو ئەگەر ئەو فەرماندەیەی پارتی پێشی پێنەگرتبان دەگەیشتنە سەریان .

لەو هێرشە تێرۆریستییەدا چوار پێشمەرگەی ئێمە شەهید ببوون کە بریتی بوون لە:

١ -فەرامەرز کیشوەری

٢ -تاهیر عەزیزی

٣ -عوسمان ڕەحیمی

٤ -حەسەن ئیبراهیم زادە

هەروەها لەو پەلامارە تێرۆریستییەدا ژمارەیەك کادرو پێشمەرگەش بریندار ببوون کە بریتی بوون لە:

١ -عوسمان شێخانی، ٢- خوشکە پەریزادی خێزانی عوسمان شێخانی، ٣- فەریق حەسەنزادە، ٤- حەسەنەسوور(حەسەن عەلیپوور) ، ٥- عەلی بابیل، ٦- عەلی شاداب، ٧- حەمەدەمین ئیبراهیمی.

**کارەساتی دەروازەی کۆیە بۆ هەولێر لە زستانی ١٣٧٥**

ڕووداوەکە بەو جۆرە بوو: چەند کەس لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە "زەویە سپی" ، لەگەڵ دوو کوڕە سەیدی خەڵکی "کەلبی ڕەزاخان" کە بە سەردان هاتبوونو میوانی کوەیسی( کادری کۆمیتەی مەهابادێ) بوون، بەسواری

ماشێنێکی لاندەوێری کابرایەکی فەلەی خەڵکی گوندی هەرمۆتەی بەرەو کۆیە دەچوون. چەند کەسی چەکدار کە لە نێو ماشێنێکی برازیلیدا بوون، دەیانخەنە ژێر چاوەدێری. هەرکە ماشێنی هەڵگری پێشمەرگەکانی حیزب لێیان تێدەپەڕێ، دەکەونە دوایانو لە لاتەنیشتیڕا، ماشێنەکەیان لەگەڵ ئەو ماشێنەی پێشمەرگەکانی تێدا بوو، جووت کردبوو(شانبەشانی ماشێنەکەی ئەوان ڕۆیشتبوون). شووشەی هەر دووك دەرکی پێشەوەو دواوەی ماشێنەکەیان دادابۆوەو بە دوو تفەنگی کەلاشێنکۆف، ڕەگباریان لە پێشمەرگەکان کردبوو. هەروەك ئاماژەم پێدا لەو جینایەتەدا پێنج کەسیان لێ شەهید کردین کە بریتی بوون لە :١- حەمەرەسووڵ قادری، پێشمەرگەی هێزی پێشەوا،٢- کاوە چالاکی پێشمەرگەی هێزی پێشەوا، ٣- ئامانج کوڕی کوەیسی ( ئامانجی منداڵو خۆشی نەدیو هەر دوو سێ ساڵی تەمەن بوو)، ٤- دوو کوڕە سەیدەکەی میوانو بێ سووچو تاوانیش وەبەر ئەو کۆکوژییە جینایەتکارانەیە کەوتن.

**چەند کردەوەی تیرۆریستیی دیکە لە دژی حیزبی دیموکرات لە هەرێمی کوردستان**

١ -تیرۆری مەولان سوارە. مەولان، پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات بوو. ناوبرا زۆرتر کاری ڕانەندەگی دەکردو سەر بە کۆمیسیۆنی ماڵیو بەشی تەداروکاتی حیزب بوو. زۆرتر ماشێنە زەردە بارهەڵگرەکەی حیزبی لێدەخوڕیو تەداڕوکاتو خواردەمەنیی بۆ کۆمیتەو ئۆرگانەکانی حیزب دەبرد. مەولان، ساڵی١٣٧٦ لە کاتێکدا هەر بە ماشێنە بارهەڵگرەکەیەوە لە کۆیەڕا بەرەو سلێمانی دەچێ، تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە کەمینێکدا لە نێوان کۆیە- دووکان تەقەی لێ دەکەنو شەهیدی دەکەن.

٢ -پۆلێك پێشمەرگەی لاو کە تازە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتییان تەواو کردبوو، پاییزی ساڵی١٩٩٧ لە کۆیەڕا بە مینیبووسی حیزب دەگەڕانەوە بۆ لای سلێمانی. ئەوانیش لە ڕێگادا- چەند کیلۆمیترێك لە دووکان دوور کەوتبوونەوە-

کەوتبوونە بۆسەی تێرۆریستەکانو لە نێو ماشێنیەکەیاندا گوللەباران کرانو هەموویان خەڵتانی خوێن بوون.

٣ -هەر لە ساڵی ١٩٩٧دوو پێشمەرگەی کۆمیتەی مەریوان (ئەمجەد مەلایی ناسراو بە "کۆڵنەدەر"و غالب حوسێنی) بە ڕۆژی ڕووناكو لە نێو شاری سلێمانی بە بەرچاوی کۆمەڵێك خەڵکەوە لە لایەن تێرۆریستێکی سەر بە ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە درانە بەر دەستریژو تەرمی بێ گیانو لە خوێن‌دا شەلاڵکراویان لەسەر ئیسفالتی ساردو سڕی شەقامێکی سلێمانی دەکەوێ.

٤- پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی ٢ی کوردستان لە بازیانڕا بەرەو سلێمانی دەچیت، لە پرسگەی بەکرەجۆ دایدەبەزێننو بێ سەرو شوێنی دەکەن، بەڵام بەرپرسانی ئۆرگانەکەی هیچ ئاگادارییەکیان لەچارەنووسی ئەو پێشمەرگە نابێو هەر پێیان وایە لە سلێمانیە. پێشمەرگەیەکی هاوسەنگەری دەڵێ ئەمن دەزانم لە سلێمانی ئەو برادەرەی من دەچێتە چ ماڵێکی. ئیجازەم دەن دەچم دەی بینمەوە. ئەویش هەر وەك هاوسەنگەرەکەی لە هەمان پرسگە دادەبەزێندرێو شرت و گوم دەکرێ. دوای چەند ڕۆژ بێ سەرو شوێن بوونو بەدوادا گەڕان تەرمی بێگیانو شکەنجەکراوو تێکشکاویان لە دەرەوەی شاری سلێمانیو لە بن پردو پەنا کەندەلانان‌دا دۆزرانەوە.

*وەرگیراو لە کتێبی"ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم"، بەرگی ٢، لە نووسینی عەبدوڵلا فەتاحی(٢٠١٨)*

به‌یاننامه

## ساڵێك دوای كاره‌ساته‌ خوێناوییه‌كه‌ی ده‌روازه‌ی شاری كۆیه‌

هاونیشتمانه‌ به‌ڕێزه‌كان
كۆمه‌ڵانی گه‌لی كورد!
ئۆگرانی دادپه‌روه‌ری‌و مافی مرۆڤ له‌ سه‌رانسه‌ری جیهان!

ساڵێك له‌مه‌وبه‌ر شاری كۆیه‌ له‌ ئوستانی هه‌ولێری كوردستانی عێراق، شاری شاعیرانی نیشتمانپه‌روه‌ری وه‌ك حاجی قادرو مه‌لای گه‌وره‌و شارێك كه‌ له‌ كۆنه‌وه‌ مه‌كۆی بیروباوه‌ڕی ئازادیخوازانه‌ بووه‌، ڕووداوێكی سامناك‌و كاره‌ساتێكی دڵته‌زێنی به‌خۆیه‌وه‌ دی. ڕۆژی ١٧ی سه‌رماوه‌زی ١٣٧٦ (٨ی دیسامبری ١٩٩٧) له‌ كاتێك دا چه‌ند كه‌س له‌ به‌رپرسانی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران بۆ به‌شداری له‌دوا كۆبوونه‌وه‌ی كۆمیته‌ی ناوه‌ندیی هه‌ڵبژێراوی كۆنگره‌ی ده‌هه‌م‌دا له‌ شاری سلێمانییه‌وه‌ به‌ره‌و كۆیه‌ وه‌ڕێ كه‌وتبوون، له‌ نیزیك شاروچكه‌ی دووكان كه‌وتنه‌به‌ر په‌لاماری تێرۆریسته‌كانی كۆماری ئیسلامیی ئێران. هاوڕێیانی حیزبی شێرانه‌ له‌ پیاوكوژه‌كان هاتنه‌ده‌ست‌و شه‌ڕێكی قاره‌مانانه‌یان له‌گه‌ڵ كردن، كه‌ به‌داخه‌وه‌ ئاكامه‌كه‌ی بوو به‌ شه‌هید بوونی تێكۆشه‌ری ناسراوی حیزبه‌كه‌مان كاك منصور فتاحی‌و بریندار بوونی ٣ كه‌سی دیكه‌ له‌ هاوڕێیان. به‌وحاڵه‌ش ڕۆڵه‌كانی حیزب توانیان تێرۆریسته‌كان ڕاو بنێن‌و ته‌نانه‌ت ماشێنی هه‌ڵگری پیاوكوژه‌كانیش بگرنه‌ ده‌ستی خۆیان.

كه‌چی دوای نزیك به‌ دوو سه‌عات كاتێك باقیی هاوڕێیان به‌ ماشێنێكی سواری گه‌یشتنه‌ ده‌روازه‌ی شاری كۆیه‌، به‌شێوه‌یه‌كی چاوه‌روان نه‌كراوو بێ‌هیچ عوزرو به‌هانه‌یه‌ك كه‌وتنه‌ به‌ر ده‌سڕێژی چه‌كداره‌كانی ئاسایشی كۆیه‌و هه‌موویان كه‌ بریتی بوون له‌ هاوڕێ سید منصور ناصری ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی، ابوبكر

اسماعیل زادە (ساماڵ) بەرپرسی كۆمیتەی شارستانی بانە، رفعت حسینی لە كۆمیتەی شارستانی پاوەو یداللە شیرین سخن لە هێزی پارێزگاری بە گوللە دابێژ دابێژ كرانو هەر لەنێو ماشێنەكەدا شەهید بوون.

لەبەر ئەوەی شاری كۆیە لە ژێر دەسەڵاتی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان دایەو ئەندامانی ئاسایشی ئەو شارە لە پێشمەرگەكانی ئەو رێكخراوە پێك هاتوون، دەفتەری سیاسیی حیزبەكەمان لە بەشێكی بەیاننامەی خۆیدا بەبۆنەی تیرۆری ئەو هاورێیانەوە نووسی: " داوا لە یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان (عێراق) وەك حیزبی دەسەڵاتداری ناوچە دەكەین ئەم رووداوە بۆ خەڵكی كوردستان روون بكاتەوەو بەرێوەبەرانی تیرۆری چوار خەباتگێری دێمۆكرات لە دەروازەی شاری كۆیە كە لە بەرگی پێشمەرگەی ئەم رێكخراوەدا ئەو جینایەتەیان خوڵقاندوە، بە سزا بگەیەنێ."

لە وەڵامی ئەم داخوازەی دەفتەری سیاسیدا رێبەرانی یەكیەتیی نیشتمانی هەم بە نامەو هەم بە سەردان لەبنكەی دەفتەری سیاسی داخو كەسەری خۆیان لە رووداوەكە نیشاندا، كارەكەیان بە ناڕەوا و جەریمە ناوبردو بەڵێنیان دا كە تاوانباران بە سزای خەیانەتەكەیان بگەیەننو ڕاشیبگەیەنن. بەدوای ئەو بەڵێنیانەدا وەك ئێمە ئاگادار بووین ٢٠ تا ٢٥ كەس لە ئەندامانی ئاسایشی كۆیەشیان گرتو ڕەوانەی سلێمانییان كردن، بێئەوەی بە ڕەسمیو بە ئاشكرا شتێك لەو بارەیەوە بڵاو بكەنەوە. سەرەنجام پاش چەند جار یەكتر دیتنو داواكاریی ئێمە، یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٣ واتە ٥٦ رۆژ دوای كارەساتەكە لە ژمارەی ١٥٤٨ی ڕۆژنامەی "كوردستانی نوێ"دا ئەم ڕوونكردنەوەیەی بڵاو كردەوە:

"ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٨ ڕووداوێكی ناخۆشو دڵتەزێن لە سەیتەرەی شاری كۆیە ڕوویداو لە ئەنجامدا چەند لێپرسڕاوێكی برایانی حزبی دێمۆكراتو دوو پێشمەرگەی ی.ن.ك شەهید بوون.

بۆیە ئێمە وەك حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر بە توندی دژی ئەم تاوانە دەوەستینو مەحكومی دەكەین.

هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم کارەی ڕوویدا پێش ئەوەی دژی حزبی دیموکراتی ئێران بێت دژی ی.ن.ك و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم سەرقاڵی لێکۆڵینەوە (تحقیق)ە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن بەم ڕووداوە.

دوای لێکۆڵینەوەش تاوانباران دەدرێنە دادگایەکی تایبەتو حزبی دیموکراتی ئێرانو ی.ن.ك یش لە ئەنجامەکەی ئاگادار دەکرێنەوە."

ئەگەرچی دەقی ئەم ڕوونکردنەوەیە زۆری جیاوازی لەگەڵ ئەو قسانە هەبوو کە بەرپرسانی یەکیەتی بە نووسراوی تایبەتی، یان لە چاوپێکەوتنەکاندا بە ئێمەیان دەگوت، بەڵام بەهەرحاڵ چاوەڕوانی هەنگاوی بەکردەوەی برایانی یەکیەتی ماینەوە. بەهاری ڕابردوو بەشێوەیەکی نارەسمیو ناڕاستەوخۆ ئاگادار بووین کە زۆربەی هەرە زۆری گیراوەکان بەو ناوەکە گۆیا بەشداری تەقەکردن نەبوون، ئازاد کراونو تەنیا چوار کەس کە دانیان بە تاوانەکە دا ناوە لە زینداندا ڕاگیراون. کەچی تا ئێستاش کە ساڵێکی تەواو بەسەر ئەو تیرۆرە سیاسییەدا رادەبرێ نە هیچ شتێك بە حیزبی دێمۆکرات ڕاگەیەندراوەو نە خەڵکی کوردستان لە چەندو چۆنی ئەم کارەساتە پرشوورەییە ئاگادار کراونو زۆریش وێدەچێ کە چوار تاوانبارەکەی دیکەش ئازادو تەنانەت "تبرئە"ش کرابن.

ئێمە بە بۆنەی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر کارەساتی دەروازەی شاری کۆیەدا جارێکی دیکە لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەك حیزبێك کە ڕابردوویەکی دوورودرێژی دۆستانەی لەگەڵ حیزبی ئێمە هەیە، داوا دەکەین بەرپرسانە بجووڵێتەوەو بە سزادانی عامیلانی تیرۆری چوار تێکۆشەری حیزبی دێمۆکرات بەرپرسایەتیی ڕازی بوون بە تاوانێکی وا پرشوورەیی لە داوێنی خۆی دوور بخاتەوەو چەندو چۆنی ڕووداوەکە بۆ بیرورای گشتی ڕوون بکاتەوە. برایانی یەکیەتیی نیشتمانی بۆ خۆشیان دەزانن خۆبواردن لە سزادانی تیرۆریستەکان نەك هەر بە زیانی حیزبی دێمۆکراتو بزووتنەوەی کوردی ئێرانە، بەڵکوو زیان لە تێکڕای بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دەداو پێش هەموو لایەنێکیش زەبر لە ناوبانگو ئیعتیباری یەکیەتیی نیشتمانی دەوەشێنێ.

هەر بەو بۆنەیەوە ئێمە لە هەموو حیزبو ڕێكخراوەسیاسییەكانی كورد، لە كۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵكی كوردستانو لە حیزبو ڕێكخڕاوو كۆڕو كۆمەڵە سیاسییەكانی دۆستی كورد لە سەرانسەری جیهانداو بەتایبەتی لەو حیزبە سیاسی‌یانە كە دۆستی هاوبەشی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێرانو یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانن داوا دەكەین لە هەر ڕێگایەكەوە بۆیان دەكرێ یەكیەتیی نیشتمانی هان بدەن بۆ ئەوەی عامیلانی تێرۆری چوار تێكۆشەڕی دێمۆكرات لە هەر پلەو پایەیەك دابن بە سزا بگەیەنێ. دڵنیاشین كە ئەو كارە پێش هەمووان بە قازانجی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانە.

لە یادی ڕووداوی دڵتەزێنی شەهیدبوونی هاوڕێیان منصور فتاحی، منصور ناصری، ابوبکر اسماعیل‌زادە، رفعت حسینیو یدالله شیرین سخن دا سڵاو لە گیانی پاكیان دەكەین، سەرەخۆشی بە كەسو كارو هاوسەنگەرانیان دەڵێینو بەڵێن دەدەین ڕێگاكەیان، ڕێگای خەبات بۆ وەدی هێنانی ئاواتە لەمێژینەكانی گەلی كورد هەروا پڕ ڕێبوار بێ. نەمری بۆ گیانی ئەو شەهیدانەو هەموو شەهیدانی كوردستان.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران**

١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٧ (٨ی دیسامبری ١٩٩٨)

لە ژمارە ٢٩٥ی ڕۆژنامەی كوردستان، سەرماوەزی ١٣٧٧ دا بڵاو بووەتەوە

## تیرۆری فرووهەر،
## نیشانەیەك لە داماویی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهان دا!
سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە هەوەڵ ڕۆژی سەرماوەزی ١٣٧٧ بەرامبەر بە ٢٢ی نوامبری ١٩٨٨ راگەیەنە گشتییەکان پەردەیان لەسەر جینایەتێکی پڕ لە شوورەیی دیکەی کۆنەپەرستیی زاڵ بە سەر ئێراندا هەڵدایەوە. بەپێی هەواڵێك کە لە تارانەوە بە هەموو دنیا راگەیەندرا، ئێوارەی دوێنێ ئاغای داریووشی فرووهەر سکرتێری گشتیی حیزبی میللەتی ئێران لەگەڵ هاوسەرەکەی خانمی پەروانەی فرووهەر لە ماڵی خۆیاندا لە تاران لەلایەن چەند کەسی نەناسراو''ەوە بە چەقوو شەهیدکرانو بەم جۆرە لاپەڕێکی دیکە کەوتە سەر دەفتەری جینایەتەکانی تاوانبارانی سەر بە سیستمی جەهەننەمیی "ولایت فقیه."
ڕاوەستانی کاتیی کردەوە تێرۆریستییەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لەنێو هێندێك کۆڕو کۆمەڵی نێو خۆو دەرەوەدا ئەو گومانەی پێك هێنابوو کە گۆیا "گورگ تۆبەی کردوە''و ئیدی کۆنەپەرستانی زاڵ بەسەر ئێراندا بۆ لە نێوبردنی موخالیفانی خۆیان دەست بۆ تێرۆر نابەن. بەڵام چونکە کوشتارو جینایەت بەشێکی جیا نەکراو لە ماهییەتی کاربەدەستانی سیستمی ویلایەتی فەقیهە، نەیان توانی لەوە زیاتر دەست لە کردەوەی تێرۆریستی بکێشنەوەو بە تێرۆری ناپیاوانەی فرووهەر گەورەپیاوی ئازادیخوازو لایەنگری بەحەقی فەرمانرەوایی خەڵك، هەموو جۆرە گومانێکیان لەبارەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ئاکارو کرداری کۆماریی ئیسلامیدا لە نێو برد.

کۆنەپەرستیی مەزهەبی کوشتنی ئاغای فرووهەرو هاوسەرە خەباتگێڕەکەی بە هەر فێڵو تەڵەکەیەك پاساو بدا، شتێك لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەم تیرۆرانە کاری تیرۆریستانێکی کار کوشتەو دەورەدیتوو لە چەشنی ئەو جینایەتکارانەن کە لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە کرانە مەئمووری لەنێوبردنی فیزیکیی هێندێ کەسایەتیی وەك قاسملوو، شەرەفکەندی، بەختیارو بروومەندو کێو کێ، بەتایبەتی کە وێکچوونێکی سەیر لەنێوان تیرۆری ئاغای داریووشی فرووهەرو هاوسەرەکەیو تیرۆری دوکتور شاپووری بەختیارو هاوکارەکەی ئاغای سرووشی کەتیبەدا هەیە!

هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو دیمۆکراسی لە ئێراندا داریووشی فرووهەر زۆر باش دەناسن. ناوبراو کە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی (١٩٢٨ی زایینی) لە دایك ببوو، هەر لە سەرەتای لاوەتیدائەو کات کە خەریکی خوێندنی دەرسی زانستگا بوو لە ڕێگای وەدیهاتنی ئازادیو حکوومەتی خەڵك بە سەر خەڵكدا دەستی بەخەبات کرد. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٢ ساڵ کە بۆ یەکەم جار کەوتە زیندان. بەڵام گیانی خەباتکێڕیی فرووهەر لەوە بەهێزتر بوو کە میلەی زیندان بتوانێ شوێن لەسەر ئیمانو خۆڕاگریی ناوبراو دابنێ. هەر بۆیە پاش ئازادبوون جارێکی دیکەش مەشخەڵی خەباتی بەدەستەوە گرتو بەتایبەتی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ خۆماڵی کردنی سەنعەتی نەوتی ئێران بە ڕێبەرایەتیی دوکتور (محمد مصدق)ی نەمردا بە لێهاتوویی نەخشی خۆی گێڕا.

رووخانی حکوومەتی میللیی مصدق لە ساڵی ١٣٣٢داو هەورازو نشێوی خەباتی گەلانی ئێران هیچ کات مەیدانی بە داریووشی فرووهەر چۆڵ نەکردو بە درێژایی چەند ساڵ دەسەڵاتی محمد رچا شای پەهلەوی هەمیشە یەکێك لە ناسراوترین کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دەسەڵاتی گەل بوو. پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، داریووشی فرووهەر بۆ ماوەی چەند مانگ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازە ڕێك بووو لە دەوڵەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو موهەندیس مەهدیی بازرگاندا بەرپرسایەتیی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی گرتە ئەستۆ. بەڵام هەر کە کاربەدەستانی تازە بەدەسەڵات

گەیشتوو پشتیان لە ئامانجەکانی شۆڕش کرد،ڕیزی خۆی لەڕیزی پاوانخوازان جیا کردەوەو بە ئیرادەیەکی پتەوەوە لە دژی دیکتاتۆریی مەزهەبی دەستی بە بەربەرەکانی کرد. ناوبراو زۆر بەراشکاوی‌و بەبێ هیچ جۆرە ترسێك لە هێرشی گۆپاڵ بەدەستانی ریژیم، تەواوەتیی سیستمی کۆماری ئیسلامیی خستبووە ژێر پرسیارو خوازیاری پێکهاتنی دەسەڵاتێکی نوێ بە ویست‌و ئیرادەی خەڵکی ئێران بوو.

تێرۆری داریووشی فرووهەر لە هەلومەرجی پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازانەی توێژە ئاگاو ڕووناکبیرەکانی کۆمەڵگای ئێراندا، بە ئاشکرا نیشاندەری ئەو هەوڵەیە کە پاوانخوازان بە مەبەستی ترساندنی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاربوون لە چنگی دەسەڵاتی ریژیمی دواکەوتووی زاڵ بەسەر وڵاتەکەماندا دەیدەن. کەوا بوو ئەرکی سەرشانی مەشخەڵدارانی ڕێگای ئازادییە کە بە پتەوکردنی ریزەکانی خەباتی خۆیان کاربەدەستانی کۆنەپەرست حاڵی بکەن کە نە کاروانی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی تا گەیشتن بە قۆناخی سەرکەوتن ئارام‌و قەراری هەیەو نە دوژمنانی ئازادییش دەتوانن خۆیان لەو چارەنووسە حەتمییە کە چاوەڕێیانە، دەرباز بکەن.

تێرۆری ئاغای فرووهەر هەر لەو کاتەدا نیشانەی داماویی کۆنەپەرستیی مەزهەبییە کە توانای تەحەممول کردنی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەشی نیە کە نە ڕوویان کردۆتە خەباتی توندۆتیژو نە تەنانەت بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پارێزەرو دەرکەوانێکیان داناوە. هەر بۆیە بەم جۆرە پەنا دەباتە بەر تێرۆرو لە نێو بردنیان. تێرۆری ئاغای فرووهەر جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ولایت فقیە‘‘و مەسەلەی ئازادی‌و دێمۆکراسی لە بەرامبەر یەكدان‌و تا ئەو کاتە کە ئەم ریژیمە دەسەڵاتی وڵاتەکەمانی بە دەستەوەیە، هیوا بە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێك، بۆچوونێکی بێ‌مانایە.

شایانی باسە کە داریووشی فرووهەری نەمر باوەڕێکی قووڵی بە پێویستیی وەدیهاتنی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی ئێران هەبوو. ساڵی ١٣٥٨، ئەو کات کە ئەندامی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ پێڕاگەیشتن بە مەسەلەکانی

کوردستان بوو، به هەموو توانایەوە بۆ گەیشتن به ڕێگا چارەیەکی عادڵانه بۆ مەسەلەی کوردستان هەوڵی داو دواتریش تا دواکاتەکانی ژیانی سەربەرزانه پێوەندیی دۆستانەی خۆی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پاڕاستبوو. حیزبی ئێمه، شەهیدبوونی ئاغای داریووشی فرووهەرو هاوسەرە بەڕێزەکەی به خەسارێکی گەورە بۆ هەموو جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران دەزانێو له کانگای دڵەوە سەرەخۆشیی ئەو کۆستە گەورەیە له تێکڕای ئازادیخوازانی ئێران بەتایبەتی هاوسەنگەرەکانی له حیزبی میللەتی ئێرانداو هەروەها له بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکا. به شەهیدبوونی فرووهەر، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێك له باشترین دۆستانو هاوسەنگەرەکانی خۆیو خەڵکی کوردستانیش یەکێك له بەرچاوترین لایەنگرانی مافو ئازادییەکانی خۆیان لەدەست دا. گیانی شادو یادی بەڕێزو ڕێگای پڕ ریبوار بێ.

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

(١٩٩٨/١١/٢٣) ١٣٧٧/٩/٢

*له ژماره ٢٦٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سەرماوەزی ١٣٧٧ دا بڵاو بووەتەوه.*

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لەبارەی:

## ڕاگەیەندراوی ئەم دواییانەی وەزارەتی ئیتلاعاتی

## کۆماری ئیسلامیی ئێران

هاونیشتمانە بەرێزەکان

خەڵکی خەباتگێری کوردستان

سێشەممۆ شەو، ١٥ی بەفرانباری ١٣٧٧ی هەتاوی (٥ی ژانویەی ١٩٩٩ی زایینی) وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاگەیەندڕاوێکدا پێی لەو ڕاستییە نا کە ژمارەیەك لە ئەفرادی ئەم دەزگایە لە تێرۆری چەند شەخسییەتی سیاسیو فەرهەنگیی ئێران لەم مانگانەی دواییدا، بەشدار بوون.

ئەم دان پێدانانە، قسەی ئەو تاقمە لە ڕێکخراوو شەخسییەتو کەسانەی سەلماند کە لە تێرۆرەکانی ئەم دوایییانەدا، کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی قۆڵی دەسەڵات بە دەستیان بە تاوانبار زانی. بەڵام ئەو کارە بە هیچ جۆر درکاندنی ڕوونو بە تەواویی هەموو ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە جینایەتەکانی ئەم دوایییانە نیە. چونکە لەم ڕاگەیەندڕاوەدا نە ئەو مۆرانەی گیراون ناویان براوەو نە ئیشارە بەو کەسانە کراوە کە گەڵاڵەی تێرۆرەکانیان دارشتوەو فەرمانی جێبەجێ کردنیان داوە.

وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم کە لە ژێرفشاری هاونیشتمانان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتو لە ئاکامی لەقاودرانو بڵاو بوونەوەی هێندێك زانیاریدا، ناچار بە دان پێدانان بووە، دەیەوێ بە دەرکردنی ڕاگەیەندڕاوێکی ئەوتۆ، لە لایەك ڕقو تووڕەیی خەڵك کەمێك دامرکێنێتەوەو پاکانە بۆ هەولنەدانی جیددیی دەزگا ئیجراییەکانی ڕێژیم بە مەبەستی ناسینو ناساندنو سزادانی قاتڵەکان، بکا. لە لایەکی دیکەشەوە پێشی بڵاو بوونەوەی زانیاری لە بارەی پیلانەکانی ئەم دواییەو

ناساندنی گەلاڵەدارێژانو بەڕێوەبەرانی ئەسڵیی تیرۆری ئازادیخوازانی ئێران بگرێ. کەوابوو بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمو بە مەبەستی لەقاودرانو ئاشکرا بوونی هەموو ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە تیرۆرەکانی ئەم دواییە، پێویستە ئازادیخوازان، ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانو کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان، فشاری خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەنو لەسەر داوای موحاکەمەی جیددیو ئاشکرای بەڕێوەبەرانی تیرۆرەکانی ئەم دواییە، پێ دابگرن تا جینایەتکارانو پیلانگێرانی ئەسلیو ئەوانەی فەرمانی کوشتنی ئازادیخوازان دەدەن، نەتوانن بە فیدا کردنی چەند وردە مەئموور، پێشی لەقاودرانی رووی دزێوی خۆیان بگرن.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**

١٣٧٧/١٠/١٧

*لە ژمارە **٢٦٦**ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.*

راگەیەندراو:

## ڕفێندران و تیرۆری تێکۆشەرێکی دیموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

دوانیوەرۆی ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٧٨ (١٢ی ژووئەنی ١٩٩٩)، کادرێکی بەوەجی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی محەممەد مستەفایی ناسراوبە "حەمە نارستی" بە هۆی چەند بەکرێگیراوی ناسراوی سەر بە ئیتلاعاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و بە پێی پیلانێکی لەپێش‌دا دارێژراو، لەشاری کۆیە رفێندراو تەسلیم بە مۆرەکانی دەزگای تێرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق کرا.دوو رۆژ دوای ئەم تاوانە، ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان تەرمی بێ‌گیانی ناوبراو لە بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتان لە نزیك شاری کۆیە دۆزرایەوە.

ئەم ئینسان رفاندن‌و ئینسانکوژییە تازەیەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرەڕای ئیددیعاکانی "کۆمەڵگەی شارستانی" (جامعەو مدنی)و "پەرەگرتوویی سیاسی" (توسعەو سیاسی) کە بوون بە وێردی سەرزاری سەرکۆماری رێژیم محەممەدی خاتەمی‌و، ژمارەیەك لە دەوڵەتانیش باوەڕیان پێ‌کردوە، هیچ ئاڵوگۆڕێك لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی‌دا پێك نەهاتوە. وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو رێژیمە، لە کاتی هاتنەسەرکاری خاتەمییەوە دەستووری کوشتنی سەدان کەس لە ئۆپۆزیسیونی ئێران لەنێوخۆو دەرەوەی وڵاتی داوەو ژمارەیەکی بەرچاو لەوانی جێبەجێ کردوون کە تێرۆری کۆمەڵێك

لە ڕووناکبیرانو نووسەرانی خەباتگێڕی ئێران لە سەرماوەزی ساڵی ڕابردوودا، بەشێکیان بوونو تیرۆری هاوڕێ حەمە نارستی تازەترین نموونەیانە.
دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی تێکۆشەری بەنرخی حیزبەکەمان حەمە نارستی، هاوسەنگەرانیو خەڵکی کوردستان بەگشتی، ئەم جینایەتەی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بەتوندی مەحکووم دەکا و داوا لە هەموو ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵو شەخسییەتە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکان دەکا، ئەم کردەوە تێرۆریستییە مەحکووم بکەن، هەڵوێستی لەدژی بگرنو، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو ڕێژیمە نەتوانێ هەروا بە هاسانی ئازادیخوازانی ئێران لەنێو ببا، لە هەموو ڕێگایەکی گونجاوەوە تێ بکۆشن.
لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش —کە ئەم ئینسان رفاندنو ئینسانکوژییە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا رووی داوە- داوا دەکەین بە سزادانی ئەنجامدەرانی ناسراوی ئەو تاوانە پڕشوورەییە مەیدان لە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەوێ ئەم ناوچەیە بکەنەوە مەیدانی تێرۆرو لەنێو بردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەرتەسك بکاتەوەو چی دیکە ڕێگا نەدا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا، تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی ببنە قوربانیی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
سڵاو بۆ گیانی پاکی رۆڵەی قارەمانی حیزبەکەمان حەمەنارستیو بەردەوامیو سەرکەوتن بۆ ڕێبازەکەی!

روو ڕەشیو رووخان بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی!

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

بەیاننامە:

## سەرکۆماری ئوتریش لە چی دەگەڕێ؟

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی تێکۆشەڕی کوردستان!
ئەمڕۆ دوو شەممە ٢٩ی خەرمانانی ١٣٧٨ی هەتاوی، رێکەوتی ٢٠ی سێپتەمبری ١٩٩٩ی زایینی ئاغای تۆماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایەبەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی رەسمی دەگاتە وڵاتەکەمان. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ تاران لە نێوخۆی ئوتریش‌دا لەگەڵ ناڕەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن‌و رۆژنامەکانی لایەنگری ئازادی‌و مافی مرۆڤ بەرەورووو بووەو لە دەرەوەی ئەو وڵاتەش بێزاریی کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری ئاشتی‌و ئازادی‌و دێمۆکراسیی بۆ لای خۆی راکێشاوە.
سەفەری سەرکۆماری ئوتریش بۆ وڵاتەکەمان لەکاتێك‌دا بەڕێوە دەچێ کە هەر چەند رۆژ پێشتر سەرۆکی بێدادگاکانی تاران خەبەری دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ چوار کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانە خوێندکارییەکەی مانگی پووشپەڕی ڕابردوو لە زانستگەی تارانی راگەیاندوەو لەو پێوەندییەش‌دا یەکیەتیی ئورووپا کە ئوتریش یەکێك لە ئەندامەکانیەتی داوای لە کۆماری ئیسلامی کردوە ئەو حوکمانە هەڵوەشێنێتەوە. ئەم سەفەرە لە کاتێك‌دا کە سەدان کەسی دیکە لە لاوانی ئازادیخوازی ئێران بەتۆمەتی بەشداری لە نائارامییەکانی مانگی پووشپەڕی ڕابردووی تاران‌و تەورێزو ئیسفەهان‌و ... لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا لەگەڵ دڕندانەترین شێوەکانی ئەشکەنجەو ئازار بەرەوڕوون‌و چاوەڕوانی‌حوکمی زاڵمانەی ئیعدام‌و ئەبەدو حەبسی دوورو درێژ دەکەن. سەرکۆماری ئوتریش لە هەل‌و مەرجێك‌دا سەردانی وڵاتەکەمان دەکا کە هێشتا

داخوازی بەرهەقی کۆمەڵانی خەڵك بۆ ناساندنو بەسزاگەیاندنی قاتڵەکانی گەورە پیاوی مێژووی ئێران داریوش فرووهەرو پەروانەی فرووهەرو نووسەرە ئازادبیرو ئازادیخوازەکانی وەك مەجیدی شەریف، محمد مختاریو محمد جعفر پویندە جوابێکی پێ نەدراوەتەوەو کۆمەڵی ئێران بۆتە یەکپارچە ڕقو تووڕەیی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیو بەرێوەبەرەکانی.

بێجگە لەوانەش سەفەری سەرکۆماری ئوتریش بۆ ئێران لە حاڵێك دایە کە هەمووی ٣ مانگێ لەمەوبەر بەبۆنەی یادی دەساڵەی کارەساتی ڤییەنەوە (تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی بەدەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی) دەیان کۆڕو کۆبوونەوە بە بەشداریی سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسیو زانستیو کۆمەڵایەتی بەرپا کراونو لە هەموویاندا داوا لە دەوڵەتی ئوتریش کراوە ڕێگا بدا پەروەندەی ئەو جینایەتە وەجەریان بکەوێتەوەو عامیلانی بناسێندرێنو لە پێش چاوی مرۆڤایەتی ڕیسوا بکرێن.

کەوایە تۆماس کلیستیل دێتە ئێران تا دەستی بەخوێنی جینایەتکارانی حاکم بە سەر وڵاتەکەماندا بگوشێو دڵنیایان بکا کە وەك هەمیشە قازانجە ئابووریو بازرگانییەکان لە روانگەی دەوڵەتی ئوتریشەوە بەرزتر لە مافو ئازادییە ئینسانییەکانو دیمۆکراسیو دادپەروەرین. دێ تا دووپاتی بکاتەوە کە دەوڵەتی ئوتریش گوێ بەو بانگەوازانە نادا کە لەم لاو لەو لای جیهانەوە بەگوێی ئەم دەوڵەتەدا دەدرێنو وەك هەمیشە لە سەر ساتو سەودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێ.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو بەشەکانی دیکەی کوردستانو بەگشتی خەڵکی ئێرانو بیروڕای گشتیی جیهانی قەت لەبیریان ناچێتەوە کە ساڵی ١٩٨٩ دەوڵەتی ئوتریش لە بەرچاوی مۆڵەق ماوی هەموو لایەنگرانی ئازادیو دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ، دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بە جلو بەرگی خوێناوی بە خوێنی دوکتور قاسملووو "عبدالله قاردی آذر"و دوکتور فاضل رەسووڵەوە بەرێ کردنەوە بۆ تارانو بەم جۆرەڕیسوایی گەورەی مێژووی بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد. دیارە ئەو هەمو رەخنەو بێزارییەی کۆڕو

کۆمەڵە جیهانییەکان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئوتریش چووکترین شوێنەواری لەسەر کاربەدەستانی ئەو وڵاتە دانەناوە. هەر بۆیەش لە کاتێکدا رووی دزێوی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتو زەمانێك باشتر دەرکەوتوە، سەرکۆماری ئوتریش سەردانیان دەکا بۆ ئەوەی دەستخۆشی ئەو جینایەتو ئینسانکوژی‌یانەیان لێ بکا.

ئێمە لەکاتێکدا سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران بەتوندی مەحکووم دەکەین لەسەر بیروبۆچوونی خۆمان پێ‌دادەگرینەوە کە کۆماری ئیسلامی ریژیمێکی روو بە نەمانە. خەڵکی ئێران بڕیاری خۆ رزگارکردن لە زوڵمو زۆری ئەم ڕێژیمەیان داوە. هەر بۆیەش نە درێژەی سیاسەتی زەبروزەنگ لەلایەن کاربەدەستانی ریژیمی ئیسلامییەوەو نە درێژەدانی سیاسەتی کاسبکارانەو قازانج پەرستانە لەلایەن دەوڵەتانی وەك ئوتریشەوە ناتوانن کۆماری ئیسلامی لەو چارەنووسەی چاوەڕوانیەتی رزگار بکەن.

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی ئێران دوای وەلانانی کۆماری ئیسلامی چاو بو رەفتارو سیاسەتی هەموو دەوڵەتان بەرامبەر بە ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا دەخشێننەوەو موافیقانو موخالیفانی وەدیهاتنی ئازادی‌و دیمۆکراسی لە ئێراندا لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا لێك هەڵداوێرن. لەو حاڵەدا ئەوانەی ئەمڕۆ تەنیا قازانجی ماددی‌و بازرگانی‌یان بەلاوە گرنگە، سزای ئەو رەفتارە دژی ئینسانییە لە دەستی گەلانی ئێران وەردەگرن. داخوا بۆ دەوڵەتانی وەك دەوڵەتی ئێستای ئوتریش باشتر نیە ئەگەر بۆ پاڕاستنی قازانجی خۆشیان بووە، واز لەو سیاسەتە پڕ شوورەیییە بەرامبەر بە مەسەلەی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێراندا بێنن؟ هیوادارین هەم خەڵکی ئێرانو هەم تەواوی لایەنگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا هەرچی زیاتر سەفەری سەرکۆماری ئوتریش بۆ ئێرانو بەگشتی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە ئێران ڕیسوا بکەن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

١٣٧٨/٦/٢٩ (١٩٩٩/٩/٢٠)

لە ژمارە ٢٧٥ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بووەتەوە.

**نامەی سەرئاوەڵا بەبۆنەی ١٥ ساڵەی**

**تاوانی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی حیزبی دێموکرات**

**بۆ بەڕێزان:**

**ـ هەر سێ سەرۆکایەتیی بەڕێزی هەرێمی کوردستان، پارلمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێم!**

**ـ بەڕێوەبەرایەتیی دەزگا حکوومی و قانوونییە پێوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان!**

**ـ نوێنەرایەتیی سیاسیی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە عێراق و هەرێمی کوردستان !**

**ـ سەرجەم حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق !**

**ـ شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ڕاپۆرتێری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران هێژا ئەحمەد شەهید!**

**ـ ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ!**

**ـ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون !**

**ـ کۆمەڵە و ناوەند و دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان !**

**ـ میدیای ئازاد و دامەزراوە مەدەنییەکان !**

**ـ تێکڕای ئۆگران و خوازیارانی دادپەروەری لە کوردستان، ناوچە و سەراسەری جیهان !**

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی تایبەت دا،

وەبیرتان دێنینەوە کە ١٥ ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ (٢٨لە سەر٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی)، حەوت تێکۆشەری حیزبی دێموکڕات بە ناوەکانی ١ـ ئەڕشەد ڕەزایی ٢ـ محەممەد عەزیز قادری ٣ـ داریووش ئیسلامدووست ٤ـ یوونس محەممەد پوور ٥ـ عەدنان ئیسماعیلی ٦ـ

موزەففەر کازمی ٧ـ مەعرووف سۆهرابی، لە نزیك شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان ، لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران و تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.
بۆ ماوەی چەند ساڵ، حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان، نەیانتوانی هیچ زانیارییەك لەبارەی چارەنووسی ئەو پۆلە تێکۆشەرە دوای تەحویل درانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران، بە دەست بێنن. تەنیا یەکێك لە تەحویلدراوەکان بەناوی داریووش ئیسلامدووست، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێك لە دژی حیزبی دێموکرات لە خاکی کوردستانی عێراق دا بەکاری بێنێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە نێو هاوسەنگەرانی. ناوبراو لە چەند وتوویژی رۆژنامەنووسی و رادیۆیی دا، پەردەی لەسەر پیلانی شەرماویی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خۆیان لادا و چۆنیەتیی بەدیلگیران و تەحویلدرانەوە بە دەزگای ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمەی لەقاو دا.
بەدوای هەوڵێکی بەرینی حیزبی دیموکرات لە رادەی نێونەتەوەیی دا و پاش گوشاری ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی ئاشکرا کردنی چارەنووسی ٦ پێشمەرگەی سەر بەو حیزبە، سەرئەنجام مورتەزا سەرمەدی باڵوێزی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا، رۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤، لە وڵامی نامەی بەڕێز جێرمی کۆربین، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پاڕڵمانی بریتانیا، دانی بە کوژرانی ئەو ٦ کەسەدا نا. لە نامەی ناوبراودا کوژرانی ئەو **6** کەسە درابووە پاڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی" و هاتبوو کە ئەو **6** کەسە هەر ئەوکات کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاونەوە، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، کوژراون.
ئاشکرایە ئەوەی رووی دا پیلانێکی تیرۆریستی، کڕین و فرۆشتنی ئینسان و تاوانێکی شەرماویی هاوبەشی "بزووتنەوەی ئیسلامی" و ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. تاوانی هیچکام لەو دوو لایەنە بچووك نیە. بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵێك مرۆڤی تێکۆشەری ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، بۆ هێندێك دەسکەوتی ناڕەوا و هەرزانبایی، تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر و بە دوور لە سەرەتاییترین ڕێوشوێنەکانی گرتن و دادگایی کردن، گیانی لێ ئەستاندوون، بێ ئەوەی تەنانەت شوێنی شاردنەوەی تەرمەکانیشی ئاشکرا کردبێ!

لە ماوەی **15** ساڵی ڕابردوو دا، حیزبی ئێمە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، ڕووی قسەی خۆی کردۆتە لایەنە جۆراوجۆرەکان. یەك لەو لایەنانە، ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامی" بووە کە حیزبی دێموکرات بە ڕاشکاوی داوای لێ کردوە بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە سامناکە، بەبیروڕای گشتی بناسێنێ و سەرجەم ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو پیلانە، ئاشکرا بکا. بەڵام بە داخەوە، سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوە خۆی لەم بەرپرسایەتییە دزیوەتەوە و پێی وابووە بەم خۆدزینەوانە و بە تێپەڕبوونی زەمان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بنەماڵەی قوربانییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە گشتی ویژدانی مرۆڤایەتی، دەستیان لێ هەڵ دەگرێ، یا ئەو تاوانەیان لە بیر دەچێتەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تاوانەدا، حیزبی دیموکرات، چەندین جار لە نامە و بەیاننامەی ڕەسمی دا، لە لایەنەکانی نێودەسەڵات، حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئەم تاوانە لە سەر خاکی ئەوان رووی داوە، داوای کردوە کە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامی" بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بە دەستی عەداڵەت بسپێرێ. سەرەڕای ئەو داوایە و لەگەڵ ئەوەی ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی ئەو کاتی ڕێکخراوی ناوبراو و تەنانەت هێندێك لە بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ناسراون، بە داخەوە هیچ هەنگاوێك لەم بارەیەوە هەڵ نەگیراوە. نەك هەر ئەوە، بەداخەوە فرۆشیارانی ئەو پۆلە تێکۆشەرە بێ هەست کردن بە شوورەیی و بێ سڵکردنەوە لە ئاکامەکانی تاوانەکەیان، هەروا لە ژێر ناوی دینی ئیسلام و لە

چوارچێوەی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی یا لە گرووپی دیکە بە ناوی دیکەوە لە گۆرەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، دێن و دەچن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پازدەیەمین ساڵی ئەو تاوانە پڕشوورەیی‌یەدا، لە کاتێکدا بە ڕێزەوە یادی قوربانییەکان دەکاتەوە، داوا لە هەموو ئێوەی بەڕێز دەکا ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئەخلاقیی خۆتان بەرامبەر بەخوێنی بە ناحەقرژاوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە، جێبەجێ بکەن. لەم بارەیە داوای روونمان ئەوەیە رێبەرانی کۆن و ئێستا، بڕیار بەدەستانی ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی و کەسانی تاوانبارکراو بە بەڕێوەبردنی ئەو تاوانە بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بە پێی بەرپرسایەتیی ئەوکاتی خۆیان و رۆڵیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە و لێنەپرسینەوە لە تاوانباران لە بەرامبەر بیروڕای گشتی دا وەڵامدەر بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەتا ئەوکاتەی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەڕێوە نەچووە، لەسەر دادخوازی و پێویستیی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانی بە دیلگرتن و تەحویلدانەوەی ئەو **6** تێکۆشەرەی دێموکرات، بەردەوام دەبێ.

ئاواتمان ئەوەیە هەمووی ئێوە کە بەردەنگی ئەم نامە سەرئاوەڵایەن، هەروەها تێکرای ئۆگران و خوازیارانی حەقیقەت و دادپەروەری لە کوردستان، ناوچە و سەراسەری جیهان بە دەم بانگەواز و پەیامی ئێمەوە بێن بۆ ئەوەی راستییەکان روون ببنەوە، تاوانباران لێیان بپێچرێتەوە و ویست و چاوەڕوانیی بە حەقی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی قوربانییەکان لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە بێتە دی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٩ی رەزبەر ١٣٩٠**

**٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١١**

## تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## له هەرێمی کوردستان

بە ئاگاداریی بیرورِای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکان دەگەیەنین کە شەوی ڕابردوو سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، هاوڕێ قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ماشێنی خۆی بە سەردانێك چووبووە مێحوەری بالیسان–چوارقورِنە، بە داخەوە درەنگانی شەو دەدرێتە بەر دەسڕێژ و تەرمەکەی کە زیاتر لە ٢٠ گوللەی وێ کەوتووە، لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیك گوندی "هەرتەلێ" دۆزراوەتەوە. دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دەرەوەی ماشێنەکەی دەسڕێژی لێ کراوە. تەرمەکەی لە لایەن پۆلیس بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە ڕاگوێزراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە هەم لە لایەن پۆلیس و هەم لە لایەن دەزگای ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێ کردوە.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی درێژی تێکۆشانی قادر قادری لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و بە ئاگاداری لەوە کە ئەو کادرە ناسراوەی حیزبی دیموکرات کێشەی شەخسیی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێك نەبووە، هەر وەها بە وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە کۆماری ئیسلامی لە دوو ساڵی ڕابردوودا، چەندین پیلانی تێرۆریستیی لە هەرێمی کوردستان لە دژی بنکەکان و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوە بردوون، ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەکرێگیراوەکانی بە ئەنجامدەری تێرۆری ئەو تێکۆشەرەی حیزبمان دەزانین.

وێڕای بەداخبوونمان لە شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرە بە وەجەی حیزبی دیموکرات و هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی، زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕووداوەکە، هەر وەها لە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید قادر قادری، نوێترین

قوربانیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، لە بەیاننامەکانی داهاتوودا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین.

**سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان**

پێشنیوەڕۆی ۲۰۱۸/۰۳/۰۷

# ڕاگەیەندراو لە بارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری هاوڕێ قادر قادری

بە ئاگاداریی هەموو لایەك دەگەیەنین کە دوابەدوای ڕووداوی تیرۆری هاوڕێ قادر قادری لە شەوی ٦لەسەر٧ی مارسی ٢٠١٨ (لە نزیك "هەرتەل" لەدەوروبەری ناحیەی شکارتە)، دەزگا ئەمنی و پیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پیوەندی و هاوکارییەکی چڕ و پڕدا، لێکۆڵینەوە لە سەرەداوە سەرەتاییەکانی ڕووداوەکەیان دەست پێ کرد. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەك گومانلێکراوی پێوەندیدار بەم تیرۆرە، ناسین و دەسگیرکردنی تاوانبارانی ئەسلیی شەهید کردنی قادر قادرییان لێ کەوتەوە.

بەم جۆرە ڕای دەگەیەنین کە هەتا ئیستا ٥کەس لە تاوانبارانی ئەم کەیسە ، لە نێویاندا داڕێژەری پیلانەکە و جێبەجێکەرانی(کە ٤ کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان و یەکێکیان لە ئەسل دا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە) بە هۆی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان گیراون. داڕێژەری پیلانەکەش دانی بەوەدا ناوە کە بە داوا و هەماهەنگی لە گەڵ دەزگای سیخوڕی و مرۆڤکوژی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەخشەی ئەم تیرۆرەی داڕشتوە.

ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ هەوڵی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بە دواداچوون و دەسگیرکردنی تاوانباران، داوامان ئەوەیە قۆناغەکانی دیکەی کاروباری ئەم کەیسە و یەك لەوان دادگایی و سزادانی تاوانباران، بە خێرایی و هەر بەم جیددییەتە جێ بە جێ بکرێ.

چاوەڕوانیشمان لە حکوومەتی هەرێم، خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هەر وەها کوردانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان

ئەوەیە وشیاری پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن، با بە هەوڵی هەموو لایەکمان نیازە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە دژی هەرێمی کوردستان و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لەو بەشە، پووچەڵ بکەینەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**سکرتاریا**

٢٠١٨/٣/١٩

## سپاس و پێزانینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

به بۆنەی پێشوازیی پڕ شکۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان له بانگەوازی مانگرتنی گشتی

بە پێی ئەو هەواڵ و دیکۆمێنتانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەر لە ورمێ و شنۆ، پیرانشار، مەهاباد و بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، سەوڵاوا، سنە، پاوە، مەریوان و کرماشان و سەرپێلی زەهاو و کەنگاوەر پێمان گەیشتوون و بڵاوبوونەوە، ڕۆژهەڵاتی سەربەرز و شۆڕشگێڕ ئەمڕۆ بەپیر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی کوردستانەوە هاتوون و بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، وێڕای مەحکوومکردنی تاوانەکانی ئێعدامی سێ بەندکراوی سیاسی کوردستان و پەلاماری مووشەکی و پیلانی تێرۆریستی بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێمی کوردستان دا، جارێکی دیکە یەکگرتووانە، جینایەتەکانی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە حەقخوازانەکەیان مەحکووم و ڕیسوا کردەوە و هاوکات پشتیوانی و پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردوەتەوە.

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەو هەڵوێستە سیاسییە مانادارەی ئێوە سەلماندی کە جینایەتە سیستماتیك و پیلان بۆ دارێژراوەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژای چڵ ساڵی ڕابردوو بۆ دابڕاندنی جەماوەری کوردستان لە سەرکردایەتی سیاسیی بزووتنەوە ڕەواکەیان، ناسەرکەوتوو و پووچەڵ بووە . هەڵوێستی جێی شانازیی ئەمڕۆتان جارێکی دیکە

دەریخستەوە کە گرتن، ئەشکەنجە ، ئێعدام و سێدارە، تیرۆر، تۆپباران و مووشەکباران، چەواشەکاری و زەخت و گوشار و هەڕەشە و سەرکوت، ناتوانن ئیرادەی گەلی کورد بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەوا و سەرەتاییەکانی خۆیان تێك بشکێنن.

خەڵکی وشیاری کوردستانی ڕۆژهەڵات!

ئێوە بەو مانگرتنە گشتییە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، بە دۆست و دوژمنتان سەلماند کە ئێمە هەمووومان وەك پەیکەرەیەکی یەکگرتوو و لێك جیانەکراو، سوورین لە سەر ڕێبازی بەرحەقمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و، ئەوەندەی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێرانتان لە بەرچاوی گەلانی ئێران و ڕای گشتی جیهانی، سووك و ڕیسوا کرد.

ئێوە بە پێشوازیی پڕشکۆی خۆتان لە بانگەوازی سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان، سەلماندتان کە بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی پێگەیشتوو و پێشکەوتووی بەرینە کە لە کات و ساتی خۆیدا لە هەموو پۆتانسیێل و تایبەتمەندییەکانی خەباتی جەماوەری بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەڵك وەردەگرێت.

با کۆماری ئیسلامی و هەموو دەست و پێوەندەکانی بزانن کە کوردستان، سەنگەر لەشکان نەهاتووی خەبات بۆ ئازادییە و، گەلێك کە خاوەنی ئەو ئیرادە پۆڵایینە بێت بۆ ئازادی و مافەکانی، لە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ناپرینگێتەوە و لە خەبات و تێکۆشان تا گەیشتن بە لوتکەی ئازادی هەدا نادات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە پێنج حیزب و لایەنی سیاسی، سپاس و پێزانینی گەرمی خۆی لە ئاست پێشوازیی گەرم و کەم وێنەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بانگەوازی خۆی ڕادەگەیەنێ . بە دەنگەوەهاتن و پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی و، بەشداریی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەموو چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەم مانگرتنە گشتییەدا، سەری سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هی خۆشتانی لە

بەردەم هەموو خەڵکی ئێران و جیهاندا بەرز کردەوە و ئیرادە و بڕیاری گشتیی بۆ خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تاوانکارە، پتەوتر کردەوە. ئیوە جارێکی دیکە سەرشۆڕی و زەبوونیتان کردە حاسڵی پیلانگێڕییەکانی ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و لاپەڕەیەکی پڕشنگدار و زێڕینی ترتان لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد کە دەتوانێ ببێت بە سەردەقی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ تۆمار کردنی ڕزگاریی یەکجاریمان.
ئێوە بە مانگرتنی گشتی و یەکگرتووانەی خۆتان، ئەم پەیامەشتان گەیاندە ئێمە هیزە سیاسییەکانی خۆتان کە ئەگەر یەکدەنگ وهاوخەبات و یەکگرتوو بین، ئێوە سەدقات باشتر بە دەنگمانەوە دێن. ئێمەش لەم رۆژە پڕشکۆیەدا بەڵێنتان پێ دەدەین کە بەرامبەر پەیامە پیرۆزەکەی ئێوە سەری ڕێز دادەنوێنین وبە شانازی و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەم پەیامەتان لێ وەربگرین[1].
سلاو لە یەکگرتوویی خۆراگری و ئیرادەی خەباتگێڕانەتان،
سلاو لە گیانی پاکی نوێترین شەهیدانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێوە ئەمڕۆ بە مانگرتنی پڕ شکۆی خۆتان، گیانی ئەوان و بنەماڵەکانیان و هاوسەنگەرانی ئەوانتان شاد و هێور کردەوە و، ڕێژیمی تاوانخوڵقێنی کۆماری ئیسلامیتان ڕسوا کرد.
پتەوتر بێ یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵان خۆراگری خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

ئێوارەی ٢١ خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

١٢ی سێپتەمبری ٢٠١٨ی زایینی

## نامەی سەرئاوەڵا بۆ
## سەرۆكی كۆڕی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان

### سنوورێك بۆ پێشێلكاری و یاغیگەرییەكانی ڕێژیمی ئێران دابنێن!

بەڕێز ماریا فێرناندێز، بەرپرسی حەفتاو سێهەمین كۆبوونەوەی كۆڕی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان!
لە گەڵ ڕێز و سڵاو،
بە زوویی حەفتاو سێهەمین كۆبوونەوەی كۆڕی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەست پێدەكات و بە پێی بەرنامەیەك كە دانراوە، بڕیار وایە حەسەن ڕووحانی، سەركۆماری ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سێپتەمبەر لەم كۆبوونەوەیەدا قسە بكات.
ئێمە وەك ناوەندی هاوكاریی حیزبەكانی كوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین لێرەدا كار بكرێت و مێكانیزمێك دیاری بكرێ بۆ ئەوەی بەر بە سەرەڕۆییەكانی ڕێژیمی ئێران و پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەم دەسەڵاتەوە لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران بگیرێت. چاوەڕوانیی ئەوە دەكرێت ئەم كۆبوونەوەیە ، ڕووحانی و دەسەڵاتەكەی بەرامبەر بە پێشێلكاریی مافی مرۆڤ لە ناوەوەو یاغیگەرییەكانی لە دەرەوەی وڵات، بە بەرپرس بزانێت.
رووحانی وەك سەرۆك كۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە حاڵێكدا لەم دانیشتنەدا وتار دەدات كە ئەم ڕێژیمە سەرچاوەی قەیرانی جۆراوجۆر لە نیوخۆی وڵات و هۆكاری پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەكان بە تایبەتی لە هەردوو بواری ژیانی سیاسی و ئابووریی خە لك و، هەر لەو كاتەش دا هۆكاری بشێوی و نائارامی لە ناوچەكە دایە. ئێعدام وەك سزایەكی یاسایی لە ئێران بەردەوام

جێبەجێ دەکرێت و ئێعدامی سیاسی و جیاوازیدانانی نەتەوەیی بەرامبەر نەتەوەکانی کورد،عەرەب، بەلووچ و ئازەری و، هە روە ها کوشتنی جیاوازبیران بە شێوەی سیستماتیك لەم وڵاتە خراپتر لە پێشوو بەرێوە دەچێت. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێویستە مافی هەموو نەتەوەکان وەك یەك بپارێزرێت.

لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوەو دوای هەڵبژێرانی رووحانی بە سەرۆك کۆمار، شەپۆلی ئێعدامەکان ٥١ ٪ زیادی کردوە. هەروەها گوشاری گەورە لە سەر چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەپارێزی لە ئێران و کوردستان هەیە. هەر لە ئەساس دا ئەم دەسەڵاتە چ بە گوێرەی یاساکانی و هەر وەها بە پێی دارشتە و پێکهاتەکەی، سروشتێکی دژ بە مافی مرۆڤی هەیە. هەروەها سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشین کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بە پێی ئامارەکان، ٨٦ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون. لە ٦ مانگی یەکەمی سالی ٢٠١٨یشدا ١٠٤ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لە دەست داوە. هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی سیستماتیك کە ئەو ڕێژیمە بەرێوەی دەبا، تەنانەت خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگەی کرماشانیشی گرتووەتەوە و بووە بە هۆی ئەوە دەسەلاتداران و دامو دەزگا حکوومەتیەکان، لە ماوەی یەك ساڵی رابردوو دا، ئەو پەڕی کەمتەرخەمی لە پێڕاگەیشتنی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو دا لە خۆیان نیشان بدەن.

لە ماوەی پێنج ساڵ سەرۆك کۆماریی رووحانیدا خەڵکی ئیران بەرەوڕووی کێشەی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتەوە. دەسەڵات لێبڕاوە بەردەوام بێت لە سەر گوشار خستنەسەر شارۆمەندانی ئێران، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، یاساناسان و پارێزەران، مامۆستایان، کرێکاران، چالاکانی ژینگەپارێزی، رووناکبیران، رۆژنامە نووسان و هەموو ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەیە رەوایی و مەشرووعیەتی ئەم دەسەڵاتە ببەنە ژێر پرسیارەوە. چالاکانی بواری ژنان بەردەوام لە ژێر هێرش و گوشاری ئەم دەسەڵاتەدان و بە شێوەیەکی نایاسایی دەستگیر و

زیندانی دەکرێن و لە ڕاستییدا جیاوازیی و هەڵاواردنێکی زۆری جنسییەتی بە پێی یاسا ئێسلامییەکان لە ئێران هەیە.
دەوڵەتە یەك لە دوای یەكەكان لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی‌دا و یەك لەوان دەوڵەتی ڕۆحانی دەوری بەرچاویان گێڕاوە لە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ و سەركوتكردنی خەڵك‌دا و، بە توندی ڕووبەڕووی هەر چەشنە جووڵە و ناڕەزایەتیدەربڕینێکی هێمنانەش دەبنەوە.
ڕۆژی ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ مانگرتنێکی بەرفراوان زۆربەی زۆری شارە كوردییەكانی كوردستانی ئێرانی گرتەوە. ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە ، ناڕەزایەتیدەربڕینێکی گشتی بوو بەرامبەر ئیعدامی سێ لاوی كورد و هەروەها مووشەكبارانی بنكەكانی حیزبی دیمۆكرات لە شاری كۆیە لە باشووری كوردستان كە بە هۆیەوە ١٦ كەس گیانیان لە دەست دا و ٤٠ كەس بریندار بوون. دوا بە دوای مانگرتنە گشتییە، ١٢ كەس لە چالاكانی مەدەنی و كەلتووری لە شارەكانی كوردستان دەستگیر كراون و تا ئێستە لە زیندانەكانی ریژیم دان و بێ سەرو شوێنن. ئەمەش لەدرێژەی كردەوەی تێرۆریستی و خراپكارانەی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی كوردستانی عێراق و دەرەوەی ولات بە دژی هیزەكانی ئوپوزیسیۆنی كورد و ئێرانی دایە.
مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە وەبیر بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی كۆڕی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان بێنینەوە كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران و دەولەتی حەسەن رووحانی پێشێلكاری سەرەكیی مافی مرۆڤ لە ئیران و هۆكاری نائارامی وناسەقامگیری لە ناوچەكە دان. حەسەن ڕووحانی وەك سەرۆك كۆماری ئێران لە حاڵێكدا دەیهەوێت باس لە مافی مرۆڤ و پێشێلكاریی مافی مرۆڤ لە ولاتانی دیكە بكات كە دەسەڵاتەكەی خۆی گەورەترین پێشێلكاری مافی مرۆڤە و خەڵکی ئێران و كوردستان لە زیندانێکی گەورەدان كە لە لایەن ئەم حكوومەتەوە بۆیان دروستكراوە.
ئێمە وەك ناوەندی هاوكاریی حیزبەكانی كوردستانی ئێران، ئامادەبوون و بەشداریی حەسەن رووحانی لە حەفتاو سێهەمین كۆبوونەوەی كۆڕی گشتی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و قسە کردنی بە ناوی خەڵکی ئێرانەوە، بە بێڕێزی بە پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران دەزانین و مەحکوومی دەکەین. ئێمە بە تەواوی لە سەر ئەو باوەڕەین کە کۆماری ئیسلامی پێشێلکاری بنەڕەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران و هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. چاوەڕوانی و داوای ئێمە لە بەڕێزتان و کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و گەلانی وەزالەهاتووی ئێران بن و سنووریك بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران** بریتین لە:
حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

٢٣/٩/٢٠١٨

**سوپاسنامەو داوای هەنگاوی زیاتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان**

## بۆ سەرنجی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش

کەمتر لە دوو حەوتوو دوای هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە (حیزبی دێموکراتی کوردستان)، باڵیۆز نیکی هێلی نوێنەری دائیمیی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەو ڕێکخراوەدا بە فەرمی ئاماژەی بەو هێرشە کرد و مەحکوومی کرد. ئەمە گرینگترین کاردانەوەی نێودەوڵەتی لەدوای ئەم هێرشەوەیە کە لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانی نێودەوڵەتی‌دا خراوەتەڕوو.

ئاشکرایە کە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە تەنیا بەو مەبەستە نەبووە کە ئێران ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لەنێو ببا. بەڵکوو ڕێژیمی ئێران بەو هێرشەی هەروەها ویستی بۆ جارێکی دیکەش دەمەلاسکەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکا و توانای تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا نیشان بدا.

هەربۆیە، وێڕای دەربڕینی سوپاس لە تیمی دیپلۆماسیی ئەمریکا کە سەرنجی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ لای هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە راکێشاوە، داوا لە ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین کە وڵامێکی ئەرێنی بەو هەوڵانە بدەنەوە کە ئەمریکا بە مەبەستی دژکردەوە نیشاندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر مانۆڕی خراپکارانەی ئێران لە ناوچەدا وەڕێی خستوون.

لە حاڵەتێکدا کە بە هۆکاری سیاسی هیچ ڕێکارێکی خێرا لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەگیرێتە پێش، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەوە بەرپرسایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە ئەولاتر لە

ڕاگەیاندراو و هەڵوێست دەربڕین، هەنگاوی کۆنکرێت و خێرا هەڵێنێتەوە بۆ ئەوەی پێش لەوە بگرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران جینایەتی لەم جۆرە بەدژی حیزبی ئێمە و کەسانی سیڤیلی سەر بە حیزبی ئێمە و پارتە سیاسیەکانی دیکەی کوردی ئێران لە کوردستانی عیراق دووبارە بکاتەوە.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
کۆیە، ٢١ی سێپتەمبری ٢٠١٨

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران

ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ٨ی ئاپریلی ٢٠١٩ی زایینی، دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی گروپە تێرۆریستیەکاندا داناوەو بەو نزیکانەش وردەکاریی ئابلۆقەکانی سەر ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە ئاشکرا دەکات .

لەپاش نزیکەی ٤٠ ساڵ لە دامەزراندنی سپای پاسدارانی رژیم، ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی ئەمریکا ئەگەرچی درەنگ، لەلایەن گەلانی ستەملێکراوی ئێرانو بەتایبەتی خەڵکی کوردستانەوە بە ئەرێنی سەیر دەکرێ، کە یەکەم گۆڕەپانی تاوانە دژە مرۆییو تێرۆریستییەکانی پاسدارانی رژیم لەکوردستان بووە. ئەوەی کە سپای پاسدارانی رژیم لەناوەڕۆکی خۆیدا هێزێکی سەرکوتکەر، تێرۆریست و دەستێوەردەر لە وڵاتانی دوور و نزیك بەتایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە، نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ زۆربەی وڵاتان جێگای گومانی نەهێشتۆتەوە و جێگرتنی لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستەکاندا شوێنێکی پڕ بەپێستیەتی.

ئەم بڕیارەی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەکاتێکدایە کە ماوەی ٤ دەیەیە سپای تێرۆریستی پاسداران دژ بە گەلانی ئێران و بەتایبەت دژ بەگەلی کورد بە کوشتنو زیندانو رفاندن لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران و تۆپباران و مووشەکبارانی بارەگاکانی هێزەکوردیەکان، چالاکی تیرۆریستی دەکات. لەحاڵێکدا پێویست بوو زۆر زووتر لەئێستا و پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وڵاتانی ئوروپایی و یەکیەتیی ئورووپا ئەو پێویستییەی ئەنجام دابا کە بەشێکی بەرچاوی

تێرۆرەکانی سوپای پاسداران لە وڵاتانی ئەوان بە ئەنجام گەیشتوون و سەروەریی خاك و دەسەڵاتی ئەوانی پێشێل کردووە. تەنانەت پاش تێرۆری غوڵامی کەشاوەرز لە لارناکای قیبرس و کاك سدیقی کەمانگەر لە باشووری کوردستان و دواتر دوکتور قاسملوو لە ویەن، زۆر نیشانەکان ئەو ڕاستیەیان دەرخست و، لەوە زیاتریش پاش تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلین و پێداگری دەزگای قەزایی ئاڵمان بۆ درێژەدان بە لێکۆڵینەوە لەو تێرۆرە تا بە ئاکام گەیشتن و تێرۆری سەدان هەڵسوڕاوی سیاسی دیکە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا لەلایەن دادگایەکی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی بە ئەمردەری ئەو تێرۆرە بە جیهان ناساند. بەداخەوە ئورووپاییەکان تەنیا بەهێندێ هەڵوێستی ناشوێندانەر وەك بانگکردنەوەی سەفیرەکانیان لەتاران بۆ ماوەیەکی کورت قەناعەتیان کرد.

لەئێستادا سپای پاسداران تەنیا هێزێکی سەربازیی سەرکوتگەر نیە، بەڵکو لەماوەی چواردەیەی ڕابردوودا هەموو جومگە ئابوریی، سیاسی و سەربازییەکانی ئێرانی بەدەستەوە گرتوەو بۆ پاراستنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیەو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دروستکردنی سپای قودس هەموو ئامرازێکی دژە ئینسانیو تێرۆریستی بەکار هێناوەو بەکاری دێنێت. سپای پاسداران جێبەجێکاری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕژیم بە ناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بووەو بە دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی تێرۆریستی دیکە لەژێر ناوی جۆراوجۆ دەستی لەکاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەك عێراق، سوریە، لوبنان.... وەرداوەو بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعە بە خەرج کردنی بودجەی خەیاڵیو لە ڕێگەی تێرۆرو کوشتن هەوڵ بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدات. هەر ئێستاش سپای پاسداران بە پشتیوانی لە هێزە توندڕەوە شیعەکان لەوانە ١٥ گرووپی چەکدار لە عێراق، سوریەو لوبنان پشتیوانی دارایی و لۆجستیکی دەکات، بۆیە بڕیاری ئابلۆقەی سپای پاسداران دەبێت گورزی کاریگەر لەو سامانو سەرمایە زەبەلاحە بدات کە سپا کۆیکردوتەوەو پشتیوانی گەورەی مانەوەیەتی.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەوە کە لە بەشێك لە وڵاتانی ناوچە هەم هێزی سەربازیی ئەو سوپایە و هەم هێزی سەربازیی ئامریکایان لێ جێگیرە، ئەگەری تێکهەڵچوونی سەربازیی لەو ناوچەیە زیاد دەکات و تاوانی ئەو قەیرانە نیزامیەش ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی سپای پاسداران و رژیمی ئێرانە کە هەتا ئێستاش لەهەموو شەڕەکانی ئەو ناوچەیە لایەنگری ئاژاوە و تێرۆر بوون. هاوکاتبوونی، درێژکردنەوەی سزاکانی یەکیەتی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە لەلایەن شۆڕای وەزیرانی یەکیەتی ئورووپا دەربڕی ئەو ڕاستیەیە کە یەکیەتی ئورووپاش سەرەڕای راگەیاندنی پابەندبونی بە بەرجام، بەڵام ناتوانێ لە ئاست سیاسەتی تێرۆریستی و ئاژاوەگێڕانەی رژیمی ئیسلامی ئێران بێدەنگ بێت. بەتایبەت کە ڕەفتاری تێرۆریستی سوپای پاسداران لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا لەلایەن چەند وڵاتی ئورووپاییەوە بە ئاشکرا لەقاو درا و لە بەرانبەر چالاکییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا سکاڵایان بۆ سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردۆتەوە.

دەرچوونی بڕیاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی رژیم دەرنجامی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییە لە ئێران و ناوچەکەدا. نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە یەکێك لە بەرچاوترین قوربانیانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران و زەجرچێشتووی ڕەفتاری سەرکوتکارانەی سوپای پاسداران بووە و هەیە و سەدان تێکۆشەری کورد تێرۆر کراون.

ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوە تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواوییەتی خۆیدا بمێنێت ئاستەمە ناوچە ڕووی ئارامی و ئاسایش بەخۆوە ببینێ و تێرۆریزم ڕیشەکێش ببێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٩ی ئاوریلی ٢٠١٩ی زایینی

# The State Terrorism
# In Eastern Kurdistan

**Qadir Wirya**

**Roshangari**